# خوێندنەوەیەکی نوێتر

# بۆ ئیسلامناسیی

فوئاد سدیق

## ناوەرۆک

١-  سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە مێژووی ئیسلام
٢-  داعش و ئیسلام ، عومەرو عەلی
٣-  دروستبوونی سوننەو شیعە، سەرەتایەک بوو بۆ قووڵکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکانیان
٤-  خزمەکانی داعش ، لە کوڕەکانی قابیلن
٥-  خوێندنەوەیەکی جیاوازتر بۆ قورئان
٦-  شەڕی فیکری نێوان سەلەفییەکان و دیموکراتەکان، دووکەڵێکی بێ ئاگرە
٧-  مەلا کرێکارو مەلا علی باپیر چۆن دروستبوون ؟!
٨-  ئایین و ئیشق
٩-  ئیسلام و ئیشق و خۆشەویستی
١٠-  وەڵامی ئەم پرسیارانەمان بدەنەوە !! (ئایین و پرسە جیدییەکان)

# سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە مێژووی ئیسلام

ئیسلام مێژوویەکی  دەوڵەمەندو دوورو درێژی هەیە،بەتایبەت کە هێزی ئایین و هێزی حوکمڕانیکردنی لە یەک کاتدا هەبووە، وێڕای ئەوەی بەناوی فراوانکردنی ئایینەوە ئەو هەموو فتوحات و کوشتارگەیەی چ لەگەڵ جولەکەو مەسیحییەکان،چ لەگەڵ خودی ئیسلامەکانیشەوە،دایانمەزراندبوو، ئەوەی ئێمە بەگشتی دەیبینین یەک مێژووی مکیاجکراوی بچووکەو، نەوە دوای نەوە بۆمانیان هێشتۆتەوە،کە بەهیچ شێوەیەک رووی راستەقینەی ئیسلام نیشان نادات. سەرەڕای ئەوەی ئەگەر بمانەوێ بە وردی بچینە ناو تێگەیشتنی ئیسلامەوە، لە لایەک دەبێت دوو ئایینە ئاسمانییەکەی تر کە

تەورات و ئینجیلن یان فراوانتر بڵێین پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێن،لە لایەکی دیکەیشەوە، مێژووی نیمچە دوورگەی عەرەبی بە شێوەیەکی ورد تێبگەین، لە بارەی رۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە، ئەگەر ئەم دوو لایەنە بە باشی تێنەگەین، بێگومان ناشتوانین لە ئایینی ئیسلام تێبگەین، چونکە ئەو ئایینە لەناو کۆمەڵگای نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە سەری هەڵداوە، نەک لە مەملەکەتێکی دیکە. چونکە گرفتێکی گەورە لە ئایینە ئاسمانییەکاندا هەیە، بەتایبەت لە ئایینی ئیسلامدا، کە زیاتر کار لەسەر ئیجتیهادو لێکدانەوەو تەفسیرو موفەسیرەکان دەکرێت، نەک لەسەر خودی دەقەکان،ئەوەش بۆتە گرفتێکی گەورە چ بۆ کۆمەڵگای ئێمە، چ بۆ خودی ئایینەکەش.

ئەگەر بڕوانینە مێژووی ئەدەبیاتی عەرەب، دەبینین پێش هەر نەتەوەیەکی دیکە، تەنانەت پێش رۆمانی و یۆنانییەکانیش زۆرترین شاعیری تۆمارکراویان هەبووە،ئەوەی ئیبن قوتەیبە باسی لێوە دەکات، (٩٩)شاعیر پێش ئیسلام هەبوونەو لەنێو بازاڕی بتفرۆشی و تەنانەت بازاڕێکی تایبەت بە خۆیان هەبووە کە بەردەوام لێی کۆدەبوونەوە وەک بازاڕی عوکاز، ئەم رەوشە لە هیچ نەتەوەیەکی دیکەدا بوونی نەبووە جگە لە عەرەب. شارستانیەتی سۆمەرییەکانیش لە رووی ئەفسانەوە،دیسان کەوتوونەتە پێش ئەفسانەی رۆمانی و یۆنانی.بەر لەوەی ئایینی ئیسلامیش سەرهەڵبدا، پێشتر ئایینی جولەکەو مەسیحی، تەواوی ناوچەکەی گرتبۆوە، کە هەردوو ئایینەکە بڕوایان بە تاکایەتی (وحدانية)خوا هەبوو، لە نیمچە

دورگەی عەرەبیشدا جولەکەو مەسیحی بەیەکەو پێکەوە دەژیان و گرفتێکی ئەوەندە قووڵیان لەنێواندا نەبوو، وەک ئەو گرفتەی لەنێوان ئیسلام و دوو ئایینە ئاسمانییەکەی تردا هەبوو، راستە ئایینی مەسیحی لە ئۆرشەلیمەوە بڵاو نەبووەوە، بەڵکو لە یۆنانەوە دووبارە بە رێگای شام هاتەوە ناو نیمچە دورگەی عەرەبی،چونکە عێراق ئەوکات کەتبووە ژێر داگیرکاری فارسەکانەوە، لەملایشەوە، واتا لە لای دەریای سوورەوە، مەسیحییەت خۆی گەیاندە حەبەشەو ئینجا گەیشتە یەمەن.ئیدی ئایینی مەسیحییەت بە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بە حیجازو فەلەستینەوەش بڵاو بووەوە. کەواتە کاتێک ئیسلام بانگی خۆی لە رێگای محەمەد پێغەمبەری ئیسلام هەڵدا، دوو میراتی قەبە لە ئایینی ئاسمانی لەبەردەستدا هەبوون، کە یەکەمیان ئایینی موسایی و دووەمیشیان ئایینی عیسایی بوو.هەردوو ئایینەکەش جەختیان لەسەر یەک خودایی کردۆتەوە. کەواتە کاتێک محەمەد بانگی یەک خودایی بەناوی ئیسلام هەڵدا،شتێکی تازەو نوێ نەبوو، تەنانەت بەر لەوەی محەمەد ئەو بانگەوازەش رابگەیەنێت، چەندین کەسی دیکە لەو نیمچە دورگەیەی عەرەبیدا، بانگی لەمشێوەیان داوە، بۆ نموونە: (خالد بن سنان بن غيث العبسى) یان (حنظلة بن صفوان)بەڵام حنظلة تەمەنی پێغەمبەرایەتییەکەی زۆر درێژ نەبووە، چونکە زوو کوشتوویانە. هەروەها خەڵکێکی زۆریش هەبوون پێش هاتنی ئیسلام وازیان لە بتپەرستی هێنابوو، بەهۆی کاریگەریی هەردو ئایینە ئاسمانییەکانی دیکەوە.

تەنانەت مێژووی (مەککە)ش بە چەندین ناو تێپەڕ بووەو دوا جار بەناوی (ام القری) ماوەتەوە تا گۆڕدراوە بۆ ناوی مەککە. مەککە تا سەدەی یەکەمی پێش زایین، هیچ ناوبانگێکی نەبوو،بەڵام بەهۆی ئەو ناکۆکیانەی کەتبووە نێوان موسا پێغەمبەرو عەمالیقەکان (العمالیق)کە ئەوکات عەمالیقەکان لە دەوروبەرەی حیجاز بڵاو ببوونەوە، ئیتر بەهۆی ئەو ناکۆکیانەوە ، ناوی عەمالیقەکان کەوتە نێو تەوراتەوەو بەپێی تەورات، عەمالیقەکان یەکەمین میللەتن کە دژایەتی و بەربەرەکانێی عیبرانییەکانیان کردبێت.

بە پێی هەموو ئەو سەرچاوەو ئەو سەربردانەی کە هەن، هەموو گەلی عەرەب دەچنەوە سەر ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم، ئیسماعیلیش لە هەجەری کۆیلە لەدایک بووە،دواتر هاجەر هاتۆتە یەمەن و.....هتد . ئیسماعیلیش کوڕی ئیبراهیم پێغەمبەرە،ئیبراهیمیش دەچێتەوە سەر سام ،سام کوڕی نوح ە، نوحیش بە دە (١٠) پشت دەچێتەوە سەر ئادەم. ئەمە چیرۆکێکی دوورو درێژە لە زۆربەی سەرچاوە کۆنە باوەڕپێکراوەکانی ئیسلامی بە درێژی باس لەو رەچەڵەکەی عەرەب دەکەن،چ ئیبن قوتەیبە ،چ ئیبن هیشام، چ ئیبن تەبەری و...هتد.یەکەمین کەسیش کە بە عەرەبی زمانی هاتۆتە گۆ، کەسێک بوە کە ناوی (یعرب) بووە لە ناوچەی یەمەن، ئەمەش بە پێی نووسینەکانی ئیبن قوتەیبە.عەرەبیش لە سەردەمی جەهالەتبوونیدا،هیچ بەروارو مێژوویەکی راستەقینەی نەبووە،تا ئیسلام هات و یەکەمین کەسیش کە بەروارو مێژووی دانا،عومەری کوڕی خەتاب بوو،کە

لەسەر نامەکانی خۆی مێژووی نووسینی دەنووسی. ئەمەش بە پێی قسەکانی ئیبن تەبەری.

ئەوەی ئێمە لەم نووسینەماندا دەمانەوێ جەختی لەسەر بکەینەوە، هەندێک وێستگەی گرنگن لە ئاینی ئیسلامدا، یان روونتر بڵێین لە مێژووی ئاینی ئیسلامدا دەبینرێن، بەڵام شاردوویانەتەوە،ئاینی محەمەدیش پێویستی بە شاردنەوە نییە، بەڵکو پێویستی بە ئاشکراکردنییەتی بە شێوەیەکی راست،دوور لە هیچ جۆرە هەڵچوون و داچوونێک و دوور لە هیچ دەمارگرژییەک.

## ئیسلامبوون و کافربوون

بەپێی دەقی قورئانی بێت، چ ئەوانەی بڕوایان بە ئاینی ئیسلام هێناوەو، چ ئەوانەش کە بڕوایان بە ئاینی ئیسلام نەهێناوەو گومڕابوون ، هیچکامیان بە خواست و ئارەزووی دڵی خۆیان نەبووە، بەڵکو خوا رۆڵی بنەڕەتی و سەرەکی بینیوە لەوەی کێ ببێتە موسڵمان و کێش گومڕا ببێت.فەرموون با بەیەکەوە لەو چەند دەقی ئایەتانە وردبینەوە، بزانین وایە یان نا.

فمن يرد الله أن يهديه يشرح صدره للإسلام ومن يرد أن يضله يجعل صدره ضيقا حرجا كأنما يصعد في السماء كذلك يجعل الله الرجس على الذين لا

يؤمنون (١٢٥).واتا: خوا بۆ هەر کەسێک حەز بکات،ڕێگای نیشاندەدات و بۆ بڕواهێنان بە ئیسلامیش دڵی خۆشدەکات،ئەگەر بیەوێ هەر کەسێکیش گومڕا بکات، ئەوا دڵتەنگی دەکات و ئەوانەش بڕوا بە خودایان ناهێنن، خوداش ریسوایاندەکات.

یان لە سورەتی التوبە ئایەی ٥١ دا وا دەڵێت: قل لن یصیبنا إلا ما کتب الله لنا هو مولانا و علی الله فلیتوکل المؤمنون (سورەتی التوبە ئایەی ٥١) واتا: جگە لەو شتانەی کە خودا بۆی نووسیوین بەسەرمان نایەت،هەر ئەو سەروەری ئێمەیەو پێویستە بڕواداران خۆیان بە خودا بسپێرن. یان لە سورەتی السجدة ئایەتی ١٣ هاتووە (ولو شئنا لآتینا کل نفس هداها أي تقواها ولکن حق القول مني أي في القضاء السابق لأملأن جهنم من الجنة والناس أجمعین– السجدة ١٣) ئەگەر حەزمبکردایە هەموو کەسێکمان هیدایەت دەدا،بەڵام من بەڵێنم داوە،دۆزەخ لە جنۆکەو مرۆڤ پڕ بکەم. سەیرە ئەو گیانی رق و کینەیە بەرامبەر بە مرۆڤ بۆچی....؟؟!! ئەمانەو چەندین نموونەی دیکەی زیندوو هەن لەناو قورئانا، کە بە مرۆڤ راگەیەنراوە کە ئەوەی بەسەر مرۆڤ دێت و ئەوانەش دەکەونە ناو خۆشییەوە هەمووی خودا پێیانی داوە،مرۆڤ خۆی ناتوانێ بەدەستی بهێنێت، بەڵکو خوا لەچارەی نووسیوە.کەواتە بە گوێرەی دەقی قورئانی بێت، مرۆڤ گوناە بکات و هەر کارێک بکات، بەدەست خۆی نییە چونکە لە چارەی نووسراوەو خودا بۆی دیاریکردووە، کەواتە ئەم ئاگری دۆزەخە

بۆچی دانراوە،مادام خودا حەزی کردووە مرۆڤەکان گومڕا ببن. بەمپێیەبێت ئیسلامبوون و کافربوون،کارێکی خواپێداوانەیە،مرۆڤەکان بەدەست خۆیان نییە، بەڵکو خوا ئاوەهای دەوێت.

ئەگەر سەیری هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکە بکەین، دەبینین هەرسێکیان لە نیمچە دوورگەی عەرەبی سەریانهەڵداوە،کەواتا ئایینەکان زیاتر بۆ گەلی عەرەب بووە،لەکاتێکدا دانیشتوانێکی یەکجار زۆرتر لە چین و هیندو ئاسیا بە باکوورو باشوورەکەی هەبووە،کە بەر لەو سێ ئایینە ئاسمانییە ئایینی زەمینیان هەبووە،خەڵی ئاسیا زمانی عەرەبیشیان نەزانیوە،باشە لەو نەبوونی هاتووچۆو نەبوونی هۆیەکانی گوازتنەوەو نەبوونی تەکنۆلۆژیای پێویست لەو سەردەمدا،هەموو ئەوانە هۆکارێکی زۆر گرنگ و کاریگەریش بوون،بۆ ئەوەی ئەو سێ ئایینە نەتوانن بگەن بە وڵاتی چین و هیندو ژاپۆن و...هتد،ئێ باشە کە دۆخەکە ئاوەها بووبێت،گوناهی ئەم هەموو سەدان ملیۆن کەسەی ئەوکات و ئەو چەند ملیارکەسەی ئێستا دەبێت چی بێت کە نەبوونەتە ئیسلام. بۆچی خودا لەنێو ئەم هەموو پێغەمبەرەی بۆ نیمچە دوورگەی عەرەبی ناردوون، دوو پێغەمبەریشی بۆ ئەم ناوچەیە نەنارد کە ژمارەی دانیشتوانیان یەکجار چڕو ئاپۆڕایە ؟.ئەمە پرسیارێکە، بەڵام پێویستە لێکدانەوەیەکی هاوسەردەمانەمان بۆی هەبێت و بە دوو قسەی پووچ کەس تەکفیر نەکەین و زەندیقی پێ ڕەوا نەبینین،مرۆڤ چۆن دەبێت بخرێتە زەندیقەوە ؟،ئەگەر قەناعەتێک و بڕوایەکی جیاوازی هەبوو، ئایا ئایین بۆ ئاسوودەییکردنی خەڵکە، یان ئەرکێکە ئەوەندە قورسە

بەسەر پشت و ئەقڵی مرۆڤەوە تا مردن نەیحەسێنێتەوە ؟. ئێمە دژی ئایینی ئیسلام و هیچ ئایینێکی دیکە نین، بەڵام دەمانەوێت لەسەر گرنگترین وێستگە سەرەکیەکانی ئایینی ئیسلام بوەستین،بۆئەوەی وەڵامێکی بڕواپێهێنەرمان دەستبکەوێت.

## قورئان و نەریتی عەرەب

هەر کەسێک شارەزاییەکی وردی لەسەر مێژووی شارستانێتی سۆمەری و ئەکەدی و بابلییەکان لەناوچەی میزۆپۆتامیادا هەبووبێت ،کاتێک قورئان دەخوێنێتەوە، بە سانایی تێدەگات،کە قورئان نەک هەر نەیتوانیوە لەژێر ئەو سیستەمە کۆنەی شارستانیەتی پێش خۆی لە نیمچە دوورگەی عەرەبی، خۆی قورتار بکات، بەڵکو تەواو کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو شارستانیەتە، شارستانیەتێک کە ئیسلام ناوی لێنا سەردەمی نەزانین (عصر الجاهلية)کەچی تەواو لەژێر کاریگەری ئەو سەردەمی پڕ لە جەهالەتە بووە،ئەوەتا سەربردەکانی ئادەم و حەواو دەرکردنی ئادەم لە بەهەشت،چیرۆکی سەبری ئەیوب،قابیل و کوشتنی هابیل،تۆفانەکەی نوح، یاساکانی حامورابی، فرە ژنی، بڕینی دەستی دز، میرات، داخوازیکردنی ژن لە باوکی ژنەکە یان لە برای ژنەکە، واتا خوازبێنی راستەوخۆ لە ژنەکە نەدەکرا، بەڵکو بڕیارەکە لای باوک یان برا یان ئەگەر باوک و برای نەبوایە لەمامی دەخواست و ئەوان بڕیاریان دەدا کە بیدەنێ یان نەیدەنێ،

حەجکردن، رۆژووگرتن، عەمرەو تەواف، راوەستان لە چیای عەرەفات،لە خودا پاڕانەوەو پێداهەڵگوتن پێی،خۆ شوشتن لەدوای سێکس کردن کە مانای پاکبوونەوەی لەش دەگەیەنێت،پەیمان نەشکاندن و....هتد هەموو ئەمانە پێشتر لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا باو بوون، قورئان هەمان بیرۆکەی نەقشکردۆتەوە،بەڵام بەجۆرێک رێکیخستۆتەوە کە لەگەڵ قۆناخی ئەوکات (سەردەمی قورئان) بگونجێت. بۆنموونە سەرەتا میرات تەنیا تایبەت بوو بە کوڕی گەورەی ماڵ ،واتا کە باوک دەمرد کوڕە گەورەکە میراتەکەی بۆ جێدەما،دوایی وایلێهات چەند کوڕێک لە کوڕە گەورەکانی مردووەکە میراتەکانیان لەنێوان خۆیان دابەشدەکرد، بۆدواجار وەک دکتۆر جەواد عەلی لە کتێبە زۆر بەناوبانگەکەی (مێژووی عەرەبی پێش ئیسلام) کە لە دە (١٠)بەرگ پێکهاتووە، لەبەرگی پێنجەمیدا نووسیویەتی: ( کەسێک بەناوی ذو المجاسد عامر بن جشم بن غنم بن حبيب بن كعب) بۆ یەکەمینجار ئەو سامانە زۆرەی لەدوای خۆی بەجێیهێشتبوو، بەشێوەیەک رێکیخستبوو کە تەواوی میراتەکەی دوو بەش بۆ کوڕ و بەشێک بۆ کچەکانی بێت، ئیتر ئەمە دواتر لەناو قورئانیشدا رەنگیدایەوەو چەسپاو ، کرا بە سیستەم و دەبوو هەموو موسڵمانێک پەیڕەوی لێبکات،تا ئێستاش لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا،هەر ئەوە بەڕێوە دەچێت.

## فرەژنی

به پێی قورئان هەر موسڵمانێک دەتوانێت تا چوار ژن بهێنێت،واتا ئەگەر له دۆخێکدا ژنێکی مرد ئەوه دەتوانێت ژنێکی دیکه بهێنێتەوە، یان ئەگەر ژنیشی نەمرێت، به هەر بڕو بیانوویەکەوه بێت، ئەوا پیاو دەتوانێت له یەک کاتدا خاوەنی چوار ژن بێت، بڕوانه سورەتی نیساء ئایەی ٣، کەچی پێغەمبەری موسڵمانان ١٤ ژنی هێناوه،بێجگه لەو هەموو کەنیزەیەی وەک دەستکەوتی شەڕ رەفتاری لەگەڵ دەکراو به پێی ئایەتی قورئانیش هەموو ئەو دەستکەوتانەی له شەڕ دەستیاندەکەوت،یەک لەسەر پێنجی دەبوو بۆ محەمەدی پێغەمبەر بێت،بەڵام بەر لەوەی قورئان باسی بکات، عەبدوڵای کوڕی جەحەش کاتێک لەگەڵ کۆمەڵێک له سەحابەکان له شەڕێکی نێوان مەککەو تائیف دا،توانیان دیل بگرن و کۆمەڵێک دەستکەوت و کەلوپەلیش دەستبەسەردا بگرن، ئیتر عەبدوڵای کوڕی جەحەش وتی لەنێو ئەم دەستکەوتانه پێنجیەکی بۆ محەمەده،ئیتر دوایی ئایەتیشی بۆ هاته خوارەوه که دەبێت له دەستکەوت و غەنیمەو کەنیزەی هەموو شەڕەکاندا که دەستی بەسەردا دەگرن، پێنجیەکی بۆ محەمەد بێت، ئیتر پێغەمبەر دوای مردنی خەدیجەی خێزانی ، دەستی به ژنهێنان کرد، تا ژمارەیان زۆر زۆر بوو، بەپێی دەیان سەرچاوەی بڕواپێکراو،کاتێک محەمەد کۆچی دوایی کرد، محەمەد له یەک کاتدا خاوەنی نۆ(٩) ژن بووه.

کەواتە محەمەدیش پەیڕەوی قورئانی نەکردووە کە دەبێت پیاو تەنیا چوار ژنی هەبێت، جگە لە پێغەمبەر هەر چوار خەلیفەکەی موسڵمانانیش هیچیان گوێیان بە قورئان نەداوەو هەموویان لە چوار ژن زیاتریان هەبووە، تەنیا ئەبوبەکری سدیق پێنج ژنی هەبووە، دەنا عومەرو عوسمان هەر تەخسیریان نەکردووەو هیچ گوێیان بەو ئایەتەش نەداوە کە لە لە سورەتی نیساء ئایەی (٣)دا هاتووە. ئایا ئەمە جێگای پرسیار نییە، بۆچی دوای دابەزینی ئەو ئایەتە، پێغەمبەرو چوار خەلیفەکە پەیڕەویان لەو ئایەتە نەکرد؟!.بۆچی دوای خەلیفەکانی راشدین،خەلیفەکانی ئەمەوی کە ٨٤ ساڵ حومڕانیان کردو ١٤ خەلیفە هاتنە سەر تەختی کورسی و و خەلیفەکانی عەباسی ٣٧ خەلیفە بوون و بۆ ماوەی ٥٠٨ ساڵ حوکمڕانیان کردو خەلیفەکانی عوسمانی ٤١ خەلیفە بوون و بۆ ماوەی ٧٠٤ ساڵ فەرمانڕەواییان کردو،کۆی خەلیفەکانی ئیسلام ٩٦ خەلیفەن، هەندێک لەو خەلیفانە نەک هەر خاوەنی (٤)ژن نەبوون، بەڵکو خەلیفەی وا هەبووە زیاتر لە دەیان ژنی هەبووە کە کچ و ژن ئەوەندە دەوریانداوە، ژمارەیان گەیشتۆتە سەدان ژن و کچ!!. ئەمە دۆخی ئاڵۆزی خەلیفەکانی موسڵمانان بووبێت، گلەیی چی لە خەڵکی دیکە بکرێت. خۆ ئەگەر بچینەوە سەر پرسی ژنهێنان لە سەردەمی نەزانین(الجاهلية)دا، ئەوا شتی زۆر سەیرو سەمەرە دەبینرێ، بۆ نموونە کە باوک مردووە، زڕ کوڕی خۆی، بۆی هەبووە دایکی بکاتە ژنی خۆی،واتا ژنی باوکی خۆی هێناوە،نموونەکانیش لەو بارەیەوە یەکجار زۆرن،تەنانەت دوای هاتنی ئیسلامیش بۆ ماوەیەکی

زۆر ئەم نەریت و کولتووره هەر مابوو تا ئایەتی ٢٢ لە سورەتی نیساء هاته خوارەوه که دەڵێت: ولا تنكحوا ما نكح آباؤكم من النساء الا ما قد سلف انه كان فاحشة ومقتا وساء سبيلا .. واتا: ژنێک مەخوازن،که پێشتر باوکانی ئێوه خواستوویانن،مەگەر ئەوانەی رابرد-واته ئەوانەی پێش ئیسلام و لە سەردەمی جاهیلیدا هێناویانن- چونکه سەرجێییکردن لەگەڵ ئەو ژنانه بە داوێنپیسی دادەنرێت و زۆر عەیبەیەو رێگایەکی خراپیشه. ئینجا یەکسەر ئایەتێکی تر بەدوایدا هات کە دەقەکەی ئەمەیە: ( حرمت عليكم امهاتكم وبناتكم واخواتكم وعماتكم وخالاتكم وبنات الأخ وبنات الأخت وامهاتكم اللاتي أرضعنكم وأخواتكم من الرضاعة وامهات نسائكم وربائبكم اللاتي في حجوركم من نسائكم اللاتي دخلتم بهن فان لم تكونوا دخلتم بهن فلا جناح عليكم وحلائل ابنائكم الذين من أصلابكم وان تجمعوا بين الأختين الا ما قد سلف ان الله كان غفورا رحيما (سورة النساء اية ٢٣ )واتا: ئەو ژنانەی پێتان ناشێ و لێتان حەرامکراون، بریتین لە دایک و کچ و خوشک و پلک-خوشکی دایک و خوشکی باوک- برازاو خوشکەزاو ئەو مندالانەی بە ساوایی شیری دایکیان خواردووەو خەسوو هەروەها ئەو کچانەی پێشتر لە کەسێکی پیاوێکی ترن و دوایی دایکیتان مارە کردۆتەوەئەگەر لەگەڵ دایکیان جووت نەبوونە قەیدیناکا کچەکانیان بێنن هەروەها بووک- ژنی کوڕەکانتان- و هەروەها دوو خوشکیش لەیەک کات و پێکەوە نابێت بیهێنن مەگەر یەکێکیان رابوردبێت و وەک ژنی ئەو نەمابێتەوە،خوداش لە هەڵە دەبورێ و دلۆڤانە.

ئینجا هەر پیاوێک کە ژنی دووهەم و سێیەم و چوارەم دەهێنێت، نابێت کچ بهێنێت، بەڵکو دەبێت ژن بهێنێت،ئیتر ئەو ژنە لەگەڵ مێردەکەی نەماوە جا بەهەر هۆیەکەوە بووبێت و،پێویستە پیاوەکەش عەدالەت لە نێوان منداڵە هەتیوەکانی نێوان ژنەکانی رابگرێت، چونکە بە پێی خودی ئایەتی ژمارە سێ (۳)لە سورەتی نیسائدا،کچ ئەوکاتەی مێرد دەکات ،بە هیچ جۆرێک هەتیو نییە، بۆیە هەتیوەکە بۆ منداڵی ژنەکانە نەک خودی ژنەکە.

## ئیسلام و دیموکراسی

ئەو رۆژەی ئیسلام سەریهەڵدا،نیمچە دوورگەی عەرەبی شێوازێکی یەکجار زۆر خراپیان بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان بەسەردەبرد،ئاستی هوشیارییان زۆر نزم بوو،راستە کەسایەتی ناوداریان لە بواری شیعرو زمان و تەنانەت لە بواری فەلەکناسی و ماتماتیک و ئەستێرەناسی و ژمێریارییەوە هەبوو، بەڵام کۆمەڵگا بە گشتی زۆر دواکەوتووبوو،بەتایبەت پێش ئایینی ئیسلامیش و تەنانەت پێش ئایینی مەسیحی و جوولەکەش،بە هەزاران پێغەمبەری دیکە لەو ناوچەیە بچووکە سەریانهەڵداوەو هەر پێغەمبەرێک و بە شێوازێک جۆرێک لە ژیانی بۆ کۆمەڵگا دارشتووەو دەستوورێکیان بۆی داناوە.

کاتێک ئیسلام سەریهەڵدا،زیاتر لە ١٠٠٠ ساڵ بوو دیموکراسی لە ئەسینای یۆنانی پەیڕەوی لێدەکراو،ئەفلاتون و ئەرستۆش باسیان لێوە کردووە، بەتایبەت ئەرستۆ زۆر وردتر لە ئەفلاتونی مامۆستای بەدواداچوونی بۆ سیستەم و شێوازی دیموکراسی کردووە،بەڵام لەناو قورئاندا بەهیچ شێوەیەک باس لە دیموکراسی نەکراوە. بە کردەوەش بە هیچ شێوەیەک ئایینی ئیسلام و دیموکراسی یەکناگرنەوە،چونکە پێغەمبەرو خەلیفەکانی راشدین و تەنانەت سەردەمی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانیش ،ئەوەی بۆتە خەلیفە تا مردنی هەر خەلیفە بووە، ئیتر گرنگ نەبووە لە بەڕێوەبردنی ئیسلامێتی و خەڵک و وڵاتدا تا چ ئاستێک سەرکەوتوو بووە، یان پڕ بووە لە نەهامەتی. بڕوانەبوون بە دیموکراسی لە فەرهەنگی ئیسلامێتیدا، وایکردووە بە درێژایی مێژووی ئیسلام، یەک دەوڵەتی ئیسلامی نەدۆزیتەوە،دیموکراسی بووبێت و مافی مرۆڤی تێدا پارێزراو بووبێت، تەنانەت ئەمڕۆش لەو سەردەمەی جیهانگەرایی و بچووکبوونەوەی جیهان و بەرزڕاگرتنی کەرامەتی مرۆڤدا، کەچی لەنێو هەموو دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا یەک دەوڵەتی دیموکراسی بوونی نییە، چونکە ئیسلام و دیموکراسی هەرگیز لەگەڵ یەک هەڵناکەن. باشە ئایینێک بڕوای بە دیموکراسی و راو رای بەرامبەر نەبێت، لە قۆناخێکی وەکوو ئەمڕۆماندا، ئەو ئایینە دەتوانێ بەردەوامبێت و بژی، لە کاتێکدا تا دێت مافی مرۆڤ و دیموکراسی گەشەی زیاتری پێدەدرێت. ئەمە تەنیا پرسیارێکەو بەس.

## کەعبە

دەمەوێت ئاماژە بۆ بابەتێکی هەستیار بکەم ،کە لە پرسی دیموکراسییەکە زۆر هەستیارترە، بەو هیوایەی ببێتە جێگای گفتوگۆی ئەقلانەو ئیتر دوور بکەوینەوە لە یەکدی تەکفیرکردن و فەتوادان و چەندین کاری نەزانانەی لەمجۆرە،بەتایبەت کاتێک ئەو پیاوانەی خۆیان کردووە بە میراتی ئیسلام و هیچیشیان لە هەگبەکەدا نییە، ئیتر راست و چەپ دەکەونە تەکفیرکردن و کۆمەڵگات لێ هاندەدەن، بێئەوەی بتوانن لۆژیکانە وەڵامت بدەنەوەو دیبەیت بکەن،چونکە ئەوان بۆ دیبەیت نەخولقاون، بەڵکو بەهێزترین چەکی دەستی ئەوان، پەنابردنە بۆ بەر تەکفیرکردن و هەندێ قسەی بێ بنەمای سۆزدارانە بۆ ئایین و هیچی دیکە. بۆئەوەی خەڵکت لێ هانبدەن و وڵاتت لێ بکەن بە دۆزەخ، لەکاتێکدا وڵاتێک نادۆزیتەوە، بە تەنیا یەک بیروڕا جوان بووبێت، وڵات بەوە جوانە، هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانی کۆکردبێتەوە. ئەمڕۆش تا رادەیەکی زۆر قۆناخی تەکفیرکردن بەسەر چووە،چونکە تەواوی کۆمەڵگاکانی سەر زەوی بەچاوێکی تیژترو بە ئەقڵێکی کراوەتر دەڕواننە پرسە جیاوازەکان، لە سەردەمی عەباسییەکاندا دادگاکانی پشکنین دامەزرێنران و خەڵکیان دەسووتاند بە بیانووی وەرگەڕان لە ئایینی ئیسلام، کڵێساش چاوی لێکردو بەهەمانشێوە دادگاکانی پشکنینی ی داناو ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی نوخبەو تا دەگاتە

فەیلەسووفیش سەریان دەبڕین و دەیانسووتاندن، بەڵام ئەم قۆناخە بەسەر چوو، هەموومان مرۆڤین و مرۆڤیش کاتێک بڕوا بە شتێک دەهێنێت، حەزدەکات جوانتر تێیبگات و توانای راڤەکردنی هەبێت،ناکرێت شتەکان هەر لە تاریکیدا بمێننەوە، لەکاتێکدا ئەمڕۆ گەلانی دونیا لە ئاستێکی زۆر بەرزی مەعریفیدان و ئێمەش نەوێرین بە هێمنی گفتوگۆیەک تەنانەت پرسیارێک بکەین، پێموابێت ئەو قۆناخە چەقبەستووە تاریکە ئیتر کاتی بەسەر چووە.

ئەو کەعبەیەی کە ئێستا موسڵمانان ساڵانە بەناوی حەجکردنەوە لە دەوری کۆ دەبنەوەو مانگانەو بەردەوامیش بەناوی عەمرەوە دەچنە لای،ئەو کەعبەیە پێش هاتنی ئیسلامیش هەر هەبووە،پێشتر جولەکەو مەسیحییەکانیش بە هی خۆیانیان دەزانی، بەتایبەت جولەکە،چونکە کەعبەیان بە دروستکراوی ئیبراهیم پێغەمبەر دەزانی،کە باوک و دامەزرێنەری هەموو ئایینە ئاسمانییەکان و باوکی پێغەمبەرەکانیشە ، بەتایبەت جوولەکە زیاتر لە ئایینەکانی دیکە بە باوکی گەورەی خۆیانی دەزانن،هاتنی ئیبراهیم پێغەمبەریش بۆ ئەو دوورگەیە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ناکۆکی قووڵ کەوتۆتە نێوان ئیبراهیم و نەمروود،ئیتر ئیبراهیم ناچار دەبێت کۆچ بکات و روو لەو شوێنە دەکات کە ئێستا پێیدەوترێت کەعبە، واتا بەر لەوەی بکرێت بە کەعبە ئیبراهیم هاتووە بە هاوکاری ئیسماعیلی کوڕی ماڵێکی بچووکی بۆ خۆی دروستکردووەو،واذ یرفع ابراهیم القواعد من البیت واسماعیل ربنا تقبل منا انک انت السمیع العلیم

(سورەتی البقره ئایەی ١٢٧).هەر لەو شوێنە(کەعبە)خەڵکیشی لێ کۆکردۆتەوەو قسەی بۆ کردوون،بەرلەوەی ئەو ماڵە بچووکە پێیشی بوترێ کەعبە پێیوتراوە ماڵە کۆنەکە،یان ماڵی دێرین (بيت العتيق)لە قورئانیشدا هەر بەمجۆرە باسی لێوە کراوە .بڕوانە ئایەتی ٢٩ لە سورەتی حەج کە دەڵێت: ( ثم ليقضوا تفثهم وليوفوا نذورهم وليطوفوا بالبيت العتيق- سورەتی حەج ئایەی ٢٩)واتا: با لەمەودوا چڵک و نینۆک و پیسی لەخۆیان بکەنەوەو نەزر بکەن و بە دەورەی ماڵی دێرین بسووڕێنەوە. هەروەها لەهەمان سورەتدا ئایەی ٣٣ . هەر لە قورئاندا لە سورەتی ئالی عیمران ئایەی ٩٦ دا بەمجۆرە هاتووە: إن أول بيت وضع للناس للذي ببكة مباركا وهدى للعالمين. لێرە لەجیاتی مەککە بە بەککە ناوی هاتووە. لەپاڵ ئەو کەعبەیەشدا کە ئێستا موسڵمانان رووی تێدەکەن، چەندین کەعبەی دیکەش هەبوون،وەک کەعبەی ئەلیەمامە،کەعبەی ئەلشامیە..هتد.هەروەها ناوی المسجد الحرام ،البيت الحرام،البنية و، یەکەم ماڵ و...چەندین ناوی دیکە.

پێش سەرهەڵدانی ئیسلام، واتە لە سەردەمی عەبدولموتەلیبی کوڕی هاشم، ئەو کەعبەیە گرنگی زۆری پێدرا، کە هێشتا محەمەد هەر لە دایک نەبووبوو، دەرگایەکی بەرزی لە ئاسن بۆ کەعبە دروستکردبوو،هەروەها بە زێر ئەم دەرگاو دیوارەی کەعبەی رازاندبۆوە. بە کورتی کەعبە نزیکەی دوازدە (١٢)جار سەرلەنوێ بونیادنراوەتەوەو چاککراوەتەوەو دەستکاریکراوە،

هەر لە فریشتەکانەوە تا دەگاتە سەردەمی سوڵتان مورادی چوارەم لە ساڵی ١٠٤٠.چونکە بەپێی ئایینی ئیسلام بەر لە هاتنی ئیبراهیم باوکی پێغەمبەرانیش پێشتر کەعبە هەبووە بەڵام بەهۆی تۆفانەکەی نوح رووخاوەو نەماوە، دواتر ئیبراهیم بە هاوکاری ئیسماعیلی کوڕی دروستیکردۆتەوە. سی ٣٠ ساڵ دوای ساڵی فیل، دووبارە رووخاندوویانەتەوەو دیسان بونیادیان ناوەتەوە، تا سەردەمی عوسمانیەکانیش هەر بەردەوام دەستکاریکراوە.

ئەو کەعبەیە پێش هاتنی ئیسلام بتی تێدا بووە،کاتێک ئیسلام هات،هەموو بتەکانی ناو کەعبەیان شکاندو،عەرەب بە زەبری هێز دەستی بەسەر ئەو کەعبەیەدا گرت،بەڵام کەعبەیان نەشکاند، لەکاتێکدا چەندین کەعبەی تر هەبوون،هەموویانیان شکاند تەنیا ئەو کەعبەیەیان هێشتەوە کە ئێستا پێی دەوترێ کەعبەو ماوە. ئەوکاتەی ئەو کەعبەیەش کرا بە قیبلەنومای موسڵمانان،نزیکەی چواردە ساڵ و نیو بوو ئایینی ئیسلام بڵاو ببۆوەو، بە درێژایی ئەو ماوەیە موسڵمانان بۆ نوێژکردن روویان لە قودس دەکرد نەک کەعبە،چونکە دوای ١٤ ساڵ و نیو لە هاتنی ئایینی ئیسلام، موسڵمانان قیبلەنومایان هەر قودس بوو، ئەوکاتەش کە پێغەمبەری موسڵمانان محەمەد بڕیاریدا قیبلەنومای موسڵمانان لە قودسەوە بۆ کەعبە بگۆڕێت، هێشتا کەعبە پڕ بوو لە بت، بە سەدان بتی جۆراو جۆر لە ناو کەعبە دانرابوون و کۆتایی بە بت نەهێنرابوون،لەکاتێکدا لە ئۆرشەلیم کۆتایی بە بت هێنرابوو،خەڵکەکە تەنیا خودایان دەپەرست.پرسیارەکە

ئەمەیە ئایا نەدەکرا بتەکانی ناو کەعبە هەمووی تێکبشکێنرێن و فڕێبدرێن، ئینجا ئەو بڕیارە وەربگیرێت ؟! چۆن دەبێت کەعبەیەک بکەی بە قیبلەی خۆت کە پڕە لە بت ؟!. بەڵام لەولایشەوە قیبلەیەک بگۆڕیت کە بتی تێدا نییەو بە قیبلەی موسڵمانانی نەزانیت، ئەی ئەو ١٤ ساڵ و نیو نوێژکردن و پەرستن و عیبادەتە بۆ کوێ چوو !.پێغەمبەری موسڵمانان لە ماوەی حەفت (٧)ساڵ لە ڕێککەوتنی سوڵحی حودەیبییە،بە دەوری کەعبەدا دەسووڕایەوە، کە ئەوکات کەعبە پڕ بوو لە بت. نهێنی مانەوەی بتەکان لە چیدایەو چۆن دەبێت پێغەمبەرو موسڵمانان بەدەوری شتێک بسووڕێنەوە کە پڕە لە بت. هەموو بۆچوونەکان لەوەدا چڕ دەبنەوە، محەمەد زۆر زیرەکانەو سیاسیانەو نەتەوەییانە بیری کردۆتەوە،هەوڵیداوە کەعبە بکاتە ناوەندو چەقی نەتەوەیی بۆ عەرەب و چیتر عەرەب بەدوای ئۆرشەلیم کە ناوەندی ئایینی مەسیحی و جولەکانەو بە دوای پەرتەوازەیی نەکەون.ئیتر عەرەبیش وەک مەسیحیی و جوولەکە پێویستی بە ناوەندێکی سەربەخۆی هەیە کە تایبەت بێت بە خۆی،دەنا هیچ پاساوێک نییە کەعبەیەک پڕی بێت لە بت،تۆ بەدەوریدا بسووڕێیتەوە.

دەبا بپرسین ئەی ئەو بەردە ڕەشە چییە ؟! ،جاران ئەگەر ئەستێرەیەک ڕژابا بە کارێکی یەزدانییان دەزانی، یان لە هەسارەیەکدا پارچەیەکی بچووکیش بکەوتایە،بە هەمانشێوە بە کارێکی یەزدانیان دەزانی، ئیتر ئەم بەردە ڕەشەش پارچەیەکی بچووک بووە لەو هەسارە زۆرو زەوەندەی کە لە ئاسمانەوە هەن،گواستوویانەتەوە ناو کەعبەو لەوێ

دایانناوە،ئەم بەردە چەندین سەرچاوەی جیاواز لێکدانەوەو بۆچوونی جیاوازی لەسەر دروستکراوە، هەندێک پێیانوایە ئەو بەردە لە وڵاتی هیندستانەوە گوێزراوەتەوە بۆ ئەم شوێنە، هەندێکی دیکە دەڵێن، ئەو بەردە لە بەهەشتدا بوو، خوا بۆ ئەو شوێنەی ناردووە،تا کەعبەی لێ دروستبکرێت، هەندێکی دیکە دەڵێن، نەخێر ئەو بەردە بۆیە رەشە، چونکە خەڵک گوناهی زۆرەو لەبەر زۆری گوناهی خەڵکە ئەو بەردەش رەش بووە!!. ئەمانەو چەندین بۆچوون و لێکدانەوەی دیکە لەمبارەیەوە هەیە. ئیتر بەهۆی ئەم بەردە رەشەوە، ئەو شوێنە بووە ناوەندێکی بازرگانی و ئایینی و خەڵکیشی زیاتر لێ کۆبۆتەوە.واتا ئەو بەردە رەشە کەعبەی بردە ئاستێکی بەرزتر لە پیرۆزکردن ،ئیتر مەککەش بەهۆی ئەو بەردەو بەهۆی کەعبەکەوە،بووە شوێنی تەواف و حەجکردن و خەڵک رووی تێدەکرد. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، ئەو مێژووی کەعبەیە لەگەڵ مێژووی ئیبراهیمدایە، بە درێژایی ئەم مێژووە، کەعبەش گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووەو کەعبەی جاران هەرگیز ئەو کەعبەیەی ئێستاکە نەبووە کە هەیە.تەنانەت بەرلەوەی محەمەد بانگی ئیسلامەتی هەڵبدات، بە پێنج ساڵ واتە محەمەد لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا بوو، کە خەڵکی مەککە کەعبەیان تێکداوەو سەرلەنوێ دروستیانکردۆتەوە، ئەوکاتە هێشتا محەمەد نەببوو بە پێغەمبەر،ئیتر ئەو بەردە رەشە لە سەروبەندی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامدا، بەردێکی گەورە بووەو یەک کەس و دوو کەس نەیانتوانیوە هەڵیبگرن، بەڵکو کاتێک ویستوویانە بیگوازنەوە بۆ ناو کەعبە، بە

پاڵپێوەنان  خلۆریانکردۆتەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەبووە کە بەردەکە گەورە بووە، نەک بچووک. بەڵام ئەم بەردە لە سەردەمی خەلافەتی عەباسییەکاندا، بەهۆی راپەڕینی قەرامیتەکانەوە، ئەو بەردە لەو شوێنەی خۆی نەماو رێک لە ساڵی ٣١٧ ک، بەرامبەر ٩٢٩ز دزرا،ئیتر چەند ساڵێک ئەو بەردە رەشە  لە شوێنی خۆی کە کەعبەبوو نەما،تا ساڵی ٣٣٠ ک بەرامبەر ٩٤١ ز ، واتا بۆ ماوەی ١٢-١٣ ساڵ قەرامیتەکان، ئەو بەردە رەشەیان دزیبوو، لەو ماوەیە دوورو درێژەشدا ئەو بەردە رەشەیان پارچە پارچە کرد، تا وایلێهات، ئەو بەردە رەشەی کە دوای چەندین ساڵ هێنایانەوە شوێنی خۆی بۆ کەعبە ،تەنیا بەقەد دەنکە خورمایەک بوو!!واتا ئێستا ئەو بەردە رەشەی ساڵانە چەندین ملیۆن خەڵک بەناوی حەج و عەمرەوە دەچن بۆ سوژدە بردن و لەدەوری دەسوڕێنەوە، ئەو بەردە هەر بە قەد دەنکە خورمایەکە!!!.ئەمە جگە لەوەی  لە مێژووی ئیسلامدا، دوو جار کەعبە سووتێنراوە!!،جارێک لەسەردەمی یەزیدی کوڕی معاویە، بەهۆی ئەوەی کە عەبدوڵای کوڕی زوبێر بەیعەتی بە یەزید نەدابوو، ئیتر یەزید سوپایەکی بە سەرۆکایەتی موسلیم  کوڕی عەقەبە ناردە سەری و لە ئەنجامدا کەعبەش سووتا، دوای ئەم شەڕە عەبدوڵای کوڕی زوبێر کەعبەی رووخاندو سەر لەنوێ بە شێوەیەکی زۆر گەورەترو فراوانتر دروستیکردەوە ، ئەم دروستکردنەوەیە ساڵی ٦٥ ک بوو. جارێکی دیکەش کاتێک عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان دەبێتە پێنجەمین خەلیفەی ئەمەوییەکان، بە هەمانشێوە هێرشێک بۆسەر عەبدوڵای کوڕی زوبێر دەهێنن کە خۆی بە

پاڵ دیواری کەعبەوە دابوو، بەهۆی ئەم شەڕەوە کە حجاج کوڕی یوسفی سەقەفی سەرلەشکری سووپاکەی عەبدولمەلیک بوو، کەعبەی سووتاندو عەبدوڵاش کوژرا. واتا لە هەردوو جارەکەدا شەڕ لەنێوان خودی موسڵمانان بووە لەسەر خەلیفایەتی و بەیعەت پێدان!!.هەردوو جارەکەش کەعبە سووتاو خوداش بە فریای کەسیانەوە نەچوو، تەنانەت بە فریای کەعەبەشەووە نەچوو کە دەسووتا.

سورەتی فیل کە باس لە تەیری ئەبابیلیش دەکات، ئەو ڕووداوە لە سەردەمی ئەبرەهەو عەبدولموتەلیبی باپیری محەمەد پێغەمبەری موسڵمانان ڕوویداوە،عەبدولموتەلیب لە خەمی سەد_١٠٠)حوشترەکەی بوو کە ئەبرەهە بردبووی بۆی بگەڕێنێتەوە، لە بەرامبەردا هیچ داکۆکییەک لە پاراستنی کەعبە نەکات، بە هەر حاڵ ڕووداوەکە کاتێک ڕوویداوە کە محەمەد هێشتا نەهاتبووە سەر دونیاو، دوای چل و پێنج(٤٥) ساڵ لەم ڕووداوە، ئینجا سورەتی فیل هاتۆتە خوارەوە.

## دەستکاریکردنی قورئان

قورئان کەلامی خودایە نەک مرۆڤ، لەو ڕوانگەوە، خودایەک توانیبێتی بە شەش(٦)ڕۆژ ئاسمان و زەوی و ئەم هەموو ئەستێرەو هەسارەو گیانەوەرانە دروستبکات، با پرسیارێکی جیدی و بابەتی بکەین،خودایەک

توانيبێتی خۆرو مانگ و زەوی و مرۆڤ دروست بکات،ئەم گەردوونەی بە سیستەماتیکی کردبێت، ئایا دەکرێ قورئان بە زمانێک بێنێتە خوارەوە کە زمانێکی ناتەواو بێت ؟؟!! خودا کە بە زمانی عەرەبی قورئانی ناردبێتە خوارەوە تا خەڵکی عەرەب ئاقڵ بکات و میللەتانی دونیاش بهێنێتە سەر رێگای راست، چۆن دەبێت بە زمانێکی ناتەواوەوە ئایەت ئایەت بهێنێتە خوارەوە، ئەی چۆن دەکرێت مرۆڤ دەستکاری کەلامی خودا بکات، لەکاتێکدا خودی مرۆڤەکان دروستکراوی خودان ؟!

قورئان هەر تەنیا یەکجاریش دەستکاری نەکراوە، بەڵکو هەر لە سەردەمی ئەبوبەکری سدیقەوە وردە وردە دەستکاریکراوە.چونکە لەسەردەمی محەمەد،بەشێک لە ئایەتەکان لەسەر پێست و هەندێک لەسەر گەڵای درەخت و بەشێکی دیکە لەسەر ئێسقان و ..هتد نووسرابوون، بۆئەوەی لە فەوتان رزگار بکرێت، دەبوو هەمووی کۆبکرێتەوەو جوانترو باشتر بپارێزرێ.لە سەردەمی ئەبوبەکر کاتێک شەڕی یەمامە روویدا، ئەو شەڕە بۆیە روویدا هەندێک لە موسڵمانەکان وتیان ئێمە بڕوامان بە خودا هەیە، بەڵام زەکات نادەین، ئیتر ئەبوبەکر هێرشی برد بۆ سەریان، لە ئەنجامدا هەندێک لەو موسڵمانانەی کە قورئانیان لەبەربوو، لە شەڕەکەدا کوژران، ئەبوبەکر تێگەیشت ئەگەر لیژنەیەکی بۆ دانەنرێت و هەوڵی کۆکردنەوەی نەدەین، ئەوا وردە وردە کەسمان تێدا نامینێت کە قورئانی بە رەوانی لەبەر بێت، بۆیە بڕیاری بە کۆکردنەوەی قورئان دا، ئیتر ئەو کۆکردنەوەیە ئەنجامدراو تا عومەری کوڕی خەتابیش کوژرا، هەر ئەو

نوسخەیەی قورئان هەبوو کە کۆکرابووەوە،بەڵام لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففان فتوحاتەکان تەواو پەرەیسەندبوو، هەندێک وڵاتی نا عەرەبی داگیر کرابوون و کرابوون بە ئیسلام، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ڕێنووسی قورئان، تەندروست نەبوو، واتە خاڵبەندی تێدا ڕەچاو نەکرابوو، فەتحەو زەممەو کەسرەو  هەموو ئەوانەی تێدا ڕەچاو نەکرابوو، ئیتر خەڵکی غەیرە عەرەب بەتەواوی لە خوێندنەوەی قورئاندا، ئایەتەکانیان دەشێواند، بۆیە عوسمانی کوڕی عەففان ترسا لەوەی قورئان وەک یەک قورئان بۆ موسڵمانان نەبێت و بەهۆی ئەو دەسکاریکردنەیان لە خوێندنەوەیدا، ئیتر جیاوازی لە ناو ئایینەکەش دروست ببێت،بۆیە عوسمان جارێکی دیکە داوای کۆکردنەوەی قورئانی کردو،لیژنەیەکیشی بۆ پێکهێنا. عەلی کوڕی ئەبی تالیب یش،هەموو ئایەتەکانی قورئانی کۆکردبۆوەو مێژووی دابەزینیشی لەسەر دانابوون، ئەمە  لە دوای کۆچی دوایی محەمەد ،عەلی ئەوکارەی کردبوو،بەڵام عوسمان نەیویست سوود لەو کۆکردنەوەی ئایەتانە ببینێ کە عەلی کردوویەتی، بۆیە تەنانەت ئەو لیژنەیەی عوسمان پێکیهێنابوون بۆ کۆکردنەوەی ئایەتەکانی قورئان،لەناو ئەو لیژنەیەشدا عەلی تێدا نەبوو، بەڵکو بریتی بوون لەم کەسانەی خوارەوە:زید بن ثابت، عبدالله بن الزبير،عبدالرحمان بن الحارث،سعد بن العاص.  ئیتر عوسمان هەموو نوسخەکانی دیکەی قورئان کە ئایەتی کەمتر یان زیاتر بوون، هەمووی سووتاندن و تەنیا هی ئەو لیژنەیەی هێشتەوەو پەیڕەوی لێکردو پێنج دانەیشی لێ کۆپی کرد، تا خەڵک شارەزایی لێی هەبێت.هەر دانەی

بۆ شوێنێکی نارد،وەک:میسر،شام،کوفە،ئێران،مەککە، دانەیەکی کۆپیشی لە مەدینە دانا.ئەوەی جێگای سەرنجە، لەو سەروبەندی کۆکردنەوەی قورئانە کە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان بووە، زمانی عەرەبی کێشەو گرفتی زۆری هەبوو، هێشتا ئەو زمانە جێگای خۆی نەگرتبوو، بۆیە زوو زوو لە هەندێ رووەوە دەستکاری ئەو زمانە دەکرا، بۆنموونە، لەوکاتدا زمانی عەرەبی نزیکەی پازدە (١٥) پیت بوو، بەڵام دواتر گەیشتە ٢٨ پیت،هەر لە سەردەمی عوسمان و کاتێک قورئان کۆ کرایەوە، هەموو پیتەکان خاڵبەندیان بۆ دانەنرابوو، هەروەها سەرو ژێرو بۆرو هەموو ئەمانە هیچیان بۆ دانەنرابوو، بۆیە لەکاتی خوێندنەوەی ئایەتەکاندا هەر کەسەو بەپێی زانیاری و شارەزایی و بە پێی تێگەیشتنی خۆی ئایەتەکانی ناو قورئانیان دەخوێندەوە، ئەمەش بە تەواوی لە ناوەرۆکی ئایەتەکان دوور دەکەوتنەوەو هەندێکجاریش دژ دەبوونەوە.ئەم دۆخەی زمانی عەرەبی بەردەوام مایەوە، تا خەلیفە عەبدولمەلیک کوڕی مەروان، فەرمانی بۆ حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی دەرکرد  کە دەبێت خاڵ بۆ سەر پیتەکان دابنێت، تا بتوانرێ پیتەکان لەیەکدی جودا بکەینەوە،حەجاجیش فەرمانی بە یەحیا کوڕی عومەر العدوانی و نصر کوڕی عاصم الليثي دا، ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵام هێشتا نەیانتوانی بە تەواوی پیتەکان رێکبخەنەوە، تا (الخليل بن احمد الفراهيدی)هات سەرو بۆری بۆ پیتەکان باشتر رێکخستەوە،بەتایبەت بۆ (الضمة) و (الفتحة)و...هتد. ئەو بازنەیەی لە کۆتایی هەر ئایەتێکدا هەیە، ئەویش بەم دواییە بازنەیەکیان بۆ کردو

ژمارەیەکیشیان لەناو بازنەکە دانا، بۆ دەستنیشانکردنی ئایەتەو تێکەڵ نەکردنی بە ئایەتەکانی دیکە. بە کورتی ئەو کاتەی سێیەم خەلیفەی موسڵمانان هاتە سەر تەختی خەلیفایەتی، زیاتر لە ١٣ ساڵ بوو محەمەد کۆچی دوایی کردبوو، واتا ٣٣ ساڵ پێشتر تا ئەو سێزدە ساڵە ئایەتەکانی قورئان دابەزیبوون، کاتێکیش عەبدولمەلیک کوڕی مەڕوان دەبێتە خەلیفە رێک ساڵی ٦٥ ی کۆچی بوو، واتا نزیکەی ٥٤ ساڵێک بوو محەمەد کۆچی دوایی کردبوو، ئەمە جگە لەو ٢٣ ساڵەی کە ئایەتەکان وردە وردە دادەبەزین، واتا ئەو ماوەیە ئەوەندە کورت نییە، ماوەیەکە قسەی زۆر هەڵدەگرێت و بێگومان بۆچوونی کەسانێکی دەسەڵاتدارو رەوانبێژی تێکەوتووە، بەتایبەت عوسمان دەگێڕنەوە، هەر ئایەتێکی بە دڵ نەبوایە، یان گومانی لێی هەبوایە، دەستکاریدەکردو وشەکانی دەگۆڕی، بەتایبەت ئەو کات وشەکان سەروبۆری بۆ دانەنرابوو، خاڵ بۆ پیتەکانیش دا نەنرابوو..لە ئەنجامی ئەم هەموو دەستکاریکردنەدا، لە چەندین سورەتدا، کۆمەڵێک ئایەتی مەککەیی هەن، چوونەتە ناو سورەتی مەینەوە، واتا تێکەڵ و پێکەڵییەک هەیە لە زنجیرە(تسلسل)ی ئایەتەکان و گوێ بە کاتی دابەزینی ئایەتەکان نەدراوە.چەندین ئایەتیش لە چەندین سورەتدا تا رادەیەکی زۆر وەکوو یەکن و تەنیا دووبارەبوونەتەوە،هەر بۆنموونە سورەتی تەها ئایەی ٢٤ لەگەڵ سورەتی النازعات ئایەی ١٧ وەکوو یەکن، یان سورەتی تەها ئایەی ٧١ لەگەڵ سورەتی الشعراء ئایەی ٤٩ وەکوو یەکن،یان تۆ سەیری ئەمە بکە: سورەتی سورەتی لافرقان ئایەی ٥٩،

الاعراف ئایەی ٥٤، یونس ئایەی ٣،السجده ئایەی ٤، الحدید ئایەی ٤، هود ئایەی ٧،ئەم پێنج ئایەتە لە پێنج سورەتی جیاوازن، بەڵم وەکوو یەکن. نموونەکان زۆر زۆرن لەوبارەیەوە.

## ئیبلیس و خودا

ئیبلیس یەکێک لە فریشتە هەرە بەرزەکان بووە لای خودا، بەڵام خۆ ئیبلیس تەنیا فریشتەیەک بووە، ئەو فریشتەیە کێ دروستیکردووە، بێگومان تەنیا خودا ئەو دەسەڵاتەی هەبووە کە فریشتە دروستبکات، تەنیا خوداش دەسەڵاتی تەواوی بەسەردا هەبووەو لە ژێر فەرمان و فەرمایشتەکانی خودا جولاوەتەوە، کاتێک ئیبلیس یاخی دەبێت و سوژدە بۆ ئادەم نابات، کێ ئەو بیرۆکەیەی خستە ناو دڵ و مێشکی ئیبلیسەوە، کە وا هەست بکات ئەو واتە ئیبلیس لە ئادەم نزمترو کەمتر نییە تا سوژدەی بۆ ببات. ئینجا ئیبلیس کاتێک لە بەهەشت دەردەکرێت چۆن توانی خۆی لە شێوەی مار بنوێنێت، یان لە رێگای دەمی مارێکەوە هەوڵی گەڕانەوەی بۆ بەهەشت بدات، ئەی باشە مار چۆن ئەو کات چوار پێ بوو، بەڵام دوایی خودا غەزەب لەویش دەگرێت و ئەو چوار پێیەی نامێنێت و خودا سزای بەوە دەدات کە ئەویش واتە مارەکە دەبێ تا هەتایە لەسەر سک بخشێت، هەموو ئەم بەیت و باڵۆرەو هەموو ئەو قسە پڕ لە سەیرو سەمەرانە، لە رووی زانستییەوە ناگونجێن و جگە لە ئەفسانەو خورافات

هیچ شتێکی دیکە نییە.ئاخر ئیبلیس چۆن توانی بچێتە ناو دەمی مار بۆئەوەی بگەڕێتەوە ناو بەهەشت و مارەکەش بە قسەی دەکات، ئەمە ڕێک وەک ماسییەکەی یونس پێغەمبەرە، ئاخر ماسییەکی گەورە لە شێوەی قریش مرۆڤێک قووت بدات، ئەو مرۆڤە دوای ماوەیەکی زۆر چۆن دەتوانێت لەناو سکی ئەو ماسییە گەورەدا بە زیندوویی بمێنێتەوە ؟!، ئەو ماسییە خۆ وەکوو ئاو قوتی نەداوە، بەڵکو بە ددانە تیژەکانی ونجڕ ونجڕی دەکات ئینجا قووتی دەدات، کە قوتیشی دا ئەو کەسە هەرگیز ناتوانێ هەناسە بدات. بەڵام دەپرسین کاتێک ئیبلیس هەوڵی ئەم هەموو فێڵ و هەڵخەڵەتاندنەی دەدا، ئایا خودا ئاگای لەو هەوڵانەی ئیبلیس نەبووە ؟!، تا ڕێگای لێ بگرێت، بۆچی ڕێگای لێ نەگرتووە ؟! .بۆچی حەوای لەو هەموو فرت و فێڵە ئاگادار نەکردۆتەوە. چونکە بەهۆی ئەو هەڵخەڵەتاندنەوە بوو ئادەم و حەوا لە بەهەشتی فیردەوسی دەرکران و فڕێدرانە سەر زەوی، بۆ ئەوەی تا هەتایە هەر زەحمەتی بکێشن و نەحەسێنەوە، باشە بە ڕاستی هەڵخەڵەتاندنێک ئەوەندەی دەهێنا وایان بەسەر بێت .

## لوت پێغەمبەر

هەر کەسێک کە خودا کردی بە پێغەمبەر، کەواتا پێغەمبەرەو پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خودا هەیەو ،مرۆڤێکی ئاسایی نییە.لوت وەک هەر

پێغەمبەرێکی دیکە پێغەمبەر بووە وەک هەر پێغەمبەرێکی دیکە لەلایەن خوداوە نێردراوە، ئیتر چۆن دەکرێ زینا لەگەڵ هەردوو کچەکەی خۆی بکات، هەر شەوەو لەگەڵ یەکێکیان و بەهۆی ئەو جووتبوونەیشی هەردوو کچەکەی سکیان پڕ بووبێت و وەچەیان خستبێتەوە. گوایا لوت لە لایەن کچەکانییەوە سەرخۆشکراوە ،بۆیە سێکسی لەگەڵ کچەکانی خۆی کردووەو هەر شەوێک لەگەڵ کچێکی سەرجێیی کردووە. یان چۆن دەبێت ژنی نوح و لوت کە دوو پێغەمبەر بوون، ژنەکانیان خیانەتی لێیان کردبێت و لە ئەنجامیشدا خودا ژنی هەردوو پێغەمبەری حەواڵەی دۆزەخ کرد. بڕوانە سورەتی تەحریم ئایەی ١٠ .

لە بنەڕەتدا پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ چەندە لە یەکجیاوازن، دەتوانین بڵێین سورەت و ئایەتەکانی مەکەیی ئەوەندە جیاوازن لە سورەت و ئایەتەکانی مەدینەیی، راستە پەیمانی کۆن بریتییە لە پێنج کتێبی نووسراو لەلایەن پێغەمبەری جوولەکەکانەوە کە موسایە،هەر پێنج کتێبەکە بە تەورات ناودەبردرێ،کە ئەمە جیایە لەگەڵ کتێبی پیرۆز، پەیمانی نوێش بەشی دووەمی کتێبی پیرۆز پێکدەهێنێت و بریتییە لەو چوار ئینجیلەی مەتتا،مەرقەس،لۆقاو یوحەنا.هەرچوار ئینجیلەکە لەلایەن پەیڕەوکارانی عیساوە نووسراون،بەڵام ئەو چوار بەڕێزە هیچیان نە لەسەردەمی عیسا ژیاون، نە یەک دەقیقەش چاویان بە عیسا کەوتووە، بەڵکو پاش ماوەیەک بەسەر کۆچی دوایی عیسادا نووسیویانە. جگە لە کۆمەڵێک نامە. بەگشتی هەموو نووسینەکانی پەیمانی کۆن و نوێ پێیاندەوترێ کتێبی پیرۆز.بە

هەمانشێوە هەموو سورەتەکانی مەککەیی و مەدینەیی پێیاندەوترێ قورئان کە لەلایەن جوبرائیلەوە بە محەمەد گەیشتووەو ئەویش بڵاویکردۆتەوەو پەیڕەوی لێکردووە، لە کاتێکدا ئایەتەکانی مەککەیی زۆر نەرم و هێمنن و پەیوەندییان بە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و دانانی یان پەیڕەوکردنی شێوازێکی ژیانی کۆمەڵایەتییە، هەر چی ئایەتەکانی مەدینەیە پەیوەندیان بە شەڕو کوشتارو ملپەڕاندن و غەنیمەو دەستکەوت و کەنیزەو تاڵانکردنەوە هەیە.ماوەی مانەوەی محەمەد لە مەککە بە پێغەمبەرایەتی سێزدە١٣ ساڵەو پێغەمبەرایەتیشی لە مەدینە دە ١٠ ساڵە.

هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە فیقهەوە هەیە ، مرۆڤەکان دایانناوە، بۆیە لێکدانەوەی جیاوازیشیان بۆ کراوەو بۆچوونی جۆراو جۆریان بەخۆوە گرتووە، بەڵام شەریعەت تایبەتە بە قورئان، کە ئەمەیان زۆر جیاوازە لەگەڵ فیقهیکان.ئەمەی لە سەرەوە من باسمکردووە، تایبەتە بە دەقەکانی قورئان، نەک لێکدانەوەو ئیجتیهادی جیاواز. بۆنموونە کاتێک باس لە خواردنەوە (مشروب)دەکرێت، لەناو تەواوی ئایەتەکاندا نەوتراوە مەشروب حەرامە، بەڵکو دەڵێت اجتنبوا واتا دووربکەونەوە نزیکی مەکەون ..دوربکەونەوە ڕەهەندێکی میکانیزمی هەیە ڕەفتارە یاسا نییە کەواتا تەنیا ئامۆژگارییە. بەڵام ئەوەی حەرام و حەڵاڵە ، ئەوە یاسایەو جیاوازە.

# داعش و ئیسلام ، عومەرو عەلی

دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن مالکییەوە، زۆری نەبرد شەڕی نێوان شیعەو سوننەی عەرەب بە جۆرێک گڕی سەندبوو، کە بەغدای پایتەختی عێراق وەک بەرلینی دوای شەڕی دووەمی جیهانی لێهاتبوو کە بە دیوارێک بەرلینی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی لەیەکجیاکربوونەوە،بەغداش بەهەمانشێوەی لێهاتبوو، بە دیوارێکی کۆنکریتریژ نێوان شیعەو سوونەی پێ جیاکرابوونەوە،لەو ماوەیەشدا کە داعش لە پزدانی قاعیدە هاتە دەرەوە، شەڕەکە زۆر قووڵترو خەستتر بۆتەوە، بەڵام ئەمە کاری یەکێتی

زانایانە پێویستە ئەو تەمتومانە بە تەواوی لای هەموو ئەوانە بڕەوێنینەوە کە هێشتا پێیانوایە ڕێکخراوی داعش سەربە ئیسلامە.چونکە خۆ ئێستا سەردەمی شەڕی (جەمەل)و(صفين) نییە، تا موسڵمانەکان شەڕی یەکتر بکەن، شەڕی (جەمەل)و (صفين)دوو نموونەی زۆر ناشیرینن لە مێژووی ئیسلامدا،چونکە ئەگەر کوشتنی خەلیفەی سێیەمی لێ بهێنینە دەرەوە، ئەم دوو شەڕە بە سەرەتاییترین شەڕی نێوان ئیسلامەکان دادەنرێ کە خۆ بە خۆیی کەوتنە گیانی یەکتر. با لە کرۆکی باسەکەمان دوور نەکەوینەوەو بزانین ئاخۆ پاساوی داعش بۆ ئەو توندوتیژییەی بەڕێوەی دەبات چییە؟با بە کورتی ئاماژەیەک بۆ قورئانی پیرۆز بکەین کە ئاخۆ ڕێگای بەم کوشتن و بڕینە داوە کە لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلامەوە ڕۆژانە خەڵکێکی بێ گوناە تەنانەت منداڵیش سەردەبڕن و ئەگەر بۆیان بکرێ لەم نیشتمانە هەموومان سەردەبڕن؟ ئەگەر لە قورئاندا ئەو زەمینەیە لەبار نییە، ئەی بۆچی یەکێتی زانایان و مەلای دوانزە عیلم تا ئێستا چەند لێکۆڵینەوەیەکی وردیان نەخستۆتە بەردەستمان لەسەر پرسی داعش؟ پرسیارەکان زۆرن، بەڵام من هەوڵدەدەم زۆر بە کورتی چەند ئامانجێکی سەرەکی لەوبارەیەوە بپێکم.

قورئانی پیرۆز لە ماوەی ٢٣ ساڵی تەمەنیدا کە دوو قۆناخی جیاواز دەگرێتەوە،لە ١١٤سورەت پێکهاتووە کە (٨٦) سورەتی لە قۆناخی یەکەمیدا کە بە سورەتی مەککەیی ناسراوە، هاتۆتە خوارەوەو ١٣ ساڵ

دەگرێتەوە، قۆناخی دووەمیش (١٠)ساڵەکەی دواییە کە ٢٨ سورەتەو بە مەدینەیی ناسراوەو لە مەدینە هاتۆتە خوار. دیارە (١٣)ساڵی یەکەم زیاتر باس لە خوا پەرستی و دوورکەوتنەوە لە بتپەرستی و ..هتد بووە. بەڵام لە قۆناخی دووەمدا چەندین شەڕو کوشتارگەو بە رووی یەکدا هەڵشاخان دروستبوو، بۆیە زیاتر لە ٣٠٠ ئایەت باسی جیهاد و کوشتن و هاندانی موسڵمانان دەکات تا بچن بۆ بەرەکانی شەڕ..هتد...لەکاتێکدا کۆی ئایەتەکانی قورئان نزیکەی (٦٣٣٦)ئایەتن. کەواتە ناکرێ زیاتر لە (٦٠٠٠) ئایەت فەرامۆش بکەیت و تەنیا (٣٠٠) ئایەت بکەیتە بنەما، لەکاتێکدا ئەو ئایەتانەی بە روونی باس لە کوشتن و جیهاد و چوون بۆ بەرەی شەڕ دەکات، نزیکەی (٢٠٧) ئایەتن.ئەمە پرسێکە گفتوگۆ هەڵناگرێت، ئەوەی بڕوای بە قورئان و ئایینی ئیسلام هەبێت، دەبێت بڕوایشی بەو ئایەتانەی خوارەوە هەبێت،هەر بۆ نموونە:سورەتی المائده ئایەی ٩٩،الغاشیە ئایەی٢١و ٢٢، الشوری ئایەی٤٠و ٤٣،الکافرون ئایەی ٦ ،البقره ئایەی ١٣٩و ٢٥٦، القصص ئایەی ٥٦،الزمر ئایەی ٢٣ .....هتد. ئەوەی ئێستا داعش دەیکات لەگەڵ میتۆد و فەلسەفەی گشتی قورئاندا ناگونجێت، چونکە بنەما گشتییەکانی ئیسلام پێچەوانەی ئەو کردارو گوفتارانەی رێکخراوی داعشە، کە ئیمڕۆ دژ بە هەموو ئایین و مرۆڤایەتین.

من ئەم وێنەیەی سەرەوەم بۆیە خستە روو، چونکە تا ئێستا ئەو پرسیارە بەردەوام دەوترێتەوە کە ئایا داعش پەیڕەوی لە ئایینی ئیسلام دەکات یان نا؟، تەنانەت هەندێک لە کۆلکە مەلاکانی لای خۆشمان بە

ناڕەوای دەزانن داعش بە لادان لە پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دابنێن، چ لۆژیکێک رێگا بەوە دەدات قورئانی پیرۆز بە شێوەیەکی ئینتیقائیی دوور بە لەبەرچاوگرتنی هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئایەتەکانی وەربگریت و زیاتر لە (٦٠٠٠)ئایەتیش پشتگوێ بخەیت.ئەمە تەنها داعش و ئەو گرووپانە دەیکەن کە مەبەستیان قووڵکردنەوەی ئایینەکەو بەرفراوانکردن و جوانکردنی ئایینەکە نییە، بەڵکو ئایینەکەیان کردۆتە قەلغانێک بۆ گەیشتن بە هەندێک مەرامی سیاسی نەخوازراو کە دژ بە ئایینەکەیە. لە کاری رۆژانەشیاندا بە زەقی ئەو مەرامە دژ بە ئایینەیان پەیڕەوکردووە. دەنا ئایین قەت بۆ کاری رێکخراوەیی ناشێت، چونکە ئایین سەرچاوەکەی سرووش (وحی)ە نەک بیروبۆچوون، چەسپاوونەگۆڕە، نەک گۆڕاو، ئەمە لە کاتێکدا ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە. خودی ئایینیش دەسەڵاتداری و ستەمکاری بە خۆیەوە هەڵناگرێ، بەڵکو تەنیا باوەڕو ئامۆژگاری و وشیارکردنەوەیە، لە پێناوی گەیشتن بە راستی و بە بەختەوەری . محەمەدی پەیامبەر (د.خ) دەیزانی رۆژێک دێت ئەم ئایینە لەلایەن خەڵکانێکەوە بۆ مەبەستێکی ناڕەوا بەکاردەهێنرێت، بۆیە فەرموویەتی (ان الدين وعر وان علينا ان نوغل فيه برفق)واتا ئایین رێگایەکی سەخت و دژوار (هەڵدێر)ە،پێویستە لەسەرمان بە ئارامییەوە پێیدا بچینە خوارەوە. ئەگەر سەیری ئایینی مەسیحیەتیش بکەین، دەبینین لە ئینجیلدا بە هیچ شێوەیەک توندوتیژی نادۆزیتەوە، کەچی دوای ئەوەی ئیمپراتۆری رۆم (٢٧٢-٣٣٧)ز لە قوستەنتین بوو بە مەسیحی و ئایینی مەسیحی کرد

به ئایینی فەرمی لە حوکمڕانییەکەیدا، وردە وردە کەنیسە،دەسەڵاتی خستە دەستی خۆی و کەنیسە کرا بە دەزگایەکی سیاسی ستەمکاری ئەوتۆ کە بە هەزاران کەسیان سووتاند و سەربڕی، فەلسەفەشیان بۆ ماوەی(١٠٠٠) هەزار ساڵ لە شوێنی خۆی چەقبەستوو کرد و رایانگرت. کەچی ئینجیل سەراو بن بکەی دێڕێکی تێدا نادۆزیتەوە کە هانی کوشتن بدات، بەڵکو هەمووی پڕاو پڕە لە خۆشەویستی و سۆزو بەزەیی و ...هتد.

## عومەرو عەلی

بەرلەوەی باسی پێگەی بەهێزی (عومەری کوڕی خەتاب و عەلی کوڕی ئەبی تالیب) بکەم، دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت، ئەبووبەکری سدیق و عومەری کوڕی خەتاب و عوسمانی کوڕی عەفان لە کەسایەتییە ناودارەکانی پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلام بوون، هەر یەک لەمانە خاوەنی دەسەڵاتێکی کاریگەر بوون لەناو هۆزەکەی خۆیان و بە هاتنیان بۆ ناو ئیسلام، ئایینی ئیسلام بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد.بەڵام عەلی لە هۆزی هاشمییەکان بوو، بە تەمەنیش زۆر منداڵ بوو کە ببووە ئیسلام، بۆیە سەرەتا ئەو پێگە بەهێزەو ئەو دەسەڵاتە بەهێزەی نەبوو، بەڵام دوایی (عومەر)و (عەلی) بوون بە دوو لە خەلیفە هەرە بەناوبانگ و ناودارەکەی دوای محەمەدی پەیامبەر(د.خ)، (عومەر) بەهۆی کەسایەتییە زۆر بەهێزو چاونەترسییەکەی و (عەلی)جگە لەوەی ئامۆزای محەمەدو دوای خەدیجە

یەکەم کەسە بووەتە موسڵمان، تا رادەیەکی یەکجار زۆریش جێ متمانەی پێغەمبەر بووەو تەنانەت لە کاتی مردنی پێغەمبەریشدا لە خەلیفەکان تەنیا عەلی بەدیار جەنازەی پێغەمبەرەوە بوو،مێژوو نووسانیش لە کۆتایی سەردەمی ئەمەوییەکانەوە تا ئەمڕۆ زیاتر گرنگیان بەو دوو خەلیفەیە داوەو بوونەتە دوو هێمای گرنگ بۆ دوومەزهەبی گەورە.دیارە پێگەی عەلی ئەوکاتە بەهێزتر بوو کە فاتیمەی کچی محەمەدی خواست و منداڵەکانیشی بەهۆی فاتیمەوە بوون بە نەوەی محەمەدپێغەمبەر (د.خ).چونکە راستە باوکی عەلی(ئەبو تالیب)سەرۆکی هۆزی هاشمییەکان بوو،بەڵام لەگەڵ مردنی ئەبوتالیب، ئیدی سەرۆکی هۆزی هاشمییەکان بە(ئەبولەهەب) بەخشرا. راستە عەلی کوڕی ئەبوتالیب، هەرچی کردبێ، تەنیا لە پێناوی ئیسلامدا کردوویەتی و هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە ژیانی ئایندەی خۆی بەرەو کام ئاراستە دەچێت، بەڵکو لە خەمی ئەوەدابووە ئایینی ئیسلام چۆن گەشەدەکات، بۆیە عەلی یەکەم خەلیفەیە کە بەدوای پۆست و پلەو پایەی دونیایی نەگەڕاوەو،هەر ئەم خۆ نەویستییەش بوو سەرەتا نەکرا بە خەلیفە. بۆیە زۆر جار تۆژەرانی ئیسلامی عەلی بە پیاوێکی بڕوا بەهێز بەڵام وشک و برینگ دادەنێن، بەو مانایەی عەلی بە هۆی ئایینی ئیسلامەوە نەیتوانیوە سیاسەت بکات، هەر بۆیە بە ناهەق شەهیدیش کرا، پێشتریش چەندین شەڕی ناڕەوایان بەسەریدا سەپاندبوو. (عومەری کوڕی خەتاب)یش، توانی چاوی قوڕەیش بشکێنێ، کە تا عومەر نەببوو بە ئیسلام ، قوڕەیشەکان هەمیشە مایەی هەڕەشە بوون بۆسەر محەمەد و

ئایینەکەی،تا محەمەد بۆ مەدینە کۆچی نەکرد کە (١٣)ساڵ بوو ئایینی ئیسلام بڵاوکرابۆوە، کەچی نەیانتوانیبوو گەشەیەکی بەرچاو بەو ئایینە بدەن، بەڵام بە هاتنی عومەر بۆ ناو ئایینی ئیسلام و کۆچکردنیان بۆ مەککەو پشتگیریکردنی ئەنسارو موهاجیرەکان لە محەمەد و ئایینەکەی، رێگای خۆشکرد دوای دوو ساڵ لەو کۆچکردنە شەڕی بەدر بێتە ئاراوە، کە لە بنەڕەتدا ئەو شەڕە شەڕێکی بە تەواوی چارەنووسسازو یەکلاکەرەوە بوو بۆ ئیسلام، کە بەهۆی ئەنسارو موهاجیرەکانەوەهاتە ئاراوەو قوربانییەکی زۆریشیان پێشکەش بەو ئایینە کرد بەڵام توانیان سەربکەون و گورزێکی کەمەر شکێن لە دووژمنانی ئیسلام بوەشێنن.

لە سەردەمی خەلیفە عومەریشدا ئایینی ئیسلام گەیشتە لوتکەی و زۆرترین گەشانەوەو فتوحاتی بەخۆیەوە بینی. عومەر لەماوەی ئەو ١٠ ساڵ و ٦ مانگ و ١٩ رۆژەی خەلیفە بوو، توانی ئایینی ئیسلام لە رۆژهەڵاتەوە بگەیەنێتە ئێران و لە رۆژئاوایشەوە گەیاندییە لیبیا. لە مێژووی ئیسلامیشدا کاتێک باسی ئەو خەلیفانە دەکرێت کە دادپەروەر بوونە، عومەری کوڕی خەتاب لە ریزی یەکەمینیاندایە. نموونەیەکی زەقی ئەو دادپەروەرییەش ئەوەیە کاتێ بە عومەر دەڵێن کوڕەکەت هەر خەریکی خواردنەوەو زینا کردنە ،شایەدی پێویستیش لەو بارەیەوە هەبوو،بۆیە ئەویش فەرماندەدات کوڕەکەی دارکاری بکرێت، تا لە ژێر قامچی گیانی دەرچووە. بەڵام بۆئەوەی خوێنەر وردتر بزانێ ئەو گرفتانە چین کە لە نێوان عومەرو عەلی

دا هەبوونە، بە کورتی ئاماژە بۆ گرفت و ناکۆکییەکانیان ئینجا بۆ پەیوەندییەکانیان دەکەم.

## ناکۆکییەکانی نێوان عومەرو عەلی

تا ئەو رۆژەی محەمەد زیندوو بوو، بچووکترین گرفت و ناکۆکی لە نێوان عومەرو عەلی نەبووە، بەڵام لە ساتەوەختی گیانسپاردنی محەمەد، ئەبوبەکری سدیق و عومەر،لە ژێر گوشاری عائیشەی کچی ئەبوبەکری سدیق و خێزانی پێغەمبەر (دایکی موسڵمانان) عائیشە بانگی باوکی کردو راستەوخۆ پێیراگەیاند دەبێت بە زووترین کات تۆ ببیت بە خەلیفە، چونکە عائیشە مەترسی زۆری هەبوو کە عەلی کوڕی ئەبی تالیب کە ئامۆزاو زاوای پێغەمبەرەو لە پێش هەمووشیانەوە بۆتە موسڵمان، ئیتر ئەگەر باوکی نەبێتە خەلیفە هیچ رێگرییەک نامێنێ بۆ بەخەلیفە بوونی عەلی، سەرەتا ئەبوبەکری سدیق بەم قسەیەی عائیشەی کچی رازی نەبوو، بەڵام سووربوونی عائیشەو هەندێ پاساوهێنانەوەی واقیعیانە بۆ ئەبوبەکری باوکی، توانی دڵی باوکی نەرمبکاتەوە، لەپاڵ ئەمەشدا عائیشە بە عومەری کوڕی خەتابی راگەیاند کە پێویستە باوکم رابسپێری بۆ خەلیفە، ئەمەش بە چەندین پاساوی واقیعیانەی بۆ عومەر هێنایەوە، چونکە عائیشە زیرەکترین کەسی سەردەمی خۆی بووە، یەکەم کەس بووە لەنێو هەموو ژن و پیاوەکانی ئەو سەردەمە بە سەحابەکانیشەوە کە نەک هەر هەموو

قورئانی بە تەواوی لەبەر بووە،بەڵکو شیعری شاعیرەکانیشی لەبەر بووەو ئەقڵێکی زۆر گەورەی هەبووە، کە ئێرە جێگای باسکردنی نییە، ئیتر عومەریش قەناعەتی بەوە دێت کە لەو کەپرەی بەنی ساعیدە کۆببوونەوە لەبەرچاوی ئەوخەڵکەی لەوێ ئامادەبوون داوا لە ئەبوبەکر بکات بۆ خەلیفایەتی و بەیعەتی پێ بکات، لەکاتێکدا عەلی لەسەر جەنازەی پێغەمبەر(د.خ)بوو، ئاگاداری ئەم بینەو بەردەیە نەبوو کە بە نهێنی رێکخرابوو، کاری نهێنیبوونەکەش هەر لە لایەن عائیشەوە رێکخرابوو، بەو پاساوەی با گرفتی گەورە دروست نەبێت و خوێنی موسڵمانان لەو وەختە ناوەختە کە محەمەد کۆچی کردووە با خوێنی موسڵمانان بە خۆڕایی نەڕژێ.ئەمە یەکەمین دڵگیربوونی عەلی بوو لە ئەبوبەکر و عومەر، چونکە عەلی بە هیچ جۆرێک لەو بڕوایە نەبوو کە هێشتا جەنازەی پیرۆزی محەمەد بە خاک نەسپێردراوە، کەچی ئەوان هەڵپەی دانانی خەلیفەیان بووە.هەر بۆیە عەلی کە بەم کارەی زانی بە تەواوی سەری سوڕماو ئامادە نەبوو سەرەتا بەیعەت بە ئەبوبەکر بدا، تا ماوەیەک بەسەر ئەم رووداوە تێپەڕی. گرفتی دووەم ئەبوبەکرو عومەر هاودەنگ و هاوڕا بوون کە دەبێت عەلی بەیعەت بە ئەبوبەکر بدات، دەنا هۆزی قورەیش بە تایبەتی بنەماڵەی بەنی هاشم کە محەمەدیش سەر بە هەمان بنەماڵەبوو، لە رێگای عەلی یەوە دەنگی ناڕەزاییان لێ بەرزدەبێتەوەو ئیتر دۆخەکە بە ئاراستەیەکی زۆر خراپدا دەڕوات، چونکە بنەماڵەی هاشمییەکان چاوەڕوانی عەلی بوون کە چ بڕیارێک دەدات، بۆیە ئەوانیش وەکوو عەلی بەیعەتیان بە ئەبوبەکر

نەکردبوو،بۆیە هەردوکیان ئەبوبەکرو عومەر زۆر سەخڵەت دەبن و گوشار دەخەنە سەر عەلی کە بەیعەت بە ئەبوبەکر بکات،ئیتر کاتێک عومەر بە توڕەییەوە دەچێتە ماڵی عەلی سەرەتا لەبەردەرگا چاوی بە فاتیمەی کچی محەمەد و خێزانی عەلی دەکەوێت و قسەیەک لەم و قسەیەک لەو، دەڵێن عومەر لە فاتیمە دەدات و بە جۆرێک پەراسووەکانی فاتیمە دەشکێنێت و هەر بەهۆی ئەم لێدانەیشییەوە فاتیمە کە سکی هەبوو منداڵە کۆرپەکەی لەبار دەچێت، ئەمە گرفتێکی قووڵ بوو بۆ عەلی، بەڵام عەلی ئەوکاتە هێشتا لە مەدینە پێگەی ئەوەندە بە هێز نەبووبوو، ئەبوبەکرو عومەر پێگەیان بەهێزتر بوو،پارسەنگی هێز بە لای ئەبوبەکرو عومەردا دەشکایەوە،چونکە عەلی باوکیشی نەمابوو سەرۆکی هۆزی هاشمییەکانیشیان بەهۆی مردنی ئەبوتالیبەوە لەدەستدەرچووبوو، (هەرچەندە ئەم کێشەیەی نێوان عومەرو فاتیمە بەشێک لە مێژوونووسان بە هەڵبەستراوی دەزانن و دەڵێن گوایە نووسەری ئەم هەڵبەستنە پیاوێکی سەفەوی بە رەچەڵەک جوولەکە هەڵیبەستووە، بەڵام باڵی شیعە بە رووداوێکی راست وەریانگرتووە)لە لایەکی دیکەیشەوە،دەڵێن عەلی ئەوەندە لە خەمی یەکگرتوویی ئیسلامدا بوو، بۆیە قوربانی بە هەموو شتێک دەدا لە پێناوی بەرز راگرتن و پێشخستنی ئایینی ئیسلامدا، بۆیە عەلی کێشەکەی گەورەتر نەکرد، بەڵام بەیعەتیشی بە ئەبوبەکر نەدا، ئیتر فاتیمە لە لایەک لە خەمی باوکی کە پێغەمبەر بوو تازە کۆچی کردبوو،پەیوەندی پێغەمبەر لەگەڵ فاتیمە یەکجار بەهێز بوو، چونکە فاتیمە لە خەدیجە بوو،

دایکی نەمابوو، پێغەمبەر زۆر گرنگی پێدەدا،لە لایەکی تریشەوە فاتیمە هێشتا منداڵ بوو کە شووی بە عەلی کردبوو،دەڵێن محەمەد بۆیە فاتیمەی بە منداڵی بە شوو داو دای بە عەلی لە لایەک محەمەد، عەلی وەکوو کوڕی خۆی تەماشا دەکرد چونکە خۆی هیچ کوڕێکی بۆ نەمابۆوە (بێگومان هەر سێ پێغەمبەر موساو عیساو محەمەد، هیچ کوڕێکیان لەدوای خۆیان بۆ نەمایەوە) لە لایەکی دیکەیشەوە ئاگادار بوو کە عائیشە حەز بە فاتیمە ناکات، بۆیە بەرلەوەی عائیشە بخوازێت فاتیمەی بە شوو دا تا لەناو ماڵەکەی گرفت روو نەدا) ئیتر فاتیمە وەک هەر ژنێکی ئاسایی حەسەن و حوسەینی بوو، عائیشەش کە زۆر حەزی لە منداڵ بوو بەڵام منداڵی نەدەبوو، ئیتر رقی عائیشە بۆ فاتیمە زیاتر بوو، ئەم دوو خاڵە (خۆشەویستی لە رادە بەدەری پێغەمبەر بۆ فاتیمەو بوونی بە دایکی حەسەن و حوسێن) هۆکاری گرنگ بوون کە عائیشەی خێزانی پێغەمبەر غیرە لە فاتیمە بکات و حەزی پێ نەیێت و دواتریش ئەو کەیف پێ نەهاتنە پەرپییەوە بۆ عەلی مێردی فاتیمە.ئیتر فاتیمە لە لایەک بەهۆی ئەو رووداوەی مردنی باوکی و لە لایەکی دیکەیشەوە بە هۆی ئەو رووداوەی کە عومەر بەسەریهێنا،نەخۆشکەوت و رۆژ لە دوای رۆژ نەخۆشییەکەی سەختترو کوشندە تر دەبوو، تا دوای شەش(٦)مانگ لە مردنی باوکی ئەویش گیانی لەدەستدا و کۆچی دوایی کرد، دوای مردنی فاتیمە، واتا دوای شەش(٦)مانگ لە خەلیفەبوونی ئەبوبەکر ئینجا عەلی بەیعەتی بە ئەبوبەکر داوە. گرفتی سێیەم لە نێوان عومەرو عەلی لەوەوە سەرچاوەی

گرت، کاتێک ئەبوبەکر ژەهر خوارد کراو زانی ئیتر ناتوانێ بەردەوام بێت، عائیشە بە زیرەکی خۆی ئەمجارەیان بڕوای بە ئەبوبەکری باوکی هێنا کە عومەر رابسپێرێ کە جێنشینی بێت، چونکە ئەو ترسەی عائیشە هەر بەردەوام بوو کە ئەگەر باوکی (ئەبوبەکری سدیق) عومەر رانەسێرێ لەدوای خۆی بکرێ بە خەلیفە، دڵنیابوو کە عەلی دەکرێتە خەلیفە،عائیشەش بە هیچ جۆرێکیش نەیدەویست عەلی بکرێ بە خەلیفە، چونکە لەسەر ئەو رووداوەی لە نێوان عائیشەو سەفوانی کوڕی مع×ل دروستبوو بوو، عەلی داوای لە پێغەمبەر کردبوو کە دەست لە عائیشە بکاتەوەو تەڵاقی بدا بەڵام پێغەمبەر ئەوکارەی نەکردو ئایەتیش لەوبارەیەوە هاتۆتە خوارەوە،بڕوانە سورەتی النور ئایەی (١٢،١١،٩،٦،٥،٤،١٦،١٧،١٩،٢٠،٢٣ ،١٥،١٣،) لەگەڵ چەند ئایەتێکی دیکە لە سورەتی ئەحزاب وەک ئایەی (٣٢،٣٠، ٣٣)تا رادەیەک لە دەوری هەمان پرس دەسووڕێتەوە.دیارە کێشەی میراتی محەمەد لە دوای خۆی ئەوەش گرفتێکی دیکەیە، دەلێن کاتێک محەمەد قەڵای خەیبەری گرت، جوولەکەکان دەستکەوتێکی زۆریان لەدەستداو کەوتە ژێر دەستی موسڵمانەکان،محەمەد گوندێکی لەناو ئەو دەستکەوتانە بەرکەوت، بەڵام خۆشەویستی محەمەد بۆ فاتیمە، ئەوەندە بەهێز بوو، ئیتر محەمەد ئەو گوندەی پێشکەشی فاتیمەی کچی کرد، کە دوایی بوو بە فاتیمەی زەهرا،ئەم کارەی محەمەد عائیشەی زۆر نیگەران کرد، بۆیە ناچار بوو بلێ کەی کاتی دابەشکردنی میراتە تا بەشی فاتیمە بدرێت،بەڵام دوای کۆچی دوایی محەمەد، ئەبوبەکر لە ژێر گوشاری عائیشەی کچییەوە،

ئەبوبەکرو عومەر وتیان نابێ موڵک و ماڵی پێغەمبەری ئیسلام بکرێتە میرات بۆ منداڵەکانی، ئیتر ئەبوبەکر یاسایەکی دەرکرد کە هەموو ئەو زەوییانەی لەلایەن موسڵمانانەوە دەستی بەسەردادەگیرێت، دەبێتە موڵکی (بیت المال)و کەڵک وەرگرتن لەو زەویانە تەنیا لەدەستی خەلیفەدا دەبێت، ئیتر ئەو گوندەشیان لە فاتیمە سەندەوە....گرفتێکی دیکەیش هەیە کە لەسەردەمی خەلیفایەتی عومەرداو بە فەرمانی عومەری کوڕی خەتاب معاویەی ئەبوسوفیان کرا بە والی شام، کە دواتر معاویە بوو بە گەورەترین گرفت بۆ عەلی و نەوەکانی عەلی و تەنانەت بۆ بنەماڵەی هاشمییەکانیش.کە خەلافەتی کردە پشتاوپشت و لەدەست هاشمییەکانی دەرهێنا. گرفتێکی دیکەش هەیە، بەڵام مێژوونووسان بە ئاسایی وەریدەگرن، ئەویش ئەوەیە عوبەیدوڵای کوڕی عومەری خەتاب بەیعەتی بە عەلی نەداو داوایکرد لە مەدینە بچێتە دەرو سەفەر بکات، داوای کەسێکیان لە عوبەیدوڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب کرد تا کەفالەتی بۆ بکات، بەڵام عوبەیدوڵا کەسی دەستنەکەوت، بەڵام عەلی کوڕی ئەبوتالیب کە ئەوکات تازە ببوو بە خەلیفە خۆی بوو بە کەفیلی عوبەیدوڵا، بەڵام عوبەیدوڵا بەردەوام بوو لە دژایەتیکردنی عەلی کوڕی ئەبوتالیب و پاڵیدایە پاڵ معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان لە دژی عەلی، تا چارەنووسەکەی ئەوەبوو لە شەڕی (صفین)دا کوژرا.بۆ زانیاری زیاتر(عومەر دوو کوڕی دیکەی هەبوو بەناوی عەبدوڵای بچووک و عەبدوڵای گەورە، بەڵام عوبەیدوڵا لە ئوم کەلسومی کچی جرول کوڕی مالک خوزاعییەبوو). بەڵام پێش هەموو ئەو

گرفتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم بۆیکردووە، هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا گرفتێک سەریهەڵداوەو لایەنی شیعەش زۆر باسی لێوە دەکات و بە گرێکوێرەی گرفتەکانی دیکەی دادەنێن ئەویش ئەوەیە، ئەوکاتەی پێغەمبەر لە سەرەمەرگا بووە، گوایا پێغەمبەر ویستوویەتی کەسێک بۆ جێنشینی (خەلیفە)ی خۆی دابنێ، بەڵام عومەری کوڕی خەتاب نەیهێشتووە پێغەمبەر ئەو خەلیفەیە دەستنیشان بکات، چونکە گوایا عومەر دەیزانی پێغەمبەر عەلی بە جێنشینی خۆی دادەنێ، عەلی ش هێشتا خاوەنی هەژموونێکی وەها نەبوو بتوانێ ئەم کارە بگرێتە دەست و بەڕێوەی ببا، بە تایبەت کە قورەیشییەکان زۆر رقیان لێبوو، عەلی نەیدەتوانی دەرەقەتی قورەیشییەکان بێت و ئیتر خەڵکی تریشی لە هەڵدەستایەوەو ئاژاوەیەکی ترسناک دروستدەبوو، بۆیە عومەر رێگای لە پێغەمبەر گرتبوو کە جێنشینی بۆ خۆی دەستنیشان نەکات و دوایی ئەوان خۆیان ئەو کارە دەکەن. ئەمە هەنگاوی یەکەمی گرفتەکان بووە لە نێوان عومەرو عەلی دا.

## پەیوەندییەکانی عومەری عەلی

تا عومەرو عەلی لە ژیاندا بوونە پەیوەندییان یەکجار زۆر باش بووە، هەر بۆ نموونە، کە ئەبوبەکر عومەر رادەسپێری بۆ جێنشینی (خەلیفەیی)لە دوای خۆی، ئەگەر چی ئەم راسپاردەی ئەبوبەکر کاریگەری عائیشەی زۆر

بەسەرەوە بووە، چونکە پێشوەختە عائیشە بە عومەری وتبوو ئەگەر مووچەکەم بۆ زیاد بکەی من هەوڵی زۆر دەدەم باوکم ناوی تۆ بهێنێ بۆ ئەوەی ببیت بە دووەم خەلیفەی موسڵمانان، هەر وایشی کرد ئەبوبەکر عومەری راسپاردو مووچەی عائیشەش کە مانگانە بوو زیادی کرد، بەڵام عەلی کوڕی ئەبی تالیب نیگەرانی نیشان نەداو بەیعەتی بە عومەر بەخشی. عومەریش عەلی کردە یەکەمین راوێژکاری خۆی و دەستە راستی عومەر بوو، هەر بڕیارێکیشی بدایە پێشوەخت پرس و راوێژی بە عەلی دەکرد، چونکە دڵنیابوو کە عەلی جگە لە بەرژەوەندی ئایینی ئیسلام، هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکە دەخاتە لاوەو گوێیان پێنادات. بوونی ئەو پەیوەندییە بەهێزە وایکرد عومەر کچێکی عەلی بخوازێ کە ناوی (ام کەلسوم)بوو،لە کاتێکدا (ام کەلسوم) هێشتا منداڵیش بوو.کەواتا عومەر زاوای عەلی بوو. (ام کەلسوم)لە دایکەوە کچی فاتیمەی کچی پێغەمبەر د.خ بوو، بە حەوتەمین ژنی عومەری کوڕی خەتاب دادەنرێ، چونکە عومەر (٩)ژنی هێنابوو، هەندێک سەرچاوەش ئاماژە بۆ (١١)ژن دەکەن، دوای مردنی عومەر شووی بە محەمەدی کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب کردەوە کە ئامۆزای خۆی بوو.

راستە عومەر معاویەی کردبوو بە والی شام، بەڵام معاویە زۆر لە عومەر دەترساو تا عومەر لە ژیاندا مابوو، نەیدەوێرا لە قسەکانی عومەر دەربچێت و موسڵمانێکی ملکەچ و بێدەسەڵات بوو لەبەرامبەر عومەردا، هەموو ئەو گرفتانەی هێنایە ئاراوە دوای مردنی عومەر بوون، لە لایەک خزمی

عوسمانی کوڕی عەفان بوو، لە لایەکی دیکەیشەوە ئەو دڵنەرمی و دڵسافییەی عوسمانی ئیستغلال کردبوو بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی، بۆیە عەلی کوڕی ئەبوتالیب داوا لە عوسمان دەکات معویە لابدات و کەسێکی دیکە بکاتە والی شام، عوسمان دەڵێت من معاویەم دانەناوە ئەوە عومەر بوو معاویەی کردە والی شام نەک عوسمان، عەلیش دەڵێت ئاخر تا عومەر مابوو معاویە لێی دەترسا و نەیدەوێرا کارێکی نەگونجاوو نەشیاو بکات، بەڵام ئەی عوسمان ئێستا معاویە تەنانەت پرس و را بە تۆش ناکات و خۆیشت ئەمە باش دەزانی، کەچی معاویە لای خەڵکی دەڵێت من ئەم کارانەم بە فەرمانی عوسمانی خەلیفەی سێیەم کردووە، کەچی تۆ ئەی عوسمان هەڵوێستێکی زۆر لاوازیشت نییە لە بەرامبەر معاویەدا..

دەڵێن عوبەیدوڵا لە هەمان شەڕی(صفين)بەر لە کوشتنی، بانگی محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەبوتالیبی کردووە بۆ شەڕە شمشێرو زۆرانبازی، بەڵام عەلی کە باوکییەتی ڕێگای بە محەمەدی کوڕی نەداوە، محەمەدیش جنێوی بە عوبەیدوڵاو باوکی(کە دەکاتە عومەری کوڕی خەتاب)داوە، بەڵام عەلی گوتویەتی کوڕم جنێو بە باوکی مەدە بەباشە باسی باوکی بکە.

کۆمەڵێک لەو ئەسحابانەی کە لایەنگری عەلی بوون و ناوو ناوبانگێکی باشیشیان پەیدا کردبوو، زۆربەیان لە سەردەمی خەلیفایەتی عەمەری کوڕی خەتاب دا، کاربەدەستی گەورە بوون و تەنانەت سەرکردەی سوپاش بوون

و له ژێر فەرمانی عومەریشدا بوون و هیچ گرفت و کێشەیەکیشیان نەبوو، عومەریش باش دەیزانی ئەوانە له لایەنگرانی عەلی کوڕی ئەبو تالیبن هەندێک لەوناوانە ئەمانەبوون: عەماری کوڕی یاسر، سەلمانی فارسی، مالیک کوڕی ئەشتەر،بەرائی کوڕی عازب،حوزەیفەی کوڕی یەمانی،سەهلی کوڕی حەنیف، عودەی کوڕی حاتەمی تائی، عوسمانی کوڕی حەنیف، ئەحنەفی کوڕی قەیس، حەجەری کوڕی عودەی، هاشمی ئەلمەرقال و زۆری دیکەش،رۆژێک له رۆژان ئەمانە له لایەن عومەرەوە گرفتێکیان بۆ دروست نەکرا.

له هەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە، کاتێک عومەر سەفەر بۆ شام دەکات، عەلی کوڕی ئەبوتالیب له مەدینە له جێگای خۆی دادەنێ، لێرە دەگەینە ئەو راستییەی ئەگەر عومەر بە تەواوی لە نیازپاکی و دڵپاکی عەلی دڵنیا نەبوایەو پەیوەندی پتەویان لەگەڵیەک نەبوایە، بێگومان عومەر سەحابەیەکی دیکەی لە جێگای خۆی دادەنا نەک عەلی.

بەڵام ئەوەی زۆر بە زیرەکانە هەوڵیدا لە لایەکەوە کێشە بخاتە نێوان عوسمانی کوڕی عەفان و عەلی کوڕی ئەبوتالیب له لایەکی دیکەیشەوە کێشە بخاتە نێوان عومەرو عەلی، ئەوا معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان بوو، هەموو مەبەستەکەشی بۆ شکاندنی عەلی و دابڕینی ئەو جەماوەرە بوو لە عەلی، چونکە معاویە لەو ئاستە نەبوو بڵێ من لە عەلی باشترم بۆ جێنشینی (خەلیفە)،بەڵکو دەیویست قەناعەت بەو خەڵکە بهێنێ کە عەلی

دەستی گەورەی لە کوشتنی عوسمان هەبووەو ، معاویەش نایەوێ خوێنی بە ناهەق رژاوی عوسمان بە فیرۆ بڕوات،لە کاتێکدا عەلی حەزی بە کوشتنی عوسمان نەبووە، بە پێچەوانەوە، ناحەزانی عەلی عوسمانیان کوشت، هەندێکیش لە دۆستە هەرە نزیکەکانی عەلی بەشداریان لەو کوشتنەی عوسمان کردبوو، لەوانە محەمەدی ئەبوبەکری سدیق (محەمەدی ئەبووبەکر،دایکی ناوی —ئەسما- بوو، سەرەتا خێزانی جەعفەری براگەورەی عەلی بوو بەڵام کاتێک جەعفەر لە شەڕێکدا دەکوژرێت،ئەبووبەکری سدیق دەیخوازێت و مجەمەدی لێ دەبێت، دوای ئەوەی ئەبوبەکر کۆچی دوایی دەکات، عەلی کوڕی ئەبوتالیب دەیخوازێت، واتا دایکی محەمەد دەبێتە خێزانی عەلی، بۆیە مێژوونووسان دەڵێن عەلی وەکوو کوڕی خۆی سەیری محەمەدی ئەبوبەکری کردووە)بوو، دوای کوشتنی عوسمان و کاتێک عەلی دەکرێتە خەلیفە، محەمەدی ئەبووبەکری سدیق دەکاتە والی میسر، هەر لەوێش لە لایەن عەمروعاص سوپای معاویە بە ناهەق سەریان بڕی.

به کورتی ئەوانەی ئێستا باس لە ناکۆکییەکانی عومەرو عەلی دەکەن، پاساوەکانیان یەکجار لاوازەو هی ئەوە نییە ببێتە مایەی ناکۆکی، ئەوانە بیانەوێ و نەیانەوێ، دەچنەوە سەر بڕواهێنان بە معاویەو پەیڕەوکردنی هەموو ئەو فڕوفێڵانەی کە لەو پێناوەدا دەیدۆزییەوە، ئیتر وردە وردە دوای معاویە قسەو قسەڵۆک لەبارەی ئەو دوو خەلیفەیە سەریهەڵدا، باڵی شیعەش لەدوای شەڕی (صفین)ەوە سەریهەڵدا، کە لەنێو سوپاکەی عەلی

دوو باڵ دروستبوون، باڵێکیان لەگەڵ راگرتنی شەڕەکە بوو لەگەڵ معاویە، باڵەکەی تریش دژی راگرتنی شەڕەکە بوو،ئەو باڵەی لەگەڵ عەلی مانەوە پێیان وترا شیعە، ئەو باڵەیش کە لە عەلی جیا بوونەوە پێیان وترا خەواریج، بەڵام رۆژگار هات و رۆیی، باڵی شیعە کە سەر بە عەلی بوون، وردە وردە گەشەیان کرد تا بە ئەمڕۆ دەگات، باڵەکەی تریش کە باڵی خەواریج بوو، لە شوێنی خۆیان چەقیان بەست و مەیین و توانای گەشەکردنیان نەبوو، ئێستا هەر ناویشیان نەماوە.ئەمەیان سەرەتای کەرت کەرتبوونی موسڵمانان بوو، بەڵام لەجیاتی ئەوەی رێ لەو کەرتبوونە بگیرابایە، ئەوەتا دەبینین ئێستا تەنیا باڵی شیعە سەر بە چەندین قوتابخانەو گرووپی لە یەک جیا جیان وەک:رەوتی شیعەی دوازدە ١٢ ئیمام (اهل البیت)،شیعەی ئیسماعیلی، زەیدی، فاتمی، تزاری، ئاغاجانی، ئەبازی، کیسانی،..هتد.بەڵام رەوتی ١٢ ئیمام لە هەموو رەوتەکانی دیکەی شیعە پڕ جەماوەری ترە. لە نێو باڵی سوننەشدا، چەندین رەوتی دیکە دروسبوون،لەوانە:ئەشعەری،موعتەزیلە،زاهیدی،رەوتی سۆفیگەری، وەهابی، قادری،لەنێو رێبازی ئەشعەریشدا، ئەم مەزهەبانە دروستبوون، حەنەفی، مالکی، شافعی، حەنبەلی، رەوتی موعتەزیلە لە هەموویان ئەقڵانیتر بوو.

پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە، ئەم هەموو رەوت و مەزهەب و رێبازە، لەپێناو چیدا دروست بوون، ئایا بۆ پێشکەوتنی ئیسلام بووە، یان بۆ مەبەستی گرتنە دەستی دەسەڵات و بە سیاسی کرابوون، بێگومان ئەوەی دووەمیان زیاتر بڕواپێهێنەرە، چونکە ئەوەتا داعش موسڵمانی بێ تاوان بۆچی

سەردەبڕێ و دەیکوژێ، لە کام دەقی قورئانیدا هاتووە کە موسلمان موسڵمان بکوژێ؟ بۆیە ئەم رەوتە توندرەوانە تەنیا بۆ گەیشتنیانە بە دەسەڵات دەیانەوێ بە رووپۆشێکی ئایینی خۆیان نیشان بدەن، کە لە بنەڕەتدا تەنیا هەڵخەڵەتاندن و کاری ساختەیە،ئەگینا چوار خەلیفەکەی موسڵمانان، ئەگەر هەر گرفتێکیشیان لەگەڵ یەکدی هەبوایە، لە پێناوی گەشەی ئیسلامدا کردوویانەو هەر یەک لەو چوار خەلیفەیەش ئازارێکی زۆریان لەپێناو ئەو ئایینەدا چەشت.

# دروستبوونی سوننەو شیعە

## سەرەتایەک بوو بۆ قووڵکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکانیان

لەناو ئایینی ئیسلامدا،دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د.خ)، ئەو ئایینە بەسەر دوو مەزهەبی سەرەکیدا دابەش بوو، کە گەورەترینیان مەزهەبی سوننەیەو ئەوی تریشیان مەزهەبی شیعەیە، مەزهەبی سوننە زۆر لە مەزهەبی شیعە گەورەترو بەرفراوانترە،بەڵام تا مەزهەبی شیعە دروستنەبوو، ئیتر مەزهەبێک نەبوو ناوی سوننە بێت، بەڵکو هەر بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە بوو، بەڵام بۆ لەیەکجیاکردنەوەیان لە شیعە ئەوەی مایەوە پێیدەوترا سوننە یان (اهل السنة والجماعة) هەوڵدەدەم بتوانم بە کورتی رووناکی بخەمە سەر ئەو دوو مەزهەبە، کە لە راستیدا ئەوەی گرنگە تا پێغەمبەری ئیسلام لە ژیاندا بوو، ئەو دابەش دابەشکارییە نەبوو، بەڵکوو ئیسلام یەک رێگا بوو ئەویش رێگای قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر بوو.. بۆیە هیچ کام لەو دزوو مەزهەبە (سونەو

شیعە)جگە لە هەندێک مەرامی سیاسی و تائیفی و ...هتد ، هیچ ینەمایەکی پتەوی ئەوتۆیان نییە، چونکە پێوەری موسڵمان بوون بەر لە هەموو شتێک پەیڕەویکردنە لە قورئانی پیرۆز کە کەلامی خوایە. بەڵام با وردتر بچینە ناو ئەو دوو مەزهەبەو لە هۆکاری سەرهەڵدانیان بکۆڵینەوە.

## سوننە(أهل السنة والجماعة)

ئەوەی ئەم مەزهەبە پشتی پێدەبەستێت بریتییە لە قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر،بەڵام لەنێو ئەم مەزهەبەشدا چەندین رێگاو گرووپ و مەزهەبی دیکە هاتوونەتە ئاراوە، کە جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا دروستبووە، لەسەرووی هەموویانەوە چوار مەزهەبە بەناوبانگەکەی وەک (حەنەفی، شافیعی،مالیکی، حەنبەلی)لەگەڵ چەندین رەوت و گرووپ و رێچکەی دیکە..

لە بنەڕەتدا مەزهەبی سوننە لەگەڵ هاتنە خوارەوەی سرووش بۆ محەمەد(د.خ) دروستبووە، بەڵام زاراوەی(اهل السنة والجماعة) تا سەردەمی خەلیفەکانی عەباسی دروست نەبووبوو،یان روونتر بڵێین بڵاونەبووبۆوە، بەڵکو ئەم ناوبردنە لە ناوەڕاستی سەردەمی عەباسییەکان هاتە ئاراوە ، کە رێک ساڵی ١٠٥٤ز دەگرێتەوە، دوای رووخانی دەوڵەتی بوەیهییەکان لەسەر دەستی سەلجووقییەکان کە تیایدا چەندین قوتابخانەی

ئایینی کرانەوە بۆ خۆجیاکردنەوەیان لەگەڵ مەزهەبی شیعە کە هەر لە دوای کوشتنی عەلی کوڕی ئەبی تالیب لە لایەن خەواریجەکانەوە کە خەڵکی کوفە بوون، ئەو زاراوەیەی شیعە بڵاو بووەوە . لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم ڕەوتەی شیعە ئیدی ئەوەی لەگەڵیاندا نەبوون وەکوو سوننە مانەوەو نەچوونە پاڵ شیعە .واتا مەزهەبی سوننە هەر لە سەردەمی خەلیفەبوونی عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە خۆیان بە جیاواز لە شیعەو خەواریجەکان دادەنا .بەڵام هێشتا ناوی (اهل السنة والجماعة)یان لەخۆیان نەنابوو، هەرچەندە لە دوای ڕووخانی ئەمەوییەکان و هاتنی ئیمامی حەنەفی (نعمان کوڕی ثابت (٨٠/-١٥٠ک / ٦٩٩/-٧٦٧ز))کە ئەویش هەر خەڵکی کوفە بوو، بە ڕەچەڵەک فارس بوو، لە بەغدا لە گەڕەکی (الأعظمية) نێژراوە . مەزهەبی حەنەفی لەناو دانیشتوانی سوننەدا بە گەورەترین و بەرفراوانترین و بەربڵاوترین مەزهەب دادەنرێ. ئەم ڕەوتە ڕەگی خۆی داکوتا .بێگومان ڕەقترینیشیان مەزهەبی حەنبەلییە کە بۆ ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەگەڕێتەوە، ڕێژەیەکی زۆر کەم لە موسڵمانانی جیهان پەیڕەوی لێدەکەن و لە هزرڤان و ناودارەکانی ئیسلامیش ئیبن تەیمییە، عەبدولقادر گەیلانی، ئیبن قیەم، ئیبن جوزی و چەندانی دیکە سەر بەو مەزهەبەن، بەڵام لەسەر ئاستی موسڵمانانی جیهان کەمتر لە %٥ی موسڵمانان پەیڕەوی لێدەکەن، بە پێچەوانەی مەزهەبی حەنەفی کە نزیکەی %٤٥ زیاتر لە موسڵمانانی جیهان پەیڕەوی لێدەکەن، هۆی ئەم بڵاوبوونەوەیشی بۆ ئەبویوسف قوتابی ئەبو حەنیفەی خاوەن و دامەزرێنەری مەزهەبی حەنەفی

دەگەڕێتەوە، کاتێک ئەبو یوسف سەرۆکایەتی دادوەریی لە حکومەتی هارونە رەشید گرتە دەست گرنگی بەم مەزهەبە داو رۆڵی لە بڵاوکردنەوەیدا هەبوو، دوای عەباسییەکانیش ئیمپراتۆریای عوسمانی بە هەمانشێوە گرنگی بەو مەزهەبە داو کردی بە مەزهەبی سەرەکی ئیمپراتۆریاکەی خۆی، هۆکارەکەیشی زیاتر ئەوەبوو بە پێی مەزهەبی حەنەفی مەرج نییە خەلیفە تەنیا لە هۆزی قورەیش بێت..

بەڵام وەکوو زاراوەی سوننە، یەکەم کەس کە ئەو زاراوەیەی بەکار هێنابێت (محەمەدی کوڕی سیرین)بوو کاتێک باسی لە (اهل السنة واهل البدعة) کرد،محەمەدی کوڕی سیرین لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان لەدایکبووەو لە ساڵی ١١٠کۆچی بەرامبەر بە ٧٢٩ز لە دوا دواییەکانی حوکمڕانی عەبدولمەلیک کوڕی مەڕوان مردووە.

لە بنەڕەتدا دەتوانین بڵێین مەزهەبی سونە، لە دوای کۆچی پێغەمبەر (د.خ)هاتۆتە ئاراوە بۆ ئەوەی پیێڕەوانی ئایینی ئیسلام ئەوانەی بڕوای تەواویان بە ئایەتە ئاسمانییەکان و فەرموودەکانی پێغەمبەر هەیە، خۆیان جیا بکەنەوە لە هەموو ئەوانەی کە لەنێو ئایینی ئیسلامدا جۆرێک لە جیابوونەوە یان جۆرێک لەوەی کە بڕوایان بە شتی دیکەیشەوە هەبوو، چونکەلەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناوچەی جیا جیا کە جوگرافیای جیا جیاو،هەر ناوچەو جوگرافیایەکیش تایبەتمەندی جیاوازی هەبوو، ئیتر ئایینی ئیسلامیش بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هەر تایبەتمەندی

ناوچەو جوگرافیایەک و ئیجتیهادی جیاواز لای موسڵمانان سەریهەڵدەدا، ئەم ئایینەش لەلایەن زانایانی ئیسلامەوە چەندین رەوتی تایبەت بە ئایینی ئیسلامی لێ بڵاوبووەوە، کە دیارترینیان مەزهەبی حەنەفی، مالکی،شافعی، حەنبەلی ن.کە ئەم چوار مەزهەبەو هەموو مەزهەب و گرووپەکانی دیکەی سونە لەسەر قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر کۆک و تەبان، تەنیا لە لێکدانەوەو راڤەکردندا جیاوازییان تێدەکەوێ،واتا هەندێک لەو گرووپانە جگە لە ئایەتی ئاسمانی و فەرموودەکانی پێغەمبەر، پشت بە چەند کتێب و نووسراوێکی دیکەش دەبەستن، هەر بۆ نموونەکتێبی (صحيحی بخاری و ئیمامی موسلیم و تەبەری و ئەبوداودو کوڕی قودامەو عەبدولقادری گەیلانی و ئیبن تەیمیەو ئیبن روشد و ئیبن قیوم و......هتد) کە بە سەرچاوەی بیروباوەڕو تەشریعی دەزانن. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە بیروباوەڕدا جیاوازیان نییە.چونکە هەموو مەزهەبە سونییەکان بەتایبەت ئەو چوار مەزهەبەی سەرەوە کە لە هەموو مەزهەبەکانی دیکەی سونی بەناوبانگترو بەربڵاوترو بەرفراوانترن، لەگەڵ چەندین مەزهەبی دیکەی وەکوو (الظاهري،الأوزاعي،الليثي..هتد)لەسەر ئایەتی ئاسمانی و فەرموودەکانی پێغەمبەرو هەروەها ئەوەی پێیدەوترێ (الاجماع والقياس) کۆک و تەبان.تەنیا مەزهەبی مالکی نەبێت، کە سەرچاوەیەکی دیکەیشی زیاد کردووە بۆ مەزهەبەکەی ئەویش کردەوەکانی خەڵکی مەدینەیە، بەوپێیەی کردەوەکانی خەڵکی مەدینە شارەزاییەکی باشن بۆ جێبەجێکردنی سونەتی ئیسلام،چونکە پێغەمبەر کە لە مەککەوە کۆچی

کردووه له مەدینه ژیاوەو هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووەو لەوێش نێژراوه .مەزهەبی مالکی لەدوای مەزهەبی حەنەفی زۆرترین پێڕەوانی هەیەو لای موسڵمانانی سوننه به دووەمین گەوره مەزهەب دەژمێردرێ.

نامەوێ بچمه بنج و بنەوانی موسڵمانی سونی، چونکه له راستیدا نه بابەتێکی لەمجۆره لێره جێگای دەبێتەوه، نه مەبەستیشمان جۆره لێکۆڵینەوەیەکی وەهایه، بەڵکو مەبەستی سەرەکیمان لەم نووسینه تەنیا جیاوازی نێوان سونەو شیعەیه که هەر یەکێکیان سەر به مەزهەب و رێگاو قوتابخانەیەکی جیاوازن، بەڵام دەبێت ئەو راستییه بزانین که ئەوانەی سەر به مەزهەبی سونین زۆر زۆر زیاترن لەوانەی سەر به مەزهەبی شیعین.چونکه زیاتر له (٥٠)وڵاتدا موسڵمانی سونی رێژەکەیان یەکجار زۆر بەرزه، ئەمه له کاتێکدا تەنیا له ئێران و ئازەربایجان و عێراق زۆرترینیان شیعەی دوازده ئیمامن و هەروەها (سلطنة عمان)یش رێژه زۆرەکەی بریتین له (اباضية) ، کەله سەردەمی عەبدولمەلیک کوڕی مەڕوانەوه چوونەته سەر فیکری عەبدوڵای کوڕی ئیباز(اباض)ی تەمیمی،ئەم رەوته خۆیان نه به شیعه نه به سونه دانانێن،لەوڵاتانی وەکوو لیبیاو جەزائیرو ...پەلوپۆی هاویشتووه.

هەڵبەت که باسی سونه دەکەین، وەنەبێت خودی سونییەکانیش لەناو خۆیاندا رێک و تەبا بن،چونکه دەیان رەوت و گرووپ و مەزهەبی لێ دروستبووه، بەشێکیان له رووی فیقهییەوه ناکۆکن، بەشێکیشیان هەر

تەواوی ئایینەکەیان بە سیاسی کردووە،هەر لایەکیشیان پاساو بۆ خۆیان و بۆ جیاوازییەکانیان دەدۆزنەوەو هەوڵدەدەن خەڵکیش لە دەوریان کۆ ببێتەوە،هەر بۆ نموونە لە نێو مەزهەبی سونیدا ئەم ڕەوت و قوتابخانەو مەزهەبانە هەن: ئەشاعرە، کە بۆ ئەبوحەسەن ئەشاعری دەگەڕێتەوە، ماتریدیە کە بۆ ئەبو مەنسوری ماتریدی دەگەڕێتەوە، ئەسەریە (الأثرية)و سۆفیگەری و، ...هتد لەنێو هەر یەک لەمانەش چەندین ڕەوتی دیکە دروستبوونە.

بەشێک لە زانایانی موسڵمان سەرهەڵدانی گرفت و ناکۆکییەکانی نێوان سوننەو شیعە، بۆ کوشتنی عوسمانی کوڕی عەفان دەگێڕنەوە، بەتایبەت لەوکاتەوەی کە ناکۆکی قووڵ لە نێوان عەلی کوڕی ئەبی تالیب و معاویە دروستبوو، بە دیوەکەی دی معاویە ڕۆڵی لە دروستکردنی ئەم ناکۆکیانەدا هەبوو، چونکە بەرژەوەندی خۆی تێدا بوو، ئیدی ئەم ناکۆکیانە لە دوای کوشتنی خەلیفەی چوارەم کە عەلی بوو کۆتایی نەهات، بەیعەتی حەسەنی کوڕی عەلی بە معاویەو دواتر کوشتنی حوسێنی کوڕی عەلی و هەڵگیرساندنی چەندین شۆڕش لەلایەن شیعەکانەوە دژ بە زوڵم و زۆرداری سوننییەکان، درێژەی کێشا، بەڵام لە سەردەمی ئیسماعیلی سەفەوی(١٤٨٧-١٥٢٤ز) کە لە ساڵانی(١٥٠١-١٥٢٤ز) دەسەڵاتی لە ئێران و ئازەربایجان گرتە دەست ومەزهەبی شیعەی لە ئێران کرد بە مەزهەبی فەرمی وڵات و زۆربەی خەڵکی ئێرانی کرد بە شیعە، ئەم گرفتە جارێکی دیکە نوێبووەوەو ئیدی شەڕی بیابانی چاڵدێرانی بە دواداهات کە

سوڵتان سەلیمی یەکەم بە توندی رووبەڕووی بووەوەو شا ئیسماعیل دۆڕاندی و پایتەختەکەی کە تەبریز بوو گیراو خۆیشی بۆ لای ئازەربایجان هەڵات تا بە نەخۆشی سیل مرد. شا ئیسماعیل مرد بەڵام ئێران بوو بە دەوڵەتێکی شیعی و لەبەرامبەر سوننە چەقین کە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر شوێنەوارەکەی دیارە.

**مەزهەبی شیعە:**

شیعە گوزارشتە لە دووەم گەورەترین مەزهەب لە نێو موسڵمانان کە لە دوای مەزهەبی سوننە دێت، شیعە بەمانای پەیڕەوانی عەلی کوڕی ئەبی تالیب دێت، ئمڕۆش هەموو ئەوانەی سەر بە مەزهەبی شیعەن، واتا پەیڕەوی لە دوازدە ئیمام دەکەن، کە لە عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە دەستپێدەکات و لە محەمەدی مەهدی کۆتایی دێت.ئێستاش شیعەکان لەو بڕوایەدان کاتێک زوڵم و ستەمکاری زۆر قووڵدەبێتەوەو پەرەدەسێنێ، محەمەد مەهدی سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوەو شۆڕشێک لە دژی ستەمکاری هەڵدەگیرسێنێت. شیعە وەکوو زاراوە بە مانای پەیڕەوکردن یان تابع دێت،شیعەکان بۆیە تەنیا ئەو دوازدە ئیمامەیان وەک رابەری خۆیان داناوە،چونکە هەموو ئەوانە دەچنەوە سەر فاتیمەی کچی پێغەمبەر لە لایەک و عەلی کوڕی ئەبی تالیب لە لایەکی دیکەوە، چونکە فاتیمە خێزانی عەلی بووەو عەلی خۆیشی ئامۆزای پێغەمبەر(د.خ)بووە، بۆیە شیعەکان

دەڵێن هەموو ئەوانەی لە (فاتیمەو عەلی)ن، ئەوانە لە نەوەی پێغەمبەرن. زاراوەی شیعە زیاتر لە (٥)پێنج جار لەلایەن خودی محەمەد پێغەمبەرەوە بەکار هاتووە لە هەر پێنج جارەکەشیدا بە ئەی عەلی دەستیپێکردووە ،واتە لەکاتی بەکارهێنانی شیعە رووی لە عەلی کردووە.لەیەکێکیشیاندا دڵنیایی داوەتە عەلی و پێیوتووە عەلی و پەیرەوانی لە رۆژی دواییدا سەردەکەون، یان وتوویەتی پەیرەوانی عەلی ئەوانەن کە سەردەکەون، رەنگە ئەو فەرموودانەی محەمەد پاساوێکی گرنگ و بنەڕەتی بووبن بۆئەوەی هەواداری عەلی زیاتر بڕوایان بەو هەبووبێت و خۆیان لە سوننە جیاکردبێتەوە، چونکە جگە لەمانە لە چەند ئایەتێکیشدا باسی شیعە کراوە وەکوو سورەتی **الصافات** ئایەی ٨٣و٨٤، یان سورەتی القصص ئایەی ١٥ بۆیە شیعەکان بڕوایانوایە ئەم زاراوەیە لە دوای پێغەمبەرەوە دروست نەبووە، بەڵکو پێغەمبەر خۆی بەکاریهێناوەو زاراوەیەکی رەسەنی ئایینی ئیسلامە. شیعە وەکوو زاراوە بە مانای بڵاوبوونەوەیە،بڵاوبوونەوەیەک کە هێزێکی لەگەڵدابێت،بەڵام وەکوو مەزهەب شتێکی ترە وەک لە سەرەوە باسمکردووە.

شیعەکان پێیانوایە لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە گرووپی شیعە دروستبووە، ئەویش ئەو چوار سەحابەیەن کە پەیڕەوی عەلی)یان کردووە، ئەوانیش عەماری کوڕی یاسر، ئەبی زەری غەفاری، سەلمانی فارسی، لەگەڵ میقدادی کوڕی ئەسوەد،ئەم چوارکەسە یەکەمین گرووپی

شیعەبوون، کە هەموو بڕوایەکیان بە عەلی هەبوو، تەنانەت لە سەردەمی خەلیفەی سێیەمیشدا ئەو سەحابانە دژی عوسمان کوڕی عەفان وەستابوونەوە .لەو ڕۆژەوەی ئەو گرووپە دژی عوسمان وەستان، مۆرکێکی ئەوتۆیان داوەتە شیعە کە شیعە ئەوانەن شۆڕشگێڕن و هەمیشە لەبەرامبەر ستەمکاری شۆڕشیان بەرپا کردووە، نموونەشیان سەربڕینی بە ناهەقی حسین کوڕی عەلی ئەبی تالیب و ژەهر دەرخواردانی حەسەنی برای حوسێنە لە ڕێگای خێزانەکەیەوەو چەندین بەڵگەی دیکەی ستەم و ستەمکاری کە بەرامبەریان کراوە، بەتایبەت ئەم هەموو ستەمەی لە دوای کۆچی پێغەمبەرەوە لە باوکی حەسەن و حوسێن کراوە، نموونەی ئەو شۆڕشگێڕییەش چەندین شۆڕش ڕاپەڕین دەهێننەوە کە لە دژی زوڵم و ستەمکاری پێیهەڵساون. ئەمانە ئەگەر تارماییەک بن بۆ دروستبوونی باڵی شیعە یان مەزهەبی شیعە، ئەوا شەڕی (الصفین) بەتەواوی پەیڕەوانی عەلی ئاشکرا کرد، کاتێک سوپای معاویە بەرگەی لەشکری عەلی نەگرت، بە ناچاری قورئانیان بەرزکردەوە بۆ ئەوەی شەڕەکە ڕابگرن، ئەوانەی لەناو لەشکری عەلی دژی ڕاگرتنی شەڕەکە بوون، جیا بوونەوەو پێیان دەوترا خەواریج، ئەوانەش لەگەڵ عەلی مانەوە پێیان دەوترا شیعە واتە پەیڕەویکردنی عەلی. دوای عەلی حوسێن لە ژێر هەر گوشارێک بێت سەرەڕای ئەوەی بەیعەتی دا بە معاویە کەچی ژەهرخواردیان کرد و حوسێنی برایشی بەهۆی خیانەتی خەڵکی کوفە لەگەڵ براکان و خزمەکانی خۆی کوژران و سەری حوسێنیان وەک مژدە پێدانێک بۆ معاویە

برد،حوسێن جەستەکەی لە کەربەلا نێژراوەو سەرەکەیشی لە میسر خرایە ژێر خۆڵەوە،ئیتر هەموو ئیمامەکانی تر لە کوڕی حوسێنەوە دەستپێدەکەن، بە مانایەکی دیکە ئیمامی چوارەم (زین العابدین)ە، کە کوڕی حوسێن کوڕی عەلی ئەبی تالیبە. هەر دوازدە ئیمامەکە کە لە نەوەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب و فاتیمەی کچی پێغەمبەرن، لای شیعەکان لە شێوەی خەلیفەکانی راشدینن کە لای موسڵمانانی سوننە پێگەو پایەی خۆیان هەیە، ئەم دوازدە ئیمامەش لای شیعەکان بە هەمانشێوەن، بەڵام بۆ جیاکردنەوە لە خەلیفەکان ئەوان بە ئیمام ناویاندەبەن. لەو رۆژەوەی گرووپێک پشتیان لە عەلی کوڕی ئەبی تالیب کرد کە هەر لەگەڵ شەڕی (الصفین)ەوە دەست پێکرد، دواتریش کوشتنی حوسێنی کوڕی زۆر بە وەحشیگەرییانە کە سەریان لە جەستەکەی جیاکردەوە، ئەمەشیعەکانی بە تەواوی نەک هەر لە باڵەکەی تر کە سوننەن جیا کردەوە، بەڵکو لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ رووباری خوێن لەنێوانیاندایەو شیعەکان قەت ناتوانن کوشتنی حوسێن لە بیر بکەن، باشترین نموونەی ئەو لەبیرکردنەش رۆژی عاشورایە.

## جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان شیعەو سوننە

شیعەکان بڕوایان وایە پێغەمبەرەکان و دوازدە ئیمامەکە پارێزراوو دوورن لە هەر گوناهێک، بەڵام لای سوننەکان تەنیا پێغەمبەرەکان پارێزراوو دوور لە گوناهن.

شیعەکان بڕوایان وایە سەحابەکان هەموویان راست نەبوون و لەدوای پێغەمبەریشەوە هەموویان لە باشترین کەسەکان نەبوون، چونکە هەندێکیان هەڵگەڕاوەو مونافیق بوون و جێگاشیان ناو دۆزەخە، بەڵام لای سوننەکان سەحابەکان هەموویان راست بوونەو باشترین کەسیش بوونە لە دوای پێغەمبەرەوە،یەکەمینیشیان ئەبوبەکری سدیق ئینجا عومەر و عوسمان ئینجا عەلی کوڕی ئەبی تالیب دێت لە باشی و راستی، بەڵام شیعەکان ئەمە بە تەواوی رەتدەکەنەوە.

شیعەکان بڕوایان وایە کە دایکی موسڵمانان واتە عائیشەی خێزانی پێغەمبەر بە پێچەوانەی شەرعی خودا جووڵاوەتەوەو تەنانەت ئازاری پێغەمبەریشی داوە، بەتایبەت ئەوکاتانەی عائیشە لەگەڵ ئیمامی عەلی شەڕی کردووە، بەڵام سوننەکان بڕوایان وایە کە

عائشه دایکی موسڵمانانەو پێغەمبەریش لێی رازی بووەو جێگاشی بەهەشتەو دایکی هەموو موسڵمانێکیشه. بەڵام شیعەکان زۆر جار فاتیمەی کچی پێغەمبەرو خێزانی عەلی بە جێگرەوەی عائشه دادەنێن و پێیان وایه فاتیمه زۆر بە غەدر کۆچی دوایی کردووەو پاکیزەیەکی نەمرەو جێگایشی بەهەشتی بەرینه، تەنانەت لەوەش زیاتر بە مەریەمی مەسیحییەکانی دەچوێنن، وەک چۆن مەریەم عیسای بووەو لای مەسیحەکان وەکوو دایکی هەموو مەسیعییەکان تەماشادەکرێت و پیرۆز کراوە، شیعەکانیش پێیانوایه فاتیمه مەریەمی موسڵمانانه.

شیعەکان پێیان وایه ئیمامەتی له لایەن خواوە دیاریکراوە، کە دوازدە ئیمامه، بەڵام سوننەکان رەتیدەکەنەوەو پێیانوایه بە هیچ جۆرێک لەلایەن خوداوە دیارینەکراوە، نەشبەستراوەتەوە بە کەسێکی دیاریکراو.

لای شیعەکان زەواجی موتعه ، رێپێدراوو حەڵالکراوە، بەڵام لای سوننەکان زەواجی موتعه بریتییه له زیناو گوناهێکه لێخۆشبوونی بۆ نییه.

شیعەکان پێیانوایه دەکرێ بۆ هانابۆبردن و پاڕانەوە (الاستغاثة والتوسل) پەنا بۆ کەسانی دیکەش ببات جگه له خودای پەروەردگار، بەڵام سوننەکان دەڵێن جگه له خوا ناکرێ پەنا بۆ هیچ کەسێکی تر ببەیت و لێی بپاڕێیتەوە.

له بارەی کاتەکانی نوێژکردنیشەوە، بەلای شیعەکانەوە ئاساییە هەردوو نوێژی نیوەڕۆو عەسر پێکەوە بکرێت و هەروەها هەردوو نوێژەکانی مەغریب و عیشا دیسان بە یەکەوە بکرێت، واتا لەجیاتی پێنج (٥)کاتی دیاریکراو، دەکرێ بکرێتە تەنیا سێ (٣)کاتی دیاریکراو بۆ نوێژکردن، بەڵام سوننەکان ئەمە بە راست نازانن و هەرگیز پەیڕەویشی لە ناکەن، بەڵکو ئەمە بە لادان لە ئاینی ئیسلام دەزانن. هەر لەکاتی نوێژکردندا شیعەکان بە پێویستی نازانن هەردوو دەستت بخەیتە سەر سینگت و دەستی راستیش لەسەر دەستی چەپەت بێت، بەڵام سوننەکان ئەم کارە بە پێویست دەزانن.

لەکاتی بانگدانیشدا شیعەکان دەڵێن پێویستە (اشهد ان عليا ولي الله ) و(حي على خير العمل) لەناو بانگداندا هەبێت، بەڵام سوننەکان ئەمە بە بیدعە دەزانن و روونە ئەوان دەڵێن(اشهد ان لاء لاه الا الله)و (حي على الصلاة و حي على الفلاح).

شیعەکان سەردانیکردنی کەربەلا وەکوو سەردانیکردنی سوننەکان دەزانن کە بۆ مەککە دەیکەن، چونکە شیعەکان پێیانوایە سەردانیکردنی کەربەلا کە گۆڕی حوسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیبی لێیە،هاوکات لەو شەڕەی بەسەر حوسێن دا سەپێنرا، جگە لە حوسێن خۆی،نزیکەی (٣٢)کەسی زۆر نزیکی حوسێن کە براو برازای بوون لەناویانبردن، بۆیە شیعەکان پێیانوایە

مرۆڤ بەو سەردانیکردنەی لە هەموو گوناهەکانی پاکدەبێتەوە، وەک چۆن سوننەکانیش پێیانوایە بە چوونیان بۆ مەککە لە گوناهەکانیان پاکدەبنەوە.

بە گواستنەوەی پایتەختی حوکمڕانی لە دیمەشقەوە بۆ بەغدا ئەوکاتەی ئەبوجەعفەری مەنسور بەغدای دروستکردو کردی بە پایتەختی عەباسییەکان، وردە وردە جەماوەرو هەژموونی شیعەکان بە هۆی نزیکبوونەوەیان لە ئێران زیاتر بوو، بەتایبەت کاتێک ئیسماعیلی سەفەویش بۆ یەکەمجار لە مێژوودا مەزهەبی شیعەی لە ساڵی ١٥٠١ز کردە مەزهەبی رەسمی ئێران و خەڵکی ئێرانی هێنایە سەر مەزهەبی شیعە لە کاتێکدا تا ئەوکاتەی ئیسماعیل سەفەوی دەسەڵاتی گرتە دەست شیعە لە ئێران کەمینە بوون.

لە کۆتاییدا ئەوەی پێویستە بوترێ،جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو مەزهەبە ئەوەنین کە ١٤٠٠ ساڵە خوێنی لێدەرژێ وئەمڕۆش لە هەمووکات زیاتر ئەو خوێنە لە نێوانیان دەڕوات، ئەوکاتەی مەزهەبی پرۆتستانت سەریهەڵدا، راستە ئەوانیش بە هەموو هێزێک بەرامبەری یەکدی بوونەوە، باکووری ئەوروپا ببووە مەکۆی پرۆتستانتەکان بە تایبەت ئەڵمانیاو هۆڵەنداو بەریتانیا ، بەڵام ئەوان توانیان ئەو خوێنە بوەستێنن و لە ئەڵمانیای پرۆتستانت رێگە درا کاسۆلیکێکی وەکوو شرۆیدەر ببێتە سەرۆکی وڵاتەکەیان، نموونەی لەمجۆرە کەمنین، ئەوەتا لە ئەمریکاش پێست رەشێک سەرۆکیانە کە راچەنینێکی فیکری و کۆمەڵایەتی بوو بۆ هەموو

دونیا، کەچی شیعەو سوننە رۆژ لە دوای رۆژ ئەو کێشانەی دروستیانکردووە قووڵتریانکردۆتەوەو ئایینەکەشیان لە رێگای هزرڤانەکانیانەوە بە تەواوی شێواندووە، ئاخر کەسانی وەکوو ئیبن عەرەبی و بەشی هەرە زۆری هزرڤانەکانی ئەندەلوس زۆر دەمارگرژانە لە شیعە دەڕوانن و پشتگیری لە معاویە دەکەن و بە نموونەی خەلیفەی باشی دادەنێن، تا ئەقڵیەتی وا لەناو عەرەب گرنگی پێ بدرێ، گرفتی نێوان شیعەو سوننە قووڵترو قوڵتر دەبێتەوە.لێرە رێک ئەو قسەیەی لۆکرسیوس زۆر راستە کە لەدوای ئەپیکۆرو سەر بەهەمان قوتابخانەی ئەپیکۆرییەکانە ، دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر وتوویەتی: خودا بوونی هەیە، بەڵام دەست ناخاتە ناو چارەنووسی ئێمەوە،بەڵکو ئەوە مەزهەبەکانن دەیانەوێت پەتێک بخەنە ملی مرۆڤەکانەوەو سەری ئەو پەتەش بدەنەوە دەستی خودا.

# خزمەکانی داعش ، لە کوڕەکانی قابیلن

داعش بە تەنیا بزووتنەوەیەکی لە ناکاوی توندڕەوی وەرزیی نییە، ئەوەی پێیوابێت داعش کۆمەڵێک چەکداری توندڕەون، چۆن لە چاوترووکانێکدا هاتوون، هەر ئاواش لە چاوترووکانێکدا ون دەبن ئەگەر لەناویش نەچن، ئەوانەی قسەی لەمجۆرە دەکەن،بێگومان ئاگایان لە مێژووی بزووتنەی ئیسلامی سیاسی نییە، تەنانەت ئاگاداری مێژووی ئیسلامیش نین. داعش لەماوەی شەوو ڕۆژێکدا دووەم گەورەترین شاری عێراقی دەستبەسەرداگرت، بێئەوەی شەڕێکی دەستەویەخە رووبدات،ئەمە نموونەیەکی زۆر زەق بوو، کە لە هەر ماڵێکدا لەوانەیە داعشێک یان زیاتریش هەبووبن، لەم هەرێمەی ئێمەشدا، کە بە حیساب حکومەتێکی نیشتمانیمان هەیە، بەڵام هێشتا ئەو حکومەتە لە ژێر جەبری ئیسلامگەراییدا، کپ و بێدەنگ هەناسە دەدات. هەموو ئەو مرۆڤانەی لەژێر

سێبەری ئەم حکومەتی هەرێمەدا دەژین، پێویستیان زیاتر بەوەیە لە دوێنێ و لە ئەمڕۆ باشتر ئیسلام بناسن، تا بە وردی ئیسلام نەناسین و ڕێگاچارەی گونجاو نەدۆزینەوە، بێگومان خزمەکانی داعش ڕوو لە زیادبوون دەکەن و گەشەی کۆمەڵایەتیان دەبێتە هۆی دروستکردنی نەوەیەک گوێ گران و کەمبینا دەبن. لەوەتەی ڕۆشنگەری لە ئەوروپا سەری دەرهێناوە کە ٢٥٠ ساڵ زیاترە،تا ئەمڕۆ، شتێک نەماوە لە ئایینی مەسیحییەتدا شاراوە بووبێت، ٢٥٠ ساڵە ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی جیدی لەسەر مەسیحیبوون دەکرێ،بەڵام وەرن پێم بڵێن کێ دەوێرێ لێکۆڵینەوەی زانستیانەو ئەقڵانیانە لەسەر ئایینی ئیسلام بکات؟، ئەمە چ ئەقڵییەتێکە هەر کەسێک هەڵبسێت و خۆی لێت بکات بە نوێنەری خوداو فەتوای سڕینەوەت بۆ دەربکات، من نازانم ئەمە وڵاتی مرۆڤەکانە کە ئەقڵ بەڕێوەی ببات،یان یاسای ناو دارستانە.

کۆمەڵگای کوردی ١٤٠٠ ساڵە کۆمەڵگایەکی تیۆلۆژی و ئایینی بووە- ئەمە ئەگەر ئایینەکانی پێشتر ژمارە نەکەین- تا ئەمڕۆش ئەم ئایینە لە ڕوخسارو لە ئەقڵی هەر تاکێکی کورددا نەک هەر ماوە، بەڵکو ئێستا لە هەموو کاتێک باشتریش دەدرەوشێتەوە،ئەگەر ئەمە ناو بنێین قۆناخی یەکەمی کۆمەڵگای کوردی، بێگومان قۆناخی دووەمی کۆمەڵگای کوردی، بەرەو قۆناخی بەرخۆری و مشەخۆری و..هتد چووە،چونکە تا ئەمڕۆش ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی نابەرهەمهێنە، بەڵام لەنێو ئەو دۆخە ئاڵۆزو تێکچڕژاوەی هەرێمی کوردستاندا، لای کەسمان ڕوون نییە، قۆناخی دووەم

به چ ئاراستەیەکدا دەگاتە مەنزڵ، بە مەدەنیبوون؟، تازەگەری؟، رۆشنگەری؟، یان خزمەکانی داعش بەربەرییەت دەخولقێنن..؟ بێگومان بە مەدەنیبوون ئەوکاتە دێتە ئاراوە کە ئەقڵێکی جیاواز لەوەی ئێستا دزەی کردبێتە ناو سیستەمی حوکمڕانی و ناو کۆمەڵگاش،چونکە سیستەمی حوکمڕانی لەم هەرێمە سیستەمێکی مەدەنی و ئەقڵانی نییە، بە هەمانشێوە کۆمەڵگاش کۆمەڵگایەکی داتەپیوو داڕماوە، هێزی بە مەدەنیبوون و بە ئەقڵانیکردن لە هەردووکیاندا زۆر لاوازو زۆر زۆریش سستە.ئەگەر کۆمەڵگایەکی ئەقڵانی و سیستەمێکی حوکمڕانی ئەقڵانیمان هەبوایە، دەبوو بەزووترین کات وەزیری کشتوکاڵی ناو ئەم حکومەتی هەرێمە لەم کابینەیە دەربکرێت، کە وایزانیوە پێغەمبەر تەنیا موڵکی ئەوەو هەر بۆ ئەو رەوایە، وەزیری کشتوکاڵ بە شێوازێک قسەی کردووە، لەناو ئەو عەرەبانەی لە سالآنی شەستەکان پێیان دەوترا بەدو(البداوة) قسەی لەمجۆرەیان دەوت، ئەمە کەی قسەی وەزیرێکە، مرۆڤ بکاتە سەگ و تاژی،ئەم شێوازی قسەکردنە لە ئەنجامی هەڵچوونێکی ناکاوەوە سەریهەڵنەداوە ، چونکە جەنابی وەزیر بۆ خۆی، خۆی تێهەڵقورتاندووە، کەواتە پەیوەندی بە کولتووری جەنابی وەزیرەوە هەیە، ئەم کولتوورە پاشخانێکی فیکری و کۆمەلآیەتی زۆر نێگەتیڤی هەیەو پێویستی بە گۆشەگیرکردن و ئینجا سڕینەوەی هەیە، تا ئەمجۆرە کولتوورە بە ئارەزووی خۆی بانگهەڵبدا، بەمەدەنیبوون و ئەقڵانییەت تەنیا لە درۆیەکی شاخدار بەولاوە هیچی دیکە نییە.دوو هەزارو پێنجسەد ساڵە هیراکلیتس ( Heraclite 540/544

478/475 –) بەهای ئەقڵی بۆ مرۆڤایەتی باسکردووە، دوای ئەویش سوقرات و ئەفلاتون و..تا فەیلەسووفەکانی رۆشنگەری بەهاو پێویستبوونی مرۆڤیان بۆ ئەقڵانیەت دەرخستووە، کەچی ئەوەتا هێشتا ئێمە بچووکترین بەهای ئەقڵانییەتمان تێدا بەرجەستە نەبووە. کوڕەکانی قابیل ئێستاش دڵیان بۆ کوشتنی خەڵکی لێدەدا، من دەزانم ئەو وەزیرە کاتێ ئەو جنێونامە زۆر ناشیرینەی نووسیوەتەوە، سووڕی خوێن لە جەستەیدا چەند خێرا بووەو ئەگەر دەسەڵاتی هەبوایە حەمە سەعیدی گۆشاو گۆش سەردەبڕی، وەک ئەوەی داعش لە موسڵ و لە شاری رەقەی سوریا پەیڕەوی لێدەکەن.چونکە زۆرن ئەوانەی دڵیان بۆ داعش لێدەدات و داعش وەکوو مارێکی کەپکە خواردووی سێسەر لە ناو دڵێکی گەرما سڕیان کردووە،ئەمە رێک وەک کۆبوونەوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی جاران وایە، کە لەکاتی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیاندا هەمیشە کورسییەکیان بۆ ستالین بە چۆلی جیدەهێشت و وێنەیەکی ستالینیان لەسەر کورسییە چۆلەکە دادەنا،وەک ئەوەی بڵێی ستالین ئەگەرچی لە مۆسکۆیە بەڵام رۆحەکەی وا لەناوماندایە، دانانی ئەم وێنەیە لەسەر کورسییەکی بەتاڵ خۆی لە خۆیدا مانایەکی قووڵتر بەڵام نا ئەقڵانیتری هەبوو، من دڵنیام ئێستا لەم هەرێمە کەم نین ئەوانەی وێنەی ئەبوبەکر بەغدادیان لەناو دڵیان هەڵگرتووە، من بۆ خۆم هیچ جیاوازییەک لەنێوان یوسف قەرەزاوی و ئەیمەن زەواهیری و هەندێک لەو ئیسلامی سیاسییانە نابینم، ئەوەی هەشبێت زیاتر رووکەشانەیە نەک ناوەکی بێت،

لەسەروبەندی بەهاری عەرەبیدا ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژیای قەرەزاوی جوانتر خۆی نمایش کرد،کەچی هێشتا لەم هەرێمەی ئێمەدا زۆرن ئەوانەی بە قەرەزاوی سەرسامن، هیچ یاسایەکیش لەم هەرێمە نییە بۆئەوەی ڕێوشوێنی پێویستیان لە بەرامبەردا بگرێتە بەر،ئاخر زۆر پێویستە حکومەتی هەرێم، بە بێ هیچ سڵکردنەوەیەک ڕێوشوێنی نوێتر بەرامبەر ئەو ئەقڵیەتە نەزۆکە تاریکپەرستە بگرێتە بەر. ئینگلتەرا پێش زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و زوو توانی کڵێسا کۆنترۆڵ بکات، قازانجیشی کرد، کەچی فەڕەنسا ملهوڕی بەرۆکی گرتبوو، ئیتر بەهۆی شەڕی کاسۆلیک و پرۆتستانتەوە لە دەوڵەتی یەکەمی ئەوروپاوە بوو بە دەوڵەتی سێیەم، تا دواجار ئەوروپا بە گشتی ریفۆرمێکی ریشەیی و بنچینەیی بەسەر مەسیحییەتدا هێنا، ئێستاش ئاینی ئیسلام لە سەرتاسەری وڵاتانی ئیسلامی پێویستی بەو ریفۆرمە ریشەیی و بنچینەییە هەیە، دەنا ئەو توندڕەوییە بە ئاسانی لغاو ناکرێ،بەتایبەت ئایدیۆلۆژیاو کولتووری عەرەبی، کولتوورێکی سەقەت و سواو و کۆنەپەرستانەیە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان بەرگەی دۆخێکی نالەباری لەمجۆرە ناگرین، پێویستە حکومەت زوو بە زوو،ئیسلامی سیاسی کەنارگیرو گۆشەگیر بکات. نابێت هەمیشە بە دوای ڕووداوەکانا غارغارانێ بکەین، با ئیدی پێش بە ڕووداوەکان بگرین. ئاخر چۆن لە سەردەمی سەرمایەداریدا پارە وەکوو خوێن لەناو دەمارەکانی مرۆڤدا دێت و دەچێت، ئێستاش داعش لەناو بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا هەمان ڕۆڵی دراوەکە دەبینێت.ئەوان دەیانەوێ بەرگی بەرائەت و پاکیزەیی

بەبەر تاواندا بکەن،بەناوی خۆشەویستییەوە کۆمەڵگایەک لەکۆیلە دروستبکەن، گۆڕی تەیمور لەنگ لە سەمەرقەند گومەزێکی سەوزی بڵندی بەسەرەوەیەو بە ئایەتەکانی قورئان نەخشێنراوە، خەڵکی ناوچەکەش بە پیرۆزی دەزانن و دەچن نوێژی لەسەر دەکەن و قوربانی بۆ سەردەبڕن و خواردن دەبەنە سەر گۆڕەکەی بۆئەوەی ببێت بە تەبەروک.(بن عەرەبی)ش، کوشتنی حەسەن و حسێن بە ڕەوا دەزانێت و داکۆکی سەرسەختانە لە ئەمەوییەکان و یەزیدی کوڕی معاویە دەکات.سەدان نموونەی دیکە لەو جەهالەتە بەردەرگای ماڵیان لێگرتووین و پێویستە بەرنامەیەکی کۆنکریتیمان بۆ پرسێکی لەمجۆرە هەبێت،دەنا کۆمەڵگای مەدەنی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا،زۆر بێ مانا دەمێنێتەوە. ئیبلیس یەکەم کەس بوو کە دژی میتافیزیک وەستایەوە، بەڵام ئەقڵی مرۆڤیش لەگەڵ هەڵوێستەکانی ئیبلیسدا ئەوکاتەی کە دژی کڕنووشبردن بۆ ئادەم وەستایەوە، لەوڕۆژەوە ئەقڵ جوولەی تێکەوت،. من تێناگەم خودا بۆچی ئادەمی لە قوڕە شینی بەرجۆگەی گەنیو(حماء مسنون) یان لە خاکێکی نیشتووی بەشێکی وشک بووەوەی دوای لافاو کە پاشماوەی لەدوای خۆی جێهێشتبێت(صلصال کالفخار) دروستکردو فریشتەیشی لە تروسکەی هەورە تریشقەی بێ دووکەڵ(مارج من نار) نەقش کرد، کەس نییە ڕاڤەی ئەو بەسەرهاتەم بۆ بکات، ئاخر ئادەمێک کە لە قوڕی بۆگەن دروست بکرێت، هەر ئەوەی لێدەردەچێت کە حەوا فریوی بدات و سێوە حەرامەکەی دەرخوارد بدات و خوداش فڕێی بداتە دۆزەخی ئەبەدییەوە.

ئینجا زۆر سەیرە جەنابی وەزیر کە هاوکات ئەندامێکی (م.س)حزبێکی ئیسلامی سیاسییە، خۆی بە بەژن و بالآی دوو گەورە فەیلەسووفدا شۆڕکردۆتەوە، وەک بڵێی ئەوەتا منیش دەزانم مارکس و نیچە چیان نووسیوە،نازانم چۆن جەسارەتی کردووە بنووسێت (ئەگەر تۆزێکیش عەقڵ و مەعریفە و ڕۆشنبیریت هەبوایە قسەی ئەو پیاوە گەورانەی وەک مارکس و نیتشە و غاندی و ئۆکلای و برناردشۆ و گۆتە ......کە بەڕێز و ئەدەب و زۆر بە جوانی باسی پێشەوای مرۆڤایەتیان کردوە دەتخوێندەوە،ئەو کات نا ماقوڵی وات نەدەکرد).بەراستی جەنابی وەزیر ئەگەر یەک تۆز مەعریفەی هەبوایە ئەو بوختانە گەورەیەی نەدەکردە ملوانکەو بە گەردنی (مارکس و نیچە)وە نەدەکرد، ئاخر جەنابی وەزیر بەس یەک دێڕم لە هەموو کتێبەکانی مارکس و نیچە بۆ بدۆزەوە، بۆسەلماندنی قسە بێ بنەماکانت، ئەی مارکس نەیوتوە (ئایین ئەفیونی گەلانە)؟ئەی نیچە مردنی خودای ڕانەگەیاند؟،باشە تۆ کە هیچ لە مارکس و نیچە نازانی بۆچی هاتووی ناویان ریز دەکەی، دە بڕۆ (رەخنە لە فەلسەفەی ماف لای هیگل)و (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی)و (ئەنتی دۆهرینگ)ی مارکس و ئینجا زەردەشتەکەی نیچە بخوێنەوە،ئینجا تێدەگەی ئەو دوو مرۆڤە گەورەیە چۆن ئایینیان گەیاندە مۆزەخانە.ئەم دوو فەیلەسووفە بوون ئایینیان پێچایەوەو بردیان لە مۆزەخانە ناشتیان.ئەمە کارەساتە یەکەمجار بۆ خۆت کە سەلماندت خوێنەوار نیت، ئینجا بۆ حیزبەکەت کە ئەندامی (م.س)ەکەی وابێت، ئەی دەبێ حاڵی ئەوانی دی چۆن بێت، ئینجا بۆ ئەو حکومەتە کە

بەهۆی کارەساتی حکومەتی بنکە فراوان و تەوافوقەوە، ئاوەها کەسانی نەخوێنەوارو نەزان دەبن بە وەزیر، ئاخر ئەم بەڕێزە جگە لەوەی لە فیکرو فەلسەفە زۆر کۆڵەوارە،ئەوەتا لە زمانی کوردیش زۆر فەقیرحاڵە، نووسیویەتی (وەڕینی سەگ و تاژی نابێتە هۆی دواکەوتنی کاروان)یان (سەگ و تانجیش تەنها حەپە حەپیان بۆ دەمێنێتەوە)ئەوە یەکەمجارە ببیستم کە تاژی دەوەڕێ یان دەحەپێنێ)،هەر زانیومە تاژی نووسکەی دێت، سەگیش دەحەپێنێت، بارەکەڵا وەزیری کشتوکاڵ، من دەمزانی تۆ کابرایەکی گوندیت نەک شارنشینی، بەڵام لە زمانە گوندییەکەشتدا هەر بەدبەختی،ئاخر تۆ دەتەوێ بەم زمانی قسەکردنەوە لەناو جوتیاران جێگەو پێگەی خۆت بکەیتەوە..ئێستا دەبوو ناوی هەموو دارودرەخت و ناوی هەموو گوڵە رەنگاورەنگەکانی ئەم هەرێمەت بزانیبایە، ئێستا دەبوو هەموو ئاژەڵێک کە لەم هەرێمەدا هەن ناویانت بزانیباو توانای پێناسەکردنی هەر یەک لەم دارو درەخت و گوڵ و ئاژەڵانەشت بزانیبایە، خۆ پۆستی وەزیری هەر بۆ لاف لێدان و جنێودان بە خەڵک نییە برا، پۆستی وەزیری پێویستی بە خزمەت و ئەزموون و شارەزاییش هەیە، شوکری فەزڵی وتەنی (بیری وردیشی دەوێ هەر بە دوعاو نوێژی نەکەی).بەڵام گرفتی بنەڕەتی لەوەدایە ئێمە ئەوەندەی پارێزەر یان دروستکەری ڕێبازی سەلەفی-ئوسولیمان هەن نیو ئەوەندە پارێزەری ڕێبازی ئەقڵانیەتمان نییە،نەک تەنیا لە لایەن سیاسییەکانمانەوە، بەڵکو لەناو زانکۆکانی کوردستان و لەناو ئەوانەی ئەمڕۆ پێیان دەوترێ نووسەرو رۆشنبیر.

گەورەترین گرفتی بزووتنەوە ئیسلامییەکان ئەوەیە، نەیانتوانیوە لە نێو کتێبەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بە تایبەت قوتابخانەی غەرناتە بێنە دەرەوە، ئەقڵیان بە کتێبە نوێکان ناشکێت و توانای هەزمکردنیشیان نییە،ئەوان لە بن عربی و ئیبن خەلدونەوە سەرنەکەوتوونە، ئەمە گرفتەکەیانە.دەزانم ورگنەکانی ئەم سەردەمە زۆرن کە تابلۆکانی ڤان کوخ بە دیوارەکانیانەوە هەڵدەواسن،بەڵام لە بچووکترین مانای تابلۆکان ناگەن،ڤان کوخ جگە لەوەی لە داخی کۆمەڵگاو دەسەلات شێت بوو، هاوکات زۆربەی کاتەکان لە برسانا زگی هەڵدەگووشی و بەمەش رقەکانی ئەستوورتر دەبوون و بە دروستکردنی تابلۆیەک زگی خۆی تێر دەکرد، دەزانم زۆرن ئەوانەی لە سمفۆنیای بیتهۆڤن ناگەن، هەر ئەوەندە لە سیمفۆنیای بتهۆڤن دەگەن کە جەنابی وەزیر لە مارکس و نیچە گەیشتووە، لە کاتێکدا بتهۆڤن هەردوو گوێی نەک هەر زۆر گران بوو، بەڵکو کەڕ بوو، گوێی لە ئاوازە دڵفرێنەکەی خۆی نەدەبوو، بەڵام باش باش دەیزانی چ سمفۆنیایەکە دەیژەنێ، کە هەموو جیهان لەگەڵ سمفۆنیاکەیدا دێنێتە سەمایەکی خودایی.

مرۆڤ بۆ ئەوەی رقی لەخۆی نەبێتەوە، پێویستە بێ گوناهی خۆی رابگەیەنێت،ئەوانەی هاتن لەسەر دارو بەردی هەرێمێکی وێرانکراوو کاولکراو بانگێکی ناهەقیان هەڵداو، لەسەر خوێنی کوردان، بە زمانێکی لەنگەوە بۆمان ئاخاڤتن، دەبوو زوو بمانزانیبایە ئەو پێکەنینە ناوەختەیە بەرەو چ دۆزەخێکمان پەلکێش دەکات، بیست ساڵی رەبەقە ئەو ئەزموونە تاڵە

لەبەرچاومانەو پەندو عیبرەتیشی لێ وەرناگرین. پۆل ریکۆر و زۆر لە فەیلەسووفەکانی دیکە وتوویانە ئیمانی پرۆتستانتی خۆی لە فەلسەفەو بۆچوونە فەلسەفییەکانیدا لەبەر چاو ناگرێت، ریکۆر دەڵێت:کاتێک دەمەوێ لەسەر دەقێک کار بکەم، ئەگەر ئایدیای پرۆتستانتییەکەم لەبەر چاو بگرم، بێگومان ئەو ئامانجەی کە لەبەر چاوی خۆم گرتوومە وەدی نایە.ئەو برادەرانە وەک (أصحاب الکهف)یان لێهاتووە، تازە بە تازە بە ئەقڵییەتی دامەزراندنی سیستەمێکی لاهوتی وەک ئەوەی سەدەکانی ناوەڕاست دەژین،ئاگایان لە دونیای جیهانگەرایی نییە،سەدام حوسێن و لە گرتووخانە بوو بە ئەقڵیەتی من سەرۆک کۆمارم رەفتاریدەکرد، تا لە سێدارە درا.لینین بۆیە توانی رووسیا بەرەو سۆڤیەت ببات، چونکە وردی واقیعی کۆمەڵگای رووسی دەخوێندەوە، دەنا لینین لە فیکر زۆر زۆر لە دواوەی بلیخانۆف و ترۆتسکی و تیۆریستەکانی دیکەی روسیاو کاوتسکی ئەڵمانیا بوو، چ جای مارکس و ئەنگڵس.

ئێمە لەگەڵ عەرەب ئایین و تا رادەیەک کولتوورێکی هاوبەشیشمان هەیە، بەڵام لەهەردوکیاندا زەرەرمەند بووین، ئەوەتا ئایین کە لە بنەڕەتدا بۆ پێکەوەژیان و قووڵکردنەوەی لێبوردەییە،ئەگەر چی زۆربەی هزرڤانەکانی ئەورووپی لەوەدا کۆکن کە ئایین لە هەموو سات و سەردەمەکاندا بۆ پارێزگاریکردن لە ملکەچی چینە بندەستەکان بەکار هاتووە، واتا ئایین نەک هەر نەیتوانیوە چەوساندنەوەی سەر مرۆڤ

بسرێتەوە، بەڵکو نەیتوانیوە ئەو ئازارە سەختانەی چەوساندنەوە لەسەر مرۆڤەکان تەنانەت سووکیش بکات.ئەمە هۆکارێکە کە ئایین بۆ ئێمە لە جیاتی لێبوردەیی،ئەوەتا توندوتیژی بەرهەمهێناوە .ئایینەکان دوای ئەوەی لە توندوتیژی مەست و حەیران دەبن، لەخوێنی یەکدی تێر تێر دەبن، ئینجا بیر لە لێبوردەیی دەکەنەوە،لە سەدەکانی ناوەڕاست ئایینی مەسیحی زمانی هەزاران کەسی ڕووناکبیری لە بنەوە بڕی و ئینجا سەریشی دەبڕین و دواجار دەشیسووتاندن، جیۆردانۆ برۆنۆ، نموونەیەکی بچووکی ئەو ئازارو سووتاندنەیە.

ئێمە لەم هەرێمی کوردستانە راستە ئینتیمایەکی سروشتیمان بۆ عێراق نییە، چونکە عێراق لە مێژووی دروستبوونییەوە کە ئەوا نزیکەی یەک سەدەیە هەر کوردی بە ئاگرو ئاسن سەرکوتکردووە، بە پێچەوانەی سکوتلەندییەکان کە پێیانوایە ئەوەی بەهۆی بەریتانیاوە دەستیان کەوتووە رەنگە بە تەنیا لە سکۆتلەنداوە دەستیان نەکەوێت. ئەم هەموو هەرێمەی لە ئیسپانیاشدا هەن، رەنگە هەمان بۆچوونی سکۆتلەنییەکانیان هەبێت، ئەگەرچی ئیسپانیا ئەوەندە لەمێژیش نییە بەنێو شەرێکی یەکجار سەختی ناوەخۆدا رەتبووە.بەڵام کورد ئینتیماو ناسنامەکەی چییە؟ زۆربەی خەڵکی کوردستان ناسنامەی خۆیان بە کوردستانی وەک ئاماژەیەک بۆ هەرچوارپارچەی کوردستان ناوزەد دەکەن، ئەی کولتورمان؟ لە هەر چوار پارچە سەر بە چوار کولتووری جوداین، سەر بە چوار رۆشنبیری جوداین،سەر بە چوار سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی جوداین،

تەنانەت لەناو خودی هەرێمی کوردستانیشدا سێ پارێزگاکە خاوەنی وردە کولتووری جیاوازو فەرهەنگی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی جیاوازە. ئەمانە هەموویان گرفتن ئەگەر چارەسەر نەکرێن، خۆ لە ئەمریکاو هیندستان و وڵاتی چین دەیان وردە کولتوور بەریەکدەکەون، چەندین ئایینی ئاسمانی و زەوی بەریەکدەکەون، گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمێک لەو وڵاتانە تەواو جیاوازە لە هەرێمێکی دیکەی هەمان وڵات،بەڵام سیستەمێکی گونجاویان بۆ رێکخراوە، کە هەموویان لەچوارچێوەی وڵاتەکانیان دڵخۆش و ئاسوودەن. ئیسلامی سیاسی لەم هەرێمی کوردستانە ئەوەندە دواکەوتووە، بە هەوەسی دڵی خۆیان خەڵک تەکفیر دەکەن و هەر خۆشیان بوونەتە وەکیل و دەمڕاستی خوداو پێغەمبەری ئیسلام و ئایینەکە، دەنا ئەوە پێویستە دادگا پەلکێشی لێکۆڵینەوەی بکات، کە بە چ مافێک ئەوان خۆیان کردووە بە نوێنەری خودا... لای هزرڤانەکانی رێنیسانس سوقرات بەقەد حەزرەتی مەسیح پیرۆز کرابوو، لە سەردەمی رۆشنگەریش ئایینی مەسیح پێچرایەوەو تەنیا لە ناو چواردیواری کڵێساکان هەناسەی دەدا، ئەمە پەیوەندی بە قۆناخەکانی هزری مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بزووتنەوە ئیسلامیەکانی هەرێمی کوردستان زۆر درەنگ هاتن، کە وەکوو بزووتنەوەیەکی سیاسی بەناو ئیسلامی خۆیان نمایشکردووە، چونکە ئەگەر چەندین سەدەیە بزووتنەوەی لەمجۆرە تیۆرڕێژی بۆ دەکرێت و خۆشبەختانە فریای کوردستان نەکەوتن، ئێستاش زۆر درەنگە،بۆ ئەوان و ناگەن بە هیچ.وا بزانم عەزیز نەسینە دەڵێت:کاتێک

هاتمە ژیانەوە بۆ مەرگ زوو بوو، بۆ ئەشق درەنگ،بمبوورە گیانەکەم درەنگ گەیشتم،دە هەنگاوم ماوە بۆ ئەشق و پێنج هەنگاویشم ماوە بۆ مەرگ. سەبارەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش سەبارەت بە سنووردانانتێکی ورد بۆ بزووتنەوە ئیسلامگەراکانی کوردستان، دەڵێم لینین لە سەروبەرندی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیادا، هەندێک لەگەڵ شۆڕشەکە بوون و هەندێکیش لەگەڵ شۆڕش داگیرساندنەکەدا نەبوون، لینین وتی دوێنێ زوو بوو، سبەی درەنگە، ئەمڕۆ شۆڕش، بێگومان وایشی کردو سەریشکەوت.

# خوێندنەوەیەکی جیاوازتر بۆ قورئان

ئیسلام ئایینێکە ١٤٠٠ ساڵە راگەیەنراوەو، بەهێزی شمشێرو لە رێگای فتوحاتە خوێناوییەکانەوە،گەشەی کردووە، واتا گەشەی ئیسلام لە رێگای ئەقڵ و بیرکردنەوەوە نەبووە، تا گەشە بە ئایینەکە بدرێت، بەڵکو لە رێگای شەڕی سەخت و خوێناوییەوە بووە، کە بۆتە هۆی تاڵان و کوشتن و کەنیزەک و ...هتد. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەهۆی ئەو ماوە دوورو درێژەی بەسەر ئەو ئایینەدا تێپەڕ بووە، دەتوانین ئاماژە بۆ چەندین خاڵی گرنگ بکەین لەنێو خودی ئەو ئایینەدا، پەیڕەوی لێ نەکراوەو تەنانەت دەقی ئایەتەکانیشیان شێواندووەو لە پراکتیکدا بەجۆرێک پەیڕەوی لێ کراوە کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئایەتەکان یەک ناگرنەوە، بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد پێویستە زۆر بە وردی کار لەسەر دەقی ئەو ئایەتانە بکەین و

وەکوو خۆی بیناسێنینەوە، چونکە ئێمە ئەوەندەی سەرقاڵی مێژووی ئیسلام و سەرقاڵی شرۆڤەکارانی ئەو مەلایانەین کە لە گوتارەکانی رۆژانی هەینی پەخشی دەکەن، سەرقاڵی دەقە ئایینییەکان نین، ئەمەش گەورەترین گرفتە، بۆ کۆمەڵگایەک کە خۆی بەو ئایینە پابەند کردبێت و نەیشیناسیبێت.

راستە ئەم ئایینە ١٤٠٠ ساڵە بەردەوامەو هەر لە سەردەمی فتوحاتەکانی خەلیفەی دووەمەوە کە عومەری کوڕی خەتاب بوو، بە هێزی شمشێر لەم کوردستانەی ئێمە خۆی سەپاندووە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا ئایینی ئیسلام بووەتە کولتوورو ئەخلاق و مرۆڤبوونی کۆمەڵگا، بۆیە کارێکی ئەوەندە سانا نییە بتوانین شرۆڤەیەکی وردو زانستیانە بۆ تەواوی دەقەکانی قورئان بکەین، چونکە ئاستی وشیاری کۆمەڵگا هێشتا پێیوانییە ئەو شرۆڤەکردنە لە بەرژەوەندی پێشکەوتن و کردنەوەو گەشەکردنی ئەقڵی کۆمەڵگایە،بە پێچەوانەوە، بە گەورەترین زیان پێگەیشتن بە کۆمەڵگای دەزانێ،بۆیە ئەم کارە کە شرۆڤەکردنی ئایەتەکانی قورئان و ناساندنی قورئانە، وەک ئەوەی کە هەیەو لەبەردەستمانە، بێگومان کارێکی لەمجۆرەش لە کارە هەرە دژوارو ترسناکەکانە، بەڵام تا جوولەیەکیش بەو ئاراستەیە نەکرێ، ناتوانرێ بیرکردنەوەی خەڵک بە ئاراستەیەکی راست و دروست بگۆڕین، بۆیە هەر دەبێت وەک سەرەتایەک دەستپێبکەین، بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا کولتوورێک دروست ببێت کە ئەقڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان پێوەر بن، نەک ئایین. بەڵام لە راستیدا ئەم کارەی ئێمە

دەیکەین وەک رووبەڕووبوونەوە وایە لەگەڵ شێرێکی برسی،تۆ ئەم وێنەیە بێنە بەرچاوی خۆت، بە رێگایەکدا دەڕۆیت و شێرێکی برسی لە دوورەوە تێتدەڕوانێت، لەناکاو هەڵمەتت بۆ دەهێنێت و دەیەوێ بتخوات، تۆ لەوکاتەدا هەرچەندە ئازاو پاڵەوانیش بیت، ئایا دەتوانیت وێنەیەک بێنیتە بەرچاوی خۆت کە ئەوە شێر نییە بەڵکو کەروێشکە بۆ لات غار دەدات ؟ بڕواناکەم هیچ قارەمانێک بتوانێت لەکاتێکی وەهادا، وێنایەکی لەمجۆرە لە مێشکی خۆی دروستبکات، چونکە دەزانێت ئەو بیرکردنەوەیە، خەیاڵپڵاوییەکی زۆر دەبەنگانەیە. لێدوان لە بابەتێکی وەکوو ئیسلامیش لە راستیدا لە دۆخی شێرەکە کەم مەترسیدارتر نییە، بەڵام ئەمە رێگای ژیانە هەر دەشبێت بەم رێگایەدا بڕۆین...

ئایینی ئیسلام ئەو کاتەی لە رۆژی یەکەمیدا هاتە ئاراوەو، پێغەمبەری ئیسلام لای خەدیجە بەسەرهاتی ناو ئەشکەوتی عەرائی بۆ گێڕایەوە، تا نزیکەی ئەو سێ ساڵەی بە نهێنی خەریکی بەهێزکردنی ئایینی ئیسلام بوون، تەنانەت تا مانگی رەجەبی ساڵی پێنجەمی بانگەوازی ئایینەکەی کە لەگەڵ یازدە پیاوو چوار ژن، چوون بۆ حەبەشەو ماوەیەکیش لەوێ ژیانیان بەسەر بردو هەر لەوێش ئەبوتالیبی مامی و خەدیجەی خێزانی ژیانیان لەدەست داو، هەردووکیان کۆچی دواییان کرد،ئەم دوو کارەساتە ساڵی ٦١٩ز روویاندا، واتا سێ (٣)ساڵ پێش کۆچکردنی بۆ مەدینە. کە ئەمەیان رەنگە ناخۆشترین و سەختترین دۆخی گوزەرانی ژیانی محەمەد بووبێت کە دوو پشتیوانی سەرەکی لەدەست دا. بۆیە ئایینی ئیسلام لە

دۆخێکی وەها سەختدا بێگومان هەر دەبوو جیاواز بێت لەگەڵ ئەو ئایینەی کە پێی نایە مەدینەو دەیان شەڕی سەخت و خوێناوی لێ کەوتەوە. واتا بە دیوێکی دیکەدا دەتوانین بڵێین سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام تەواو جیاوازە لەگەڵ گەشەکردن و بەردەوامبوونی ئایینەکە، بە تایبەت لە رۆژگارێکی وەکوو ئەمڕۆماندا، ناکرێ بڕوا بە ئایینێک بێنین و پێوەی پابەند بین، کەچی لە هەر قۆناخێکدا بە جۆرێک گەشەی کردبێت. ئەو یازدە پیاوو چوار ژنەی کە لەگەڵ محەمەد کۆچیان بۆ حەبەشە کردبوو، ئیبن کەسیر دەڵێت بریتین لەمانە: عوسمانی کوڕی عەفان و خێزانەکەی کە روقیەی کچی محەمەد بوو،ئەبو حذیفە کوڕی عەتەبەو خێزانەکەی کە سهلة ی کچی سوهێل بوو، لەگەڵ زوبێری کوڕی عەوام ،مە×عەب کوڕی عومێر،عەبدولرەحمان کوڕی عۆف،باوکی سەلمەی کوڕی عبد الأسد و خێزانەکەی کە دایکی سەلمەی کچی ئەبو ئومەیە بوو ،عوسمان کوڕی مظعون،عامری کوڕی روبێعەالعنزي و خێزانەکەی لەیلای کچی ئەبوو حثمة،ئەبو سەبرە کوڕی ئەبو رەهم،حاتەب کوڕی عەمرو، سوهێل کوڕی بیضاء لەگەڵ عەبدوڵای کوڕی مەسعود.

بە سەدان هەزاران کەس و زیاتریش بەهۆی سووربوونیان لەسەر ئایینێک لە ئایینە ئاسمانییەکان، کەوتنە بەر شاڵاوو پەلاماری ئەو کەسانەی تەنانەت سەر بە هەمان ئایین بوون تەنیا مەزهەبەکەیان جیا بوو، وەک کاتۆلیک و پرۆتستانت، وەک شیعەو سوننە، تەنانەت وەک

موعتەزیلەو ئەشعەریەکان و زۆری دیکەش. ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی بپرسین ئەرێ بەراستی خودایەک هەیە ئێمە بۆناو مەنجەنیق پەلکێش بکات،تەنیا لەبەر ئەوەی بە ئایینەکەی خۆمانەوە پابەندین،باشە بۆچی دەمانکوژن، کێ دەڵێت ئایینەکەی ئەوان لە هی ئایینەکەی ئێمە راسترو دروستترە، یان مەزهەبەکەی ئەوان لە مەزهەبەکەی ئێمە دروستترە، ئەی باشە ئێمەش وەک ئەوان بڕوامان بە یەک خودای تاک و تەنیا نییە، ئەی ئێمەش وەک ئەوان تەنیا یەک پێغەمبەرمان نییە کە لە لایەن خوداوە بۆمان نێردراوە، ئەی ئەم هەموو کوشتنە بۆچی، ئەی گوناهی ژنەکانمان چییە لە ئەنجامی ئەو هێرش و پەلامارە وەحشیانەی دەیکەنە سەرمان دەست بەسەر کچ و خوشک و ژنەکانماندا دەگرن و بێئەوەی تەڵاق درابن یەکسەر لە خۆیانی مارەدەکەن. کۆمەڵگایەک کولتوورەکەی جیاواز بێت بێگومان ئەگەر لەسەر هەمان ئایین و هەمان مەزهەبیش بن ئەو دوو کۆمەڵگایە بە دوو شێوەی جیاواز پەیڕەوی لە ئایینەکەیان و مەزهەبەکەیان دەکەن، ئەمە یاسای ژیانەو هیچ هێزێکیش ناتوانێ یەکیبخاتەوە، مادام هەڵگری دوو کولتووری جیاوازن.تۆ سەیرکە ئەو ئایینی ئیسلامەی لە ئەندۆنیسیاو مالیزیا بەڕێوە دەچێت، ئایا هەمان ئەو ئایینەیە کە لە سعودیەو عێراق و ئەفغانستان بەڕێوە دەچێت، ئەمانەو زۆر پرسیاری وردتر دروستدەبێت، کە هەموویان دەبنە هۆی ئەوەی باشترو وردترو قووڵتر بچینە قووڵایی ئایینی ئیسلام و وەکوو خۆی بیخوێنینەوە.

به پێی زانستی دەروونزانی گەشە، وەک چۆن چاو گەشە دەکات و دەبینێت و پێداویستی مرۆڤ دابیندەکات،ئاوەها بەهەمانشێوە مێشکیش بەردەوام گەشەدەکات و کۆمەڵێک پرسیارو وەلامی بۆ دروستدەبێت کەبە پێی ئاستی گەشەکە روانینی ئاییندەیی بۆ کەسەکە مسۆگەر دەگات. مارتن لۆتەری داهێنەری پرۆتستانت نەیدەشاردەوە کە ئەقڵ دوژمنی سەرسەختی ئایینەکانەوهەرگیز بەیەکەوە ناگونجێن. بۆیە دەیوت پێویستە مەسیحییەکان ئەقڵ لەناو بەرن. لەم روانگەوە بێت دەبێت ئێمەش هەمان قسەکەی لۆتەر پەیڕەو بکەین بۆئەوەی تا هەتایە بە بێ ئەقلی و بە گەمژەیی بمێنینەوە، چونکە کاتێک ئەقڵمان بۆ دروست دەبێت، ئەوا ئایینەکەمان لە دەستدەدەین، ئەم بۆچوونەی لۆتەر زۆر راستە، تۆ سەیری فەیلەسووف و رۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمەی جیهانی ئەمڕۆ بکە، لە سەدا چەندی رۆشنبیرە گەورەکان سەر بە ئایینی ئیسلام یان ئایینی مەسیحین، سەدا چەندیش خۆیان لە هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکە یەکلا کردۆتەوەو سەر بە هیچ کام لەو سێ ئایینە نین و پێوەی پابەند نین، بێگومان روونە لەم سەردەمە رۆشنبیرە گەورەکان بەژمارە سفرو پۆینتیش لەگەڵ ئایینە ئاسمانییەکان نین ،چونکە قۆناخی تێگەیشتن لە ئایین لای رۆشنبیرو خەڵکی خاوەن ئەقڵ بەسەرچووەو کۆتایی هاتووە.

بەلام لەم هەرێمەی ئێمە تێیدا دەژین، نالێم گاڵتەکردن بەڵکو رەخنەگرتن لە ئایین تا ئێستاکەش وەک ئەوە وایە تۆ لەناو مزگەوتداو لە رۆژی هەینیداو کاتی نوێژی خوتبەدا،شەریک بۆ خودا پەیدا بکەیت،لە

ئایینی ئیسلامدا ئەنجامدانی کارێکی لەمجۆرە چەندە کوفرە، رەخنە گرتن لەو ئایینەش بەلای پەیڕەوکارانی ئیسلامەوە ئەوەندە کوفرە،بەڵام ئایا لە سەردەم و قۆناخێکی پڕ تەکنۆلۆژی پێشکەوتووی وەکوو ئیمڕۆ ئایا هیچ پرسێک هەیە بتوانی هەر دیزە بە دەرخۆنەی بکەیت.ئەمەیان سەختە یەکجار سەختە، ئەگەر مەحاڵیش نەبێت.

لە راستیدا کۆمەڵگای مرۆیی لە بنەڕەتدا کۆمەڵگایەکی هاروهاجە، کۆمەڵگایەکە هەمیشە چاوی لە سامان و ژن و کەلوپەلە جوانەکانی ئەوی بەرامبەری بڕیوە،لەوەتەی کەمێک هێوربۆتەوە بەهۆی سانسۆری توندەوە بەرزەفت کراوە، مرۆڤی ئەوروپایی  بە کۆمەڵێک یاساو رێسای توندەوە بەرزەفت کراوە، دەنا هیچ لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی زیاترو ئارامتر نییە، هەر کاتێک ئەو سانسۆرە توندەی لەسەر نەبێت لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی خراپتر خۆی دەنوێنێت، هەر بۆنموونە ئەگەر دوو کاتژمێر لەو ئەوروپایە کارەبا بکوژێتەوە، هیچ گومانی تێدا نییە بە دەیان و سەدان دوکان دەبڕدرێن و تاڵاندەکرێن، ئەمە بۆچی وایە، چونکە رۆحی تەماعکردن کارێکی غەریزییەو بۆماوەییشە، کەسمان ناتوانین حەزمان لە شتە جوانەکان نەبێت،ماڵی جوان، ژنی جوان، خواردنی چاک،سامانی زۆر...هتد. هیچ کەسێک تەنانەت ئەوانەی یەکجار زۆر بڕوادارو ئیمانداریشن، نەیانتوانیوەو ناشتوانن دەقاودەق رەوشتیان وەکوو قورئان یان ئینجیل بێت، تەنانەت پێغەمبەرەکانیش لە ژیانی رۆژانەیاندا ئەوەیان پێ نەکراوە. بۆیە گەورەترین هەڵەی ئیمانداران ئەوەیە بیانەوێ کت و مت

وەکوو قورئان رەفتار بکەن، چونکە ئەوە مەحاڵە.هیچ لۆژیکیش نییە تا وا بیر بکەیتەوە.

ئایین خۆی کولتوورە، رەگو ریشەکەیشی یەکجار دوورو قووڵە، بۆیە هەموو ئەو منداڵانەی لە دایکدەبن راستەوخۆ (نەک ناڕاستەوخۆ)واتا یەکسەر هەمان ئایینی دایک و باوک هەڵدەگرێتەوە،راستە کولتوور لە ماوەیەکی دورو درێژدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە زیاتر لە هەندێ دابو نەریتدا دروستدەبێت، وەک لە خواردن و جلوبەرگ و کارکردن و ...هتد گۆڕانکارییان لە ماوەیەکی زۆر درێژخایەندا بۆ دروستدەبێت، بەڵام لە ئاییندا گرفتی گەورە دروستدەبێت، چونکە وەرگەڕان لە ئایینەکە دەبێتە وەرگەڕان لە تەواوی خێزان و کۆمەڵگاو ....چونکە ئایین لە هەموو ئەوانەی دیکە هەستیارترو دژوارترە کە کولتوریان پێکهێناوە. بەڵام ئایینەکان لە لایەن باڵادەستەکانەوە توانیویانە هەمیشە گۆڕانکاری ریشەیی بەسەردا بهێنن،نەک لەلایەن خەڵکی رەشۆکی و بێدەرەتان، ئەو ئایینی مەسیحییەی کە ئامۆژگاریتدەکات ئەگەر یەکێک شەپازللەیەکی لە لارووومەتێکت دا، لا رووومەتەکەی تریشی بۆ رابگرە با لەولایشی بدات، بزانە ئایینێک ئەوەندە میهرەبان و نەرم بێت، کەچی بۆ یەکەمینجار لە رۆما بە هێزی شمشێر بڵاوکرایەوەو زۆری نەبرد ئیمپراتۆری قوستەنتینییە بە فەرمی ئەو ئایینەی ناساندو پشتگیری تەواوی لێکرد.دواتریش دەیان فەیلەسوف و هزرڤانی گەورە کەوتنە بەر شاڵاوی نەفرەتی پیاوانی ئایینی مەسیحی وکڵێساکان و تەنانەت هەندێکیشیان

ملیانپەڕێندراو سوتێنران، وەکو جیۆردانۆ برۆنۆو...هتد هەموویشی لە ڕێگای دادگاکانی پشکنینەوە بوو. پابەندبوونی ئیتالیا بە ئایینەوە تائێستاش شوێنەواری نەرێنی بەسەرەوە ماوەو زیانی زۆری پێگەیاندووە. ئەمریکا کە دامەزرا ئەگەر لەسەر بنەمایەکی ئایینی دابمەزرایە، نەگەیشتە ئەو هەموو پێشکەوتنەی ئەمڕۆ،چونکە هەموو بیروباوەڕە ئایینییەکان خەڵک لە شوێنی خۆی دەوەستێنێت و رایدەگرێت و نایەڵێت بۆ پێشەوە بڕوات.

جەهل دوو جۆرەو لە خۆیەوەش دروست نابێت، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگایە جەهل بەرهەمدەهێنێت و گرنگی و بەهایەکی یەکجار زۆری پێدەبەخشێت ، ئۆلیڤەروا لە کتێبەکەیدا (الجهل المقدس) بە وردی روونیکردۆتەوە، جەهلێک کە لە نووسین و گوتارەکانماندا بەردەوام چەندبارە دەبنەوە،بێ ئەوەی ئەو نووسین و وتارانە هیچ بنەمایەکی شیکاری و زانستی تێدا هەبێت.تەنیا بکەرە کۆمەڵایەتییەکان هێزێکی لە رادەبەدەری پێدەدەن و لێکدانەوەیەکی سەقەت و چەقبەستووی بۆ دەکەن ، ئەمەش بە بەردەوامبوونی ئەو گوتارە وشک و چەقبەستوانەو بەو لێکدانەوە کۆنەپەرست و دۆگماتیزمانە، وردە وردە ڕێو شوێنی خۆی وەردەگرێت و ئیتر لەناو کۆمەڵگا پیرۆز دەکرێت.چونکە دەبێت بە کولتوور، کولتووریش هەر چییەک بێت کۆمەڵگا پەسندی کردووە، بۆیە کراوە بە کولتوور، شتێک نییە لە جیهاندا کۆمەڵگایەک پەسندی شتێکی نەکردبێت و کرابێتە کولتوور، چونکە کولتوور بە ساڵێک و دوو ساڵ دروست نابێت، بەڵکو لە

ئەنجامی پەیڕەوکردنی دەیان ساڵ ئینجا وردە وردە ریشەی خۆی دادەکوتێت و دەبێتە کولتوور. جەهلێکی تریش هەیە پێیدەوترێ جەهلی دامەزراوەیی وەک محەمەد ئارگۆن ناوی لێناوە، ئەو جەهلەش لە رێگای سیستەمی پەروەردەییەوە دێتە ئاراوە، ئینجا دەچێتە ناو دامودەزگاکانی دیکەی وەک راگەیاندن و ...هتد ئیتر چوارچێوەی خۆی وەردەگرێت و دەبێتە جەهلێکی کۆنکریتی چونکە تەواوی کۆمەڵگای گرتۆتەوە. تۆ سەیرکە لەماوەی ٦٠٠ ساڵی رابردوودا خۆ زۆربەی هەرە زۆری پیاوانی ناوداری هزرڤانان، باوەڕیان بە ئایینی مەسیحی نەبووە، بەڵام لەبەرچاوی خەڵک تا رادەیەک دەیانشاردەوە،چونکە دەترسان بژێوی رۆژانەیان لەدەستبدەن.ئێستا ئەو ترسەیان تێپەڕاندووە، بەڵام هەر لە سەردەمی کۆپەرنیکۆس و گالیلۆو دیکارتەوە تا کانت و ڤۆلتێرو هیگڵ و زۆری دیکە ئەو ترسە زۆر زاڵ بوو، تەنیا داڤید هیوم و مارکس و نیچە ئەو ترسەیان شکاندبوو، بەڵام ئەوانیش باجی گەورەیان دا.

کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی ئەوەندە نەخوێندەوارە، هەمیشە جەهل بڵاودەکاتەوە، ئەگینا دوای چواردە ١٤ سەدە کاتی ئەوە نەهاتووە، پرسیارێک لە بەرهەمی ئایینی ئیسلام بکەیت کە چ بەرهەمێکی هەبووە، لە سەرتاسەری دونیادا کام وڵاتی ئیسلامی هەیە، خەڵک ئاواتی بۆ بخوازێت و کۆچڕەوی بۆ بکات، ئایا تاقیکردنەوەیەکی ١٤٠٠ ساڵە ئەوەندە کەمە تا پێویستمان بە کاتی زیاتر بێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ..تا ئێستا ئایینە ئاسمانییەکان، بۆ یەکلاییکردنەوەی هەندێ گرێ و ئاڵۆزی، بڕوایان

به زانست نییەو هەر دەگەڕێنەوە سەر ئەفسانەو خورافە، واتا خورافەیان پێ لە زانست گرنگترو باشترە.لەدایکبوونی عیسا، ئیسراو میعراج،روح، خودا، لە قورِ کێشکە دروستبکرێت، زیندوو کردنەوەی مردوو بە فوویەک، سەبری ئەییوب، تۆفانی نوح، قابیل و هابیل، ئیبلیس لە شێوەی مار خۆی نواند، دەرکردنی ئادەم لە بەهەشت و دەیان بابەتی دیکەی لەمجۆرە تا ئێستا لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە بە کرچ و کاڵی ماوەتەوەو نایانەوێ برواش بەخۆیان بهێنن، کە وا نییە. ئەمە رێک ئەوەمان پێدەڵێت زانست بریتییە لە ئەقڵانییەت و ئایینیش بریتییە لە ئەفسانەو خورافات کە نائەقڵانین.ئێمە بەردەوام وێنەی خەیاڵی لەناو مێشکماندا دروستدەکەین، جا چ بە رێگای خەوبینین بێت، چ بە رێگای خەیاڵپڵاوی و دالغە لێدان بێت، بەڵام ئەو وێنانەی دروستیاندەکەین بەو دوو رێگایە هیچیان واقیعی نین بۆیە ناشتوانین پیادەیان بکەین و بیانهێنینە واری پەیڕەولێکردنەوە.

ئەمجارە هەوڵمداوە کەمێک لە دەقی ئایەتەکانی قورئان بکۆڵمەوە، چونکە تا ئێستا ئێمەی کورد بە هەڵە تێیگەیشتووین و هەر بە هەڵەش پەیڕەوی لێ دەکەین، لە خوارەوە هەوڵدەدەم بە کورتی بچمە سەر پرسە گرنگەکان.

## حیجاب

سەرەتا پێویستە بزانین ئایا لە قورئاندا مەبەست لە حیجاب چییە، ئایا ماناکەی شاردنەوەی پرچ و دەموچاوو تەواوی جەستەی رەگەزی مێیە یان شتێکی ترە،دەمانەوێ لە رێگای دەقی ئایەتەکانەوە لێیبکۆڵینەوە نەک فلان وا دەڵێت و فیسار وای گوت..ئەوەی لە تەواوی ئەو دەقی ئایەتانەی باسی حیجابی کردووە بریتین لەم ئایەتانەی خوارەوە، کە تەنیا حەفت (٧) ئایەتن.

١- وَاذْكُرْ فِي الكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَاناً شَرْقِيّاً * فَاتَّخَذَتْ مِن دُونِهِمْ حِجَاباً فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَراً سَوِيّاً (سورەتی مریم ئایەی ١٦و ١٧).ماناکەی ئەمەیە: لەم کتێبە باسی مریەمیش بێنە گۆڕ،کاتێ دوور لە کەس وکاری، شوێنێکی خۆرهەڵاتی بۆخۆی هەڵبژارد،لەنێوان خۆی و ئەماندا پەردەیەکی راهەنگاوت، ئێمە رووحی خۆمان بۆ نارد،بنیادەمێکی تەواوی هاتە بەرچاو. ...کەواتە حیجاب لەم ئایەتەدا بریتییە لە پەردەیەک یان لە شێوەی دیوارێک یان دابڕانێکە ، نەک بە مانای چەفیەو چارشێوو شتی دیکەی لەمجۆرە...

٢- فَقَالَ إِنِّي أَحْبَبْتُ حُبَّ الخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّي حَتَّى تَوَارَتْ بِالحِجَابِ. (سورەتی ص ئایەی ٣٢).واتا:گوتی حەز بە غارغارێنی ئەسپەکەم دەکەم یادی خودای لەبیر بردەمەوە ئەسپەکانیش هەر غاریاندەدا تا لەچاوان ونبوون. کەواتە لێرەش حیجاب بەمانای داپۆشینی سەر نایەت، بەڵکو شتێک کە لە دوورەوە لەبەرچاوان وندەبێت.لە شێوەی تارماییەکەو هیچی دیکە.

٣- وَإِذَا قَرَأْتَ القُرآنَ جَعَلْنَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ حِجَاباً مَّسْتُوراً (سورەتی الاسراء ئایەی ٤٥).واتا کاتێک کە قورئان دەخوێنیت ئێمە لەنێوان تۆو ئەوانەش کە بڕوایان بە دوارۆژ(زیندووبوونەوە) نییە،بەربەستێکی نادیارو شاراوەمان داناوە. خوێنەری بەڕێز ئەوەتا لەم ئایەتەش کە وشەی حیجاب هاتووە، هیچ پەیوەندییەکی بە سەرپۆشی ژنانەوە نییە.

٤- وَقَالُوا قُلُوبُنَا فِي أَكِنَّةٍ مِّمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ وَفِي آذَانِنَا وَقْرٌ وَمِن بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ فَاعْمَلْ إِنَّنَا عَامِلُونَ(سورەتی **فصلت** ئایەی ٥) واتا: وتیان دڵمان داپۆشراوە لە ئاستی ئەوەی تۆ بانگی ئێمە دەکەی بۆ لای،گوێشمان کەڕەو لەنێوان ئێمەو تۆدا پەردەیەک هەیە تۆ خەریکی کاری خۆت بەو ئێمەش کاری خۆمان دەکەین. کەواتا دیسان ئەو وشەی حیجابە بە هیچ شێوەیەک مەبەستی لە سەرپۆشی دەموچاو نییە بۆ ژنان.

٥- وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللهُ إِلاّ وَحْياً أَوْ مِن وَرَاء حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولاً فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاء إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ (سورەتی الشوری ئایەی ٥١) واتا:هەرگیز خودا هیچ کەسێکی رووبەڕوو نەدواندووە،یان فەرمانێکی لە دڵییەوە ناردووە،یان لەپشت پەردەوە بووە،یان قاسیدێکی ناردووەو ئیزنی داوە چی دەخوازێ بە دڵی رابگەیەنێت،هەر ئەو جێ بەرزو کارزانە... کەواتا لێرەش مەبەستی سەرپۆشی رەگەزی مێ نەبووە.

٦- وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ وَعَلَى الأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلاًّ بِسِيمَاهُمْ (سورەتی الاعراف ئایەی ٤٦)واتا: لەنێوان بەهەشتییەکان و دۆزەخییەکاندا پەردە (دیوار)ێک هەیە،لەسەر ئەعراف راوەستاون،هەموو کەسێک بە دەموچاوەکانیان دەناسنەوە،دەنگ لەو بەهەشتیانە دەکەن-کە هێشتا نەچوونەتە نێو بەهەشتەوە،بەڵام بەتەمای چوونن- سڵاوتان لێ بێت. بە پێی ئەم ئایەتەش حیجاب هیچ پەیوەندییەکی بە سەرپۆشی ژنانەوە نییە.

٧- يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلاّ أَن يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانتَشِرُوا وَلا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنكُمْ وَاللهُ لا يَسْتَحْيِي مِنَ الحَقِّ وَإِذَا سَأَلتُمُوهُنَّ مَتَاعاً فَاسْأَلُوهُنَّ مِن وَرَاء حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَن تُؤْذُوا رَسُولَ اللهِ وَلا أَن تَنكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِن بَعْدِهِ أَبَداً إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِندَ اللهِ عَظِيماً (سورەتی الاحزاب ئایەی ٥٣).واتا : ئەی ئەوانەی باوەڕتان

هێناوە،نەچنە ماڵی پێغەمبەر بۆ ژوورەکانی، مەگەر بۆ ژەمێکی نانخواردن بانگگکرابن،کاتێک چووشن، نابێت زووتر بچن کە هێشتا خواردنەکە ئامادە نەکراوە،هەر کە ژەمە نانەکشتان خوارد،بڵاوەی لێ بکەن و خۆتان بە قسەکردنەوە خەریک مەکەن،چونکە ئەم کارەتان پێغەمبەر ئازار دەدات و شەرمدەکات دەنگو لێبدا (واتا بڵێت یالا بڕۆن هەڵسن ئیتر)خودا لە قسەی راستگوتن شەرم ناکات.هەر کاتێکیش داوای شتێکتان لە ژنەکانی ناو ماڵ کرد (ژنەکانی پێغەمبەر)لە پشت پەردەوە داوا بکەن، ئەم کارە لە دڵپاکی ئێوەو ئەوانیش نزیکترە.نابێت پێغەمبەری خودا بەهۆی ئێوەوە ئازار بچێژێ،ناشبێت دوای پێغەمبەر (تا هەتایە)ژنەکانی ئەو مارە بکەن،ئەم کارە لای خودا گوناهێکی زۆر گەورەیە. خوێنەری بەڕێز ئەوەتا ئەم ئایەتەش هیچ پەیوەندییەکی دوورو نزیکی بەو حیجابەوە نییە کە ئافرەتی کورد بەکاریدەهێنێت.

لەنێو هەموو قورئاندا تەنیا لەم حەفت(٧)شوێنە وشەی حیجاب بەکارهاتووە، کە لە هەر حەفتیاندا روونمانکردەوە هەر بە پێی ئایەتەکان، بە هیچ شێوەیەک مەبەست لە حیجاب ئەو سەرپۆشە نییە کە ژنان سەرو بیچمی خۆیانی پێ دادەپۆشن. لێرە بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاوروونی هەبێت، دەچینە لای ئەو ئایەتانەش کە باسی لیباس(جلوبەرگ)یان کردووە،بۆئەوەی هیچ تەمومژێک بەسەر ئەم باسەوە نەمێنێت.

**لیباس(جل وبەرگ)**

١- **أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَائِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ** ﴿ البقرة ئایەی ١٨٧﴾ واتا: لە شەوانی رەمەزاندا،سەرجێییکردنتان لەگەڵیان بۆتان حەلالەو ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوەو ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان.

٢- هەر لە هەمان سورەتی بەقەرە ئایەی ٤٢دا هاتووە ، **وَلَا تَلْبِسُوا الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُوا الْحَقَّ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ** ﴿ البقرة ئایەی ٤٢﴾ واتا: راستی و حەق بە ناڕاستی و بەناحەق دامەپۆشن،حاشا لەو راستییە مەکەن کە خۆتان دەیزانن.

٣- لە سورەتی ئەنعامیشدا چەندین جار ئەم لیباسە هاتۆتە گۆڕێ، کە هەوڵدەدەین دەقی ئایەتەکان و ماناکانیشی بخەینە روو. **وَلَوْ جَعَلْنَاهُ مَلَكًا لَّجَعَلْنَاهُ رَجُلًا وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ** (سورەتی ئەنعام ئایەی ٩).واتا: خۆ ئەگەر راسپاردەمان فریشتەش بوایە،هەر دەبوو جل و بەرگی پیاوانی لەبەر بکەین و ئەو جلەی ئەوان لەبەریدەکەن، ئەویش لەبەرخۆی بکردبا.

٤- هەر لە هەمان سورەتدا ئایەی ٨٢ دەڵێت: **الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَٰئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ** (سورەتی ئەنعام ئایەی ٨٢) واتا:ئەو کەسانەی

بڕوایان به خودا هێناو بڕواکه‌یان تێکه‌ڵی ناهه‌قی نه‌کرد،دڵنیایی بۆ ئه‌وانه‌و شاره‌زای رای خودا ئه‌ون.

٥- هه‌ر له هه‌مان سوره‌تی ئه‌نعامدا ئایه‌ی ١٣٧ دا وا هاتووه: وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَادِهِمْ شُرَكَاؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُوا عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ ۖ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ (سوره‌تی ئه‌نعام ئایه‌ی ١٣٧). واتا:بته‌وانی شه‌ریک دانه‌ر بۆ خودا،وایانکرد زۆرێک له هاوبیره‌کانیان ، کوشتنی منداڵه‌کانی (کچه‌کانی)خۆیان به‌لاوه جوان و ره‌وا بێت،تا له‌ناویان ببه‌ن و ئایینه‌که‌شیان لێ تێکه‌ڵ و پێکه‌ڵ بکه‌ن،ئه‌گه‌ر خودا بیویستبایه ئه‌وان ئاوه‌هایان نه‌ده‌کرد،لێیانگه‌ڕێ هه‌ر بوختانێک ده‌یکه‌ن با بیکه‌ن.

٦- هه‌ر له هه‌مان سوره‌تی ئه‌نعامدا ئایه‌ی ٦٥ خودا فه‌رموویه‌تی: قُلْ هُوَ الْقَادِرُ عَلَىٰ أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ ۗ انظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ(سوره‌تی ئه‌نعام ئایه‌ی ٦٥).واتا: بلێ خودا توانای هه‌یه،له لای سه‌رووتانه‌وه، یان له لای ژێر پێتانه‌وه، ئازارتان بۆ بهێنێت،یان بتانکاته چه‌ند ده‌سته‌و تاقمێک و تێکتان به‌رداو،ئازار به یه‌کدی بگه‌یه‌نن،ده سه‌یرکه چۆن ئێمه نیشانه‌کانمان – جۆراوجۆره‌ به‌و خه‌ڵکه نیشانده‌ده‌ین،به‌ڵکو ئه‌وانیش تێبگه‌ن.

٧- هه‌روه‌ها له سوره‌تی نه‌حل ئایه‌ی ١١٢ ده‌فه‌رموێ: وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا قَرْيَةً كَانَتْ آمِنَةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللَّهِ فَأَذَاقَهَا اللَّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُوا يَصْنَعُونَ (سوره‌تی النحل ئایه‌ی ١١٢). واتا:

خودا شارێکی به نموونه هێناوەتەوە،کە زۆر هێمن و بێ کێشە بوون، لە هەموو لایەکەوە رزق و بژێوی جۆراوجۆریان بۆ دەهات،کەچی لەم هەموو چاکەیەی کە خودا پێیدابوون،حاشایان دەکرد،لە بەرامبەر ئەو حاشاکردنەیان، خودا بەرگی برسێتی و ترسی وەک کالاّ کردن بە بالاّدا.

٨- وَهُوَ الَّذِي سَخَّرَ الْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُوا مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (سورەتی النحل ئایەی ١٤).واتا: هەر ئەویشە زەریای خستۆتە بەردەستتان،تا گۆشتی تازەی لێ بخۆن و،زێرو مرواریشی لێ بهێننە دەرێ و بەخۆتانەوە هەڵیواسن،هەروەها کەشتییەکان دەبینی کە دەریا سینگی دەریا دەبڕن ،تا چاکەی ئەوتان دەستبکەوێت و سوپاسگوزار بن.

٩- يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا ۖ وَلِبَاسُ التَّقْوَىٰ ذَٰلِكَ خَيْرٌ ۚ ذَٰلِكَ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ (٢٦) يَا بَنِي آدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا ۗ إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ ۗ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ (سورەتی الاعراف ئایەی ٢٦،٢٧).واتا:ئەی نەوەی ئادەم، ئێمە جل و بەرگی وامان پێداون، کە عەیبو عارتان داپۆشێت و جوانیشتان بکات،کە چاکتر لەویش پۆشاکی خۆپاراستنە،ئەمەش یەکێک لە نیشانەکانی خودایە،بۆئەوەی بیر بکەنەوە (٢٦)ئەی نەوەکانی ئادەم،شەیتان هەڵتاننەخەڵەتێنێ، هەروەک باوک و دایکتانی لە بەهەشت بەدەرکردن داو جل و بەرگی لێ داڕنین تا عەیب و عاری خۆیان بە یەکدی نیشان بدەن، شەیتان و دارو دەستەکەی

ئێوە دەبینن، بەڵام ئێوە ئەوان نابینن، جا ئێمە شەیتانەکانمان کردوونەتە دۆستی ئەوانەی بڕوایان بە خودا نییە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە لەم دوو ئایەتەدا بە هیچ جۆرێک مەبەستی چارشێو بۆ داپۆشینی بیچم نییە، بەڵکو روونە  کە دەڵێت جل و بەرگ بۆ داپۆشینی ئەندامانی نێرینەو مێیینەیە، نەک بۆ دەموچاوو بیچم.

١٠- **يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَلْبِسُونَ الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ**(سورەتی ال عمران ئایەی ٧١).واتا: ئەی ئەوانەی کە خاوەن کتێبن،رەوا نییە کە رەوا بە ناڕەوا (هەق بە ناهەق)دادەپۆشن و،راستییەکان دەشێرنەوە،دەشزانن چ کارێک دەکەن.

١١- **وَمَا يَسْتَوِي الْبَحْرَانِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ ۖ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا ۖ وَتَرَى الْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ** (سورەتی فاطر ئایەی ١٢)واتا: دوو دەریا هەن وەکوو یەک نین، یەکێکیان ئاوی سازگارو خۆش، ئەویتریان سوێرو تاڵە،لە هەردووکیشیان گۆشتی تەڕو تازە دەخۆن، جۆرەها شتی گرانبەها (وەک یاقووت وگەوهەرو مرواری..هتد)لێ دەردەهێنن و لەبەری دەکەن و خۆیانی پێ دەڕازێننەوە،کەشتییەکەش دەبینی کە دەریا شەق دەکات ،تا ئێوەش لە بەهرەکانی خودا بێبەش نەبن و،سوپاسگوزاری خودا بکەن.

١٢- **جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا ۖ وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ** (سورەتی **فاطر** ئایەی٣٣). دەچنە ناو باخ و باخاتێکەوە کە

نافەوتێن،لەوێ دەیانڕازێننەوەو دەست وبازوویان لە زێڕو مرواری دەبێت و پۆشاک و جل و بەرگیشیان لەو بەهەشتەدا ئاوریشمە.

١٣- أُولَٰئِكَ لَهُمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَيَلْبَسُونَ ثِيَابًا خُضْرًا مِّن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ ۚ نِعْمَ الثَّوَابُ وَحَسُنَتْ مُرْتَفَقًا (سورەتی الكهف ئایەی ٣١).واتا: باخەکانی بەهەشت بۆ ئەوانە ئامادەیە،کە چەندین رووباریان بەبەردەمدا دەڕوات،بازنی زێڕ لەدەستیان دەکەن و،پۆشاک و جل و بەرگی جوان دەپۆشن ، لەسەر کورسییە رازاوەکانیش بۆخۆیان پاڵدەدەنەوەو دەحەسێنەوە،ئای چەند پاداشتێکی باشەو،شوێنەکەشیان چەند لەبارە.

١٤- وَعَلَّمْنَاهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَّكُمْ لِتُحْصِنَكُم مِّن بَأْسِكُمْ ۖ فَهَلْ أَنتُمْ شَاكِرُونَ (سورەتی الانبیاء ئایەی ٨٠)واتا: ئێمە داودمان فێری دروستکردنی زرێ و قەڵغان کرد،تا لە شەڕەکاندا بتانپارێزێت، ئایا ئێوە سوپاسگوزار دەبن.

١٥- وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِبَاسًا وَالنَّوْمَ سُبَاتًا وَجَعَلَ النَّهَارَ نُشُورًا (سورەتی الفرقان ئایەی ٤٧) واتا: هەر ئەویشە کە بۆ ئێوە شەوی کردۆتە پۆشاک و خەویشی کردووە بە هێمنی و بێدەنگی و رۆژیشی بۆ هەڵسانەوەتان داناوە.

١٦- جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا ۖ وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ (سورەتی الحج ئایەی ٢٣) واتا: ئەوانەی باوەڕیان بەخودا هێناوەو

کارو ئاکاریان چاکە،خودا دەیانباتە باخی بەهەشتەوە کە رووباری بەبەردا دەڕوات و بازنەی دەستیان لە زێڕو مرواریيەو جل و بەرگیشیان لە ئاوریشمە.

١٧- **يَلْبَسُونَ مِن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَقَابِلِينَ** (سورەتی الدخان ئایەی ٥٣). واتا: جل و بەرگیان لە پارچەی ناسک و ئەستووری ئاوریشمە، هەمووشیان لەبەرامبەر یەکترین.

١٨- **أَفَعَيِينَا بِالْخَلْقِ الْأَوَّلِ ۚ بَلْ هُمْ فِي لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ** (سورەتی ق ئایەی ١٥). واتا: ئاخۆ ئێمە لە سەرەتادا کە ئەو خەڵکەمان دروستکرد،ماندوو بووین، بەڵام ئەوان بە گومان بوون لە سەرلەنوێ بە دروستبوونەوەیەکی تازە.

١٩- **وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاسًا** ﴿سورەتی **النبإ** ئایەی ١٠﴾واتا: شەویشمان دانا بۆ پۆشاک.

٢٠- زۆر جار پیاوانی ئایینی (سورەتی النور ئایەی٣١) بە نموونە دەهێننەوەو دەیکەنە بیانوویەک گوایا ئەم ئایەتەدا،بۆ مەبەستی سەرپۆش هاتووە، پوختەی ئایەتەکە ئەمەیە(**وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَىٰ عَوْرَاتِ النِّسَاءِ ۖ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ ۚ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ**

جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (سورەتی النور ئایەی ٣١) مانای ئەم ئایەتە بەمجۆرەیە: بە ژنانی باوەڕدار بڵێ،با چاوی خۆیان بپارێزن لە سەیرکردنی نامەحرەم و عەورەتی خۆیان (مەبەست لە فروج ئەندامی مێیینەیە- ناو لینگ دەگرێتەوە-) داپۆشن و جوانی خۆیان دەرنەخەنە دەرەوە،تەنیا ئەوانە نەبێت کە هەر لە دەرەوەن (دەم و چاوو پرچ و گەردن دەگرێتەوە)، با سەرپۆش بدەن بەسەر سینگ و یەخەیان (مەبەستی داپۆشینی مەمکە)،با جوانی خۆیان دەرنەخەن،بێجگە لە مێرد یان باوکی خۆی،یان باوکی مێردەکانی، یان کوڕی خۆی،یان کوڕی مێردەکانیان، یان بۆ براکانی خۆیان، یان برازاکانیان، یان خوشکەزاکانیان،یان ئەو ژنانەی کە هاوباوەڕن، یان ئەو پیاوانەی کە مێردی کەنیزەکانیانن، یان ئەو پیاوانەی کە لەماڵەکانتانا دەژین و پێویستیشیان بە ژن نییە، یان ئەو منداڵانەی کە هێشتا بالق نەبووینە و شارەزاییان لە ئافرەتان نییەو ئارەزووی سێکسیان بۆ دروست نەبووەو،نابێت ئافرەت قاچ لە زەوی بدات تا بزانرێ چ جوانییەکی شاردۆتەوە،هەموو لایەکتان بگەڕێنەوە لای خودا،ئەی گەلی بڕواداران، بەڵکو هەمووتان رزگار ببن.

ئەمە دەقی وەرگێڕدراوی ئەو ئایەتە بوو کە پیاوانی ئایینی بە نموونە دەیهێننەوە، بەڵام ئەوەتا بە هیچ شێوەیەک باسی سەرپۆشی نەکردووە،بەڵکو مەبەست لەم ئایەتە تەنیا شاردنەوەی دوو شوێنە، کە مەمک و زێیە واتا ناوگەڵی ژن.

٢١- هەروەها لە سورەتی ئەحزاب ئایەی ٥٩ شدا،بەمشێوەیە هاتووە(**يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء المُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللهُ غَفُوراً رَحِيماً**- سورەتی الاحزاب ئایەی ٥٩).واتا: ئەی پێغەمبەر بە ژنەکانت و کچەکانت و ژنانی موسڵمان بڵێ، با خۆیان داپۆشن،ئەم کارە باشتر دەبێتە هۆی ئەوەی کە بناسرێن و ئازار نەدرێن،خودا لە خەتا دەبووڕێ و دڵۆڤانە.

**لێرە پێویستە ئەو راستیانە بخەینە روو.**

١- فروج بە مانای ناو لینگی ژن دێت و هیچ مانایەکی دیکەی نییە، بەتایبەت لەم ئایەتەدا کە هەر زۆر روونە مەبەستی چییە.

٢- جیوب، واتا دوگمەی سینگ ،نێوان دوو مەمک ، لە ئایەتەکەشدا دیسان زۆر روونە.

٣- بە هیچ شێوەیەک وشەی(جیوبهن) بە مانای ئەوە نایە کە لە تەوقی سەرتەوە تا پاژنەی پێت داپۆشی،تەنیا مەبەستەکە شاردنەوەی مەمکەو هیچی دیکە.

٤- الجلابیب ،مانای داپۆشینی سەر نییە،بەڵکو مەبەست لە الجلابیب ئەو دیزداشەیە کە سینگ و بەرۆکی ژن هەمووی دیار بوو،تەنانەت مەمکیان زۆر بە زەقی دەبینرا،الجلابیب مەبەستی زیاتر دوگمەیە لەنێوا هەردوو مەمک بۆ شاردنەوەی مەمک،چونکە لە

دیزداشەدا،جەستە هەمووی دەردەکەوێ، کراسێکی پان و پۆڕو فشۆڵە ،کەواتە هیچ کام لە ئایەتەکان بەو مانایە نەهاتوونەتە خوار کە پێی دەوترێ حیجاب ئەو حیجابەی ئەمڕۆ لەناو جیهانی ئیسلامیدا باوی زۆرە.

خوێنەری بەڕێز، ئەم ئایەتانەی سەرەوە هەموو ئەو ئایەتانەن کە لەناو قورئاندا دەرمانهێناون و ماناکەیمان روونکردۆتەوە، جگە لەو ئایەتانەی سەرەوە ،هیچ ئایەتێکی دیکە لەناو قورئاندا نادۆزیتەوە،کە پەیوەندی بە حیجاب و لیباسەوە هەبێت،کە ئێمە تیشکمان نەخستبێتە سەری.ئێستا بۆت روونبووەوە کە ئەو حیجابەی لەناو قورئاندا لەناو نۆ(٩)ئایەتدا بەکار هاتووە، هیچ پەیوەندییەکی دوورو نزیکی بەو مانایەوە نییە کە ژنی کورد بەکاریدەهێنێت و حیجابی کردووە بە چارشێوو دەمامک، کە دوورە لە ئایینی ئیسلام و دوورە لە هەموو ئەو ئایەتانەی لەبارەی حیجابەوە هاتوونەتە خوار.

خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگیش هەیە،کە لەسەردەمی پێش هاتنی ئیسلام و دوای هاتنی ئیسلام کە ئیسلام ناوی لێناوە سەردەمی جاهیلی و سەردەمی ئیسلام، لە هەردوو قۆناخەکەدا، عەرەب بریتی بوون لە بەدو،واتا بەردەوام لە کۆچ و کۆچباریدا بوون، ئێستاش پاشماوەی بەدوو لەناو عەرەب کۆتایی نەهاتووەو لە هەندێک وڵاتانی عەرەبی هەن، خاڵە گرنگەکە لێرەدایە، هەموو ئەوانەی بەدو بوون چ ئەو کات و تەنانەت ئێستاش ئەو

بەدوانە جلی ژێرەوەیان نەبووە، واتا جلی ژێرەوەیان لەبەر نەکردووە، ئافرەت لە سەروبەندی هاتنی ئیسلامدا، بە هیچ شێوەیەک مەمکدانی نەبەستووە،تەنانەت فانیلەی ژێرەوەیشی لەبەر نەکردووە، هەروەها مایەی لەبەر نەبووە، تەنیا دیشداشەی لەبەردابووە، ئەو دیشداشەیەش زۆر شۆڕ نەبووە بەڵکو کورت و تەنک بووە، چونکە دوورگەی عەرەبی ناوچەیەکی گەرمەسێن بووە، ئەوکات و ئێستاش هەر وایە،هەر لەبەر ئەوەش بووە کچ لەو گەرمەسێنە زووتر بالق بووەو بە مێرد دراوە، هەر لەبەر ئەوەش بووە، پرسی سێکس یەکێک بووە لە پرسە سەرەکیەکانی ئەو دوورگەیە،بە ئایینی ئیسلامیشەوە، ئەوەتا ئایینی ئیسلامیش بەشی شێری بۆ ئەو پرسەی سێکس تەرخان کردووە،هەر لەبەر ئەوەش بووە فرەژنی لە سەردەمی پێش ئیسلام و تەنانەت دوای هاتنی ئیسلامیش زۆر ئاسایی بووە، تەنانەت هیچ کام لە پێغەمبەرو خەلیفەکانی راشدین ، تەنیا یەک یان دوو یان سێ ژنیان نەهێناوە، بەڵکو خەلیفەی دووەم و خەلیفەی سێیەم ژنیان زۆر هێناوەو پێغەمبەریش بە هەمانشێوە لە یەککاتدا نۆ(٩)ژنی هەبووە، لەکاتێکدا خودی قورئانەکە تەنیا باسی لە چوار ژنی کردووە،نەک زیاتر. واتا لەوکاتانەی کە عومەری کوڕی خەتاب و عوسمانی کوڕی عەفان موسڵمان بوون و گوایا پەیڕەوی قورئانیان کردووە، ئینجا عومەر نۆ (٩)ژنی هێناوە،تەنانەت ئوم کەلسوم کچی عەلی کوڕی ئەبی تالیب کە لە فاتیمەی زەهرایە،تەمەنی پێنج(٥)ساڵان بووە کە عومەر هێناویەتی و گێڕانەوەی زۆر لەسەر(ئوم کەلسوم) هەیە کە عەلی کوڕی ئەبی تالیب رازی نەبووە،

چونکە بە عومەری گوتووە جارێ منداڵە، بەڵام عومەر سەبری نەگرتووەو هەر هێناویەتی، ساڵی هێنانی ئوم کەلسوم ساڵی حەڤدە (١٧)ی کۆچی بووە،لای عومەر ماوەتەوە تا عومەر بە دەستی لوء لوئەی فارسی دەکوژرێت، دوایش ئوم کەلسوم سێ (٣)مێردی دیکە دەکاتەوە. هەروەها عوسمان کوڕی عەفانیش هەشت (٨)ژنی هێناوە!!.عەلی کوڕی ئەبوتالیبیش نۆ (٩)ژنی هێناوە!! ئەمە لەبارەی پێغەمبەرو خەلیفەکانی راشدینەوە، خۆ ئەوانەی لەو دە کەسە بوون کە مژدەی چوونە بەهەشتیان پێدرابوو، (العشرة المبشرة) ئەوانیش بەهەمانشێوەن بۆنموونە: تەڵحەی کوڕی عوبێدوڵا نۆ (٩)ژنی هێناوە،عەبدولرەحمانی کوڕی عۆف بیست (٢٠)ژنی هێناوە،سەعد کوڕی ئەبی وەقاس یازدە (١١)ژنی هێناوە،ئەمە هەر سەبارەت بە پیاوەکان وا نەبووە، بەڵکو بۆ ژنەکانیش بە هەمانشێوەبووە، واتا زۆر لە ژنەکانیش چوار مێردو پێنج مێردیان کردووە، بۆنموونە عاتکة کچی زید کوڕی عمرو کوڕی نفیل،کە دەکاتە کچی مامی عومەری کوڕی خەتاب، پێنج جار شووی کردۆتەوە،کە یەکێک لەو مێردانە خودی عومەری کوڕی خەتاب بووەو یەکێکی تریش تەڵحەی کوڕی عوبێدوڵا بووە کە مژدەی چوونە بەهەشتی پێدرابوو!!. کچێکی دیکە بەناوی اسماء کچی عمیس الخثعمیة، ئەویش پێنج جار مێردی کردووە، لەناو ئەو پێنج مێردە دوانیان بریتین لە ئەبوبەکری سدیق و عەلی کوڕی ئەبی تالیب کە هەردووکیان لە خەلیفەکانی راشدینن، یەکەمیان یەکەم خەلیفەی راشدینەو دووەمیشیان چوارەم خەلیفەی راشدینە.نموونەکان لەوبارەیەوە یەکجار

زۆرن، بەڵام ئێمە تەنیا ئەو چەند نموونەیەمان بۆ راستی نووسینەکانمان هێنایەوە،کە دوورگەی عەرەبی بەهۆی ئەو ژینگەیەی هەیەتی،ئاینی ئیسلامیشی ناچارکردووە بەشی شێری بۆ سێکس و ژن و پیاو تەرخان کردبێت. ئینجا ئەو ناوچەیەی پێی دەگوترێ نیمچە دورگەی عەرەبی، بەهۆی ئەو گەرمەسێنەی هەیبووە، ژنان و تەنانەت پیاوەکانیش تەنیا دیزداشەیەکی تەنکیان لەبەر خۆیان دەکرد،ئەم دیزداشەیە یەخەیان بەتەواوی کرابۆوە، هەروەها زۆریش درێژ نەبووە بەڵکو تا سەرچۆکیان هاتووەو بەس، بۆیە لەکاتی دانیشتنی ژنەکان، ناولینگیان بە ئاسانی دەردەکەوت، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ئەم ئایەتانە بێتە خوارەوە، یان لەکاتی داهاتنەوەیان مەمکیان بەتەواوی دەردەکەوت،چونکە ئەوکات ستیان و مایە نەبوو جلی ژێرەوەیان لەبەر نەدەکرد، بۆیە دەڵێت دوگمەی نێوان مەمکەکانتان دابخەن.

# شەهید

ئەوەی تا ئێستا خەڵکی لە بارەی شەهیدەوە دەیزانن ئەوەیە کەسێکە لە شەڕێکی رەواو هەقانیدا دەکوژرێت و دەبێتە شەهید، شەهید واتا ئەوکەسەیە کە دەچێتە بەهەشتەوە،چونکە بە ناهەق کوژراوە، ئەم وشەی شەهیدە سەرچاوەکەی لە ئاینی ئیسلامەوە گرتووە،گوایا ئەو

موسڵمانانەی لەگەڵ مەسیحی و جوولەکەکان (کافرەکان)دا دەجەنگان و دەکوژران ئەو موسڵمانانە شەهیدن و جێگایان بەهەشتە، بەڵام کاتێک لە تەواوی ئایەتەکانی ناو قورئان ورد دەبیتەوە، بۆتدەردەکەوێت هیچ کام لەو ئایەتانەی باسی شەهیدیان کردووە،پەیوەندی بەو موسڵمانانەوە نییە کە لە شەڕی کافرەکاندا دەکوژرێن و جێگایان بەهەشت بێت،تەنانەت بە هیچ جۆرێک ئاماژەیەکیش بۆ ئەوە نییە کە ئەوانەی لەگەڵ کافران دەجەنگن جێگایان بەهەشتە، چونکە شەهیدن، ئەم گوتنە دروستکراوو هەڵبەستراوەو هیچ بنەمایەکی واقیعی و راستی تێدا نییە، بەڵکو لە هەموو ئەو ئایەتانەی کە وشەی شەهیدی تێدا هاتووە، بە مانای شایەد هاتووە، واتە کەسێک کە لەسەر کەسێکی تر دەبێتە شایەتمان. بۆ زیاتر دەرکەوتنی راستییەکان ئێستا تەواوی ئەو ئایەتانە دێنینە بە باس و شرۆڤەکردنەوە،کە بۆ چ مەبەستێک ئەو ئایەتانە هاتوونەتە خوارو چ مانایەکیشیان هەبووە.

١- لە سورەتی بەقەرە نۆ (٩) ئایەت پەیوەندی راستەوخۆیان بە وشەی شەهید هەیە کە شازدە (١٦)جار ئەم وشەیە بە شێوازی جۆراوجۆر بەکار هاتووە، بۆنموونە،تەنیا لەم ئایەتەی خوارەوەدا حەفت (٧)جار وشەی شەهید بە رەهەندی جیاوازو شێوازی جیاوازەوە بەکارهاتووە، بەڵام هیچکامیان مانای شەهید ناگەیەنن وەک ئەوەی ئێمە تێیگەیشتووین.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى فَاكْتُبُوهُ ۚ وَلْيَكْتُب بَّيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ ۚ وَلَا يَأْبَ كَاتِبٌ أَن يَكْتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ اللَّهُ ۚ فَلْيَكْتُبْ وَلْيُمْلِلِ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ وَلْيَتَّقِ اللَّهَ رَبَّهُ وَلَا يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْئًا ۚ فَإِن كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ ۚ وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِن رِّجَالِكُمْ ۖ فَإِن لَّمْ

يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَن تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَىٰ ۚ وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا ۚ وَلَا تَسْأَمُوا أَن تَكْتُبُوهُ صَغِيرًا أَوْ كَبِيرًا إِلَىٰ أَجَلِهِ ۚ ذَٰلِكُمْ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ وَأَقْوَمُ لِلشَّهَادَةِ وَأَدْنَىٰ أَلَّا تَرْتَابُوا ۖ إِلَّا أَن تَكُونَ تِجَارَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَلَّا تَكْتُبُوهَا ۗ وَأَشْهِدُوا إِذَا تَبَايَعْتُمْ ۚ وَلَا يُضَارَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ ۚ وَإِن تَفْعَلُوا فَإِنَّهُ فُسُوقٌ بِكُمْ ۗ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۖ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ ۗ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (سورەتی البقرة ئایەی ٢٨٢)مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە: ئەی گەلی ئیمانداران،ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو قەرزتان لەگەڵ یەکدی کرد،با نووسەرێک  کە خودا پەسندی کردووە بینووسێت و نووسینەکەش بخاتە ناو قەفەزێکەوە،نابێت سەرپێچی لە نووسینی بکەیت،وەک چۆن خودا فەرمانی پێداوە بنووسێ، ئەوەی کە قەرزەکەی لایە،هەرچییەک بۆ نووسەرەکە دەڵێت  با ئەونووسەرە بینووسێت، قەرزدارەکەش دەبێت لە خوا بترسێت کە چی دەڵێت،چاوپۆشی لە هیچ نەکات و لێی کەم نەکاتەوە،ئەگەر ئەو کەسەی قەرزارە،کەم ئەقڵە یان لاوازو بێ هێزە،یان ناتوانێت ئەوەی پێویستە بنووسرێ دەریببڕێت،با سەرپەرشتیار (بەخێوکەر)ەکەی، دادپەروەرانە راستی قەرزەکە  بڵێت دوو پیاویش لەخۆتان بە شایەد بن.ئەگەر دوو پیاو پەیدا نەبوون بۆ شاهیدی،ئەوا با پیاوێک و دوو ژنی وا کە ئێوەش لێیان رازی بن،لە کارەکە ئاگادار بکرێنەوە،تا ئەگەر یەکێکیش لەم دوانە لەبیری چووەوە،ئەوی دیکە وەبیری بهێنێتەوە، هەر کاتێکیش بۆ شایەدی دان بانگ کران،خۆتان دوا مەخەن، لە نووسینی ماوەی قەرز- ماوەکە کەم بێت یان زۆر بێت- نابێت لەش گرانی بکەن ، بینووسن و مەوداکەشی دیاری بکەن.بەمشێوەیە لای خودا پەسەندترو رەواترە،چونکە چاکتر دەتوانن شایەدی رابگرن و نزیکترە

لەوەی گومان و دوو دڵی بە یەکدی نەبەن. مەگەر کاتێک ئاڵوگۆڕیتان دەست بە دەست و نەختی بێت(بە نەقد بێت)ئەوکاتە خۆ ئەگەر نەشینووسن قەیدیناکە، بەڵام دیسان لە کاتی کڕین و فرۆشتنەکەدا شایەدێک بگرن.ناشبێت شایەدەکانتان و نووسەرەکانتان زیانیان بەر بکەوێت،گەر وا نەکەن تاوان لە ئەستۆی خۆتانە و دەبێت لە خودا بترسن،خودا فێری کارتان دەکات و،هەر خودایە لە هەموو شت ئاگادارە.

٢- هەر لە هەمان سورەتی بەقەرە، ئایەی ٢٣ هاتووە: وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (سورەتی البقرة ئایەی ٢٣) ماناکەی ئەمەیە: ئەگەر لەوەی کە ئێمە بۆ عەبدی خۆمان ناردۆتە خوار بە گومانن و پێشتان وایە ئێوە راستی بۆ چوون، دەسا ئێوە وێڕای هاوباوەڕەکانتان بە گەلەکۆمەکی یەکدی-جگە لە خودا- سورەتێکی وەک ئەو بڵێن.

٣- وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا (سورەتی البقرە ئایەی١٤٣)واتا: ئێوەمان کردۆتە ئۆمەتێکی هەڵبژێردراو،تا ببنە شایەد بەسەر خەڵکەوەوپێغەمبەریش شایەدە بەسەرتانەوە.

٤- وَلَا تُخْرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَارِكُمْ ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ (سورەتی البقرة ئایەی ٨٤) واتا: یەکدی لەزێدو ماڵ و حاڵی خۆتان دەربەدەر

نەکەن،پاشان بۆ ئەو پەیمانەشتان بڕیارتان لەسەرداوەو بۆ خۆشتان شایەدی دەدەن.

٥-أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُوا نَعْبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَٰهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (سورەتی البقرة ئایەی ١٣٣) ئەمەش ماناکەیەتی:ئاخۆ ئێوە ئاگاتان لێبوو(شایەد بوون) کە یەعقوب لەسەرەمەرگا بوو بە کوڕەکانی خۆی گوت،لەدوای من چی دەپەرستن، گوتیان تۆ چیت پەرستووە ئێمەش هەر ئەوە دەپەرستین،کە باب و باپیرانی تۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاقیش پەرستوویانە،کە خودای تاک و تەنیایەو ئێمەش خۆمان بەو دەسپێرین.

٦- وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ كَتَمَ شَهَادَةً عِنْدَهُ مِنَ اللَّهِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ (سورەتی البقرة ئایەی ١٤٠)واتا: کێ لەو کەسە ناهەقترە،کە شایەتێکی لە لا هەبێت و لە خودای بشارێتەوە،خوداش لە هەموو کاروکردەوەتان ئاگادارە.

٧- شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَىٰ وَالْفُرْقَانِ ۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ (سورەتی البقرة ئایەی ١٨٥).واتا: مانگی ڕەمەزان مانگێکە کە قورئانی تێدا هاتۆتە خوار،ڕێنمایی بەخشە بۆ خەڵک و زۆر نیشانەی شارەزایی و هۆی لەیەکدی جیاکردنەوەی پاک و

ناپاكی تێدایە،جا هەر كەسێ مانگی ڕەمەزان دەبینێت،لە سەریەتی بەڕۆژوو بێت.

٨- وَمِنَ النَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ (سورەتی البقرة ئایەی ٢٠٤). واتا: لەناو ئەم خەڵكەدا هی وای تێدایە،قسەو گفتی سەبارەت بە ژیانی دونیا بۆ تۆ سەرسوڕهێنەرە،لەسەرئەو قسانەی لە دڵیاندایە خوداش بە شایەد دێنێتەوە، كەچی هەر ئەو لە دوژمنایەتیكردنی خودادا زۆر سەر سەختە.

٩- وَلَا تَكْتُمُوا الشَّهَادَةَ ۚ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ ۗ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ (سورەتی البقرة ئایەی ٢٨٣). واتا: ئەو كەسانەی شایەدن با خۆیان لە شایەدیدان نەشارنەوە، هەركەسێك خۆی لە شایەدیدان بشارێتەوە، ئەوا دڵی پڕ گوناه دەبێت و خوداش بە كارەكانتان دەزانێت.

١٠- شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ ۚ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿سورەتی آل عمران ئایەی ١٨﴾ واتا: خودا بۆ خۆی شایەدو ئاگادارەو،فریشتەكانی ئەویش و زانایانی بە ویژدانیش باش دەزانن كە هیچ كەسێك بێجگە لە خودا ،شایانی پەرستن نییەو هەر خۆی بە دەسەڵات و كارزانە.

١١- فَلَمَّا أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنْهُمُ الْكُفْرَ قَالَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللَّهِ ۖ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللَّهِ آمَنَّا بِاللَّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿سورەتی آل عمران ئایەی ٥٢﴾ واتا:

پاش ئەوەی عیسا تێیگەیشت کە باوەڕی پێ ناهێنن،گوتی کێ بێ لە ڕێی خودا یاریمەتیم بدا،حەوارییەکان وەڵامیان دایەوەو وتیان خۆمانین لە ڕێی خودا یارمەتیدەرین،بڕوامان بە خودا هێناو تۆش شایەد بە ،ئێمە خۆمان بەو دەسپێرین.

١٢- رَبَّنَا آمَنَّا بِمَا أَنزَلْتَ وَاتَّبَعْنَا الرَّسُولَ فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ﴿سورەتی آل عمران ئایەی ٥٣﴾. واتا:ئەی پەروەردگاری ئێمە، باوەڕمان هێناوە بەوەی تۆ داتبەزاندووە، شوێن پێغەمبەرەکەشت کەوتووین،تۆ لەگەڵ شایەدەکاندا بماننووسە.

١٣- قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿سورەتی آل عمران ئایەی ٦٤﴾. واتا: بڵێ ئێوەی ئەهلی کتێب،دەسا وەرن ئێمەو ئێوە لەسەر ئەو قسەیە سوور بین،کە بۆ هەمووومان وەکوو یەکە،تەنیا خودا بپەرستین و، شەریکی بۆ پەیدا نەکەین،نەچین هەندێکمان بۆ هەندێکیان-جگە لە خودا- بۆ پەرستن هەڵبژێرین،جا ئەگەر هەر گوێیان پێ نەدا،پێیان بڵێن،ئێوە بە شایەد دەگرین،کەوا ئێمە خۆمان بە خودا دەسپێرین.

١٤- يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ (سورەتی ال عمران ئایەی ٧٠).واتا: ئەی ئەهلی کتێب ، بۆچی ئێوە حاشا لە

نیشانەکانی خودا دەکەن، لەکاتێکدا ئێوە نیشانەکانی خوداش دەبینن و دەشزانن راستە.

١٥- قَالُوا أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ ﴿سورەتی آل عمران ئایەی ٨١﴾. واتا: وتی دەسا ئێوە بە شایەد بن،منیش ئەوا لەگەڵتانم. كَيْفَ يَهْدِي اللَّهُ قَوْمًا كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ وَشَهِدُوا أَنَّ الرَّسُولَ حَقٌّ وَجَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ ۚ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (سورەتی ال عمران ئایەی ٨٦). واتا: خودا چۆن گەلێک هیدایەت دەدات، کە دوای ئەوەی باوەڕیان هێنا، هەڵگەڕانەوەو کافر بوون ، لە کاتێکدا شایەدیان دابوو کە ئەو پێغەمبەرە هەقەو ،چەندین بەڵگەو نیشانەشیان لەوبارەیەوە بۆ هاتبوو، خودای گەورەش هیدایەت و رێنمایی ئەو دەستەو تاقمە ستەمکارە ناکات.

١٦- قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ شَهِيدٌ عَلَىٰ مَا تَعْمَلُونَ (سورەتی ال عمران ئایەی ٩٨). واتا: بڵێ ئێوەی ئەهلی کتێب،بۆچی باوەڕ بە ئایەتەکانی خودا ناکەن، خۆ خودا شایەدە لەسەر هەموو ئەو کارو کردەوانەی دەیکەن.

١٧- إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدًا (سورة النساء ئایەی ٣٣،هەروەها سورەتی ئەحزاب ئایەی ٥٥) واتا:خودا بۆ خۆی ئاگاداری هەموو شتێکە.

١٨- فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰؤُلَاءِ شَهِيدًا (سورة النساء ئایەی ٤١) واتا:دەبێت چۆن بێت ئەگەر هاتوو ئێمە لە هەر

کۆمەڵێکی ئایینیدایەکێکمان لێی هەڵبژاردن کە ببنە شایەد لەسەریان، تۆشمان کردە شایەدێک لەسەر ئەوان.

١٩- **رَسُولاً وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيداً** (سورة النساء ئایەی ٧٩) واتا، ئەوەندەت بەسە کە خودا ئاگای لێتە.

٢٠- **ان اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ** (سورەتی **الحج** ئایەی ١٧)**واتا: خودا لە ەموو شتێك ئا□ادارە.**

٢١- وَلَهُ الْمُلْكُ يَوْمَ يُنْفَخُ فِي الصُّورِ ۚ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ ۚ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ (سورەتی الأنعام ئایەی ٧٣) واتا: ئەو رۆژەی فو دەکرێت بە (الصُّورِ ۚ- کەڵە شاخدا)، دەسەڵات تەنیا بۆ خودایە، هەر ئەویش زانای دیارونادیارەو هەر ئەویش خودایەکی بە ئاگاو دانایە.

٢٢- وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (سورەتی التوبة ئایەتی ١٠٥) واتا: بەمزوانە دەبرێنەوە لای زانا،بە نادیاری و دیاران،ئەوسا ئاگادارتان دەکاتەوە کە چۆن کارێکتان کردووە.

٢٣- عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْكَبِيرُ الْمُتَعَالِ (سورەتی الرعد ئایەی٩).واتا: خودا لە نادیارو دیاران ئاگادارەو زاتێکی زۆر بە شکۆو بڵندو پایەدارە.

٢٤- ذَلِكَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (سورەتی السجدة ئایەی ٦).واتا: ئەو خودایە زانایە بە نهێنی و ئاشکراکان (دیارو نادیار)،هەر خۆیشی خاوەن دەسەڵات و دڵۆڤانە.

٢٥- قُلِ اللَّهُمَّ فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ أَنْتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِي مَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ (سورەتی الزمر، ئایەی ٤٦).واتا: تۆ بڵێ،ئەی خودای گەورە، ئەی داهێنەری ئاسمان و زەوی، زانای نهێنی و ئاشکرایت و، هەر لە نێوان بەندەکانتدا دادوەری دەکەیت،لەسەر ئەو شتانەی کە کێشەو جیاوازییان هەیە.

٢٦- هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ (سورەتی الحشر ئایەی ٢٢). واتا: ئەو خودایەکی ئەوتۆیە، جگە لەو کەسی دیکە بۆ پەرستن نابێت و ،هەر خوداش لە دیارو نادیاران بە ئاگایەو دڵۆڤانە.

٢٧- قُلْ إِنَّ الْمَوْتَ الَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مُلَاقِيكُمْ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (سورەتی الجمعة ئایەی ٨). واتا: بڵێ، ئەو مردنەی لێی هەڵدێن ،بە راستی هەر دەتانگاتێ و،پاشان هەر دەشتانبەنەوە لای زانای دیارو نادیاران،ئەوکات هەر خۆی پێتان دەڵێ چیتان کردووە.

٢٨- فَكَفَىٰ بِاللَّهِ شَهِيدًا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ إِن كُنَّا عَنْ عِبَادَتِكُمْ لَغَافِلِينَ ( سورەتی یونس ئایەی ٢٩). واتا: لەنێوان ئێوەو ئێمەدا، خودا شاهیدمان بێت بەسە، ئێمە ئاگادار نەبووین کە پەرستووتانن.

٢٩- وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ وَمَا تَتْلُو مِنْهُ مِنْ قُرْآنٍ وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُوداً (سورەتی یونس ئایەی ٦١ ) تۆ لە هەر بارێکدا بیت و هەر چیی لە قورئاندا بخوێنیت و هەر کارێک کە ئێوە بیکەن،ئێمە لێتان ئاگادارین.

٣٠- يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِداً وَمُبَشِّراً وَنَذِيراً (سورەتی الأحزاب) ئایەی٤٥).واتا:ئەی پێغەمبەر ئێمە بۆیە تۆمان ناردووە تا شایەد و مژدە بەخش و ترسێنەر بیت.

٣١- أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ (سورەتی فصلت ئایەی٥٣). واتا: ئاخۆ ئەوەندەیان بەس نییە کە خودا لە هەموو شتێک ئاگادارە.

٣٢- وَقَالُوا لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدْتُمْ عَلَيْنَا قَالُوا أَنْطَقَنَا اللَّهُ الَّذِي أَنْطَقَ كُلَّ شَيْءٍ (سورەتی **فصلت** ئایەی ٢١) پێستی خۆیان دەدوێنن، کە چۆن دژی ئێمە شایەدیان دا.

٣٣- الْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَى أَفْوَاهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَا أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُمْ (سورەتی یس ئایەی٦٥ ) واتا: ئەمە ئەمڕۆ مۆر دەخەینە سەر دەمیان و قسەیان پێ

ناکرێت، بەڵکو دەستیان دێنە قسە لەگەڵماندا، قاچیشیان دەبنشایەد لەسەریان کە کاروکردەوەیان چ بووە.

٣٤- مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَآ أَمَرْتَنِى بِهِۦٓ أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبَّكُمْ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِى كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ (سورەتی المائدة ئایەی١١٧) واتا:تۆ چۆن فەرمانت بە من دا،منیش هەر ئەوەم راگەیاند،گوتم خودا بپرەستن کە منیش و ئێوەشی دروستکردووە، هەتا لەناو ئەوانیش بووم، هەر ئاگادارو چاودێری باوەڕیان بووم. لەوکاتەوەش کە تۆ منت بۆ خۆت بردۆتەوە،بۆخۆت هەر ئاگاداریان بووی،دیاریشە خۆت لە هەموو شتێک ئاگاداری.

٣٥- إِنْ تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِنْ تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (سورەتی المائدة ئایەی ١١٨) .واتا: گەر بتەوێ ئازاریان بدەی، کۆیلەو عەبدی خۆتن،گەر بشتەوێ لێیان خۆش بیت،خۆت دەزانی و هەر بۆ خۆتی کە دەسەڵاتت بەدەستەو لە کارزانی.

٣٦- قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً قُلِ اللَّهُ شَهِيدٌ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا الْقُرْآنُ لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ آلِهَةً أُخْرَىٰ قُل لَّا أَشْهَدُ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ وَإِنَّنِي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ (سورەتی الأنعام ئایەی ١٩)واتا: بڵێ،شایەدیدانی کێ لە هەموو شایەدیدانێک گرنگترە،بڵێ، لەنێوانماندا خودا شایەدە،ئەو قورئانە، ئەو بە خەڵات بۆ منی ناردە خوارەوە، تا بەهۆی ئەو ،ترس بخەمە بەر ئێوەو هەر کەسێکیش کە پێیدەگات، ئێوە

شایەدی دەدەن  کە لەگەڵ خودا چەند خودایەکی دیکەش هەیە، بڵێ من شایەدی نادەم، بڵێ خودا هەر یەکەو من لە شەریک بۆ خوا دانانی ئێوە،دوورو بێزارم.

٣٧- وَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ(سورەتی التوبة ئایەی ٩٤). واتا: خواو پێغەمبەری خوا کردەوەکانتان دەبینن و لە ئاکامدا دەبردرێنەوە لای ئەو خودایەی کە ئاگاداری نهێنییەکان و ئاشکرایەکانە،ئەوسا وەئاگاتان دەهێنێتەوە کە چ کارێکتان کردووە.

٣٨- وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَٰئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ  وَحَسُنَ أُولَٰئِكَ رَفِيقًا(سورەتی نیساء ئایەی ٦٩) زۆر جار ئەم ئایەتە بەو مانایە دەهێنرێتەوە، کە خودا شەهیدی لە ریزی پێغەمبەرەکان و راستگۆکان و پیاوچاکان داناوە، لەکاتێکدا بە پێی ئەم ئایەتەش دەڵێین، بە هیچ جۆرێک شەهید ئەو کەسانە ناگرێتەوە، کە کۆتایی بە ژیانیان هاتووەو مردوون یان کوژراون، بەڵکو شەهید ئەوانەن کە لە ژیاندان، هەر وەکوو چۆن کاتێک بە کەسێک دەڵێی پێغەمبەر کە لە ژیاندایە، کاتێک بە کەسێک دەڵێی راستگۆ کە لە ژیاندایە،کاتێکێکیش بە کەسێک دەوترێ پیاوی باش کە زیندووەو لە ژیاندایە، ئایا بە کەسێک دەوترێ پێغەمبەر کە مردبێت، هەموو ئەو نازناوانە کاتێک دەدرێت بە کەسێک کە لە ژیانیاندا ماون و نەمردوون، بە دیوێکی دیکە، بە هیچ

شێوەیەک مەبەست لە شەهید،ەو کەسانە ناگرێتەوە کە لە بەرەکانی شەڕ کوژرابن، باشترین نموونە هەموو ئەو سەحابانەی لە شەڕ کوژراون،کە هەمزەی مامی محەمەدیشیان لەگەڵدابووە، کەچی یەک ئایەت نەهاتۆتە خوارەوە بڵێ فلانە کەس لەبەر ئەوەی لەگەڵ کافران جەنگاوەو لە پێناوی قورئان و خودا بووە، شەهیدە، یەک ئایەتی لەمجۆرە نادۆزرێتەوە، چونکە بنچینەو بنەمای ئایەتەکان کە باسیان لە شەهید کردووە، بەو مانایە نەبووە کە لە شەڕ کوژرابیت، بەو مانایەش نەبووە لە دوای کوشتن یان مردنی هەر کەسێکا، ئەم نازناوەی پێدرابێت، چونکە ئەوەی ئێستا باوە، تەنیا ئەوانە شەهیدن کە ژیانیان لەدەست داوە، جا بە هەر هۆیەکەوە بووبێت.

## رۆژووگرتن(بەڕۆژوو بوون)

بۆئەوەی باشترو روونتر لە مانای رۆژووگرتن(بەڕۆژوو بوون)تێبگەین،جارێ هەموو ئەو ئایەتە قورئانیانە بە نموونە دەهێنینەوەو دەشیکەین بە کوردی، تا بۆمان یەکلا ببێتەوە، ئاخۆ خودای گەورە مەبەستی لە بەرۆژووبوون مەبەستی سک هەڵگوشین و برسیکردنی خەڵک بووە، یان مەبەستێکی دیکەی هەبووە،با ئایەتە قورئانییەکان خۆیان شەرحی خۆیان بکەن.

١-وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ وَلَا تَحْلِقُوا رُءُوسَكُمْ حَتَّىٰ يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ فَإِذَا أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ذَٰلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴿ سورەتی البقرة ئایەی ١٩٦﴾ واتا: حەج و عومرە بەتەواوی بۆ خودا بەجێ بهێنن، ئەگەر ڕێگەشتان لێ گیراو ئەرکەکانتان بۆ ئەنجام نەدرا، ئەوا چەندی بۆتان دەکرێ ئاژەڵ بکەنە قوربانی ،تا ئاژەڵی قوربانی نەگاتە جێی دیاریکراو،سەرتان مەتاشن،کێ لە ئێوەش ناتەندروستە یان ئازارێکی لە سەریدا هەیە،بارتەقای ئازارەکە یان نەخۆشییەکەی (فیدیە بدات ،واتا بەرۆژوو بێت) یان خێرێک ببەخشێتەوە،یان هەر لەوێدا ئاژەڵێک بکاتە خێر، هەر کاتێکیش ترسێکتان نەما (واتا چاکبوونەوە)هەر کوێ ویستی قوربانییەک بدات، لە عەمرە تا کاتی حەجکردن،هەرچەندی لە دەستی دێت با ئاژەڵ بکاتە قوربانی،ئەگەر دەستیشی کورت بوو، با سێ رۆژ لە حەج بەرۆژوو بێت، کاتێک کە لە حەجیش گەڕایەوە،با حەوت رۆژ بە رۆژوو بێت،کە هەمووی دەکاتە دە (١٠) رۆژی تەواو، جا ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە کە خەڵکی مەککەو دەوروبەری نەبێت ، دەبێت لە خوا بترسین و ،خودا لە تۆڵە سەندنەوەدا توندوتیژە.

کەواتە لێرەش ئەو قوربانیکردن و هەژار تێرکردنە، ئەوانە ناگرێتەوە کە باری بژێوییان باش نییە، واتا دەوڵەمەندەکان سووکترو ساناتر دەتوانن سوود لەم رێنماییانە وەربگرن، نەک ئەوانەی کەم دەرامەتن.

٢-	يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿سورەتی البقرة ئایەی١٨٣﴾ واتا: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە،بۆتان نووسراوە بەڕۆژوو بن،هەر وەک لەسەر ئەوانەی پێش ئێوەش نووسرا بوو،لە خوا بترسن.

٣-	أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ ۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ۚ وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ۖ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ ۚ وَأَن تَصُومُوا خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (١٨٤) شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَىٰ وَالْفُرْقَانِ ۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ ۖ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ۗ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (١٨٥) ﴿سورەتی البقرة ئایەی١٨٤-١٨٥ ﴾ واتا: چەند ڕۆژێکی دیاریکراوە،هەر کێ لە ئێوەش نەخۆشە، یان ڕێبوارە، با بەقەد ئەو ڕۆژانەی پێی نەگیراوە لە ڕۆژانی دیکە بیانگرێتەوە، ئەو کەسانەش کە بە سەختی ڕۆژوویان پێ دەگیرێ،با لەجیاتی ڕۆژوو فدیە بدەن و ،خۆراکی هەژارێک بدەن،ئەو کەسەی حەزیش بکات خۆراکی زیاتر بدات،بۆ خۆی باشترە،گەر ئێوە بتانزانیبایە بەڕۆژوو بوون زۆر باشترە.(١٨٤) مانگی ڕەمەزان،ئەو مانگەیە کە قورئان لەو مانگەدا هاتۆتە خوارەوە،کە ڕێگا بە خەڵک نیشان دەدات و زۆر نیشانەو بەڵگەی بۆ ڕێنماییکردن و جیاکردنەوەی چاکە لە خراپە (پاک لە ناپاک)ی تێدایە،جا هەرکەسێک مانگی ڕەمەزان دەبینێ لەسەریەتی بەڕۆژوو بێت، هەر کەسێکیش کە نەخۆش بێت یان لە سەفەر بێت،ئەوا لە ڕۆژانی دوایی دەبێت بیگرێتەوە،خودا سانایی ئێوەی دەوێت و نایەوێ ئەرکەکانتان گران

بکات، رۆژەکانی تەواو پێ بن و یادی خودا بکەنەوە،کە ئەو رێگای نیشانداون و پێویستە سوپاسی بکەن.

٤- أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَائِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴾سورەتی البقرة ئایەی ١٨٧) واتا: لە شەوانی رەمەزاناندا، جووتبوونتان لەگەڵ ژنەکانتان حەلال کراوەو،ئەو کولوپەلی ئێوەن و ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان،خودا لەوە ئاگادارە کە خۆتان دەخەڵەتاند (بە نزیکبوونەوەتان لە هاوسەرەکانتان، چونکە دوو دڵ بوون نەتاندەزانی حەڵاڵە یان نا) بەڵام خودا تۆبەی لێ وەرگرتن و لێتان خۆشبوو ،کەواتا لە ئێستا بەدواوە،دەتوانن (شەوان)لێیان نزیک ببنەوەو ئەوەی خودا بۆی بڕیارداون،بیخۆن و بیخۆنەوە،تا بەرەبەیان کە هەوای سپی لە هەوای ڕەش جودا دەکرێتەوە، پاشان رۆژووتان بگرن تا شەو،هەر کاتێکیش لە مزگەوتدا بە تەنیاو گۆشەگیر دەمێننەوە،تخوون ژنەکانتان مەکەون،ئەمانە سنووری خودان،نەچن تخونیان بکەون! ،ئا بەمجۆرە خودا نیشانەکانی خۆی بۆ خەڵک ئاشکرا دەکات ، بۆئەوەی خۆتان بپارێزن.

٥- لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الْأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ ذَٰلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ وَاحْفَظُوا أَيْمَانَكُمْ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ

اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾سورەتی المائدة  ئایەی ٨٩) واتا: خوا ئەو سوێندانەو لێ ناگرێت، کاتێک بە سادەیی بە دەمتاندا دێت ، بەڵکو لەو سوێندانەتان دەپرسێتەوە، کە بیرو هۆشتان لای هەبووەو مەبەستێکتان لێی هەبووە،بە گوناهبارتان دادەنێت و دەبێت بارتەقای ئەو سوێندە، خواردن بدەنە دە (١٠) هەژارو دەستکورت،لەو خواردنەی بە ئاسایی دەیدەن بە خێزانی خۆتان،یان دەبێت جلوبەرگی دە (١٠)کەسی هەژار دابین بکەن، یان کۆیلەیەک رزگار بکەن،کەسێک ئەمانەی نەبوو، باس ێ (٣)رۆژ بە رۆژوو بێت، ئەوە کەفارەتی سوێندەکەتانە،کە بە ئەنقەست خواردووتانە،سوێندی خۆتان بپارێزن و جێبەجێیبکەن،ئاوەها خودا نیشانەو بەڵگەکانی خۆی  بۆتان ڕووندەکاتەوە،تا ئێوەش سوپاسی بکەن.

٦- فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِنَ اللَّهِ (سورەتی النساء ئایەی ٩٢). واتا: لەسەریەتی دوو مانگی رەبەق بەرۆژوو بێت، هەتا خودا پەشیمانبوونەوەکەی لێ قەبووڵ بکات،خوداش زانای لەکارزانە.

٧- يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْتُلُوا الصَّيْدَ وَأَنْتُمْ حُرُمٌ وَمَن قَتَلَهُ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا فَجَزَاءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ أَوْ عَدْلُ ذَٰلِكَ صِيَامًا لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِ عَفَا اللَّهُ عَمَّا سَلَفَ وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ اللَّهُ مِنْهُ وَاللَّهُ عَزِيزٌ ذُو انتِقَامٍ (سورەتی المائدة ئایەی ٩٥) واتا: ئەی گەلی بڕواداران، هەتا ئێوە لە ئیحرامدان (نیەتی حەج یان عەمرەتان هێناوە)،نابێت هیچ نێچیرێ بکوژن (ڕاو مەکەن)،کێ لە ئێوە بەدەستی ئەقەست نێچیرێ بکوژێ لە کاتی ئیحرامدا،لەسەریەتی ئاژەڵێک (بارتەقای ئەو نێچیرەی ڕاویکردووە —

کوشتوویەتی – بکوژێت، دوو مرۆڤی دادپەروەریش لە خۆتان بارتەقاییەکە بسەلمێنێت) بهێنێتە ماڵی کەعبەو لەوێ بیکاتە قوربانی،یان بارتەقای ئەو نێچیرە خواردن بدات بە هەژاران،یان بەرانبەر بە تەخمینکردنی ئەو نێچیرەی راویکردووە، چەند رۆژ دابنێن با بەرۆژوو بێت،هەتا سزای ئەم کردەوەیەی خۆی بکوژێت،خودا لە کاری رابردوو چاو دەپۆشێت،هەرکەسێکیش تێهەڵچێتەوە،خودا تۆڵەی لێدەکاتەوە،خوداش خاوەن دەسەلات و تۆڵەستێنە.

٨–**فَكُلِي وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَٰنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا** ( سورەتی مریم ئایەی ٢٦) ماناکەی ئەمەیە: بە چاوی روون بخۆو بخۆوە،هەر مرۆڤێکیشت بینی، پێی بڵێ ، من بڕیارمداوەو نەزرم کردووە بە رۆژوو بم(لە ئاخافتن دوور بکەومەوە) ئیتر ئەمڕۆ قسە لەگەڵ هیچ کەسێک ناکەم.

سەیرکەن مانای ئەم ئایەتە یەکجار روونە، کە مەبەستی لە بەرۆژووبوون (رۆژووگرتن)واتە قسە نەکردنە نەک نان نەخواردن. واتا دەبێت لەو رۆژەدا زمانمان بگرین، نەک گەدەو سکمان.

٩– **إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا**

(سورەتی الأحزاب ئایەی ٣٥) واتا: پیاوو ژنانی موسڵمان، پیاوو ژنانی باوەڕدار،پیاوو ژنانی ملکەچ و فەرماندار، پیاوو ژنانی راستگۆو پیاوو ژنی خۆڕاگرو پیاوو ژنی بێ فیزو خۆ بەزل نەزان،پیاوو ژنی بەخشندە (سەدەقەدەر)، پیاوو ژنانی بەرۆژوو، پیاوو ژنانی ناموس پارێز(داوێن پاک)،ئەو پیاوو ژنانەی کە زۆر یادی خودا دەکەن،لە خوداوە لێخۆشبوون و پاداشتێکی گەورەیان بۆ داندراوە.

١٠- ﴿فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا (سورەتی المجادلة ئایەی ٤)﴾ . واتا: هەر کێ نەیبوو با دوو مانگ لەسەر یەک بە رۆژوو بێت، پێش ئەوەی بە یەکدی بگەن.

بەپێی ئەو ئایەتانەی سەرەوە جیاوازییەکی باش هەیە لەنێوان(الصوم) و (الصیام) هەموو ئەو ئایەتانەی پەیوەندی بە(الصیام)ەوەیە، کەواتە پەیوەندی بە رۆژوو گرتنەوە هەیە، بەڵام ئەو ئایەتانەی باسی(الصیام) ی کردووە، پەیوەندی بە قسەنەکردنە ،نەک بە رۆژوو بوون ،واتا (الصیام) پەیوەندی بە سک گوشین و خۆ برسی کردنەوە نییە، خواردن و خواردنەوە ئاساییە، بەڵام (الصوم) پەیوەندی بە رۆژووگرتنی هیچ نەخواردنەوە هەیە. تەواوی دەقی ئەو ئایەتانەی سەرەوە راستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن.

# فره ژنی

ئەوەی پەیوەندی بە فرە ژنییەوە هەیە، دیسان هەر بە پێی ئایەتەکانی قورئانی، تێنەگەیشتنێک لە فرە ژنیدا هەیە، بۆیە کاتێک سەیردەکەی پرسی فرە ژنی لە لایەکەوە پەیوەندی بەو دادپەروەرییەوە نییە کە بۆ نێوان ژنەکان دانراوە،ئەگەر ئەمە وابوایە نەدەبوو پێغەمبەری خودا محەمەد عائیشەی لە ژنەکانی دیکە خۆشتر بویستبایە،قسەی دیکەیش لەو بارەیەوە زۆرە کە نامەوێ لێرە بچینە سەری، چونکە لێرە مەبەستمان مێژووی ئیسلام نییە بەڵکو مەبەستمان ماناکانی قورئانە وەکوو خۆی، لە لایەکی دیکەیشەوە بە پێی ئایەتەکانی قورئانی مەرج نییە تەنیا بتوانی چوار ژن بهێنیت و فرە ژنی لە چوار ژنی ڕاناوەستێت، ئەمە ئەگەر وابوایە دەبوو پێش هەموو کەس پێغەمبەری خوا لە چوار ژنی زیاتر نەهێنابوایە، لەکاتێکدا ئەو ڕۆژەی محەمەد کۆچی دوایی کرد، نۆ ژنی لە دوای خۆی بەجێهێشت.یان تەواوی خەلیفەکانی راشدین و ئەو دە (١٠) کەسانەی مژدەی چوونە بەهەشتیان پێ درابوو ، نەدەبوو لە چوار ژن زیاتر بهێنن، لەکاتێکدا هەم پێغەمبەرو هەم خەلیفەکانی راشدین و هەم ئەو دە (١٠)کەسەی مژدەی چوونە بەهەشتیان پێ درابوو، هەم **ئەصحاب** و یاوەرەکانی دیکەی محەمەد ، پا بەند نەبوونە بە چوار ژنی و زۆر زیاتریان

هێناوە، جگە لەو هەموو کەنیزەیەی لە ئەنجامی شەڕو فتوحاتەکاندا دەستیان دەکەوت، هەر خودی پێغەمبەر بە پێی ئایەتی قورئانیش یەک لەسەر پێنجی ئەو دەستکەوت و غەنیمانەی شەڕی بەردەکەوت، بەو ئافرەتانەشەوە کە لە بەرەکانی شەڕ دەگیران، باشترین نموونە ×فیە کاتێ باوک و برای کوژران، هەر ئەو شەوە محەمەد لەگەڵی نوست لەکاتێکدا هێشتا صفیە باوک و برای خوێنیان لەبەردا دەڕۆیی. نموونەی دیکەیش زۆرە.

ئەی دەبێت ئەو عەدالەت و دادپەروەرییە چی بێت کە خودا لە قورئاندا باسی کردووە، من بەش بە حاڵی خۆم هەموو قورئانم خوێندەوە بە تەفسیرو وەرگێڕانە جیاوازەکانیشەوە، بەڵام لەناو خودی ئایەتەکاندا ئەوە نادۆزیتەوە کە دادپەروەری و عەدالەت لە نێوان ژنەکان رابگیرێت، چونکە روونە چەندی بتەوێ رێز لە هەموو ژنەکان بگریت، بەڵام قەت ناتوانیت بە دڵ خۆشەویستیت بەسەر هەموو ژنەکان وەک و یەک و بە یەکسانی دابەش بکەیت، ئەمەیان لە مەحاڵ مەحاڵترە. بۆیە خوای گەورە مەبەستیی ئەوە بووە کە پێمان بڵێت عەدالەت لە نێوان منداڵەکانتان رابگرن کاتێک ٤ ژن دەهێنن، واتە عەدالەت لەنێوان ئەو منداڵانە رابگرن کە هەتیون و، ئێوەش دایکیان مارە دەکەنەوە، جیاوازی لەنێوان منداڵی بێوەژنەکان دروست مەکەن. کەواتە فرە ژنی رێک ئەو مانایەی هەیە کە دەبێت ئەو مێیانە بهێنێت کە بێوەژنن و منداڵیشیان هەیە واتە هێتیمیان هەیە

وان خفتم الا تقسطوا في اليتامى فانكحوا، لێرە تەواوی وەرگێڕو شرۆڤەکارانی عەرەب و کورد هەڵەیەکی زەقیان کردووە، ئەویش ئەوەیە ئەو وشەی الیتامی وا لێکدراوەتەوە واتا کچی هەتیو، بەڵام هەر کچێک کە مێردی کرد ئیتر لە هەتیوی دەچێتە دەرەوە  وەک چۆن منداڵ کە بالق بوو ئیتر پێی ناوترێ هەتیو، ئەمە بۆ کچیش هەر وایە، کچ تا بالق نەبووبێت مێرد ناکات کەواتە ئەو وشەی هەتیوە بۆ ئەوەیە  ئەو ژنانەی کە هەتیویان هەیە، واتا منداڵی بچووکیان هەیەو هێشتا تەمەنیان بچووکە.

وان خفتم  مانای ئەگەر هاتوو دەگەیەنێت، الا تقسطوا واتا دادپەروەر نەبوون ، واتا: ئەگەر هاتوو دادپەروەر نەبوون،لەکێ دادپەروەر نەبیت  فی الیتامی  واتا لەنێوان منداڵە هەتیوەکان، هەموو منداڵێکی هەتیویش تا ئەوکاتە هەتیوە تا بالق دەبێت واتا تا کوڕ توانا بایۆلۆژییەکەی دەگاتە ئەو ئاستەی سێکس بکات،هەروەها ژنیش  پێدەگات و جەستەی لە رووی بایۆلۆژییەوە ئامادە دەبێت بۆ سێکس کردن، واتا لە قۆناخی منداڵی دەردەچن، هەر کەسێکیش کە لە قۆناخی منداڵی دەرچوو، تێپەڕبوو ئیتر هەتیو (هێتیم)نییە.

بێگومان ئەسبابی نزول ی ئەم ئایەتە زۆر لاوازە، بۆیە ناچینە سەری ،بەڵام ئیمامی بوخاری و موسلیم  پێیانوایە مەبەست لەو ئایەتە ئەوەیە عەدالەت لەنێوان ژنەکان رابگریت ،ئیتر سەرچاوەی گرفتی باش لێحاڵینەبوونەکە لەو ئایەتە لەوێوە سەریهەڵداو ئیدی تەواوی شرۆڤەکارو

لێکۆڵەرەوەکانی قورئان بە پشتبەستن بەو تێگەیشتنەی ئیمامی بوخاری و موسلیم ،هەمان بۆچوونیان سەپاند.تەنانەت لە وەرگێڕانی دەقەکانی قورئان لە لایەن مام هەژاریشەوە هەمان هەڵە دووبارەو چەند بارە بۆتەوە.

ئەگەر بە وردی لە قورئان ورد ببینەوە، دەبینین لە تەواوی ئایەتەکانی ناو قورئاندا،تەنیا لە حەڤدە ئایەتدا وشەی یەتیم(هێتیم) بەکارهاتووە، ئێستا بۆ بەرچاوڕوونی وا باشترە هەر حەڤدە ئایەتەکە بهێنینەوەو بیانکەین بە کوردی، بۆئەوەی هیچ تەمومژو لێڵییەک لەو بارەیەوە نەمێنێتەوە.

١- لە سورەتی الانعام ئایەی ١٥٢ وا هاتووە: **وَلاَ تَقْرَبُواْ مَالَ الْيَتِيمِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ** (سورەتی الانعام ئایەی ١٥٢ هەروەها سورەتی الاسراء ئایەی ٣٤)). واتا:نزیک ماڵ و دارایی هەتیوان مەکەون،مەگەر بە چەشنێ کە باشتر بێت بۆ ئەوان،تا ئەوکاتەی گەورە دەبێت و پێ دەگات.

٢- **كَلَّا بَل لَّا تُكْرِمُونَ الْيَتِيمَ** (سورەتی الفجر ئایەی ١٧) واتا: نەخێر بەڵکو ئێوە رێز لە هەتیو ناگرن.

٣- **فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ** (سورەتی الضحى ئایەی ٩) . واتا: تۆش چیتر هەتیو مەڕەنجێنە.

٤- فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ (سورەتی الماعون ئایەی٢) هەر ئەویش بوو هەتیوی دەڕەنجاند.

٥- وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ لاَ تَعْبُدُونَ إِلاَّ اللّهَ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً وَذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْناً وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنكُمْ وَأَنتُم مِّعْرِضُونَ (سورەتی البقرة ئایەی٨٣)واتا: ئەو سەردەمەش کە پەیمانمان لە بەرەی ئیسرائیل وەرگرت،جگە لە خوا کەسی دیکە نەپەرستن و لەگەڵ دایک و باوکان و خزم و هەتیوو هەژاراندا چاکە بکەن وبۆ خەڵکیش قسەی باش بکەن و ،نوێژ بکەن و زەکات بدەن،ئینجا دوای ئەوە پشتوتێکرد(کەمێکتان نەبێت)و خۆتان لە پەیمانەکە بوارد.

٦- لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَـكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّآئِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ(سورەتی البقرة ١٧٧) واتا: کاری باش و چاک هەر ئەوە نییە روو لە رۆژهەڵات یان رۆژئاوا بکەن،چاک ئەوەیە باوەڕتان بە رۆژی ئاخیرەت و فریشتەو قورئان و پێغەمبەرانی خوداو، لەو سامانەش بەشێکی بدەن بە خزمان و هەتیوان و هەژاران و رێبواران و داواکاران و کۆیلەکانی پێ بکڕنەوە.

٧- يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلْ مَا أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ فَلِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللّهَ بِهِ عَلِيمٌ

(سورەتی البقرة ئایەی٢١٥)واتا: لەتۆ دەپرسن(ئەی پێغەمبەر) چی ببەخشن، پێیان بڵێ،هەر شتێکی چاک کە دەیبەخشن،بیدەن بە دایک و باوک و خزمی نزیکتان و هەتیوو هەژاران و ئەوانەی لە ڕێگادا بەجێ ماون،هەر چاکەیەکیش کە ئێوە دەیکەن، خودا پێی دەزانێت.

٨- فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْيَتَامَى قُلْ إِصْلاَحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ وَإِنْ تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ الْمُفْسِدَ مِنَ الْمُصْلِحِ وَلَوْ شَاء اللّهُ لأعْنَتَكُمْ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (سورەتی البقرة ئایەی٢٢٠) واتا: هەم لە دونیاو هەم لە ڕۆژی ئاخیرەتدا، لێتدەپرسن،دەربارەی هەتیوان چۆن بین،بڵێ، ئەگەر بە دڵسۆزی ئاگاتان لێیان بێت کارێکی چاکە،ئەگەر لەگەڵ ئێوە دەژین،وەک براو خوشکی خۆتان بن،خوا بۆخۆی دەزانێت، کێ بەدفەڕەو کێ کار چاکە،ئەگەر خودا مەیلی لێبوایە ئەرکی لەسەر گران دەکردن،خودا خاوەن دەسەڵات و لەکارزانە. هەر لە سورەتی نیساء ئایەی ٢ ،٣، بەمجۆرە هاتووە.

٩-وَآتُوا الْيَتَامَىٰ أَمْوَالَهُمْ وَلَا تَتَبَدَّلُوا الْخَبِيثَ بِالطَّيِّبِ وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَهُمْ إِلَىٰ أَمْوَالِكُمْ إِنَّهُ كَانَ حُوبًا كَبِيرًا (٢) وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَلَّا تَعُولُوا (٣) (سورەتی النساء ئایەی ٢،٣) واتا: ماڵی هەتیو بدەنە هەتیوان،ناپاک بە پاک مەگۆڕنەوەو ماڵی ئەوان تێکەڵ بە ماڵی خۆتان مەکەن،ئەو کارە گوناهێکی گەورەیە. ئەگەر هاتوو نەتانتوانی بە دادپەروەری لەگەڵ کچە هەتیوەکان(بێ باوکەکان) ڕەفتار بکەن، دەتوانن

وازیان لێ بێنن و، ژنانی دیکه – که چەندی خۆتان پێتان باشه و پێتان دەشێ–مارەیان بکەن، دوان بن یان سێ،یان چوار بن هەر رەوایه،ئەگەر ترسان که ناتوانن ژنەکانتان وەکوو یەک سەیر بکەن، با یەکێک بێت، یان لەگەڵ ئەوانه رابوێرن که بوونەته موڵکی خۆتان (مەبەستی لەو کچ و ژنانەیه که کراونەته کەنیزه)،بۆ خۆ پاراستن له ستەمکاری،ئەمه کارێکی پەسندە.

١٠– هەر له هەمان سورەتدا ئایەی ٦ وا هاتووه:

وَابْتَلُواْ الْيَتَامَى حَتَّىَ إِذَا بَلَغُواْ النِّكَاحَ فَإِنْ آنَسْتُم مِّنْهُمْ رُشْداً فَادْفَعُواْ إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ وَلاَ تَأْكُلُوهَا إِسْرَافاً وَبِدَاراً أَن يَكْبَرُواْ وَمَن كَانَ غَنِيّاً فَلْيَسْتَعْفِفْ وَمَن كَانَ فَقِيراً فَلْيَأْكُلْ بِالْمَعْرُوفِ فَإِذَا دَفَعْتُمْ إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ فَأَشْهِدُواْ عَلَيْهِمْ وَكَفَى ( سورەتی النساء ئایەی٦ ) واتا: هەتیوان تاقیبکەنەوه تا بالق دەبن، جا ئەگەر دیتتان باش و خراپ لەیەکدی جودا دەکەنەوه، ئەوسا ماڵیان بۆ بگێرنەوەو بیاندەنەوه، له ترسی ئەوەش نەوەک زوو گەورە ببن ماڵیان مەخۆن،کێ دەوڵەمەندە خۆی بپارێزێت، کێی هەژارە هەر ئەوەندەی که بۆ ژیانی پێویستی پێیەتی،رۆژانه کەمێکی لێ ببات،هەر کاتێکیش ماڵەکەیان دەدەنەوه، با شایەد ئاگای لێبێت و بۆ لێپرسینەوەش هەر خودا بەسه.

١١– وَإِذَا حَضَرَ الْقِسْمَةَ أُوْلُواْ الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينُ فَارْزُقُوهُم مِّنْهُ وَقُولُواْ لَهُمْ قَوْلاً مَّعْرُوفاً (سورەتی النساء ئایەی٨ ) واتا: ئەگەر لەکاتی

دابەشکردنی  میراتدا، خزمان و هەتیوان و هەژاران  لەوێ بوون، لەو ماڵە شتێکیان بدەنێ و بە روویەکی خۆشەوە قسەیان لەگەڵدا بکەن.

١٢-   **إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْماً إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَاراً وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيراً** (سورەتی النساء ئایەی ١٠). واتا:ئەو کەسانەی بە ناڕەوا پارەو ماڵی هەتیوان دەخۆن ، با بزانن کە ئاگرێک دەخۆن و ئاگرێک دەخەنە هەناوی خۆیانەوەوتووشی ئاگرێکی بە گڕو بە جۆش دەبن.

١٣-   **وَاعْبُدُواْ اللّهَ وَلاَ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئاً وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً وَبِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالجَنبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالاً فَخُوراً** ( سورەتی النساء  ئایەی٣٦). واتا: کۆیلەی خودا بن و هیچ شەریکی بۆ پەیدا مەکەن،دەربارەی دایک و باوک و خزمان و هەتیوان و هەژاران و دراوسێی دیوار بە دیوارو دراوسێی دوورو هاوکارو پیشەو، ئەوانەش لە ڕێگادا ماون و ئەوانەش بوونەتە موڵکتان(بوونەتە موڵکتان، مەبەستی ئەو کچ و ژنانەیە کە لە شەڕەکاندا دەستیان بەسەردا دەگیرێت و دەیانکەن بە کەنیزە)،تا دەتوانن چاکە بکەن،ئەوانەی لوت بەرزو خۆ پەسندن،خودا هیچ کامێکی لەو لوت بەرزو خۆ پەسندانە خۆش ناوێت.

١٤-   **وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِن كُنتُمْ آمَنتُمْ بِاللّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ** (سورەتی الأنفال

ئایەی٤١).واتا:ئەگەر باوەڕتان بە خودا هەیە،هەر غەنیمەو دەستکەوتێکتان (لە شەڕی بێ باوەڕەکاندا — لە تالآندا) دەستکەوت، پێنجیەکی بۆ پێغەمبەری خوداو بۆ خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانی ڕێگایە، ئەگەر باوەڕتان بە خودا هەیەو باوەڕیشتان بەوە هەیە کە بۆسەر عەبدەکانی خۆمان دابەزاندووە، لەو ڕۆژەوەی دوو کۆمەڵ(دوو لەشکر) بەرەنگاری یەک بوونەوە، خوداش بەسەر هەمووو شتێکدا دەسەلآتدارە.

١٥- **مَّا أَفَاء اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاء مِنكُمْ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ** (سورەتی الحشر ئایەی٧). واتا: هەر تالآنێک لە دانیشتوانی ئەو شارانە (کە جوولەکەن) خودا بۆ پێغەمبەری ناردووە،بۆ خوداو بۆ پێغەمبەرو بۆ ئەوانەشە کە خزمی نزیک و هەتیوو هەژارو ڕێبوارن، نەک بیکەنە سەرمایەی ئاڵوگۆڕکردن لەناو دەوڵەمەندەکانداو، هەرچی پێغەمبەر پێتاندەدا وەریبگرن، هەرچییەکی پێشتان نەدا، دەستی بۆ مەبەن،دەبێت لە خودا بترسن ،کە تۆڵەی خودا زۆر توندو دژوارە.

١٦-**وَيَسْتَفْتُونَكَ فِي النِّسَاءِ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِيهِنَّ وَمَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ فِي يَتَامَى النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا تُؤْتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ وَتَرْغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الْوِلْدَانِ وَأَن تَقُومُوا لِلْيَتَامَىٰ بِالْقِسْطِ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِهِ عَلِيمًا** (سورەتی النساء ئایەی ١٢٧). واتا: ئەی محەمەد لەبارەی ژنەکانتەوە پرسیارت لێدەکەن،بڵێ بەهۆی قورئانەوە،خودا وەڵامی ئەو پرسیارەی

داونەتەوە، ئەو هەتیوانەی بە کچی ماونەتەوەو ئەو ماڵەی کە دەیانکەوێ و ناشیاندەنێ و دەشتانەوێ لە خۆشتانی مارە بکەن، هەروەها ئەو منداڵانەی بێ سەرپەرشتیارو بێ دەرەتانن، لەسەرتانە لەگەڵ هەموو هەتیوان بە یەکسانی رەفتار بکەن،ئێوە هەر کارێکی چاک بکەن،لێتان روون بێت کە خودا لێی ئاگادارە.

١٧- وَأَمَّا الْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَامَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِي الْمَدِينَةِ ﴿سورەتیالکهف ئایەی ٨٢﴾ . واتا: دیوارەکە کە چاکم کردەوە هی دوو منداڵی هەتیوی شارۆچکەکە بوون.

١٨- وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا ﴿سورەتی الانسان ئایەی ٨﴾. واتا:لەو خواردنەی کە خۆیان حەزی لێدەکەن، دەیبەخشنە هەژارو هەتیوو بەدیلگیراوەکان.

١٩- يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ ﴿سورەتی البلد ئایەی ١٥﴾ . واتا: بە هەتیوێکی بێ کەسی نزیکی خۆی .

٢٠- أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَىٰ ﴿سورەتی الضحی ئایەی ٦﴾. واتا: چما خودا بە هەتیوی نەیبینیویت کە زوو دەرگای لێ کردییەوەو تۆی حەواندەوە.

لێرە هەموو ئەو ئایەتانەمان بە نموونە هێناوەتەوە کە باسی منداڵی هەتیوو (بێ باوک)دەکات، هەموو ئایەتەکان زیاتر لە دەوری یارمەتیدانی هەتیوو دەست نەبردن بۆ سامان و پارەکانیان دەخولێتەوە،سەیرکە لە

(٢٠) ئایەتدا باسی هەتیوی کردووە، بەڵم تەنیا لە یەک ئایەتدا باسی فرە ژنی کردووە ئەویش هەر پەیوەندی بە هەتیوەوە هەیە، ئەو ژنانەی مێردەکانیان لە شەڕدا دەکوژران و منداڵیان لێ بەجێدەما، بۆئەوەی ئەو پیاوەی ژنە مێرد کوژراوەکە دەهێنێت، منداڵەکانیش بەخێو بکات، ئیتر رەوایی بە فرە ژنییەکە درا، هەرگیز فرە ژنی ئەوە ناگرێتەوە، تۆ بچی ٣-٤ ژن بهێنیت و هەمووشیان کچ بن، لە هیچکام لە ئایەتەکانی قورئانیدا ئەو رێگایە نەدراوە، بەڵکو دەبێت بێوەژنێک بهێنیت و نانی منداڵە هەتیوەکانیش بدەیت بە دادپەروەری، واتا جیاوازی لەنێوان منداڵی هەتیوی ئەم ژن و ئەو ژن نەکەیت، هەموو منداڵە هەتیوەکان هی چەند ژن بن، دەبێت دادپەروەری رابگریت لەنێوان ئەو منداڵانەدا، دەنا روونە هیچ کەسێک ناتوانێ دادپەروەری لەنێوان ژنەکانی رابگرێت، دەتوانێ رێز لە هەموویان وەکوو یەک بگرێت، بەڵام ئەی چی لە دڵ دەکەی، هەرگیز ناتوانی هەموو ژنەکانت وەکو یەکدی خۆش بوێ، پێغەمبەری خوا ئەمەی پێ نەکراوە، ئیتر خەڵکی دیکە چۆن دەتوانێت.

# شەڕی فیکری نێوان سەلەفییەکان و دیموکراتەکان،

# دووکەڵێکی بێ ئاگرە

ماوەیەکە لەم هەرێمە جۆرە ململانێیەک کەوتۆتە نێوان سەلەفییەکان و دیموکرات و لیبراڵەکان، بەڵام گرفتی گەورەی ئەو ململانێیە ئەوەیە سەلەفییەکان، زۆر ئاگاداری فەلسەفە و بواری مەعریفە نین، ئاشنای شۆپینهاوەرو داڤیدهیوم و سپینۆزاو مارکس و فرۆیدو نیچەو قوتابخانەی فرانکفۆرت و زۆرانی دیکەی هاوشێوەی ئەوانە نین،نازانن لەبەرچی ئەوانە بڕوایان بە خودا نەبووە، لەولایشەوە دیموکرات و لیبراڵەکان ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن عەلمانی، ئەوەندە ئاشنایەتییان لەگەڵ تەبەری و قوتابخانەی ئەندەلووس و ململانێی غەزالی و ئیبن روشدو ململانێی موعتەزیلەو

ئەشعەرییەکان و ئیبن تەیمییەو وەهابیزم و ئیبن قەیمی جۆزی و قوتابخانە نزیک سەد ساڵییەکەی ئیخوان نین، هەردوولا بۆشاییەکی گەورەیان تێکەوتووە، بە پێچەوانەی خەڵکی موسڵمانی ئێران، کە مارکسیزمیان لە خەڵکی مارکس باشتر خوێندۆتەوە، قوتابخانەی پۆزەتیڤیزم و فرانکفۆرت و بونیادگەری و تەفکیکییان بە وردی هەزم کردووە،کاتێک دێنە سەر کۆمەڵناسیی، دۆرکایم و ماکس ڤیبەرت بۆ شیدەکەنەوە،لەبەرئەوەیە (٣٦) ساڵە مەلاکان حوکمڕانی ئێراندەکەن و دەزانن چۆن سیستەمی حوکمڕانی بۆ خەڵک دیاریدەکەن. لە هەموو وڵاتێکی ناوچەکە زۆرزانانەتر درێژە بە شەڕی بە وەکالەت دەدەن و هەموو قەیرانەکانیان بردۆتە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی خۆیان. ئەگەر زیاتر پێ دانەگرین، دە هەزار(١٠٠٠٠) ساڵە ئێمە لەو هەرێمە بارگەو بنەمان داناوەو تیایدا دەژین،مێژووی هەولێرو کەرکووک هێندە لە مووسڵ نوێتر نییە، بەڵام تا ئێستا نەک هەر دەوڵەت نین، بەڵکو بەردەوام لەبەردەم مەترسی و هەڕەشەی جیدیداین، ئەو تورکانەی ئێستا وڵاتێکی زلهێزی ناوچەکەیان پێکهێناوە،لە تەتەرو مەغۆلەکان باشتر نەبوون،لە قەفقاسیاوە هاتن و ستراتیژترین شوێنیان داگیر کردو، دەوڵەتی بێزەنتی رۆمەکانیان رووخاند کە قوستەنتینییە بوو(ئیستانبۆڵ ی ئێستایە)، دەستیان بەسەر گەورەترین دەوڵەتدا گرت لەسەر ئاستی دونیادا کە دەوڵەتی بێزەنتی رۆمەکان بوو ، ئینجا لە پەنای ئایینەوە(تورک فڕی بەسەر ئایینەوە نەبوو، باشترین نموونە بۆ ئەو قسەیەم ژیانی شاهانەی خەلیفە عوسمانییەکانە کە بەردەوام لەناو سەدان

ئەگەر نەڵێم هەزاران کچی تازە پێگەیشتوودا شەوو رۆژیان بەسەردەبرد)کەچی لە پەنای ئایینەوە گەورەترین ئیمپراتۆریایان دامەزراندو مەترسیان خستە سەر ئەوروپاو ئەوەندەی نەمابوو نەمساش بە تەواوی داگیر بکەن.

بەرلەوەی ئایینی ئاسمانی سەرهەڵبدا (بێگومان هەر سێ-٣- ئایینە ئاسمانییەکە، لەم ناوچەیە پڕ جەنجاڵە سەریانهەڵدا کە تا ئەمڕۆش پڕ کێشەترین ناوچەیە)وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە یان وڵاتی بابلییەکان کە ئێستا عێراق ی پێدەڵێن،لەگەڵ وڵاتی میسر،پێش ئایینی موسایی، دوو وڵات بوون لە پێشکەوتووترین وڵات لەسەر ئاستی دونیادا، شارستانێتی سۆمەرییەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو،یەکەمین لانکی شارستانییەت بوون لە دونیادا،بۆیە پێیاندەوترێ شارستانی سۆمەرییەکان، چونکە یەکەمین شارستانییەت بوون لە دونیادا،کە سەرەتای مێژووەکەی بۆ زیاتر لە دوازدە هەزار(١٢٠٠٠)ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە،بە دیوەکەی دیکە مێژوو لە پزدانی سۆمەرییەکانەوە سەریدەرهێناوە،سۆمەرییەکان هەم داهێنەری شۆڕشی گوند بوون و هەم داهێنەری شۆڕشی شار،شۆڕشی گوند لە هەناوو منداڵدانی دایکسالارییەوە سەریدەرهێنا کە گلکاری، تەونکاری، دانەوێڵەکاری و چاندن و زۆریدیکە بەرهەمی دایکسالاریبوون،شۆڕشی شارشیش لە هەناوی باوکسالارییەوە چەکەرەی کرد، کە بازرگانی و دارتاشی و ئەنجوومەنی سەربازی و،ململانێی هێز بۆ وەدەستهێنانی ئابووری زیاترو دەسەڵات وەرگرتنی زیاتر و تەکنیکی دروستکردنی چەک لە

مس و زۆریدیکه بەرهەمی باوکسالاری بوون.سەرباری هاتنی ئیبراهیم پێغەمبەریش کە ئەو سیستەمە باوکسالارییەی قووڵتر کردەوە. یەکەمین بناخەدانانی دەوڵەتیش بە نووسراوو بە رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی سۆمەرییەکان بوون، بۆ یەکەمینجار فەلسەفەی ژیان و میتۆلۆژیا لەناو سۆمەرییەکان سەریانهەڵدا،بۆ یەکەمین جار لەناو سۆمەرییەکانەوە میتۆلۆژیای بەهەشت و دۆزەخ، لە بەهەشت دەرکرنی ئادەم و حەوا،کوشتنی هابیل لە لایەن قابیل و تۆفان و ..هتد سەریانهەڵدا، یەکەمین ناوەندی کولتووری لە نیپۆر و ئەکادیمیای ئەدەبیات لە ئەدۆبا رۆڵی یەکەمین زانکۆی مرۆییان بینیوە لە مێژوودا کە هی سۆمەرییەکانە، پاش چەندین هەزار ساڵ ئینجا ئەفلاتون ناوەندی ئەکادیمیای دروستکردو بوو بە درێژترین ئەکادیمیا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە (٩٠٠) ساڵ مایەوە.بۆ یەکەمین جار سۆمەرییەکان بە شێوە زمانی شیعر و داستان ململانێی سروشت و مرۆڤیان نووسیوەتەوە، ئەلیادەو ئۆدیسەی هۆمیرۆس چەندین هەزار ساڵ لە دواوەی سۆمەرییەکانەوە نووسراوە،یەکەم نووسین یەکەم زانستی بیرکاری و ژمێریاری و دانانی یەکەمین یاسای نووسراوو، نووسینی داستان و ئاشنابوون لەگەڵ مۆسیقاو،سەرهەڵدانی باوکسالاری و هەموو ئەو یەکەمینانە لەناو شارستانیەتی سۆمەرییەکانەوە رێچکەی گرتووە.یەکەمین جار سۆمەرییەکان بوون داگیرکردن و کرداری ئیمپیریالیانەی کرد بە سیستەم، یەکەمین ئیمپراتۆر لە دونیادا (سەرجۆن) ی سۆمەرییە، کە لە بنەماڵەی ئەکەدی بوو.،بەڵام لە دوای هاتنی ئایینی

موسایی، ئەم ناوچەیە هێڵێکی سووری بازنەیی بەدەوردا کێشراو تووشی چەقبەستوویی هات، تەنانەت یاساکانی حامورابی کە زیاتر لە چوارسەد (٤٠٠) ساڵ پێش لەدایکبوونی موسا نووسرابوونەوە، واتا حامورابی سێسەد (٣٠٠) ساڵ دوای ئیبراهیم پێغەمبەرو چوارسەد(٤٠٠)ساڵ دوای موسا پێغەمبەر هاتۆتە سەر دونیا، هاتنی حامورابی بەرهەمی شارستانێتی سۆمەرییەکان بوو، موسا توانی زۆرترین سوود لەو شارستانیەتەی سۆمەرییەکان و هەروەها سوود لەو یاسایانەی حامورابیش وەربگرێت و کاری پێبکات،موسا جگە لە یاساکانی حامورابی، سوودێکی زۆریشی لە ئەفسانەو شارستانێتی سۆمەرییەکان بینیوە،چونکە خەڵکی میسر بوو، دوای ئەوەی شارستانیەتی سۆمەرییەکان لەو ناوچەیەی پێی دەوترێ وڵاتی نێوان دوو رووبارەکەو میسۆپۆتامیاچەقی، بەڵام میسرییەکان توانیان لە وڵاتی خۆیان گەشەی پێبدەن و هەر لە ئایینی یەکتاپەرستییەوە تا گەشەی بازرگانی و پیشەسازی و فەلەکناسی و گەردووناسی و...هتد بەشێوەیەکی بەرفراوان لە گەشەسەندندا بوو بۆیە موسا توانی هەموو ئەو شارستانییەتەی پێشووی خۆی، چ ئەوەی سۆمەرییەکان، چ ئەوەی بابلییەکان، چ ئەوەی گەیشتبووە میسر،توانی زۆر بە زیرەکی لە چوارچێوەی بانگەشەی ئایینێکی ئاسمانیدا بە شێوەیەکی نوێتر بەرجەستەی بکات.کە ئەمە بوو بە یەکەمین ئایینی ئاسمانی. نەک هەر موسا تەنانەت یەکەمین فەیلەسووف لە جیهاندا کە تالیس Thales de milet 546-627 پ.ز بۆ گەشەپێدان بە فەلسەفەکەی لە یۆنانەوە هاتووە

سەردانی وڵاتی میسری کردووەو لە بارەی ئەستێرەناسی و ماتماتیکدا سەرنجی لێوەرگرتوون و لە ئەهرامەکان ورد بۆتەوەو میسرییەکانی فێرکردوون کە چۆن بەرزایی ئەهرامەکان بپێون و پێیوتوون کە سێبەری هەر شتێک لە کاتێکی تایبەتی رۆژدا بە قەد باڵای خۆیەتی. هەروەها فیساگۆرس Le phythagorisme لە یۆنانەوە هاتۆتە میسرو دوازدە (١٢)ساڵ لە میسر، دوازدە (١٢)ساڵیش لە بابل ژیاوە، لە میسر ئەستێرەناسی و ئەندازەی خوێندووەو لە بابلیش ژمێریاری و مۆسیقاو ئایینی مەجووسییەکانی خوێندووە، نموونەی دیکە زۆرن لەسەر گەشەی شارستانی ئەم ناوچەیە، بەر لە هاتنی ئایینی موسایی، بەڵام دوای گەشەکردنی ئایینی موسایی وردە وردە ئەو شارستانییەتە چەقی بەستووەو لە شوێنی خۆی مەییوەو بواری فەلسەفەو گەشەی هزر لەو ناوچەیەوە بەرەو وڵاتی یۆنان رۆیی.ئاخر جێگای پرسیارە بۆچی هەر سێ (٣) ئایینە ئاسمانییەکە لەو ناوچەیە سەریانهەڵدا، کە پێشکەوتوو ترین ناوچە بوون لەسەر ئاستی دونیادا، کەچی ئەوەتا دەبینین ئێستا ئەم ناوچەیە بوونەتە ئاڵۆزترین و پرکێشەترین و دواکەوتووترین ناوچەی جیهانی. عیسا بە جوولەکەیی مرد، کەچی ئەوەتا جیهانی مەسیحییەتی گەیاندە ئەمریکا.

سەلەفییەکانی ئەم هەرێمە بە پێی خواستی خوێنی ناو دەمارەکانیان شەرع دادەنێن و بەهەشت و دۆزەخت بۆ دیاریدەکەن،بەڵام ئەمە ئەوپەڕی نائەقڵانییەتەو مرۆڤ کۆیلەی خواست و ویستەکانی دەکات و ئەقڵ وەک

شۆپینهاوەر دەڵێت دەبێتە گالیسکەیەک و خواستیش دەبێتە ئەو ئەسپەی کە گالیسکەکە بەدوای خۆیدا رادەکێشێ. واتا ئەقڵ نەک هەر غائیبە، بەڵکو مرۆڤێکی تاریکپەرستی تەوەزەل کە تەنیا خەریکی خواردن و خواردنەوەو بەردانەوەی ریشەکەیەتی، بەرهەمدەهێنێت، کە هەموو جۆرە رێگاکانی وەدەستهێنانی ئازادی وێراندەکات و بچووکترین ماف بۆ مرۆڤ ناهێڵێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا تەنیا ئازادییە کە دەتوانێت دادپەروەری وەدیبهێنێت و لە دەرەوەی ئازادی، بێگومان دادپەروەری و دیموکراسی تەنیا بەیت و بالۆرەیەکی درۆزنانەیەو هیچی دیکە .ئازادیش بەرهەمی ئەقڵە، دوور لە ئەقڵ و ئەقڵانییەت ئازادی وەدەستنایەت. چونکە ئەقڵ دەبێتە بنەمای بیرکردنەوەی مرۆڤ، لە هەر شوێنێک چرای ئەقڵ هەڵکرا، ئەوا ئەو شوێنە ئاگری غەزەب و ئارەزووە خودییەکانی لێدەکوژێتەوە،موتوربەکردنی ئەقڵانییەتیش لە ژینگەیەکی هێمن و ئازاددا دەکرێت، نەک لەناو فەوزای کۆمەڵایەتیدا.

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابەوە، بە رێگای فتوحاتەوە ئایینی ئیسلام لە دیوی رۆژئاوایدا گەیشتە لیبیاو لە دیوی رۆژهەڵاتیشدا گەیشتە ئێران و هەر لەو سەردەمەشدا بوو کە کوردستان بە زمانی ئیسلامییەکان فەتح کرا،کەچی ئەوە نزیکەی ١٤٠٠ ساڵە، ئەقڵییەتی گونجاندنی ئایین لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی کوردی رێکنەخراوە، لە کاتێکدا تورکە عوسمانییەکان بۆخۆیان گونجاندیان، سەلەفییەکانی کوردستان، کەسایەتی خۆیان بە تەواوی لەنێو کەسایەتییە ئایینییەکانی دیکەی وەکوو ئیبن

تەیمیەو غەزالی و قوتابخانەکانی ئەشعەری و ئیخوان و زۆرانی دیکە بزر کردووە، کەواتا سەلەفییەکانی کوردستان نەیانتوانی ببنە خاوەن ئیرادەیەکی ئازاد، ببنە خاوەن ئەقڵێکی ئازاد، ببنە خاوەن کەسایەتییەکی جیاوازو ئازاد،هەر ئەقڵێکیش بووە شوێنکەوتەی خەڵکانی دیکە، دەبێتە نوسخەیەکی کۆپیکراوی کرچ و کاڵ و ناتوانێت لەچوارچێوەی مرۆڤبوونی خۆیدا خۆی نمایش بکات. چونکە لە بنەڕەتدا ئەو جۆرە مرۆڤانە، مرۆڤی نەزۆکن و گفتوگۆکانیشیان نەزۆکترن، کەوابێ ناخی نەزۆک و گفتوگۆی نەزۆک، بێگومان فیکرو مەعریفەکەیشی نەزۆک و چەقبەستوودەبێت و خۆی لەناو تیۆرگەلێکدا بەتەواوی خۆی لەدەستدەدات و ناتوانێ چێژ لە ژیانیش وەربگرێت، ناتوانێ راستییەکان ببینێت ، ناتوانێت وەکوو مرۆڤێکی ئازاد و واقیعبین بژی.ئەمە دەبێتە زیندووکردنەوەی ژیانی کۆیلایەتی، دەبێتە پەسندکردن و بەپیرۆزکردنی چەقبەستوویی ژیانی کۆیلایەتی، چونکە هەستی پێکردبێت یان نەیکردبێت، خۆی بووە بە باشترین کۆیلە.کۆیلەش توانای بیرکردنەوەی نییە،کەواتا لەم شوێنەدا بانگەواز بۆ مەرگی ئازادی رادەدێرێت. چونکە ئازادی هەموو قۆناخ و سەردەمێک و لە هەموو شوێنێکیشدا تەنانەت بە دیموکراسیش نابەسترێتەوە،هۆنگ کۆنگ ئاستی ئازادییەکەی زۆر بەرز بوو، بەڵام سیستەمێکی دیموکراسیشی لێ پێڕەونەدەکرا، لە ئەمریکاش خۆی پێ دەوڵەتی دیموکراسی و تا سنووری لیبڕاڵ دادەنا، بەڵام ماوەیەکی زۆر بوو لەگەڵ مانەوەی کۆیلایەتیدا بوو، تا دواجار لە شەستەکانی سەدەی رابردوو، یاسای بۆ هەڵوەشانەوەی

کۆیلایەتیش دەرکرد، بەڵام ڕێوشوێنی دیموکراسی بۆ نەگیرایە بەر وەک وئەوەی بڵێین بە ڕێگای ڕاپرسی و ریفراندۆمێکی بەرفراوانەوە سنوورێک بۆ ئەو کۆیلایەتییە بکێشن،بەڵکو ئەمریکا هەندێک ڕێکاری یاسایی گرتە بەر.
سەنگافورەش ئەو هەموو پێشکەوتنەی بەخۆیەوەی بینی لەبەر ئەوە نەبوو دەسەڵاتێکی دیموکرات لەو وڵاتە هەیەو دەستاودەستکردنی دەسەڵات پەیڕەودەکرێ، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستربوو، بەڵام لی کوان یو توانی سەنگافورە لە ڕیزی وڵاتی سێیەمەوە بگەیەنێتە ئاستی وڵاتانی یەکەم، لێرەیە کەسەکان لەمێژوودا چ ڕۆڵێکی بزوێنەرو گرنگ دەبینن، بە هەردوو رووەکەی، قەزافی و موبارەک و سەدام، دیکتاتۆرییەت و ستەمکارییان سەپاند بەسەر خەڵکی وڵاتەکەیانداو هۆنگ کۆنک و سەنگافورەش ئازادی و بەختەوەرییان هێنایە ناو وڵاتەکەیاندا.

لە کۆمەڵگای ئەم هەرێمەی ئێمەی لێیە، نەمانتوانیوە یاساو ماف بە قووڵی و بە وردی بخەینە نێو دڵ و مێشکی هەر تاکێکەوە، زیاتر بێ یاسایی و مافخواردن پاڵنەری ناخی هەر تاکێکمانە بۆ دەستبەسەرداگرتنی زیاتری سامانی نیشتمانی و غەدر کردن لە بەرامبەرەکانمان، نەبوونی ئەم یاساو مافەیە، ئێمەی بەو دەردەی ئەمڕۆ گەیاندووە، کە ناخمان پڕە لە ئازاری قووڵ قووڵ، پڕە لە ڕۆح سووتان، جەستەشمان، لە رووخساری هەر تاکێکەوە ببینی بۆتدەردەکەوێ، چەندە ماندووە لەم ژیانەی تێیدایە، چەندە مرۆڤێکی توڕە، ماندوو، شێواو، ...........ە. هەموو ئەمانە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ئەقڵەوە هەیە،هەم ئەقڵی کردارەکی، هەم

ئەقڵی تیۆری،نەبوونی ئەم دوو جۆرە ئەقڵییەتە لەم هەرێمە، وایکردووە شیکردنەوەیەکی زانستی و لۆژیکیشمان بۆ تەواوی پرسە فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان نەبێت. کۆمەڵگای کوردی لەماوەی ئەو چارەگەسەدەیەی رابردوودا، سەری لەنێوان ئازادبوون و ئازادنەبوونیدا لێتێکچووە،نازانێ ئێستا لەناو کامیانا ژیان بەڕێوەدەبات..چونکە هەردوو دۆخەکە، رەهەندی جیاوازو تایبەت بەخۆیان هەیە، ئێمە تائێستا بەدوای ئەو رەهەندانەدا نەچووین. لەوەتەی قۆناخی کۆمۆنەی سەرەتایی (المشاعية البدائية)تێپەڕیوەو قۆناخی کۆیلایەتی دروستبووە،کە سەدان هەزار ساڵ دەگرێتەوە، بەدرێژایی ئەو مێژووە، هەموو ئەو مرۆڤانەی داوای ئازادییان کردووە، ئەوانە بوون کە چەوسێنراونەتەوەو زۆر بەبێنازی و بە کولەمەرگی ژیاون،بەڵام کاتێک ئەقڵ خۆی موتوربە دەکات، ئیدی ململانێ و جیاوازییەکان زەقدەبنەوە لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی.

با پرسیارێک لە هەموو ئەوانە بکەین کە تووشی دۆگماییبوون هاتوون، ئایا ئایەتە ئاسمانییەکان و فەرموودەکانی پێغەمبەر تەنیا بۆ کاتی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام هاتوون، یان بۆ هەموو کات و رۆژگارە جیاوازەکانە، باشە ئەگەر بۆ هەموو رۆژگارێکە، ئەی نابێ بەپێی هەر رۆژگارێک لێکدانەوەیەکی نوێی بۆ بکرێ، ئەی نابێ ئایین لەگەڵ ئەو رێکخستن و سیستەمە کۆمەڵایەتییە بگونجێندرێ کە هەیە،ئەی نابێت ریفۆرمی ئایینی لەناو ئاییندا بکرێت، ئایا هیچ دەقێکی ئاسمانی هەیە تەنیا یەک لێکدانەوەی بۆ بکرێت؟.ئایا ئەمە ژینگەیەکی سیاسی ئایینی بۆگەن

نییە کە هەموو دەرگاو پەنجەرەیەکی لەسەر خۆی داخستووەو خەریکە دەخنکێ. سەیرکەن عیسا لە گردێکی نزیک ئۆرشەلیم لە خاچ درا، بەڵام یۆنان ئینجا ئەوروپاو ئەمریکا ئایینی مەسیحیان لێدروستکرد... ئایینی ئیسلام لە حیجاز بانگی بۆ هەڵدراو پێغەمبەرەکەش محەمەدی قورەیشی بوو، کەچی تورک و فارس بە زیرەکانەی خۆیان زۆرترین سوودیان لێیوەرگرتووە، تەنها کورد نەیتوانیوە هیچ سوودێکی لێوەربگرێت، تەنانەت لێیشی زەرەرمەند بووە.

لەناو ئەدەبیاتی هەموو گەلاندا پارچە شیعرێک نابینی پێیبوترێ شیعری کۆنەپەرست و شیعری پێشکەوتنخواز، چونکە ئەوەی شارەزایی لە جیهانی ئەدەب بێت، ئەوە دەزانێت شیعر لە سەرووی ئەو دابەشکردنە سەقەتەیە،بەڵام سەیرکەن بە درێژایی مێژوو هەمیشە شیعری رۆمانتیک بەهێزترو جوانتر بووە لە شیعری نیشتمانی و ئایدیۆلۆژی، لە ناو کۆمەڵگای ئێمەشدا، لەکاتی گفتۆگۆی ئاییندا، ئەوەندەی گوێ لە کابرایەکی باوکسالاری ئیسلامی دەگیرێ، نیو ئەوەندە گوێ لە کەسێکی دیموکرات و عەلمانی ناگیرێت،لە کاتێکدا بە درێژایی مێژوو یەک نموونەی جوانمان لەناو تەواوی دەوڵەتانی ئیسلامی دەستناکەوێ بە نموونە بیهێنینەوە، بەڵام دەیان نموونەی دەوڵەتی عەلمانی هەن کە پاراستنی مافی مرۆڤ و دادپەروەری و پاراستنی کەرامەتی هاووڵاتی لە ئاستێکی یەکجار بەرزدایە. کەواتە نابی چیدی مەیدان بۆ ئەو ئیسلامیانە چۆڵبکرێ کە ئایدیۆلۆژیایەکی سەلەفی هەڵیدەسووڕێنێت و پێموابێت کاتی ئەوەش

هاتووه راشکاوانەتر قسە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای چەقبەستوو بکرێ،چونکە ئاییندەی نەتەوەیەک کە بە درێژایی مێژوو ئازادییەکانی لێ زەوتکراوە، زۆر زۆر گرنگترە لە ئایندەی ئەو ئیسلامیانەی هەمیشە روویان لە تاریکییە.پێویستیمان بە مونازەرەو دیبەیتی مەعریفیانەیە، دوور لە شاتە شات و هاوارکردن بەسەر یەکدیدا، بە داخەوە ئەوانەی خۆیان بە ئیسلامی دەزانن تا ئەمڕۆش کە گفتوگۆ دەکەن، هەر وا دەزانن نیوەڕۆی رۆژی هەینییەو گوتار بۆ خەڵکی دەدەن، نە گوێ دەگرن، نە لە قسەی ئینشائی زیاتریان پێیە کە نەقلە،ئەم قۆناخە دەبێ کۆتایی پێبێت، ناکرێ ئەم هەرێمە هەر لە قۆناخی سەدەکانی ناوەڕاستدا قەتیس بمێنێت ،ئێمە لەناو ئایینێکدا گینگڵ دەدەین کە تا ئەمڕۆ تەنیا نەقلە نەک ئەقڵ ، نەمانتوانیوە لە مانای قووڵی سەرهەڵدانی ئایین بگەین، ئینجا نەمانتوانیوە ئایینە ئاسمانی و زەوییەکان بە شێوەیەکی ورد ،وردتر بکەینەوە.....بودا نەک هەر کولتوورێکی بۆ هیندییەکان رێکخست، بەڵکو هەڵسانەوەیکی خستە ناو دڵ و هەناوی هیندییەکان، کۆنفوشیۆس چینییەکانی خستە سەر پێ و سرووشت و عەدالەتی پێ ناساندن، بەڵام ئێمە کاتێک لەگەڵ ئاییندا هەڵدەکەین، پێویستە وا بکەین هێزی مانەوەی ژیانمان پێبدات و ئایندەیەکی گەشاوەی پێ مسۆگەر بکەین. سەیرکەن زیاتر لە پێنجسەد (٥٠٠)ساڵ پێش ئێستا ئیسماعیلی سەفەوی زۆر وریایانە تر لە ئێستای کۆماری ئیسلامی ئێران لەناو ئێران توانی ئایینی ئیسلام بەو شێوەیەی خۆی دەیویست بەکاریبهێنێت، کەچی ئەوە ٣٥ ساڵی رێکە ئێران

تازە بە تازە دەیەوێ سیستەمێکی لاهوتی وەکوو سەدەکانی ناوەڕاست پێڕەو بکات، لە کاتێکدا سەردەمەکەی بەسەر چووە.

# مەلا کرێکارو مەلا علی باپیر چۆن دروستبوون ؟!

تا راپەڕینە مەزنەکەی سەرەتای بەهاری ١٩٩١ نەهاتە ئاراوە، خەڵک نە مەلا کرێکارو نە مەلا عەلی باپیری نەدەناسی،خەڵک بە گشتی لە رابردووی ئەوانیشی نەدەزانی،تەنانەت خەڵک دوای راپەڕینەکەش بەدوای شوناس و رابردووی ئەوانەوە نەچوون، ئاخۆ دەبێت ئەوانە هەڵگری چ پەیامێک بووبن؟، بۆچی ئاوەها بە زوویی لە دەستکەوتەکانی راپەڕین(مەبەستم لە دەستکەوتە نەتەوەییەکانە) کەوتنە تەقە؟،بۆچی بەرەنگاری دیموکراسی بوونەوە؟،بۆچی دەیانویست هزری ناسیۆنالیزم

لەبەرچاوو لە زیهنی تاکی کورد سووک بکەن؟ بۆچی ئەوەندە بە پەلە بوون لە چەکدارکردنی ئەندام و لایەنگرانی بزووتنەوەکەیان؟، خەڵک و تەنانەت حیزبە نەتەوەییەکانیش نە ئەو پرسیارانەیان کرد، نە لە خەیاڵی ئەوەش بوون سنوورێک بۆ هەژموونێکی سیاسی لەمجۆرە کە مەترسیدار بوو دابنێن، ئیتر نە ئەو پرسیارانە کران و نە شیکردنەوەیەکی زانستیش بۆ بزووتنەوەیەکی سەرەڕۆی لەمجۆرە کرا.

ئەو دوو پیاوە، دەیانزانی ساڵەهای ساڵە ئەوە خەڵکی کوردستانن ناتوانن لەژێر حوکمڕانی بەعس دەنگ هەڵبڕن،ئاخر نەتەوەیەک بووین ساڵەهایە نەمانتوانیوە  بە دڵی خۆشمان قسە بکەین، بۆیە دوای راپەڕین هەموو خەڵکی کوردستان تینووی قسەی شۆڕشگێڕانەو تینووی قسەی جیاواز بوون، تینووی فیکرو رێبازی فیکری و سیاسی بوون،تامەزرۆی کەسێک بوون گوتارێکی حەماسییان پێشکەش بکات، هەموو خەڵک دەکوڵا بەڵام رێکنەخرابوون، بۆیە ئەم دوو برادەرە دەستیان بە گوتاردانی حەماسی کرد، نەتەوەیەک بە درێژایی مێژوو سەرکوتکرابێت (لانی کەم لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشەکانەوە، هەموو ئازادی و هەموو مافە نەتەوەییەکانی لێ سەنرابێتەوە) بێگومان بە گوتاری حەماسی گەرمدەبێت و روانگەی هزری و سیاسی گۆڕانکاری بەسەردادێت،ئەمە وایکرد، دەنگی مەلا کرێکارو مەلا عەلی لە مینبەری مزگەوتەکانەوە سەرچاوە بگرێت و لەوێوە بۆناو خەڵک بگوازرێتەوە، ئەمەش باشترین میکانیزم و باشترین رێگا بوو کە ئەوان پەیڕەویان لێکرد، هەر بەوەندەش نەوەستان وردە وردە

نامیلکەی ئەو کەسانەیان دەهێنایە سەر زمانی کوردی کە لە مێژووی بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکاندا توندوتیژ بوونەو بە توندی دیموکراسی و بیری نەتەوەییان رەتکردۆتەوە، گەنجی ئەم هەرێمە لە دوای راپەڕینەوە حەسەن بەناو سەید قوتب و عەبدولسەلام فەرەج و مەودودی و زۆرانی دیکەی لەمجۆرەیان ناسی، ئەویش بەهۆی ئەو مەلایانەوە بوو،کە هەموو مزگەوتەکانیان کردبووە گۆڕەپانی کێبرکێی ئیسلامی سیاسی و تەنانەت لەسەر شۆستەی شەقامەکانیشەوە گوتاری رۆژانی هەینی و تەواوی گوتارەکانی دیکەی خۆیان کە تۆماریان کردبوو، بە شێوەی سیدی لەسەر شۆستەی شەقامەکانەوە دەفرۆشران، لەکاتێکدا هەموو بزووتنەوە ئیسلامییەکانی ئەم هەرێمە هیچ گرنگییەکیان بە نووسینەکانی محەمەد عەبدەو جەمالەدینی ئەفغانی و عەبدولرەحمانی کەواکیبی و زۆرانی دیکە نەدەدا. تا ئێستاش یەک کتێبی ئەو سێ رۆشنفیکرەی باسمکردن بە کوردی نەکراون، بەڵام چەندین کتێبی ئیبن تەیمییەو غەزالی و سەید قوتب و...هتد بە کوردیکراون و وا لە کتێبخانە کوردییەکان دانراون بۆ فرۆشتن.

هیتلەر وا بە سووک و سانایی نەهاتە سەرتەختی سەرۆکایەتی ، لە سەرەتای ساڵانی بیستەوە بەهۆی گوتارە پڕ حەماسییەکانی گەیشتە سەرۆکایەتیکردنی ئەو حیزبە؛حیزبی کرێکاری نەتەوەیی سۆسیالیستی ئەڵمانیا) ، بە هاتنی هیتلەرو گرمکردنی دڵ و ئەقڵی ئەو خەڵکە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر گەشەیدەکرد، تا وایلێهات لە ساڵی ١٩٣٣ لە هەڵبژاردنێکی گشتی و چارەنووسسازدا، ئەم حیزبە نازییە توانی %٤٤ی

دەنگەکان وەدەستبهێنێت، کە ئەمە جگە لەوەی لە هەڵبژاردنەکە یەکەم بوو، بەڵکو بەشێوەیەک بوو کە بەقەد ئەو سێ حیزبەی دەنگ هێنابوو، کە لە پۆلینکردندا لەدواوەی ئەو بوون، ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو دۆخە تێکەوتووە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە بوو،کە رووی لە ئەڵمانیا کردبوو، بۆیە خەڵک بە ناچاری چارەنووسی خۆیان دایە دەست ئەو هیتلەرەی کە بەدروشمەکانیدا رێگاچارەی گونجاوی بۆ چارەسەرکردنی هەموو گرفتەکان پێبوو، ببوو بە رزگارکەرو فریادرەسی ئەڵمانیا، چونکە دروشمەکانی لە هەموو حیزبەکانی دیکە رادیکاڵانەتر بوو، بەڵام کە لەو هەڵبژاردنە بردییەوەو دەسەڵاتەکەی کەوتە دەست، ئەو هەموو مەرامە پیس و بۆگەنەی لە ناخیا پەنگی خواردبۆوەو بە دروشمی بریقەدار پێچابوویەوە، بەسەر ئەڵمانیاو تەواوی مرۆڤایەتی هەڵڕشت و دونیای وێران کرد.

لێرەوە دەکرێ پرسیاری ئەوە بکەین باشە بەرهەم و ئەنجامی ئەو گوتارە حەماسیانە چی بوون؟ هەڵبەت هەر نەرمە ئاوڕێک بدەینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەم دوو پیاوە بەتایبەت مەلا عەلی باپیر هۆکاری یەکەمی داگیرساندنی شەڕی ناوەخۆ بوو، واتە بەرلەوەی پارتی و یەکێتی بەگژ یەکدا بچن، بزووتنەوەی ئیسلامی شەڕێکی سەختی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی دامەزراند، هۆکاری یەکەمی شەڕەکەش بۆ خودی عەلی باپیر دەگەڕێتەوە، ئەوە قسەی من نییە بەڵکو قسەی رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی مامۆستا مەلا علی عەبدولعەزیزە، لە دیمانەیەکی بەندە لەگەڵیدا زۆر نهێنی درکاندووەو منیش لە کتێبی گەردەلوولی سیاسەتدا

بڵاومکردۆتەوە. ئەمە لە کاتێکدا  پێش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ عەلی باپیر لە لایەک   لە لایەن عەباسی بایزاغاوە ناسنامەی جاشایەتی پێدراوەو ماوەی زیاتر لە ٣ ساڵ لای بایزی عەباس ئاغا ماوەتەوەو مووچەی جاشایەتیشی وەرگرتووە، لەلایەکی دیکەیشەوە، ئەو خەونەی کە عەلی باپیر بۆ ڕابەری ئەوکاتی بزووتنەوەی ئیسلامی گێڕاوەتەوە، ڕێک ئەوەمان پێدەڵێت جیابوونەوەی عەلی باپیر لە بزووتنەوە لە مێژووی ئیسلامدا رووی نەداوە بەیعەت بە کەسێک بکەیت و دواییش لە بزووتنەوەکەی و لە براکەی هەڵبگەڕێیتەوە ، ئینجا من نازانم بۆچی تەنیا عەلی باپیر لەم وڵاتەی ئێمە خەون دەبینێ، خەون بە پێغەمبەر خەون بە خودا، خەون بە هەموو شتێکەوە دەبینێ.جاران دەیوت خەونم بە پێغەمبەر بینیوە، کە بۆی چووە سەر ئێستا دەڵێت خەونم بە خودا بینیوە!!.

سەیرکە مەلا کرێکار لە ساڵی ١٩٨٧ لە پاکستان بوو، لەوێوە هاتەوە بۆ ناو بزووتنەوەی ئیسلامی و عەلی باپیریش لای عەباسی بایزاغا جاش بووەو دواتر (وەک مەلا عەلی ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی وتوویەتی زۆر حەزی بە کوێخایەتی کردووە) خۆی گەیاندۆتە ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی و بە هۆی گێڕانەوەی خەونێکەوە شوێنی شیاوی خۆی لەناو بزووتنەوەکەدا مسۆگەر کردووە.

بەڵام دوای ئەوەی عەلی باپیر لەو شەڕەی هەڵیگیرساند، زۆر خراپ تێکەوت و بە دۆخێکی زۆر خراپ خۆی گەیاندە پیرمام، ئەو دۆخەی عەلی

باپیر پێی چووە پیرمام، بە درێژایی مێژووی خەباتی کورد لە هیچ سەرکردەیەکی کورددا رووی نەداوە، ئەمە نموونەیەکی زۆر زۆر قێزەون و ترسنۆکانەیە، ئەگەر بشکوژرابوایە نەدەبوو ئاوەها خۆی بگۆڕێت!!!.چونکە هەموو تێکۆشەرێکی سیاسی ئاساییە لەسەر بیروباوەڕەکانی بکوژرێ یان رووبەڕووی ئازارو ئەشکەنجە ببێتەوە، هەر واش بووە، ماندێلا تەمەنێکی زۆری لە گرتووخانە بردەسەرو گاندی و ترۆتسکی و دەیان سەرکردەی دیکە لەپێناو بیروباوەڕەکانیان کوژراون، هەر خودی رابەرەکەی عەلی باپیر مەلا عوسمان پەنای بۆ کارێکی لەمجۆرە نەبردو لە گەرمەی شەڕدا دەستگیر کرا.

بزووتنەوەی فیکریی هەمیشە بریتی بووە لە هەڵکشان و داکشان، بەرزبوونەوەو غلۆربوونەوە، کارو کاردانەوە، کاتێک فکرێک بۆ ماوەیەکی زۆر باڵادەستدەبێت، دواتر دژەکەی دێتە ئاراوە، ئەمە لەگەڵ هەموو فەیلەسووفەکان هەر لە فەیلەسووفە سەرەتاییەکانەوە کە تالیس یەکەمیانە تا ئەوانەی ئەمڕۆ لە ژیاندان بەردەوام ئەو هەڵبەزو دابەزو هەڵکشان و داکشانەی تێکەوتووەو روویداوە، لە بواری سیاسەتیشدا هەمیشە هەمان رێچکەو کاردانەوە دروستبووە،تەنانەت لە بەرامبەر سەرۆکە بەناوبانگەکانیشدا ئەمانەی باسمکردن دووبارەو سێبارە روودەدەنەوە، دیگۆل نموونەیەکی بچووکە لەنێو ئەم جیهانە ئاڵۆزەی سیاسەتدا...لەمڕوانگەوە ئەو دۆخەی ئێستا ئیسلامی پێدا تێدەپەڕێت، پێشتر بەسەر ئایینی کریستیانیش هاتووە، هەتا مارتن لۆسەر لە ساڵی

١٥١٧ دووباره (كريستيان) يەتی تەفسير كردەوه و (پرۆتستانت)ـی له ناو هەمان ئایینی كريستیاندا رزگار كرد، بۆيه بۆ جيهانی ئيسلاميی ئێمەش كارێكی زۆر قورس نييه دووباره ئایین تەفسير بكرێتەوه و كردنەوەيەكی تازه دروست بكەين كه زياتر له بەرژەوەندی خەڵك بێت و خەڵكيش به گرنگی بزانيت.ئاخر ئایین بەرلەوەی جيهاد بێت ئاكاره. خۆ له قوتابخانەكەی ئەندەلووس (غەرناتا) ئيبن روشد و ئيبن سيناو زۆرانی ديكه بەو ئاراستەيه كاريانكرد،جگه له چوار مەزهەبه سەرەكييەكه (شافيعی، حەنەفی، مالیكی، حەنبەلی)هەموو ئەو مەزهەبانەی ديكەی وەكوو موعتەزيلەو ئەشعەری و .....هتد جۆرێكن لەم تێڕوانينه، واتا هەر مەزهەبێك هاتووه ئيزافەيەكی كردووەو رەتی هەندێ شتی پێش خۆی كردۆتەوه، كه پەيڕەوی لێكراوه....ئەو دياردەيەی كه عەلی باپيرو دڵشاد گەرميانی و مەلا كرێكاری بەرهەمهێناوه، بريتی بووه له قۆرخكردنی دەسەڵات و ئابووری، چونكه دەسەڵاتی سياسی لەهەرێمی كوردستان له ماوەی ئەو(٢٤) ساڵەی رابردوودا، هەوڵی جيدی بۆ ئەوه نەدا كه ريفۆرمێكی ريشەيی له ئابووری و سياسيدا بكات، هەڵبەت تا ئەو ريفۆرمەش نەيەته دی، مەحاڵە ئەم هەرێمه ببێته هەرێمێكی باش و پێشكەوتوو سەركەوتوو، دەسەڵاتەكەش قەت نابێته دەسەڵاتی خەڵك، چونكه ئەوه تەنيا ريفۆرمی ئابووری و سياسييه دەبێته بنەماو داينەمۆی پێشكەوتنی دەوڵەت و خەڵك (خەڵك بەمانا بەرفراوانەكەی)، دەنا لەكاتی جێبەجێكردنی ريفۆرمێكی لەوجۆره، زۆربەی دزه زەبەللاحەكان

زەرەرمەندی گەورە دەبن و ئیدی ناتوانن سامانی خەڵکی بێدەرەتان وەکوو گا هەڵبلووشن.

زۆر وڵاتمان لەبەرچاوە، بەهۆی ئەو ریفۆرمەوە، وڵات و میللەتەکەیان لە ئاستێکی دواکەوتوودا، گەیاندە ئاستێکی بەرزو باڵا، باشترین نموونە لە وڵاتە بچووکەکان سەنگافورەیە ،لە وڵاتە زەبەللاحەکانیش چین ە.ئێستا دوو وڵات هەنگاوی زۆر گەورەو کاریگەریان بڕیوە. ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان  ریفۆرمی لەوجۆرەی وەکوو سەنگافورەی بکردایە، بێگومان چرای عەلی باپیرو وێنەکانی هاوشێوەی ئەو، زوو بە زوو دەکوژایەوەو، قەت نەیاندەتوانی لە بچووکترین ناکۆکی نێوان دوو حیزبی سیاسیدا رۆڵی کوێخایەتی ببینن، چونکە وەک رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی وتوویەتی :عەلی باپیر زۆر حەزی لە کوێخایەتییەو خۆی رەپێشدەکات، بەڵام ئەگەر وڵاتێکی سیستەماتیکی و پێشکەوتوومان هەبوایە، ئەوجۆرە کەسانە هەرگیز نەیاندەتوانی قسە لەسەر سیاسەت و کۆمەڵگا بکەن، ئاخر عەلی باپیرێک، لە یادکردنەوەی مەرگەساتترین و کارەساتترین رووداودا، ئامادەبێت دژایەتی و کینەی خۆی بەسەر هەست و ئیحساسی  بە لایەنی کەم(٥)ملیۆن کوردی ئەم کوردستانی باشوورە بڕژێنێ، ئاخر سبەی دەسەڵاتی بکەوێتە دەست لە چاوتروکانێکدا، هەموو میللەتت بۆ دەداتە بەر شەق. لە رۆژێکدا هەموو خزم و کەسی ئەنفالکراوان، کە جەرگیان داخ داخکراوەو چاوەڕوانی مژدەیەکن، تۆ لەوکاتە جەسارەت بکەیت، رووبەڕووی هەست و سۆزو بیروباوەڕی ئەم

هەموو خەڵکە لێقەوماوە ببیتەوە، باشە بەیانی دەسەڵاتت هەبێت، دەبێت چارەنووسی ئەم میللەتە چی بەسەر بێت. وەنەبێت من لەگەڵ وشە بە وشەی ئەم سرووده بم، بەڵام دەیان ساڵە ئەم سرووده بۆتە وێردی سەرزاری هەموو کوردێک تەنانەت لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، سەدان لاوی کوردی ئەم کوردستانە بەهۆی ئەم سروودەوە خراونەتە زیندان و ئەشکەنجە دراون، ئەگەر پێویست بێت سروودێکی مۆدێرنتر کە لەگەڵ بنەماکان و هێزی دەوڵەتبوونماندا بگونجێت دابنرێت، ئەوە پێویستی بە لیژنەی پسپۆر هەیە تا بڕیاری لێدەدرێت، ناکرێ کەسوکاری ئەنفالکراوان، کە خۆیان دڵیان بریندارە، هەستیان بریندارە، تۆش بێیت هەست و دڵیان ئەوەندەی تر بریندار بکەیت. ئەمە لە وڵاتێکی مەدەنی و دیموکرات بوایە، دەبوو پەلکێشی دادگا بکرابوایەو مۆڵەت لە حیزبەکەیشی وەربگیرابایە، چونکە مەترسییەکە لەوەدا نییە کە ئەمڕۆ دڵ و هەستی کەسوکاری ئەنفالکراوانی بریندار کردووە، مەترسییەکە لەوەدایە سبەی دەسەڵاتی بکەوێتە دەست، نەتەوەیەک دەکەوێتە بەر مەترسییەوە. ئێستا لە وڵاتێکی دیموکراتی وەکوو ئەڵمانیا دروستبوونی حیزبێکی نازی قەدەخەیە، تەنانەت لەو ئەڵمانیا دیموکراتییەدا، ڕێگە نادرێ خەڵکی وڵاتەکەیان ناوی هیتلەر لە منداڵەکانیان بنێن، چونکە نایانەوێ کارەساتێکی وەها گەورە کە بەسەر خەڵکی ئەڵمانیاو ئەوروپایدا هێناوە، لە زیهنی خەڵکەکەیاندا زیندوو بێتەوە، بەڵکوو دەیانەوێ هەر لە بیر بکرێت. عەلی باپیر و حیزبەکەی ئامادە بوون لە گرتنی محەمەدمورسی

خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان بکەن، بەڵام بەرامبەر سرووودێکی وەکوو ئەی رەقیب (گوایا لەبەر یەک دوو وشە) هەستی یەک نەتەوە بریندار دەکەن. عەلی باپیر بەرلەوەی ئەو هەڵوێستە ناشیرینە وەربگرێ، دەبوو بیری لەو وتەیە بڵاوە بکردایەتەوە کە دەڵێت (یجوز للشاعر مالا یجوز لغیرە)، ئاخر ئەوە شیعرە ، شیعریش بەر لە هەموو شتێک وێنەیە، فانتازیایە، زمانە، ئیستاتیکایە، ئیقاعە، ئینجا ناوەرۆکە،بەڵام من دڵنیام عەلی باپیر بەلای هیچ کام ئەوانە ناچێت کە باسمکرد، چونکە بەشێکیان یان بە حەرام دەزانێ، یان بە دروستیان نازانێ.

ئەم هەڵوێستە سیاسییە (نەک ئایینییە)ی عەلی باپیر، پێویستی بە پیاوێکی وەکوو (داڤید هیوم)ە، هەم خەڵک لەو خەوە قووڵە بەئاگا بهێنێتەوە کە سەدان ساڵە تێیکەوتووە، هەم ئەو سەرکردە سیاسییانەی وەکوو عەلی باپیریش کە گاڵتە بە ئەقڵ و هەستی نەتەوەیەک دەکات،سنوورێکی توندیان بۆ بکێشێت،ئاخر ئەوە عەلی باپیر بوو، دەینووسی (ناسیۆنالیزم،دژی ئیسلامەو پێچەوانەی ژیری و —منذ×ق-یشە. لێرە ئەو قسەیەی نەجیب مەحفوز زۆر راستە کە دەڵێت:هەموو دیکتاتۆرەکان لە سەرەتاوە مەڕ بوون، بەڵام بێئاگایی چەپڵەو پێداهەڵگوتن ئەوانی کرد بە گورگ، مەکسیم گۆرکی ش دەڵێت: هاووڵاتی بێ مێشک و بێ گوێ ، هەنگوینی دەسەڵاتە.ئەم قسەیە ئەگەر راست نەبێت عەلی باپیر ناتوانێ پەلاماری کۆمەڵگای کوردی بدات و بڵێ لە ئەخلاق و عەقیدەو کۆمەڵایەت و عیبادەتەوە لە ئیسلام دوور کەوتوونەتەوە،هەر ناونانی وشەی

ئەمیر بۆ خۆی  خۆی لە خۆیدا کۆمەڵێک پرسیاری جیدی دروستدەکات ، کە هەڵوەستەیەکی جیدیشی پێویستە. بۆیە لە کۆتاییدا هەر ئەوەندە دەڵێم، ئێمە پێویستیمان بە کەسێکی وەکوو چارلن چاپلن ە کە دەڵێت: بۆئەوەی بتوانم تەنیا یەک چرکە بزە بخەمە سەر لێوی بینەران،خۆم چەندین کاتژمێر گریاوم، بەڵام دەپرسم ئەو رۆژەی عەلی باپیر یەک نەتەوەی گریاندو دڵی یەک نەتەوەی بریندار کرد، چەند کاتژمێر لە ژوورەکەیدا پێکەنیوە؟.

# ئایین و ئیشق

لەوەتەی ئادەم و حەوا هەبووە، ئایینیش چۆتە ناو تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە، زۆربەی کۆمەڵگاکان،کاتێک هەر ئایینێکیان وەرگرتووە، بۆ تێگەیشتن لەو ئایینە پیایدا نەچوونەتە خوارەوە، بۆیە ئایین زۆر بە سانایی بووەتە کولتووری میللەتان،هەموو کۆمەڵگاکانیش ئایینەکەی خۆیان پێ راست و دروستبووە،لەکاتێکدا ئایینی هیچکامیان یەک شت نین، ئەگەرچی لێرەو لەوێ هەندێ خاڵی هاوبەشیان هەیە، بەڵام جیاوازییەکانیشیان یەکجار زۆرن، تەنانەت بە ئایینە ئاسمانییەکانیشەوە،تەورات و ئینجیل زۆر جیاوازن، تەورات و قورئان زۆر خاڵی هاوبەشیان تێدایە، لەکاتێکدا ئەو خاڵە هاوبەشانە بەرلەوەی موسا

لەدایک ببێ، بۆماوەی (١٠٠٠)هەزار ساڵ پێش موسا لەناو ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلی و ئەکەدی هەبووەو دوای زیاتر لە (١٠٠٠)هەزار ساڵ ئینجا گوازراوەتەوە ناو تەورات، بە یاساکانی حامورابیشەوە. ئیتر دوای (٢٠٠٠) دووهەزار ساڵیش بەسەر تەوراتدا ئینجا لە قورئاندا جێگای بۆکراوەتەوە.بەڵام کێشەکە ئەوەیە زۆربەی گەلانی دونیا بە کۆمەڵگای کوردیشەوە، نەک هەر شتێکی شایان لە ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلی نازانن، بەڵکو لەناو خودی ئەو سێ ئایینە ئاسمانییەش شارەزاییەکی پێویستمان نییە، راستە گەلانی رۆژئاوا، لەماوەی (٥٠٠) ساڵی رابردوودا قۆناخی زۆر گەورەیان هەڵگرتووەو، ئەمڕۆ ئەوروپا هەر بە شێوەو بە ناو مەسیحین، دەنا لە ناوەرۆکدا ئایینی مەسیح لە ئەوروپا کۆتایی پێهاتووەو تەنیا لەناو چواردیواری کڵێساکانەوە ئەو ئایینە جۆشێکی نەرمو لەسەرەخۆی تێدا ماوە، هەرچەندە تا ئێستا خەڵکی ئەوروپاش بە گشتی نەیانپرسیوە،بۆچی عیسایەک کە لە ئۆرشەلیمەوە بە جوولەکەیی دەژی و دەمرێ، کەچی لە یۆنانەوە ئەو ئایینەی بۆ دەنووسرێتەوەو بەسەر تەواوی رۆژئاوادا پەخشدەکرێ؟، چونکە عیسا تەنیا هەندێک تێبینی لەسەر پەیڕەوانی ئایینی جوولەکە هەبوو، نەک بەئومێدی دروستکردنی ئایینێکی دیکە بووبێت،هەر بۆیەش بە جولەکەیی مرد نەک بە مەسیحی. ئایینی ئیسلامیش لە حیجازەوە بانگەشەی بۆ کرا، کوردیش لە گەرمەی فتوحاتەکانی ئیسلامدا، کە سەردەمی خەلیفەی عومەری کوڕی خەتاب بوو،بەرەنگارییەکی قارەمانانەی لەبەرامبەر گەیشتنی ئەو ئایینە نواند،دواتر

به هێزی ئاگرو ئاسن،کورد ئەو ئایینەی پەسند کردووە، گرفتی ئەمڕۆ لەوەدایە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو کوردانەی بڕوایان بەو ئایینە هەیە، تێینەگەیشتوون، چونکە کورد بە گشتی ڕێژەیەکی زۆر کەمی زمانی عەرەبی دەزانن، ئەوانەی دەشیزانن، بە وردی قورئانیان نەخوێندۆتەوە، تەنانەت ئەو هەموو کوردەی خەریکی نوێژکردنە، بەشێکی زۆری نوێژەکەش بە هەڵە دەخوێننەوەو لە مانای ئایەتەکانیش تێنەگەیشتوون.بۆیە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی دینامیکی پەیڕەوی لە ئایینی ئیسلام بکەن، بەڵکو بەشێوەیەکی دۆگمایی و وشک دەیڵێنەوە،کە هیچ بوارێک بۆ گفتوگۆش ناهێڵێتەوە. ئەمەشیان مەترسیدارترینیانە، چونکە ئەقڵ لەو بوارە هیچ جێگایەکی بۆ نابێتەوە.

ئەوروپا زیاتر لە ١٠٠٠ ساڵ بە چەقبەستوویی ناڵاندی و نەیتوانی هەنگاوێکیش بچێتە پێشەوە، چەقبەستنی ئەوروپا بوو، کۆمەڵێک زانا لە غەرناتای ئەندەلووس گەشەیان بە لێکۆڵینەوەی فیکری و ئایینی دەدا، بەڵام کاتێک ئەوروپا ئایینی لە کڵێساکاندا قەتیس کردوو، لە کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی و لە سیاسەتی دابڕی، ئیتر ئەوروپا هەنگاوی یەکجار گەورەی لە بواری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژی و سیاسییەوە بینی، کە زۆرترین خزمەتی مرۆییشی پیکردووە.مەبەست ئەوەیە نە جوولەکە نە مەسیحیەت هیچکام دەقاودەق پەیڕەوی لە ئایینەکانیان ناکەن، چونکە تێگەیشتوون ئەگەر دەقاودەقی تەورات جێبەجێبکەن،دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری جوولەکە بە تەواوی

گۆڕانکاری بەسەردا دێت،کە بۆ ئەمڕۆ ناگونجێ، ئایینی مەسیحییەتەکەش بە هەمانشێوەیە،ئەمریکاو ئەوروپای مەسیحی لەگەڵ هەندێک لە وڵاتانی ئیسلامی پەیوەندیان زۆر باشترە لە بەرامبەر هەندێک وڵاتی مەسیحی دیکە، بۆنموونە لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا ئەمریکا،پەیوەندییەکانی زۆر باشتر بووە لەگەڵ پاکستان و سعودیە، بەڵام لەگەڵ ڤەنزویلاو کوباو روسیاو..هتد، نەک بەوشێوەیە نەبووە،بەڵکو هەر زۆر خراپیش بووە.شەڕی دووەمی جیهانی نموونەیەکی زۆر زەقە لەو بارەیەوە. گرفتی ئایینەکان لەوەدایە،کە دەقاودەق پەیڕەوی لێبکەی،لەکاتێکدا، ئایینی جوولەکە ٣٣٠٠ ساڵ پێش ئێستاو ئایینی مەسیح ٢٠٠٠ ساڵ و ئیسلامیش ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستاکەیە،ئەم دەقانەی بۆ ئەوکات بەکارهێنراون،چۆن دەتوانرێت لەو دونیای پێشکەوتنەی ئەمڕۆکەدا، یەهەمان نەفەسی دەقەکانەوە رەفتار بکەین،باشە ئایینی ئیسلام وەک لە قورئاندا هاتووە (**ماكان محمد أبا أحد من رجالكم ولكن رسول الله وخاتم النبيين** —الأحزاب ٤٠) کە کۆتا ئایین بێت و ژیانیش بەردەوام بێت، باشە دوای ١٠٠ هەزار ساڵی دیکە کە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارێکەوە، دونیایەک گۆڕانکاری یەکجار گەورەی تێدەکەوێت، ئایا دەگونجێ ئێمە هەموو ژیانمان لەو چوارچێوەیەدا قەتیس بکەین کە پێیدەوترێ ئایینی ئیسلام، لەکاتێکدا گۆڕانکارییەکانی ئێستا، مرۆڤایەتی بە تەواوی لە ئایین دابڕیوە، تەنیا کوردو عەرەبن کە تا ئێستا بە توندی خۆیان بە ئایینەوە گرتووەو سەیری ئەملاو ئەولا ناکەن،ئەمەش گەورەترین گرفتی کۆمەڵگای کوردییە.چونکە هیچ نەتەوەیەک لەسەر ئەم

گۆی زەوییە نییە، بەقەد نەتەوەی کورد قوربانی ئایینی ئیسلام بووبێت، ئەم ئایینە یەک ملیار خەڵکی هەیە، بەڵام کورد قوربانی هەرە گەورە بووە، فارس، تورک، عەرەب، تا دەگاتە پاکستانی و ئەندۆنیزی و مالیزی و...هتد،هەموویان لەجیاتی قوربانی بووبن، سوودمەند بوونە لێی، جگە لە کورد. بۆیە بەردەوامبوونمان لەگەڵ ئایین وەک ئەوە وایە کورد بەردەوام شەڕ لەگەڵ خودی خۆیدا بکات،بێگومان شەڕێکی لەمجۆرەش دژوارترینیانە،چونکە هیچ شەڕکردنێک وەکو شەڕکردن لەگەڵ ناخی خۆت ترسناک و سەخت نییە.

ئێمە لەمناڵییەوە بە کولتوورێک تەلقین دراوین و دەدرێین، ئەو کولتووره بنەماکانی شارستانیەتی تێدا داماڵدراوە،بۆیە مرۆڤ کە گەورەش دەبێت، ئاسان نییە خۆی لەو کولتوورە تەڵقین دراوە دووربخاتەوە، چونکە بیری منداڵی تیژەو بە ئاسانی یادەوەرییەکانی منداڵی بیر ناچنەوە، ئەمە هۆکارێکی گرنگە کە وای لە کۆمەڵگای ئیسلامی کوردی کردووە، کورد گوتەنی (خەنجەری لەکاڵان دەرهێناوە) هەمیشە ئامادەی تەکفیرکردنی بیروڕای جیاوازەو سەرقاڵی فەتوادانە.هەر ئەمەشە وایکردووە، مرۆڤی کورد هەمیشە لە ناخەوە ماندوو، نیگەران، نا ئارام، سەرگەردانەو بۆ رزگاربوونیش لەم چەمکانە پەنا دەباتە بەر توندوتیژی. ئیتر هەرگیز ئیشق و خۆشەویستی لەو فەرهەنگەدا جێگایەکی بۆ نەماوەتەوە، بۆیە لە قورئانیشدا بە یەک وشەش باسی ئیشق نەکراوە، ئەوەی پێیشیدەوترێ خۆشەویستی تەنیا مەبەستی لە خۆشەویستی خوداو خۆشنەویستنی جۆرە

خەڵکانێکە.کۆمەڵگای کوردی لەجیاتی ئەوەی بچن مەولانا رۆمی بخوێننەوە، کە چ ئیشقێکی خودایی لەناخیدا رەگی داکوتاوە، کەچی خەریکی کۆمەڵێک بیروبۆچوونی پووچن،بەدوای هەندێک رەوت و مەزهەبی ئایینی کەوتوون،کە ئەمڕۆ ئەو بیروبۆچوونانە بە تەواوی پەکیان کەوتووەو کاریان پێ ناکرێ. چونکە لە بنەڕەتدا ژیان بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و بۆ خزمەتکردنی و بۆ جوانکردنی ژیانی زیندەگی هاتۆتە ئاراوە، نەک بۆ کوشتن و سەربڕین و تۆقاندنی مرۆڤ و بەردەوام بۆ پێشێلکردنی مافەکانی.نەک بۆ دابڕان و گۆشەگیربوونی مرۆڤ لەو سروشت و کۆمەڵگایانەی کە پێویستی بە تێکەڵبوونە نەک دابڕان. هەر لەبەر ئەمەش بووە، ملیۆنەها ساڵ بوو ژیان هەبوو، دارو درەخت و رووبارو کانی هەبوو، ئینجا زیندەوەرو گیانەوەر هەبوون، ئینجا مرۆڤی لێ خولقا.واتە ئامادەباشییەکی تەواو بۆ ژیانی مرۆیی دروست ببوو، ئینجا مرۆڤیش هاتە ئاراوەو ژیان بە دارو درەخت و رووبارو مانگەشەوو ئەستێرەکانییەوە، بە زیندەوەرو گیانەوەرەکانییەوە هەموویان پێشوازیان لە مرۆڤ کرد. بۆیە ئایین لە سەرەتاوە مایەی بەخشینی ئاسوودەیی و مایەی رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی بوو،نەک مایەی توندوتیژی.هەڵەیەکیش بوو کە ئایین خرایە ناو رۆحەوە، چونکە رۆح بۆ ئیشق و خۆشەویستییە، بۆ ویژدانە، بۆ سەمای ئێوارانە، بۆ پەخشکردنی بۆن و بەرامەی خۆشەویستییە بەسەر سرووشتدا،بەڵام لەو کاتەوەی ئایین رۆحی داگیر کرد، ئیتر رۆح لە بەشێکی بنەڕەتی ئەو چێژە دوورخرایەوە،لە کاتێکدا هیچ چێژێک بەقەد

چێژی ڕۆح  ئاسوودەیی تێدا نییە، هیچ ئازارێکیش بە قەد ئازاری ڕۆح ترسناکترو پڕ ئازارتر نییە. زۆربەی زۆری ئەو مەزهەبانەی دوای پێغەمبەری موسڵمانانەوە هاتوون،هەریەکێکیان بۆخۆیان پڕگاڵێکیان هێناوەو سنووری بازنەیەکیان بۆ کێشاوین و ئێمەیان خشستۆتە ناو ئەو بازنەیەوە،بازنەی هەر یەکێکیشیان لە ئەویتریان بچووکتر بۆتەوە،تا وای لێهاتووە ئێستا ئایین خودایەکی بۆمان داناوە، کە ئەوەندەی جێگای ترسە، ئەوەندە مایەی خۆشەویستی نییە، چونکە ترس دوژمنی ڕاستەقینەی خۆشەویستییە، کە ترس هەبوو، خۆشەویستی جێگای نابێتەوە،کۆمەڵگای کوردی تەنیا لە ئاییندا لە دۆخێکی زۆر خراپدا نییە، بەڵکو لە ئەفسانەو هونەریشدا، لە خراپترین دۆخداین،ئەفسانەی سۆمەری و بابلی و یۆنانی و ..هتد،کەچی کورد لەپاڵ سۆمەریەکاندا ژیاوەو بێ هونەرو بێ ئەفسانەیە،یۆنانییەکان ئەفسانەکانیان تێکەڵ بە شیعرو تەنانەت چیرۆک و هونەرییشیان کردووەو، لەناو هونەریشدا ڕەنگرێژیان کردووە،کورد ئەوەی هەیەتی دوو شتە یەکێکیان چیرۆکی بەرئاگردانە،کە زۆر دواکەوتوانەیە، ئەویتریشیان داستانە، ئەویش نەتوانراوە هونەرییانە دابڕێژرێتەوە،ئێستا هەردووکیان کۆتاییان هاتووە، چونکە هونەرو مێژوو لە ئاستێکی بەرزدایە. کەواتە کورد پێویستی بە دوو نەشتەرگەریی هەیە، یەکێکیان بۆ دڵ و ئەویتریشیان بۆ مێشک. کەواتە پێویستە سەرلەنوێ بە ڕۆحێکی نوێ و دونیا بینییەکی نوێوە،خۆمان مانیڤێست بکەین،بۆئەوەی ئەو هەموو ژەنگ و ژارەی بەسەر دڵ و مێشکمانەوە نیشتووە، بیتوێنینەوەو،ئەزموونێک لەو

مێژووە دوورو درێژەمان وەربگرین،کە ئێمەی بەتەواوی گۆشەگیرکردووە.
چونکە ئایین ژیانی هەموو ئەو کۆمەڵگایانە ڕەتدەکەنەوە کە بە توندیی ئایینەکەیان وەرگرتووە،لە هونەر، لە جوانی، لە خۆشەویستی، تەنانەت لە خەیاڵی جوانیش بەتەواوی دوورتدەخاتەوەو ڕێگات پێنادا چێژ لە خۆشییەکانی ژیان وەربگریت، لەکاتێکدا ژیان پڕە لە نهێنی، پڕە لە ئیشق،پڕە لە جوانی.هەر مرۆڤێک یان لە ڕوانگەیەکی فراوانترەوە، هەر کۆمەڵگایەک تووشی ئەو دابڕانە ببێت، ئەوا کۆمەڵگایەکی بکوژو توندوتیژیی لێدەردەچێت،کۆمەڵگایەک تەنیا دەزانێت جەهل بڵاوبکاتەوە، ئیدی لە بنەڕەتدا کۆمەڵگا دەبێتە کۆمەڵگایەکی ژەهراوی،بە دیوەکەی تر کۆمەڵگا هێشتا خۆی نەدۆزیوەتەوەو هەست بە بوونی خۆی ناکات، سەدان ملیۆن مرۆڤ هەن لەسەر ئەم زەوییە دەژین و هەست بە بوونی خۆیشیان ناکەن.چونکە هەموو ئایینەکان تەنیا باسی مردنمان بۆ دەکەن، باسی ئەودیو ژیانی زیندەگیمان بۆ دەکەن، باسی ژیانی زیندەگی ئێستامان بۆ ناکەن. من نازانم چ خۆشەویستییەک لەناو ماڵێکدا بەرهەم دێت کاتێک ئیسلام پێت دەڵێت ماڵ و منداڵ فیتنەو بەڵایەو تەنانەت ژیانی زیندەگیش بە دۆزەخ بزانێت، بێگومان لێرە هیچ هاوسۆزییەک بۆ ماڵ و منداڵ نامێنێتەوە.

کولتوورێک نابێتە کولتوور ئەگەر تۆ ملکەچی نەبیت و پەیڕەوی لێ نەکەی، کۆمەڵگایەک کۆمەڵگای تۆ نابێت ئەگەر لەناویدا نەتوێیتەوەو بەهاکانی لەخۆتدا نەدۆزیتەوە، هەموو ئەو کولتوورانەی بوونەتە کولتوور لە

ئەنجامی    پەیڕەوکردنی سەدان ساڵەی کۆمەڵگایەکەوە دروستبوونەو مانەوەی خۆیان پاراستووە، هەر کاتێک هێزی بەرەنگاری لە بەرامبەریدا دروستبووە، ئیتر ئەو کولتوورە گڵۆڵەی کەوتۆتە لێژی و بەرەو نەمان چووە، لە ئەنجامدا کولتوورێکی دیکە جێگای گرتۆتەوە، ئیتر ئاوەها پرۆسەکان دووبارەو سەد بارە بوونەتەوە،هەر کۆمەڵگایەکیش کاتێک تاک بەهاکانی وەرنەگرت و لێی هەڵگەڕاوە ، ئەو کۆمەڵگایە شاربەدەریدەکات و نەفرەتی لێدەکات و دواجاریش بە پەندی زەمانەی دەبات، ناسر حامید ئەبوزێدو سرووش و سوکرات و ئەفلاتون و سیپینۆزاو  ئیبن روشدو فارابی و جیۆردانۆ برۆنۆو کۆپەرنیکۆس و گالیلۆو سەدان زاناو بلیمەتی دیکە نموونەی زیندوون. هەر کەسێک لە هەوڵی ئەوەدابێت، رۆحی داگیر نەکرێت و نەبێتە کۆیلەی ئەو کولتوورەی لە ژینگەکەیدا پەیڕەوی لێدەکرێ، کردوویانە بە پەندی زەمانە.

ئایینیش کولتوورە،هەموو ئایینەکانیش بەرامبەر بە ژیانی زیندەگی رەشبینن ، بۆیە هەمیشە دژی ژیان و خۆشییەکانی ئەو ژیانەشن، ژیانێکی ترمان پێدەڵێن،کە وامان لێدەکەن زوو ئەم کۆچە بکەین تا زووتر بیگەینێ!!ئەمەیە وایکردووە لەناو کورددا دڵەکان سەما ناکەن، چونکە نەیتوانیوە ئاشق بێت، نەیتوانیوە جوانناس بێت...ئەوانەی شیعری دڵداریمان بۆ دەنووسن،زۆربەی هەرە زۆریان نەیانتوانیوە ئاشق بن، ئەوانەی رۆمانمان بۆ دادەڕێژن، نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی ئیستاتیکی باسی ئیشق و سێکس بکەن، چونکە ئەزموونیان لەگەڵیدا نەبووە. مەولانا

رۆمی دەڵێت: هەتا عاشق نەبین، مەحاڵە لە عیشق تێبگەین.. تا ئێستا یەک شیعر، یەک رۆمانمان نییە، جورئەتی ئەوەی کردبێت یان ئەقڵی بۆ ئەوە چووبێت کە سێکس گەڕانەوەیە بۆ ناو سرووشت، سێکس باڵاترین هونەرە بۆ مرۆڤ،وزەیەکی لەبن نەهاتووەو وا لە مرۆڤ دەکات کە هەستدەکات باڵی گرتووەو دەفڕێ بۆ جیهانێکی دیکە کە قەت نەیبینیوە، سێکس نوێبوونەوەی مرۆڤ و نوێبوونەوەی رۆحی مرۆڤە، نوێبوونەوەی رۆحی مرۆڤ بەدەر لە سێکس لە هیچ شتێکی دیکەدا بەدی نایەت،جگە لەو شتانەی پێیاندەوترێ غەریزە. بۆیە سێکس بۆ یەکەمجار کە دروستبوو، لە مرۆڤەکاندا دروست نەبوو، بەڵکو لە زیندەوەرو ئاژەڵاندا دروستبوو، چونکە ئەوانیش سرووشت وای خولقاندبوون کە پێویستیان بە یەکتر هەیە، کاتێک باوەش بە یەکدا دەگرن، ناچارن دەبێت سێکس بکەن، بۆئەوەی خۆیان لە فەوتاندن رزگار بکەن، واتە سێکس مانای مانەوەیە،مانای بەرگریکردنێکی ئەبەدییە لە خۆت، بۆیە زۆر پیرۆزە.پیرۆزتریشە ئەگەر وەکوو مرۆڤ رەفتاری لەگەڵدا بکرێ، کەچی لە کۆمەڵگای ئێمەدا باسکردنیشی عەیبەیەکی گەورەیە، تەنیا سێکس دەتوانێت ئەو هەموو ئازارە قورسەی لەسەر شان و پشتی مرۆڤەوەیە رایبماڵێ و لەجیاتی ئازار چێژی رۆحی پێ ببەخشێ.بەڵام من گومانی زۆرم هەیە هێشتا کورد فێر نەبووە وەکوو مرۆڤ سێکسیش بکات، ئەوەی دەیکات تێرکردنی غەریزەکەیەتی بە رێگایەکی ئاژەڵیی، کورد کوا لەمانای سێکسی مرۆیی تێگەیشتووە ؟! وەڵامی ئەو پرسیارە لای کچ و ژنانی کوردە،کە پیاویان لا

بۆتە دێوو دەعبا.ئاخر ئەو پیاوانە زۆرن کە رەفتاریان رەفتاری دەعباو دێوە.

بونیەوییەکان بۆیە پێیاندەڵێن، بونیەوی (بوونگەرا)چونکە ئەوان هاتن لەجیاتی ئەوەی گرنگی بە خودا یان بە هەر شتێکی دیکە بدەن، هاتن هەموو ژیانیان لەناو (بوون)دا چڕ کردەوە، بە واتایەکی دیکە (بوون)یان لە بەرامبەر بە وشەی خودا دانا.بۆیە بوون بەهەمانشێوەی خوداو بگرە زیاتریش ئاڵۆزی تێکەوتووە، هەر لە ئەفلاتونەوە تا سارتەرو هایدگەر، لەوێوەش تا فەیلەسووفەکانی ئەمڕۆ، هەموویان و هەر یەکەو بە جۆرێک لە بوون دواون. ئاینی ئیسلام کە ژیان رەتدەکاتەوە، کەواتە گرنگی بە مردن و دوای مردن دەدا، مردن، بازنەی پەیوەندی نێوان ژیان و دوای ژیانە، بۆیە موسڵمانەکان هەمیشە رێزێکی زۆر لە مردوو دەگرن. تەنانەت ئەوانەی لە سێدارە دەدرێن، یان لە خاچدەدرێنن یان ئەوانەی لەژێر ئەشکەنجەدا دەمرن، ئیتر کە مرد، رێزی بۆ دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا بەهۆی لەسێدارەدانەوە یان بەهۆی ئەشکەنجەوە، یان بەهۆی لەخاچدانەکەیەوە مردووە، سەیرە!!کورد هەمیشە زیندووکوژی مردوو پەرست بووە، هەر ئەوەشە وایکردووە لەناو کورد ئەو قسەیە زۆر باو بێت کە دەوترێ (مردوو لینگی درێژ دەبێتەوە)، یان (ئەوەی کە مرد شەیتان دەستی لێ دەشوات)، واتا تا زیندووە شەیتان لە کەڵکەڵەیدایە، بەڵام کە مرد ئیتر شەیتانیش بە لایەوە ناچێت.ئەمەیە کۆمەڵگای کوردی، کە گەمژەکان بۆ زیاتر گەوجاندنی خەڵک دەڵێن ئێمە خاوەنی کۆمەڵگایەکی کراوەو زیندووین. جگە لە

مرۆڤ، هیچ زیندەوەرێکی دیکە خاوەنی هیچ ئایینێک نییە، بە داروبەردو رووباو درەختەکانیشەوە، خاوەنی هیچ ئایینێک نین، تەنیا مرۆڤە بیردەکاتەوە، کە دەبوو مرۆڤ زیاتر لە دارودرەخت و زەوی و باڵندەو زیندەوەرو ئاژەڵ، خاوەنی هیچ ئایینێک نەبوایە، چونکە ئەقڵی مرۆڤ زۆر زیاترە لە ئەقڵی زیندەوەرو گیانەوەرەکانی تر،کەواتە نەدەبوو مرۆڤ چوارچێوەیەک بۆ خۆی بکێشێت و بڵێ تا ئێرە سنووری بیرکردنەوەی من و گوزەراندنی ژیانی منە، چونکە ژیان پڕە لە نهێنی کە بەردەوام نهێنی نوێی تێدا دەدۆزرێتەوە.بەڵام گرفتەکە ئەوە بووە مرۆڤ لە سەرەتای هاتنە دونیایەوە، ئەوکاتە زۆر دەبەنگ و گەمژە بووە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئاژەڵاندا نەبووە، رووت بوو، خواردنی خواردنی ئاژەڵان بوو، زمانی قسەکردنی نەبوو، دوای سەدان هەزار ساڵ ئینجا بیری لە بەرگ و پۆشاک لەبەرکردن کردەوە، دوای سەدان هەزار ساڵ ئینجا، بیری لە خواردن دروستکردن کردەوە، دوای سەدان هەزار ساڵ ئینجا زمانی گاگۆلەی دەکردو دوای نیوملیۆن ساڵ هاتنە سەر دونیای ئینجا زمانێکی شەق و شڕی بۆ قسەکردن پێکەوەنا، واتا دوای سەدان هەزار ساڵ لە هاتنە دونیای ئینجا لەگەڵ ئاژەڵان خۆی جیاکردەوەو خۆی وەک بوونەوەرێکی جیاواز لە ئاژەڵان ناساند، ئیتر مرۆڤ لەوکاتەوە کە ئەقڵی تەپیبوو، خودای بەخۆی ناساندو بیری لە ئەفسانەی سەرەتایی کردەوە، تا دواتر واتە نزیکەی ١٠-١٢ هەزار ساڵ ئەفسانە وردە وردە لەناو شارستانێتی سۆمەری و ئەکەدی و بابلییەکان گەشەی کردو، دواتریش ئایین لەو

ناوچەیە لە ئۆرشەلیمەوە بۆ عەدەن و لەوێوەش بۆ حیجاز...هتد بە هەزاران پێغەمبەر یەک لە دوای یەک هاتن و چوون کە هەم پاشا بوون و هەم پێغەمبەر، هەم باوک پێغەمبەر بوو هەم کوڕەکەی و هەم کوڕەزاکەی،هەم نەوەکەی، پێغەمبەرایەتیش زۆربەی هەرە زۆریان دەبوو هەم پاشا بیت و هەم بنەماڵە بیت، ئیتر ئەو بنەماڵەیە هەر بە پێغەمبەری دەمانەوە،لە ئادەمەوە بۆ نوح لە نوحەوە بۆ سێ کوڕەکەی، ئینجا بۆ ئیبراهیم خەلیل کە بە باوکی پێغەمبەران ناسراوە،لووت کوڕی برای ئیبراهیمەو ئیسماعیل و ئیسحاقیش یش کوڕی ئیبراهیمن و یەعقوبیش کوڕی ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم و یوسف کوڕی یەعقوب و موساش لە نەوەی یەعقوبی کوڕی ئیسحاق و هاڕون برای موسا پێغەمبەرو ئەلیاس کوڕەزای هاڕوون و داود دەچێتەوە سەر یەعقوبی کوڕی ئیسحاق و سلێمانیش کوڕی داودەو زەکەریاش دەچێتەوە سەر سلێمان و یەحیاش کوڕی زەکەریایەومەسیحیش لە رەچەڵەکی ئیسحاقەو..هتد. هەمووشیان لە دوورگەی عەرەبی و عێراق و شام و فەڵەستین ومیسرن.ئەمە نموونەیەکی بچووک و خێرابوو. ئیتر ئایین بووە کولتوورو ژیان و مان و نەمانمان. ئەگینا ئەو رۆژەی ئادەم داری مەعریفەی خوارد، خواردنی بەری ئەو درەختە پێی وتین ژیان پڕە لە نهێنی ئەوە ئەرکی مرۆڤە بیدۆزێتەوە، بەڵام ئایین رێگای لێگرت و ئادەمی سزا دا.لەو رۆژەوەش حەوا، بۆتە جێی سووکایەتی پێکردن و زۆر جار ئافرەت بە مار دەچوێنن، بە مەکربازو بەو شتانەی دەچوێنن کە لە بەهاکەی کەمدەکاتەوەو کەرامەتی پێشێل دەکرێ.

لەوکاتەوە ئایین ژیانی رەتکردۆتەوەو پێتدەڵێت، ئەو ژیانەی ئێستات هیچ نییە، کارێکی باش بۆ ژیانی ئەودیوت بکە، کە رۆژی قیامەتە.

کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکە بە تەواوی ژەهراوی کراوە، جارێک بە ئایین و کولتوورەوە، ئەوە ماوەی بەرەو سەدەیەکیش دەچێت بە حیزب ژەهراوی کراوە، حیزب هاتووە جێگای ئایینی گرتۆتەوە، یان دەتکات بە کۆیلەی خۆی و دەبێت لە پێناویدا بژی و بمری، یان تێتهەڵدەدات و لە هەموو شتێک بێبەشت دەکات، وەک چۆن ئادەم لە بەهەشت دەرکرا، خۆ ئەگەر لەگەڵیشیا نەگونجێی چارەنووسیشت روون نابێت و دەتفەوتێنێت. بۆیە نەوە لە دوای نەوە کە لەدایک دەبن بە کۆمەڵێک دەردو پەتاوە لەدایک دەبن، ئێستا ئەو نەوەیەی ئێمە لە هەموو نەوەکان زیاتر نەخۆش و دەردەدارن، چونکە هەم ئایین هەم حیزب بەتەواوی ئێمەیان داگیر کردووە، ناتوانین بە دڵی خۆمان بجوولێینەوە، ناتوانین بە ئەقڵی خۆمان بیر بکەینەوە،کۆمەڵگاش کە ژەهراوی بوو، ئاسان نییە بتوانی کۆمەڵگایەکی تەندروست بێنیتە دی. کۆمەڵگای کوردی پێویستی بە فۆرماتکردنە، بۆئەوەی سەرلەنوێ منداڵ ببیتەوە، منداڵێک کە هێشتا نە زمانی پشکوتبێ ، نە لە چاکەو خراپە تێبگات، بۆئەوەی پڕ بە گەرووی خۆی بتوانێ بقیژێنێت و پێبکەنێ، پڕ بە دەنگی خۆی هاوار بکات، گاڵتەی بە وشەی عەیبەو شوورەیی بێت. لە خۆڕا نەبوو مەسیح دەیوت، تا نەبنەوە بە منداڵ ناتوانن بگەن بە مەلەکوتی خوا. ئاخر مەلەکوتی خوا بە توندوتیژی و خوێنڕشتنی یەکدی دروست نابێت، بێگومان بە درۆو ملشکاندنی یەکدیش

دروست نابێت، به گۆشه‌گیری و دابڕانیش دروست نابێت، مه‌له‌کوتی خوا له خۆشه‌ویستی و ئیشق و ژیانی ئاسووده‌ییدا دێته دی.ئێمه له هه‌رێمێک ده‌ژین هه‌ست به بۆن و به‌رامه‌ی ئیشق ناکه‌ین، هه‌ست به بۆنی ره‌یحانه ناکه‌ین، هه‌ست به مانا قووڵه‌کانی ژیان ناکه‌ین،ئێمه له هه‌رێمێکدا ده‌ژین، دڵیان گوشیوین، مێشکیان ته‌مبه‌ڵ کردووین،یاساکانی ژیانیان لێ گه‌نده‌ڵ کردووین،ئاسان نییه بگه‌ڕێینه‌وه سه‌ر قۆناخی منداڵی،ئه‌و دڵه چۆن ئازاد ده‌کرێ، ئه‌و مێشکه چۆن چالاک ده‌کرێ، یاساکانی ژیان لێره چۆن بۆ خزمه‌تی گشتی داده‌ڕێژرێنه‌وه، زۆر سه‌خته، به‌ڵام هه‌ر ده‌شبێت له خاڵی سفره‌وه ده‌ست پێبکه‌ین.خاڵی سفر ئه‌وه‌یه هه‌موومان با له‌ناخی خۆمانه‌وه نه‌مامێکی گوڵ بڕوێنین،بۆئه‌وه‌ی بوداییانه بیر بکه‌ینه‌وه، نه‌ک فیرعه‌ونیانه، ئاخر ئه‌م هه‌رێمه بۆته کارگه‌یه‌ک ته‌نیا فیرعه‌ونمان بۆ دروستده‌کات، بودایه‌کمان بۆ ناخولقێنێت،بودایه‌ک که قه‌ت بیری له پێغه‌مبه‌رایه‌تی نه‌کردبۆوه‌و نه‌شیده‌زانی رۆژێک دێت خه‌ڵکی له‌دوای مردنی ده‌یکه‌ن به پێغه‌مبه‌ری خۆیان.

ئایین باسی شه‌هوه‌تت بۆ ده‌کات،به‌ڵام باسی ئیشقی نه‌کردووه، شه‌هوه‌تیش ئاره‌زوویه‌کی کوێرانه‌و ملهوڕانه‌یه،به‌ڵام له ئیشقا ناخ گوڵی لێده‌پشکوێ،دڵه‌کان بێده‌نگده‌بن،رامان و بیرکردنه‌وه دروستده‌بێت، ئیشق له بیاباندا ناڕوێ، له‌نێو که‌ژو چیاو دۆڵ و رووباره‌کاندا ده‌ڕوێ،ئیشق له ده‌روونی نه‌خۆشه‌کاندا نییه، له دڵێکی ساف و ته‌ندروسته‌وه ده‌ڕوێ.ئه‌وانه‌ی به توندی ئایینیان گرتووه، کوا له تامی ئیشق گه‌یشتوون،

کوا دەزانن ئیشق لە چ مەملەکتێکدایە، کوا لە ڕەنگ و بۆن و بەرامەی ئیشق دەزانن. ئیشق لەدوای خۆشەویستییەوە دێ، نەک لە دوای توندوتیژییەوە، ئیشق لەگەڵ گەیشتن بە لوتکەی ئینسانیبوونا دەڕوێت، نەک لەگەڵ بێ بەهاکردن و ملکەچکردنی مرۆڤدا، ئەو مرۆڤانەی ملکەچن، هەرگیز ناتوانن ئاشق ببن، ناشتوانن لە مانای خۆشەویستی تێبگەن، بەرلەوەی ئاشق بیت دەبێت دڵت بۆ خۆشەویستی سەمایەکی ئاسمانی کردبێت،ئاشقەکان خواناسی راستەقینەن، هیچ خۆشەویستییەک نابێت بە خۆشەویستیی ئەگەر تەنیا بۆ جوانکردنی جەستەو کارێکی جەستەیی بێت،بەڵکو ئەوکاتە دەگەیتە خۆشەویستی کە رۆحی خۆت بەسەر رۆحی ئەودا رژاند. رۆح بڕێژە تا بۆنی سرووشت جوانترو خۆشتر بێت تا ڕەنگی سرووشت سەوزترو جوانتر بێت.لە ئاییندا رژاندنی رۆح تەنیا لەناو توندوتیژیدایە، لەناو خوێندایە، بۆیە مەملەکەتێکە چۆل و هۆل، مەملەکەتی بیابانە، لە بیابانیشدا ئیشق ناروێت.

# ئیسلام و ئیشق و خۆشەویستی

هەموو خۆشەویستییەک بەدەر لە مەعریفە نابێتە خۆشەویستییەکی تەندروست، بەڵکو دەبێتە جۆرێک تێرکردن بەمانا غەریزەییەکەی، دوور لە بنەماو رەفتارە مرۆییەکە. ئەگەر سەیری مێژووی ئیسلام بکەین، ئەوە تێدەگەین کە لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، ئەوەی گرنگی پێ نەدرابێت، بواری مەعریفی و خۆشەویستیی بووە، هەر ئەو گرنگی پێ نەدانەش بوو وای لە غەزالی کرد، دژی فەلسەفەو فەیلەسوفان بوەستێتەوە، چونکە تا سەردەمی غەزالی ئیسلام بەدەر بووە لەو گرنگیپێدانە. تۆ سەیری پێغەمبەری ئیسلام و هەروەها چوار جێنشینەکەی بکە، هیچکام لەوانە گرنگیان بە کتێبخانە نەداوە، بەڵکو مێژووی هەر یەک لەوانە بریتی بووە لەوەی کە تا چەند کاریگەری بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی هەبووەو تا چەند لە شەڕەکاندا شمشێرەکەی کاری خۆی کردووە، مێژووی هەر یەک لەوانە

بریتی بووه له مێژووی سەرکەوتن و پاڵەوانێتییەکانیان بەسەر دوژمنانی ئیسلامدا ، بۆیه مێژووی ئیسلام بریتی بووه له مێژووی فتوحات و مێژووی دەستکەوت و غەنیمەو کەنیزە .ئێستاش ئیسلام پێی بکرێت، هێرش دەکاتە سەر رۆژئاواو دەیکاتەوە سەردەمی فتوحاتەکان، چونکه بەردەوام ئەوروپاو رۆژئاوا به خاچپەرست و کافرو دوژمن ناودەبەن.لێناگەڕێن مرۆڤ وچانێک بدات و بۆخۆی به هێمنی بیر بکاتەوە، بەردەوام دوژمنێک بۆ خۆی دروستدەکات و وای لێدەکات، که پێویسته ئەو دوژمنه لەناو ببردرێ و ئایینی ئیسلام هەموو دونیا بگرێتەوە.ئەمه سەرباری ئەوەی ئیسلام هەمیشه لەناوخۆی خۆشیاندا شەڕێکی بێ ئامانیان هەڵگیرساندووەو له چوار جێنشینەکەی پێغەمبەری ئیسلام سێ جێنشینیان کوژراون وهەندێک لەوانەی له (عشرة المبشرة)بوون نموونەی تەڵحەو زوبێرو خەلیفەکان به دەستی ئەوانه کوژران که موسڵمان بوون و خوایان ناسیبوو. ئیتر به هەزاران موسڵمانی بێ دیفاع کەوتۆته بەر شمشێری موسڵمانانی دیکە، حەللاج و حەسەن و حوسێنی کوڕی عەلی و دەیان ئەسحابەو، هەزارانی دیکه نموونەی مشتێکن له خەروارێک. که باسی فتوحاتیش دەکەین پێویسته سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رابکێشین که له سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا، زۆرترین فتوحات کراوەو له رۆژهەڵاتەوە تا ئێران و له رۆژئاواشەوە تا لیبیا دەستیان بەسەردا گیرا، کوردستانیش هەر لەو سەردەمەی کوڕی خەتابدا دەستی بەسەردا گیرا، سەعدی کوڕی وەقاس که سەرلەشکری ئیسلام بوو بۆ گرتنی ئێران، وەک ئیبن خەلدون نووسیویەتی،

دەڵێت،سەعدی کوڕی وەقاس  داوای لە عومەری کوڕی خەتاب کرد، کە وڵاتی فارسەکان پڕە لە کتێبی پڕ بەها، ئەگەر خەلیفە ڕێگای بدات ئەوا هەموو کتێبەکان بەسەر سەحابەو جەنگاوەرانی خۆی وەک غەنیمە دابەش دەکات، بەڵام خەلیفە عومەر بۆی نووسیبوو،هەموو کتێبەکان فڕێبدە ناو ئاوەوە،ئەو ڕێنماییانەی خوا لە قورئاندا پێیداوین زۆر  باشترن لەوانەی لە کتێبەکاندا نووسراون. واتا بە قسەی خەلیفە عومەر، هەموو زانست و زانیاری و مەعریفەی دونیا، لە دەرەوەی قورئان بێ مانایەو دەبێت لەناوببردرێن،وا پێدەچێت ئەو هەڵوێستە توندەی عومەر لەو ئایەتەوە سەرچاوەی گرتبێت کە دەڵێت: **وَلَقَدْ بَوَّأْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ مُبَوَّأَ صِدْقٍ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ فَمَا اخْتَلَفُوا حَتَّىٰ جَاءَهُمُ الْعِلْمُ  إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ** . سورەتی یونس ئایەی ٩٣. ئیتر ئەمە بوو بە یاساو ڕێسا لە ئیسلامدا،دواتر بە هەزاران کتێب لەبارەی قوتابخانەکانی موعتەزیلەو ئەشعەری و..هتد سووتێنراون. بۆیە هەر ئەمە بوو وای لە غەزالی کردبوو، کە قورئانی کردبوو بە پێوەری هەموو فیکرو فەلسەفەو زانست. ئیمامی حەنبەلی پێش غەزالی هاتۆتە سەر دونیا، حەنبەلی  بوو وتی مادام قورئانمان هەیە، ئیتر پێویستیمان بە فەلسەفە نییە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە زانستی کیمیاو فیزیاو تەنانەت لۆژیکیش ڕەتدەکەنەوەو دەڵێن ئیسلام پێویستی پێی نییە.چونکە ئەگەر پێویستبوایە ئەوا خودا لە قورئاندا باسی دەکردو پێغەمبەری ئیسلامیش تاوتوێی دەکرد.بۆیە ئەم زانستە بە بیدعە دەزانن، تا ڕادەی کوفر.تەنانەت غەزالی دژی

میتافیزیکاش وەستاوەتەوە، چونکە میتافیزیکاش بریتییە لە فەلسەفەو ، فەیلەسووفەکان باسیان لە مردن و زیندووبوونەوەو گەردوون کردووە کە ئەمەش لە روانگەی غەزالییەوە خۆی لە خۆیدا کوفرە!!.بەڵام ئیبن روشد هات گونجانێکی لەنێوان ئایین و فەلسەفە دروست کرد، وەک چۆن تۆماس ئەکوینی هەمان گونجانی لەنێوان فەلسەفەو ئایینی مەسیحی دروست کردو، فەلسەفەی ئەرستۆی بردە ناو کڵێساو بەیەکەوەی ئاشتکردنەوە. ئیبن روشد راستی وت کە غەزالی ناتوانێ سنوور بۆ فەیلەسووف و فەلسەفەکانیان بکێشێ و هیچ هێزێکیش ناتوانێ فەلسەفە لە شوێنی خۆیدا بوەستێنێت. هەڵوێستی غەزالی کە لە هەڵوێستی عومەری کوڕی خەتاب سەرچاوەی گرتبوو، بوونە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١١٩٥ز لە شاری قورتوبە کتێبەکانی ئیبن روشد بسووتێنرێن. ئیتر کتێب سووتاندن کرا بە کولتوور، دواتر دوژمنە سەرسەختەکانی مرۆڤایەتی و شارستانی بەگشتی پەیڕەوییان لێدەکرد،هیتلەر نموونەیەکی زیندووە. باشە با پرسیارێکی بابەتی بکەین، ئەم هەموو توندوتیژییەی گوایا بۆ داکۆکیکردن لە ئایینە بۆچی ؟ ئایا خودا پێویستی بەم هەموو توندوتیژی و بەم هەموو کوشتن و بڕینە هەیە، تا خۆی پێ بسەلمێنێت ؟ چونکە هیچ ئایینێکی ئاسمانی شک نابەین بەبێ شمشێر، گەشەی کردبێت، عیسایەک کە هەموو فەلسەفەکەی لێبوردەیی بوو، کەچی کڵێسای ڕۆما بە هێزی شمشێرەکەی دەستی ڕۆماوە ئەو ئایینەی بڵاوکردەوەو ماوەی ١٠٠٠ ساڵ زیاتر هەموو فەلسەفەو زانستی پێچایەوەو نەیدەهێشت کەس شتێک بڵێ کە لەگەڵ سەرکوتکارییەکەیدا

نەگونجێ، دەنا دەیکردە مەنجەنیق.زمانبڕین و سەربڕین و ئینجا سووتاندنی جیۆردانۆ برۆنۆ تەنیا نموونەیەکی بچووکی ئەو دۆخەبووە.

راستە ئێستا ئایینە ئاسمانییەکان بە گشتی ئەو هەڕمێنەی جارانیان نەماوەو، زۆرینەی کەسایەتییە رۆشنفکرو تەنانەت خوێنەوارەکان، وازیان لێیهێناوە، تەنیا بە رواڵەت سەر بە ئایینێکن و نایانەوێ بە ئاشکرا رەتیبکەنەوە، چونکە کۆمەڵگاکان بەتایبەتی کۆمەڵگای ئیسلامی هێشتا ئەو رەتکردنەوەیەی قەبوڵ نەکردووەو رووبەڕووی گرفتی گەورەت دەکاتەوە.ئەمەش وردە وردە بەرەو قۆناخێکی دیکەمان دەگوازێتەوە، کە ئیتر کەس میراتگری ئایین نییەو ئایین بۆ هەموو کەسێک بە بێ جیاوازی وەکو یەکە. بۆیە تا کۆمەڵگا بەرەو مەدەنیبوون هەنگاو بنێ، توندوتیژی و سەپاندنی ئایینی کەمتر دەبێتەوە،لە شوێنیدا ئیشق و خۆشەویستی گەشە دەکات، پێچەوانەکەشی هەر راستە.

کاتی خۆی لەناو ئایینی ئیسلامیش هاوشێوەی پرۆتستانتیزم و کالڤن، گرووپ و رەوتێکی ئیسلامی بەناوی موعتەزیلە سەریهەڵدا، بەڵام ئەم رەوتە زۆری نەخایاند، دوای حوکمڕانی سێ خەلیفە (مەئمون و موعتەسەم و ئەلواسق)،لە لایەن متەوەکیل ەوە کۆتاییان بەو رەوتە هێناو ئیمامی حەنبەلی لە گرتووخانە ئازاد کردو، ئەلکندی فەیلەسووفیشی راوناو لە بەغداش دەریکردو متەوەکیل دەستی بەسەر کتێبخانەکەی ئەلکیندی داگرت و لەناو ئاپۆڕەی خەڵکدا گرتی و ٦٠ قامچی لێدا. ئیتر هەموو

موعتەزیلەییەکان رووبەڕووی سزاو مەرگ بوونەوەو کتێبەکانیشیان ئاگری تێبەردراو کۆتایی بەو ڕەوت و مەزهەبە هێنراو، تا ئەمڕۆش ئەم ڕەوتە نەیتوانیوە خۆی بگرێتەوە. کەچی ڕەوتی حەنبەلی و ئەشعەری و غەزالی و ئیبن تەیمییەو وەهابیزم و مەودودی و تا دەگاتە ئەو حیزب و کۆمەڵە ڕێکخراوانەی دەیانەوێت شمشێری ئیسلام حوکم بکات،بەردەوامن و لێرەو لەوێ گەشەی خێراش دەکەن، وەک قاعیدەو داعش و ...زۆری دیکە. ئەمانەش هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ دادگاکانی پشکنین ی ئیسپانیاو ئەوروپادا نییە.بەڵام خەڵکی ئەوروپا زیرەک بوون، کاتێ دادگاکانی پشکنین خەڵکیان دەکردە مەنجەنیق و خەڵووز، ناچار بوون گۆڕانکارییەک لە ئایینەکەیان بکەن و گیانی لێبوردەیی تێدا بچێنن، بۆیە مارتن لۆتەرو کالڤن سەرکەوتنیان وەدەستهێنا.بەڵام سەرنەکەوتنی موعتەزیلەو سەرکەوتنی حەنبەلی و سەلەفییزم، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو کۆمەڵگایانە هێشتا لە ئاستێکی زۆر نزمی گەشەکردندان، هێشتا ژیانی مەدەنی و ئازادی تاک لەو کۆمەڵگایانە بوونی نییە، دەنا ئەو ڕەوت و مەزهەبانەی باسمکردن، چۆن جێگایان دەبێتەوە.ئەو جۆرە ڕەوت و مەزهەبانەی باسمکردن، نەیانشاردۆتەوە بە توندی دژی کرانەوەو فەلسەفەو تەنانەت ڕووبوڕووی زانستیش وەستاونەتەوە، چونکە بە بڕوای ئەوان هەر فیکرو زانستێک مادام لە قورئانا خودا نەیهێناوەتە خوارەوە کەواتە مرۆڤایەتی پێویستی پێی نییە،بە پێی ئەم قسەیە بێت لە قورئاندا بەتەنیا یەک وشەش باسی ئیشق نەکراوە، باسی خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕیش

نەكراوەو تەنانەت ڕێگەیشی پێنەدراوە،بۆیە لێرە چەند پرسیارێكی زەق خۆی قوتدەكاتەوە ، ئایا مەعقولە خودایەك كە دانەری ئاسمان و زەوی بێت و مرۆڤی دواندبێت، كەچی گرنگی بە زانست (فیزیاو كیمیاو ماتماتیك و..هتد) نەدابێت، ئایا ئەمە دەچێتە ئەقڵەوە ؟،ئایا مرۆڤایەتی پێویستی بە ئیشق و خۆشەویستی نییە ؟ باشە خودایەك قورئانی هێنابێتە خوارەوە، چۆن خاڵبەندی و سەروبۆری بۆ وشەكان نەكردووە و بە ناتەواوی قسەی كردووە ؟، ئایا ئەمە دەچێتە ئەقڵەوە ؟ئاخر بەبێ خاڵبەندی جیاوازی لەنێوان ئەو پیتانە چی لێدێت(ب،ت،ث،ج،ح،ز،ذ،ر،ط،ض،ظ، ،س،ش، ) ؟، جا كارەساتتر ئەوەیە لە سەردەمی خوێنڕێژترین كەس (حەجاجی كوڕی یوسف)بە تەكلیفی عەبدولمەلیكی كوڕی مەڕوان ،هەستاوە لیژنەیەكی داناوەو ،خاڵبەندی و سەروبۆریان بۆ وشەكان داناون !!. ئایا خودایەك كە دانەری ئاسمان و زەوی بێت و ئەم هەموو بوونەوەرەی خولقاندبێت، چۆن مرۆڤ و سەگ وەك یەك سەیر دەكات وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الْأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ ۚ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا ۚ فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ .الاعراف (١٧٦) ، چۆن مرۆڤ و كەر وەك یەك سەیر دەكات مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا ۚ بِئْسَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ ۚ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ .الجمعە ئایەی ٥،یان مرۆڤ بە مەیمونی ترۆكراو بچوێنێ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ،البقرە ئایەی٦ ، الاعراف ١٦٦،جارێكی تریش مرۆڤ دەكاتەوە بە مەیمون و بەراز - قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ اللَّهِ ۚ مَن لَّعَنَهُ اللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ

وَالْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ أُوْلَئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَاء السَّبِيلِ ...المائدة ٦٠ ، چۆن بە مرۆڤ دەڵێت دایک حیز، ئایا خودایەک هێندە مەزن بێت قسەی لەم جۆرە دەکات ؟خودایەک نوح و لوتی کردبێت بە پێغەمبەر چۆن باسی ئەوە دەکات کە ژنەکانیان خیانەتیان کردووە وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ القلم ئایەی ١٠.ئایا خودایەک خۆی ژنی خولقاندبێت، چۆن دەیکات بە کەنیزەو چۆن دەیکات بە موڵکی پیاو-.. وَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تُقْسِطُواْ فِي الْيَتَامَى فَانكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاء مَثْنَى وَثُلاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُواْ فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلاَّ تَعُولُوا.. النساء ئایەی ٣، بەڵام پیاو نەکات بە موڵکی ژن،هەر ئەمەیە وایکردووە تەڵاق تەنیا بەدەست پیاوەوە بێت و ژن هیچ ڕۆڵێکی تێدا نییە. لە چەندین شوێنی دیکەشدا هیچ بەهایەکی بۆ ژن نەهێشتۆتەوە،بڕوانە سورەتی الاحزاب ئایەی(٥٢،٥١،٥٠) يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ اللَّاتِي آتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّا أَفَاء اللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّاتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَالَاتِكَ اللَّاتِي هَاجَرْنَ مَعَكَ وَامْرَأَةً مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النَّبِيُّ أَن يَسْتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِي أَزْوَاجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَّحِيماً (٥٠) تُرْجِي مَن تَشَاء مِنْهُنَّ وَتُؤْوِي إِلَيْكَ مَن تَشَاء وَمَنِ ابْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكَ ذَلِكَ أَدْنَى أَن تَقَرَّ أَعْيُنُهُنَّ وَلَا يَحْزَنَّ وَيَرْضَيْنَ بِمَا آتَيْتَهُنَّ كُلُّهُنَّ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيماً حَلِيماً (٥١) لَا يَحِلُّ لَكَ النِّسَاء مِن بَعْدُ وَلَا أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَاجٍ وَلَوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ رَّقِيباً.. سورة الاحزاب. یان خودا بۆچی

جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکان و بنەماڵەکان دەکات إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحًا وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ ..العمران ئایەی ٣٣. ئەی مرۆڤەکان هەموویان دروستکراوی خودا نین ؟ ئەی عیسا چۆن توانی فوو لە قوڕ بکات و باڵندەی لێ دروستبکات و ئەوانەی بە زگماک کوێرن چاوساغیان بکات وئەوانەش پێستیان رەش و سپی (بەڵەک) بووبێت چاکیانبکاتەوەو لەوانەش سەختتر مردوو زیندوو بکاتەوە؟ وَرَسُولاً إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُبْرِئُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ وَأُحْيِي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ العمران ئایەی ٤٩. لەکاتێکدا هەر لە هەمان سورەتی العمران ئایەی ١٤٤ هاتووە،وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَىٰ أَعْقَابِكُمْ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ.محەمەد تەنیا پێغەمبەرێکەو هیچی تر نییە، بەر لە ئەویش زۆر پێغەمبەر هاتن و چوون،ئەگەر بمرێ یان بکوژرێ هەڵدەگەڕێنەوە ؟ هەر کێش هەڵگەڕێتەوە زیانێک بە خودا ناگەیەنێت،خودا پاداشتی سوپاسگوزارانی دەدات.،لە راستیدا نموونەکان زۆرن لەوبارەیەوە.

لەبەرئەوەی ئایینە ئاسمانییەکان لەکاتێکدا هاتن کە هێشتا ئەفسانە باو بوو، بۆیە ئایینەکان بەردەوام بەرەو ئەفسانەمان دەبەنەوە. هەروەها لەبەرئەوەی سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینە ئاسمانییەکان بەتایبەت ئایینی ئیسلامی لە کۆمەڵگای خەڵکی عەرەب لە حیجازو دەوروبەری سەریهەڵداوە،

دەبینین زۆربەی ئەو قورئانە هەڵگری ئەو کولتوورەیە کە ئەوکات لەناو خێڵەکانی عەرەبدا باو بووە.ئەمەش ڕێک لەگەڵ چەندینی ئەو ئایەتانە یەکدەگرێتەوە، وەک: بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ...سورەتی الشعراء ئایەی ١٩٥، إِنَّا جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ زخرف ئایەی ٣، وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ فَيُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ . ئیبراهیم ئایەی ٤،وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِّتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا وَتُنذِرَ يَوْمَ الْجَمْعِ لَا رَيْبَ فِيهِ ۚ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ.. الشورى ئایەی ٧، وَمِن قَبْلِهِ كِتَابُ مُوسَىٰ إِمَامًا وَرَحْمَةً ۚ وَهَٰذَا كِتَابٌ مُّصَدِّقٌ لِّسَانًا عَرَبِيًّا لِّيُنذِرَ الَّذِينَ ظَلَمُوا وَبُشْرَىٰ لِلْمُحْسِنِينَ ئەحقاف ئایەی ١٢، وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ ۗ لِّسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ النحل ئایەی ١٠٣، وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ الْوَعِيدِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا ...طه ئایەی ١١٣، إِنَّا أَنزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ يوسف ئایەی ٢، ئەم ئایەتانە هەموویان پەیوەندیان بەو کولتووری کۆمەڵگایەوە هەیە کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە هەبوون بەتایبەت نەتەوەی عەرەب، بۆیە لە (١١) ئایەتدا جەخت لە زمانی عەرەبی کراوەتەوە، کە خودا بەزمانی خۆیان ئایەتی بۆ هێناونەتە خوارەوە.

من بەش بە حاڵی خۆم زۆر جار کە بەشێکی زۆر لە مەلاکانی ئەم هەرێمە دەبینم گوتار بۆ خەڵکدەدەن، ڕێک سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستم بیردەکەوێتەوە، سەردەمی تاریکپەرستی، کە هیچ ئومێدو تروسکاییەکیان تێدا نییە،خاوەنی هیچ ڕۆشنبیرییەک نین و زۆر دواکەوتوون. زمانیشیان

زۆر پیسە، بەردەوام کۆمەڵێک جنێو لەسەر زمانیانە کە لە مینبەرەکانیانەوە پەخشی دەکەن، مرۆڤ شەرم لەخۆی دەکاتەوە کە ئەوجۆرە کەسانە نوێنەری ئایین و دەمڕاستی کۆمەڵگا بن. بەڵام بێگومان کۆمەڵگا بە گشتی هێشتا قەبووڵیەتی، چونکە ئاستی ژیانی مەدەنی لەم هەرێمە لەوپەڕی نزمیدایەو، بە پێچەوانەوە کەسێکی خاوەنفکر پێچەوانەی ئایین و ئەو مەندیل لەسەرانە قسە بکات، رەنگە بەرلەوەی یاسا قسەی خۆی بکات، کۆمەڵگا بیکات بە پەندو دەربەدەری بکات. چونکە تەنیا لە وڵاتانی ئیسلامی رێژەی نەخوێندەواری بە گشتی زۆر بەرزەو لەوەش بەرزتر رێژەی نەخوێندەواری ئافرەتە، کە لە هەموو وڵاتانی ئیسلامیدا رێژەی نەخوێندەواری ئافرەت لە پیاوان زیاترن. تا ئەم رێژەیەش وا بەرز بێت، کۆمەڵگا هەر ئەو جنێوفرۆشانە دەکات بە نوێنەری ئایینەکەو ژیانە کۆمەڵایەتییەکەی. چونکە گومانی تێدا نییە مرۆڤ کە ئەقڵانی بوو ئیتر رۆحانی نییە، کە رۆحانیش بێت ئەوا ئەقڵانی نابێت، واتە ناکرێ مرۆڤ لە یەک کاتدا هەم ئەقڵانی و هەم رۆحانی بێت، چونکە دوو میتۆدو دوو فەلسەفەی تەواو جیاوازو تەنانەت دژ بە یەکیشن،ئەمە رێک وەک ئەوە وایە یەکێک کۆمۆنیست بێت و بەتەواوی مارکسی بێت، بەڵام بڕوای بە خوداو ئایینیش هەبێت، کە ئەمەش مەحاڵە، ئەگەر رووداوێکی لەمجۆرەش هەبێت، ئەوا تێنەگەیشتنە لە هەردوکیان. دەبێت ئەوەش بزانرێ هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی رۆحانین، سۆزو عاتیفە بەسەریاندا زاڵە، نەک ئەقڵ و مەعریفە، هەر کۆمەڵگایەکیش سۆزو عاتیفەی رووت بەسەریدا زاڵ بوو،

ئەوا کۆمەڵگایەکە زوو هەڵدەچێت و زووش دەکوژێتەوە،زوو گەرم دەبێت و زووش سارد دەبێتەوە، تورە دەبێت و پەشیماندەبێتەوە..تۆ سەیر کە کۆمەڵگای عەرەبی کۆمەڵگایەکی ئیسلامییە،هەموو ئەو کتێبانەی لە بواری فیکرو فەلسەفەو زانستدا کە لە هەموو وڵاتانی عەرەبیدا چاپدەکرێن،هەرگیز رووی بەراوردکردنی نییە لەگەڵ هیچکام لە یەک وڵات لە وڵاتانی ئەوروپی و رۆژئاوایی . ئەی ئەمە کارەسات نییە بۆ کۆمەڵگای عەرەبی و بۆ حوکمڕانە دیکتاتۆرە مەنگۆلەکانی عەرەبی ؟.

ئیسلام لەماوەی ١٤٠٠ ساڵی رابردوویدا، کولتوورێکی نییە، بە رۆشنگەری یان رووناکبیری ناسرابێت ، ئەوەی هەیەتی تەنیا بریتییە لە قوتابخانەی ئەندەلووس (غەرناتا-قورتوبە)، بەڵام کاتێک بەنێو ئەو قوتابخانەیەدا دەچیتە خوارەوە، زۆر لەو هزرڤانانە لە لایەن خودی ئیسلامگەراکانەوە، رەت کراونەتەوە، ئیبن روشد و فارابی و ئیبن سینا تۆمەتیان بۆ هەڵبەستراوەو کتێبخانەی قورتوبەش کە ئەوکات زیاتر لە ٤٠٠ هەزار کتێبی تێدا بووە لە ساڵی ١٠١٣ دا سووتێنراوە. واتە هەمان هەڵوێستەکەی عومەری کوڕی خەتابیان بەرامبەر بەو قوتابخانەیە بەکارهێناوە، بینیمان بزووتنەوەی تالیبانیش لە ئەفغانستان چۆن بە گژ زانست و هونەردا چووەوەو تابلۆو مۆزەخانە جوانەکانی ئەو وڵاتەیان بەتەواوی وێران کرد، هەروەها داعش لە موسڵ هەمان رەفتاری تالیبانی دووبارە کردەوەو ئەوەی بۆنی شارستانیەت بوو لە موسڵ وێرانیکرد. لەوەتەی قاعیدەو دواتریش داعش دروستبوونە، نەک هەر بچووکترین گرنگیان بە بواری رۆشنگەری و

هونەرو زانست نەداوە، بەڵكو بەتەواوی کۆتاییان بەو بوارانەدا هێناوەو ئێستا موسڵ و رەقە بەتەواوی دوو نموونەی تاریکپەرستانن. هونەر زانست فەلسەفە،خۆشەویستی ، لە هەردوو پایەختی رەقەو موسڵ کە لە دەستی داعشدایە، بەتەواوی وێرانکراوەو سڕاوەتەوە. ئاخر تا ئێستا لەماوەی ١٤٠٠ ساڵی رابردوودا تەنیا یەک کەسیش نەیتوانیوە بە راشکاوی بڵێت من ئاشقم، چونکە دەیخەنە ناو مەنجەنیقەوە.لە قورئانیشدا بە هیچ جۆرێک باسی ئیشق کراوە.

ئەوەی پێویستە بە مێشکێکی کراوەوە باسی بکەین و لێکیبدەینەوە، ئەوەیە،یەکەمین فەیلەسووف لە دونیادا کە تالیس ی یۆنانی بوو تا دەگاتە فیساگۆرس و....هتد. قۆناخی یەکەمی فەلسەفە لە وڵاتی یۆنانەوە بوو، فەیلەسووفەکان هەموویان یۆنانی بوون، تۆ سەیر بکە تالیس ماوەیەک لە میسر ژیاوەو لەبواری ئەستێرە ناسی و ماتماتیکدا سەرنجی لە میسرییەکان وەرگرتووەو میسرییەکانی فێرکردووە کە چۆن بەرزایی ئەهرامەکان بپێون، فیساگۆرس ١٢ ساڵ لە میسر و ١٢ ساڵیش لە بابل ژیاوەو لەوێ ژمێرەو مۆیسقاو ئایینی مەجووسییەکانی خوێندووە،کە گەڕاوەتەوە یۆنان، لە بری ئەوەی خۆیان بکەن بە پێغەمبەر، قوتابخانەیەکیان کردۆتەوەو گرنگیان بە گەشەپێدانی فەلسەفەو ماتماتیک داوە، دواتریش ئەفلاتون ئەکادیمیای دەمەزراند کە (٩٠٠) ساڵ ئەو ئەکادیمیایە بەردەوام بوو، ئیتر ئەمە بووە بنەمایەک بۆ رۆژئاوا کە هیچ پێغەمبەرێک لەوێ سەریان هەڵنەدا، بەڵام بە سەدان فەیلەسووفی گەورە دروستبوون و تا ئێستاش رۆژئاوا ناوەندی

فەیلەسووفەکانی جیهانە، بە پێچەوانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە فەیلەسووفی نەخولقاند، بەڵکو ئایین و پێغەمبەر و سەحابەی دروستکرد.گرنگیان بە فتوحات و سڕینەوەی یەکتری دا، ئەمەش بوو بە کولتوورو تا ئێستا لە سایکۆلۆژیای هەر تاکێکدا جۆرێک لە جۆرەکان ئامادەیی تێدایە. بۆیە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە مێژووی گەلانی دونیاشدا پڕ کێشەترین و ئاڵۆزترین ناوچەیە. یۆنانییەکان هاتن بۆ ئەو ناوچەیەو سوودیان وەردەگرت و دەگەڕانەوەو لەوێ لە وڵاتی خۆیان ئەو زانیارییانەیان بەرهەمدەهێناوە، بەڵام خەڵکی ئەم ناوچەیە نەیتوانی سوود لە فەلسەفەی یۆنانی وەربگرێت و جارێکی دیکە لەو ناوچەیە بەرهەمیبهێنێتەوە، بۆیە هیچ فەلسەفەیەک نەیتوانی بگاتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.یان روونتر بڵێین بگاتە نیمچە دوورگەی عەرەبی.لەوەش کارەساتتر ئەوەیە چ کۆمەڵگای عەرەبی، تەنانەت چ کۆمەڵگای کوردی، ئایینی ئیسلام ئەوەندە خۆی سەپاندووە بەسەر هەست و نەستی تاکی ئەو خەڵکە، ئیتر وای لێهاتووە کۆمەڵگا ئەوەندەی رێز بۆ ئایینەکە دادەنێت، ئەوەندە رێز بۆ مرۆڤەکان دانانێت،باشە خوێنەری بەڕێز من تێناگەم ئەگەر مرۆڤ نەبێت، ئایین چ بەهایەکی هەیە ؟.

خۆشەویستی لەسەر بنەمای خۆشەویستی هەردوولا دروستدەبێت، واتە وەک چۆن ژن پیاوی خۆشدەوێت، ئاوەها پیاویش ژنی خۆشبوێت، خۆشەویستی جیایە لەگەڵ سێکس و وەک ئامێر تەماشاکردنی ژن، وەک ئەوەی ئەرستۆ باسی کردووە، کە ژن دەکرێتە کۆیلە بۆ ئەوەی ژێرخانی

ئابووری ماڵەوەی گەشە پێبدات، ئەو بۆچوونەی ئەرستۆ ٢٤٠٠ ساڵ پێش ئێستایەو هێشتا نە ئایینی مەسیحی و نە ئایینی ئیسلامیش هەر نەهاتبوون. سێکس لە بنەڕەتدا هونەرەو بەرزترین هونەریشە، چونکە تەنیا رێگایە مرۆڤ و هەموو گیانەوەرو زیندەوەرەکان بەو هۆیەوە داکۆکی لە مانەوەی خۆیان دەکەن،بەڵام لەناو کۆمەڵگای کوردی هێشتا شەرم و شورەییە باس لە سێکس بکرێت، لەکاتێکدا رۆژانە ژنانی ئەم هەرێمە بەدەست پیاوە گەمژەکانیانەوەو بە رێگای سێکس ئازار دەدرێن، لەکاتێکا سێکس بۆ ئەوەیە بتگەیەنێتە لوتکەی ئاسوودەیی و بتباتە نێو جیهانێکی نوێتر زۆر نوێترەوە.

ئەو ژنانەی لە سێکسکردندا ئازاریان پێدەگات هۆکارەکەی ئەوەیە پیاو زیاتر رۆڵی ئاژەڵ دەبینێت نەک مرۆڤ، چونکە زۆربەی هەرە زۆری پیاوانی کۆمەڵگەی دواکەوتوو نەگەیشتوونە بەو هونەرە بەرزەی کە لە سێکسدا هەیە، سێکس بە دڵ و رۆحێکی ئاشقانەوە نەبێت، دەچێتە چوارچێوەی تێر کردنی غەریزە بە مانای غەریزە ئاژەڵییەکە.ئیتر ئەو کاتەیە کە ژن لەکاتی سێکسکردنیدا هەستدەکات پیاو وەک کاڵایەک بەکاریدەهێنێت و بەئارەزووی خۆی جەستەی ساردوسڕی ژن هەڵدەلوشێ، چونکە ژنەکە هەست بە خۆشەویستی و ئیشق ناکات،بە پێچەوانەوە هەست بە کاڵا بوونی خۆی دەکات، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو بووکەشووشەیەی بەدەست منداڵێکەوەیەو بە ئارەزووی خۆی یاری لەگەڵدا دەکات و سەراوبنی دەکات.بۆیە زۆر جار سێکس بۆ ژنان بریتییە لە

زەقنەبووت، بریتییە لە کەم و سووک سەیرکردنی خۆی،بۆیە زۆر ساردو سڕە.لێرەوەیە سێکس دەتوانێ بتگەیەنێتە لوتکەی چێژو بەختەوەری و بتباتە جیهانێ کە پێشتر نەتبینیوە، ئەو جیهانەی تیایدا رۆح نوێدەبێتەوە، لەولایشەوە سێکس لە کۆمەڵگای نەخۆش دەتکات بە کۆیلەو بە سووک سەیرکردن.

هەموو ئایینەکانی زەوی و ئاسمانی سێکسیان رەت نەکردۆتەوە، چونکە هەموو ئایینەکان باش دەیانزانی هەر بڕیارێکی لەو جۆرە بدرێ، کۆمەڵگا ناتوانێ پەیڕەوی لێبکات و جێبەجێ ناکرێ،بەڵام بەشێیوەیەکی تر سێکسیان سووک کردووە، زیاتر وەک هەستێکی ئاژەڵی باسیان لێوە کردووە، لەکاتێکدا هیچ جۆرە خۆشەویستییەک لەنێوان ئاژەڵاندا بوونی نییە،خۆشەویستی و ئیشق تەنیا لەناو مرۆڤەکاندا هەیە. ئەو مرۆڤانەی لە خۆشەویستی تێناگەن، بێگومان لە رەهەندەکانیشی تێناگەن، لە دونیا بینی و ئایندەکەیشی تێناگەن،بۆیە ناشتوانن خۆیان وەک مرۆڤ ببینن، ناشتوانن مرۆڤایەتی خۆیان لە ناوەندبوونی خۆیانەوە بدۆزنەوە، چونکە بڕوایان بە ناوەندبوونی خۆیان نییە، هەست و ئەقڵ و رەفتاریان زیاتر ئاژەڵییە نەک مرۆڤ، مرۆڤ بەهادارترین سەرمایەو بوونەوەرە لەسەر زەوی.هەموو ئەوانەی ئاژەڵیانە دەژین و ئاژەڵیانە بیردەکەنەوە، ناشتوانن لە ژیانی نەمری رابمێنن و ناشتوانن لە بەهاو ماناو رەهەندەکانی ئیشق بگەن.

## وەڵامی ئەم پرسیارانەمان بدەنەوە !!

## (ئایین و پرسە جیدییەکان)

کۆنترین کولتوور کە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دروست بووبێت، کولتووری ئایینی بووە، ئەگەر هەرە کۆنتربنیش نەبووبێ، بێشک یەکێک لە هەرە کۆنترینیانە،بەڵام لەوکاتەوە تا ئێستا کە یەک ملیۆن ساڵە، گۆڕانکاری زۆر بنەڕەتی بەسەر ئەو ئایین و کولتوورانەدا هاتووە،سەرەتا مرۆڤ لاسایی باوک و دایکی خۆی کردۆتەوە، بە دیوەکەی تر رامانی لە سرووشت بووە، چونکە مرۆڤ یەکەم رامانی قووڵ و بیرکردنەوەی بۆ سروشت بووە،،کاتێک دارو بەردو رۆژو مانگ و شەوو ئەستێرەی بینیوە بیرکردنەوەیەکی سەرەتایی بۆی دروستبووە، دواتریش مردن روویداوە، ئیتر مردنیش ترسی خستە ناو دڵ و دەروونی مرۆڤەکان، ئاخۆ هۆکاری ئەو مردنە چییە ؟،....هتد. ئەگەر مردن نەبوایە بێگومان ئەو پەرستن و ئەو ترس و ئەو هەموو ئایینە جۆراوجۆرانەش بەوشێوەیە نەدەهاتن کە هاتوون، بەڵکو

ئاراستەو ئاقارێکی دیکەیان بەخۆیانەوە دەگرت، کە زیاتر لەناو سرووشتدا هەڵقولابان، بەڵام مردن بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی بەتەواوی گۆڕی.ئەم تێکهەڵکێشییەی ترس و مردن لە لایەک و سرووشت لە لایەکی دیکەوە، بوونە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان پەنا ببەنە بەر هەر شتێک کە بە ئەقڵی خۆیان فریادرەس و رزگارکاریان بێت. بۆیە یەکەمین پەرستن لە بتەکانەوە دەستی پێکرد کە دەتوانین بڵێین پەرستنی بت درێژترین مێژووی لە ژیانی ئایینەکان و مرۆڤەکاندا هەیە، بتەکانیش لە بەردو دارو درەختەکانەوە دروستدەکران،ئیتر ئەو درەختانە خزمەتدەکران و خەڵکیش ساڵانە یان لە وەرزێکدا سەردانیان دەکردن،بەتایبەت ئەم رێورەسمە لە مەککەو لە نیمچە دوورگەی عەرەبی زۆر باو بوو. بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناخی کشتوکاڵی، ئیتر سرووشت لای مرۆڤەکان هێزێکی مەعنەوەی تێدا بوو، بۆیە وردە وردە هەر کۆمەڵەیەک بۆخۆی مانگ و ئەستێرەو شەوو رووبارو خۆرو باران و ...هتد دەپەرست و کردبوویان بە خودایەک بۆ خۆیان. ئیتر مرۆڤ ناچار بووە ئەندێشەو خەیاڵ و بیرکردنەوەی هەمیشە لای خوداکانی بێت کە دروستیکردوون،لێشیان نزیک بێتەوە، بۆئەوەی ئاسوودە بێت پێیانەوە، یان روونتر بڵێین بتەکان لەکاتی تەنگانەدا بە هانای ئەوانەوە بچێت کە دەیپەرستن. ئیتر مرۆڤ بڕوای بە خۆیدەهێنا کە ئەو بتانە یارمەتیدەرن و پێویستە لێیان بپاڕێینەوەو قوربانیشیان بۆ پێشکەش بکەین نەوەک رۆژێک لە رۆژان لێمان زویر ببن.وردە وردە قوربانی پێشکەشکردن بوو بە بنەمایەکی بێ ماناو بەردەوامیش بوو تا لەناو ئایینە

ئاسمانییەکانیشدا بە زەقی ڕەنگیداوەتەوە. چ لە قابیل و هابیل کە دیارییان بۆ خودا بردو ، خودا لە هابیل ی وەرگرت و لە قابیل ی وەرنەگرت (چونکە هی هابیل مەڕێک بوو، بەڵام هی قابیل دەسکە گەنمێک بوو!!)، چ لە ئیبراهیمی باوکی پێغەمبەرانەوە، کە خەریکبوو کوڕەکەی خۆی سەرببڕێ و بیکات بە قوربانی...هتد.

کۆمەڵگایەک کە بریتی بێت لە کۆمەڵگایەکی ئایینی، تاکی ناو ئەو کۆمەڵگایانە مافی ئەوەیان هەیە، باشترو قووڵتر بەو ئایینەدا بچنە خوارەوەو بە وردی تێیبگەن، ئەم تێگەیشتنەش بێگومان لە ئەنجامی شیکارییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ، کە بتوانێت وەڵامی چەندین پرسیاری جیدی بدەنەوە، چونکە هەموو ئایینەکان دەقێکی تایبەت و پەتییان هەیە، کە سەرچاوەی داڕشتنی ئایینەکەیان و پەیڕەوکردنیانە لێی. ئایینی ئیسلامیش وەک هەر ئایینێکی دیکە، بەدەر نەبووە لەو دەقە تایبەتمەندە کە بە (ذ×و×ی خال×) ناودەبردرێ، کە ئەویش قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرە، بەڵام ئێمە لێرە ناچینە سەر ئەو دەقانەی کە بە فەرموودەکانی پێغەمبەر بۆمان ماونەتەوە، چونکە بەشێکی زۆر لەو فەرموودانە، ڕاو بۆچوونی زۆر جیاوازی لەسەرەو ناشتوانین بگەینە ئەنجامێکی باش و کۆنکریتی، چونکە بۆچوونی وا هەیە کە لە خودی ئەصحابەکانی پێغەمبەریشەوە بەشێکی زۆر لە فەرموودەکان بە ناڕاستی گێڕدراونەتەوەو پشتی پێ نابەسترێ، نموونەیەکی بچووک عائیشەی خێزانی پێغەمبەر بە ڕاشکاوی وتوویەتی ئەبوهورێرە (باوکی

پشیله بچکۆلانەکە) زۆرێک لە فەرمووودەکانی پێغەمبەری بە ناراستی گێڕاوەتەوە، جا بۆ ئەوەی ئێمە نەکەوینە ناو مشتومڕێکی بێسوود، تەنیا جەخت لەسەر ئەو ئایەتانە دەکەینەوە کە لەناو قورئاندا هەن و، بۆ ئێمەش زۆر روون نین، بۆیە چاوەڕوانی وەڵامین .

بە هەموو پێوەرێکی ئایینی، ئەگەر ئادەم بەری ئەو درەختەی نەخواردبایە ،کە خودا لێی قەدەخە کردبوو، ئەوا لە بەهەشت دەرنەدەکراو، خودا فڕێی نەدەدایە سەر زەوی بۆئەوەی هەتا لە ژیاندایە ماندوو بێت وئەرک بکێشێت. باشە ئادەم هەڵەیەکی کرد، هەڵەکە لە رێگای حەواوە تووشی بوو، کە حەواش بە هۆی ئیبلیسەوە کە لە شێوەی(مار) خۆی نواندو حەوای هەڵخەڵەتاندو بڕوای پێهێنا، پرسیارەکە ئەوەیە، لەهەموو سورەتەکاندا بە(خوا بەخشندەو میهرەبانە) دەستپێدەکات و، لەناو سورەتەکانیشدا بە سەدان جار ئەو رستەیە دووبارەو سەد بارە کراوەتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا نەدەبوو خودای گەورە بۆ تەنیا جارێک لە ئادەم خۆشبوایەو لێیبوردەبوایە ؟،چونکە ئادەم لە خواردنی بەری ئەو دارە پەشیمان بووەوە کە خودا لێی قەدەخە کردبوو،تۆبەشی کرد، داواشی لە خودا کرد کە لێی خۆش بێت، بڕوانە سورەتی الأعراف ئایەی٢٣ . بەڵام سەرەڕای ئەو پاڕانەوەیەی ئادەم لە خوداو پەشیمانبوونەوەیشی ، ئەوا خودا هەر لە ئادەمی نەبورد، باشە ئەوە خودا لە ئادەمی نەبورد، ئەی ئەم هەموو میللەتانەی دونیا چ گوناهێکیان هەیە باجی هەڵەی ئادەم بدەن ؟، کە تەواوی تەمەنیان زەحمەتکیشی بێت،ئایا ئەمە بارێکی گران نییە

کەوتۆتە سەر مرۆڤ بێئەوەی خۆی بەشێک بووبێت لەو هەڵەیە ؟ سەرەڕای ئەوەش لە سورەتی البقرة ئایەی ٣٠، مرۆڤ دەکەوێتە ناو لێکدانەوە شیکارییەکی سەیرەوە، کە بۆچی خودا ئەمەی پێ خۆشە، ئەوەتا دەڵێت:ئەوکاتەی خودای تۆ بە فریشتەکانی وت من دەمەوێ جێگرەوەیەک (یان نوێنەر یان بریکارێک) لەسەر زەوی دابنێم،وتیان تۆ کەسانێک دێنیت کە خراپەکار بووبێت و خوێنرێژ بووبێت...هتد.البقرة ئایەی ٣٠ . ئینجا گوایە خودا سزای (مار)ەکەیشی داوەو وتی تۆ تا ماویت نابێت قاچت هەبێت و دەبێت هەر لەسەر سک بخشێیت، باشە ئایا (مار) کە خولقا قاچی نەبوو ؟ ئایا راستە ئەو ژمارە زۆرەی بۆ پێیەکانی داندراوە، بەڵام چونکە خودا غەزەبی لێگرت بۆیە قاچی نەما ؟ ئایا تا ئێستا هیچ زانایەکی بایۆلۆژی و زیندەوەرناسی ئەم بۆچوونەی پشتڕاست کردۆتەوە ؟بۆچی زیندەوەرناسان و زانستانی بایۆلۆژی لەگەڵ ئەم بۆچوونە کۆک نین ؟ دوابەدوای کێشەی ئادەم، کێشەیەکی دیکە هاتۆتە پێشەوە، ئەویش کوشتنی (هابیل) ە لە لایەن (قابیل)ی براکەیەوە، یەکێک لە هۆکارەکانی کوشتنی هابیل لە لایەن قابیلی براکەیەوە، ئەوە بووە کە خودا دیارییەکەی لە هابیل وەرگرت کە مەڕ بوو، بەڵام دیارییەکەی قابیل ی وەرنەگرت، کە دەسکە گوڵەگەنمێک بوو،سورەتی المائدە ئایەی ٢٧. ئیتر بەهۆی ئەوەوە قابیل هابیل ی بوغزاند، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر خودا لە هەردوکیانی وەربگرتایە باشتر نەبوو ؟، ئەوکاتە قابیل لای ئاسایی دەبوو، نەک براکەی خۆی ببوغزێنێت. یان لە

هەردوكیانی وەرنەگرتایە دیسان هەر باشتر بوو لەوەی جیاوازی بكەوێتە نێوانیانەوە، ئایا خودا نەیدەزانی بەم كارە باری دەروونی قابیل تێكدەچێت و زیاتر رقی لە براكەی خۆیدەبێتەوە..؟ ئەمە راماندەكێشێت بۆ چەند ئایەتێك كە  جێگای لێوردبوونەوەن، بۆ نموونە: بڕوانە ئەم ئایەتانەی خوارەوە: سورەتی ئەنعام ئایەی ١١١-١١٢، سورەتی یونس ئایەی ٩٩-١٠٠، سورەتی النحل ئایەی ٩ ، ٩٣، سورەتی الاعراف ئایەی ١٥٥-١٥٦، ١٨٨، سورەتی هود ئایەی ١١٨، سورەتی الحدید ئایەی ٢٢، سورەتی ئیبراهیم ئایەی ٤ ، سورەتی التغابن ئایەی ٢ ، سورەتی ئیسرا ئایەی ٤٦، سورەتی السجدە ئایەی ١٣، سورەتی القصص ئایەی ٥٦ ، سورەتی التوبە ئایەی ٥١ ، .....هتد. هەموو ئەو ئایەتانە یەك قسەی كورت و پوختمان پێدەڵێت، ئەویش ئەوەیە كە ئەگەر خودا مەیلی لەسەر بێت ئەوا دەچنە بەهەشت، ئەگەر خوداش مەیلی لەسەر نەبێت ئەوا جێگاتان  دۆزەخەو هەمووشتێك بەدەست خوداوەیە. تەنانەت لە سورەتی السجدە ئایەی ١٣ رێك خودا پێماندەڵێت: **وَلَوْ شِئْنَا لَآتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَاهَا وَلَكِنْ حَقَّ الْقَوْلُ مِنِّي لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ**، واتا ئەگەر بمانویستایە هیدایەتی هەموو كەسێكمان دەدا،بەڵام من بەڵێنم داوە كە دۆزەخ لە جنۆكەو ئینسان پڕ بكەم. ئایا مافی ئەوەمان نییە بپرسین باشە لەبەرچی ئەو بەڵێنە خراپەت داوە، مرۆڤ كە خۆت دروستت كردوون بۆچی دۆزەخیان پێ پڕ دەكەیت و لەگەڵ جنۆكە رەوانەی ناو ئاگریاندەكەی ؟ بۆچی ناتەوێ هیدایەتیان بدەی ؟ لە راستیدا ئەو ئایەتە بە ئاسانی هەزم ناكرێت. هەر بە پێی زۆرێك لەو

ئایەتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردوون، ئەو هەموو ناکۆکی و دووبەرەکی و ئەو هەموو دوژمنکارییەی لەنێوان میللەتاندا کەوتۆتەوە، خودا خۆی ویستوویەتی، دەنا خۆ بە ئاسانی دەیتوانی هەموو گەلان بکات بە یەک و باشترین هاریکاری و تەبایی لەنێوانیان بوایە، بەڵام خودا ئەوەی نەویستووە!!.

خودا مەشرووباتی کهولی بۆ سەر دونیا رەتکردۆتەوە، ئەگەرچی حەرامی نەکردووە، بەڵام بە کارێکی خراپ و نەشیاوی داناوە، پرسیارەکە ئەوەیە، مادامەکی شەرابخواردنەوە کارێکی باش نییە، لەبەرچی خودا خواردنەوەی ئەو شەرابەی لە بەهەشتدا فەراهەم و حەلال کردووەو نۆشی موسڵمانانی دەکات ؟ (سورەتی محەمەد ئایەی ١٥)لەم سورەتە پێماندەڵێت لەو دونیادا رووباری شەرابی پێدا دەڕوات . ئایا ئەوەی لەم دونیایەدا حەرام و زینایە، لەو دونیادا هەمووی دەبێتە حەڵاڵ ؟. باشە ئەگەر شەراب شتێکی نەشیاوە، بۆچی عیسا ئاوی کرد بە شەڕاب و لە دوای خۆی شەڕابی بۆ بەجێهێشتووین، بەجۆرێک هەموو ساڵێک لە یادی لەخاچدانەکەیدا دەبێت شەراب بخۆینەوە،ئەمە ناکۆکییەکە لە لای خوداوە دروستبووە، یان ئەو دوو پێغەمبەرە بیروبۆچوونیان جیاواز بووە ؟!.

ئایا خودا منەت بەسەر ئەوانەوە دەکات کە موسڵمان بوون و دەیپەرستن ؟ ئەی خودا میهرەبان و بەخشندە نییە ؟ مرۆڤێک خۆی بکات بە کۆیلەی خوداو شەوو ڕۆژ بیپەرستێت و لێبپاڕێتەوە، خودا بۆچی

منەتیشی بەسەردا بکات ،؟(الحجرات ١٧) ئەی سەرەتای هەموو سورەتەکان بە خودا میهرەبان و بەخشندەیە دەست پێناکات ؟

ئایا مەعقولە خودایەک کە دانەری ئاسمان و زەوی بێت و مرۆڤی دواندبێت، کەچی گرنگی بە زانست(فیزیاو کیمیاو ماتماتیک و..هتد) نەدابێت، ئایا ئەمە دەچێتە ئەقڵەوە ؟،ئایا فەیلەسووفەکان ئەوەیان نەسەلماندووە کە بەهۆی ماتماتیکەوە دەتوانین لێکدانەوە بۆ کۆمەڵگا بکەین، برتراند راسل جەختی لەمە نەکردۆتەوە ؟، کارڵ پۆپەر هەمان بۆچوونی نەبووە ؟ خۆ فیساگۆرس و ئەفلاتون هەر وا لە خۆڕا نەبوو گرنگیان بە ماتماتیک دابوو..بواری کیمیاو فیزیا و زیندەوەرزانیش بەهەمانشێوە، ئێستا لە زانستە هەرە لە پێشەکانن بۆ کۆمەڵگای مرۆیی، چۆن دەکرێت ئیسلام خۆی لێ بەدوور بگرێت و باسی نەکات، ئایا مرۆڤایەتی پێویستی بە ئیشق و خۆشەویستی نییە ؟ هەموو ئەو مرۆڤانەی لە ئیشق و خۆشەویستی بێبەششن، ناتوانن وەک ئینسان بیر بکەنەوەو ناتوانن تەنانەت وەک ئینسانیش بژین، هەمیشە تورەو گرژو مۆنن، هەمیشە باری دەروونیان تێکچووەو بەلای توندوتیژیدا دەشکێنەوە، درەخت بە موتوربەکردنی، بەری جوانتر دەگرێت، بۆن و بەرامەی خۆیان بەسەر یەکتردا پەخشدەکەن و دەینێرنەوە بۆ سروشت تا باشتر پەخشی بکات، ئیتر چۆن دەکرێ مرۆڤ ئاشق نەبێت، خۆشەویستی نەکات ؟.ئەی مرۆڤیش لە خوێن و گۆشت و هەست پێکنەهاتووە ؟!.

ئەوکاتەی قورئان لەلایەن محەمەدەوە راگەیەنرا، (١٠٠٠) ساڵ زیاتر بوو،دیموکراسی لە ئەسینای کۆن لەلایەن پیریکلیس ەوە پەیڕەو دەکرا، پێش ئەسینای کۆنیش، واتا بە (١٢٠٠)ساڵ بەر لە هاتنی ئیسلام لە وڵاتی هیندی کۆن، بەر لە هاتنی بودا لە کۆماری (ماها جاناباداس)کە چەند کۆمارێک بوون بەو ناوە ناسرابوون،پیادەکراوە، کە ئێستا بە شاری بەهار ناسراوەو لە بەشی رۆژهەڵاتی هیندستانەوەیە.پرسیارەکە ئەوەیە، دیموکراسییەتێک کە بە هەزار ساڵ پێش ئیسلام پەیڕەوی لێکرابێت، بۆچی لە قورئاندا بە یەک وشەش باسی لێوە نەکراوە، ئایا ئەمڕۆ دیموکراسی باشترین و بەهێزترین چەک نییە کە بەدەست خەڵکی هەژارەکانەوەیە، چونکە هەمیشە هەژارو نەدارەکانن داوای سیستەمێکی دیموکراسی و دادی کۆمەڵایەتی دەکەن، نەک فیرعەونەکان،هەر بە هەمانشێوە بە یەک وشەش باسی ئیشق لە قورئاندا نەهاتووە، لەکاتێکدا کە ئیشق و خۆشەویستی غائیب بوو، توندوتیژی ئامادە دەبێت.باشە خۆ ناکرێت لەم دونیایەی ئەمڕۆ بڕوات بە دیموکراسی نەبێت، چونکە تەنیا لە سیستەمی دیموکراسیدا مرۆڤەکان یەکدی ناکوژن.ئەی بۆچی قورئان بڕوای پێ نییە ؟.

لە قورئاندا زیاتر لە یازدە (١١)شوێن، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە،کە قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوەو پێغەمبەر(محەمەد)یش بۆ نەتەوەیەک نێردراوە کە بە زمانی نەتەوەکەی خۆیەتی و ...هتد، بڕوانە: سورەتی الشعراء ئایەی ١٩٥،زخرف ئایەی ٣، ئیبراهیم ئایەی ٤، الشوری ئایەی ٧،ئەحقاف

ئایەی ١٢، النحل ئایەی ١٠٣،  طە ئایەی ١١٣، یوسف ئایەی ٢، ئەم ئایەتانە هەموویان پەیوەندیان بەو کولتووری کۆمەڵگایەوە هەیە کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە هەبوون بەتایبەت نەتەوەی عەرەب، بۆیە لە (١١) ئایەتدا جەخت لە زمانی عەرەبی کراوەتەوە، کە خودا بەزمانی خۆیان و بە زمانێکی سادەو رەوان، ئایەتی بۆ هێناونەتە خوارەوە. پرسیارەکە ئەوەیە باشە خودایەک قورئانی هێنابێتە خوارەوەو ، یازدە (١١) جار جەختی لەو زمان و نەتەوەیەی عەرەب کردبێت،چۆن خاڵبەندی و سەروبۆری بۆ وشەکان نەکردووە و بە ناتەواوی قسەی کردووە ؟،ئایا ئەمە دەچێتە ئەقڵەوە ؟ ئاخر بەبێ خاڵبەندی جیاوازی لەنێوان ئەو پیتانە چی لێدێت(ب،ت،ث، ج،ح، ز،ذ،ر، ط،ض،ظ،س،ش،)؟،جا کارەساتتر ئەوەیە لە سەردەمی خوێنرێژترین کەس (حەجاجی کوڕی یوسف) خاڵبەندی و سەروبۆر  بۆ وشەکان داندراون !!. ئایا خودایەک کە دانەری ئاسمان و زەوی بێت و ئەم هەموو بوونەوەرەی خولقاندبێت، رێی تێدەچێت زمانی عەرەبی نەزانیبێت ؟ لە لایەکی دیکەیشەوە، خودا خۆی لە سورەتی ئیبراهیم ئایەی ٤ فەرموویەتی:وما ارسلنا من رسول الا بلسان قومه....واتا ئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئەگەر بە زمانی نەتەوەکەی خۆی نەبێت..ئەم ئایەتە یەک مانای هەیە ئەویش ئەوەیە پێغەمبەر نێردراوی خودایە بۆ نەتەوەی عەرەب و بەس، نەک بۆ هەموو نەتەوەیەک، کەواتا محەمەد پێغەمبەرێکی حەقیقی عەرەبەو هیچی دیکە. هەر هەمان سورەت ئایەتی دواتر کە ئایەتی (٥ و ٦) بە هەمانشێوە جەخت لەسەر ئەوە

دەکاتەوە کە موسا پێغەمبەریشی بۆ نەتەوەکەی خۆی ناردووەو لە زۆر شوێنی دیکەش ئەو ئاماژەیە دووبارەو چەند بارە کراوەتەوە. بۆنموونە لە سورەتی الاعراف ئایەی ٥٩ باسی ئەوە دەکات کە حەزرەتی نوح ی بۆ نەتەوەکەی ناردووە، واتە نوح یش پێغەمبەری نەتەوەکەی خۆی بووە نەک نەتەوەی دیکە، نموونەی لەمبارەوە زۆرە. کەوابێت بە پێی ئەو ئایەتانە بێت خودا بۆ هەر نەتەوەیەک پێغەمبەرێکی تایبەت بە خۆیانی ناردووە، نەک پێغەمبەرێک بۆ هەموو نەتەوەیەک بێت. ئینجا هەر لەنێو ئەو ئایەتانەی کە بۆ عەرەبی دابەزاندووەو وەک لە سەرەوەتر ئاماژەمان بۆی کردووە،چەندین جار جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بە زمانێکی رەوان و ئاسان قورئانمان بۆ دابەزاندوون، بڕوانە سورەتی الشعراء ئایەی١٩٥ ، قصص ئایەی ٢ ، النمل ئایەی١، ..هتد. کەچی زۆر ئایەت و زۆر وشە لە قورئاندا هاتوون کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێ مانایەکی دروستی بۆ بدۆزیتەوە، یان هەر لە بنەڕەتدا وشەکان عەرەبی نین، یان ئایەتەکە هیچ پێکەوەبەستنێکی توندی بە یەکەوە نییە، لێرە تەنیا چەند نموونەیەک دەهێنمەوە، دەنا قەرئان پڕیەتی لەمجۆرە نموونانە، با بڕوانینە سورەتی البقرة ئایەی ١٠٢، سورەتی الصافات ئایەی ١-٤، سورەتی المرسلات ئایەی ١-٧ ، سورەتی النازعات ١-٦،سورەتی الطارق ئایەی ١-٤، سورەتی الفجر ئایەی ١-٤، سورەتی البلد ئایەی ١-٤، سورەتی اللیل ئایەی ١-٤ ، سورەتی طه ٨٧،هەمان سورەتی طه ئایەی ٩٦،...هتد هەموو ئەمانە یەک راستیمان پێدەڵێن کە هیچ ماناو هیچ پەیوەندییەک لەنێوان

ئەو ئایەتانەدا نییە، لەکاتێکدا دەڵێت بە زمانێکی رەوان و ئاسان قورئانمان بۆ هێناونەتە خوارەوە.ئەوەتا لە قورئانا دەڵێت:قورئانێکە بە عەرەبی و هیچ خوارو خێچ و لەنگییەکی تێدا نییە، بەڵکو لە خوا بترسن..قرانا عربیا غیر ذي عوج لعلهم یتقون .بەڵام کاتێک قورئان دەخوێنیتەوە، پێچەوانەی ئەو قسەیەت بۆ راستدەبێتەوە . سەرەڕای ئەمەش لە (٢٧) سورەتدا سەرەتای سورەتەکان بە پیتێک یان دوو پیت یان سێ پیت دەست پێدەکات،کە بریتین لە سورەتی البقرة-العمران-الأعراف- یونس-هود- یوسف-الرعد- ابراهیم- الحجر- مریم- الشعراء-النمل-القصص-العنکبوت- الروم-لقمان-السجدة- ص- غافر- فصلت- الشوری-الزخرف- الدخان- الجاثیة- الاحقاف- ق- القلم ، ئەمەش ئەوە رەتدەکاتەوە کە بە زمانێکی سادەو رەوان نێردرابێت، چونکە کەس لە مەتەڵی ئەو پیتانە تێناگات، تا بزانین سوودی ئەو پیتانە بە تەنیا بۆچی باشە.لەگەڵ بوونی ئەم هەموو مەتەڵانەشدا، کاتێک پرسیارێکت بۆ دروستدەبێت، ئەوا قورئان یەکسەر بە شتێکی وەهمی و غەیبی وەڵامتدەداتەوە، کە قەناعەتپێکراو نییە، بۆ نموونە کاتێک پرسیاری رۆح دەکەیت ، یەکسەر پێتدەڵێت:یسالونک عن الروح قل الروح من امر ربی...هتد بڕوانە سورەتی اسراء ئایەی ٨٥، ماناکەی ئەوەیە لەبارەی رۆحەوە پرسیارت لێدەکەن، بڵێ رۆح ئەوەیە کە خودا دەیزانێ، ئێوە کەمێکتان لە زانست پێدراوە، گرفتی وەڵامی ئەم پرسیارە لەوەدایە خودی خوداکەش هەر جێگای پرسیارە، داڤید هیوم زیاتر لە (٢٥٠)ساڵە ئەم پرسیارەی بوونی خودای

وروژاندووەو تا ئێستاش کەس وەڵامەکەی دەست نەکەوتووە.یان سورەتی طە ئایەی ٤٩-٥٢ بە هەمانشێوە وەڵامی پرسیارەکەی بە غەیب بەستۆتەوە، ئەمەش گرفتێکە، چونکە شتە وەهمی و غەیبییەکان بڕواپێکراو نین، هەر هیچ نەبێت بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا کە ئەقڵ باشتر چالاکەو سەردەمی نەزانین و بەستەڵۆکی فیکرو دۆگماییمان تێپەڕاندووە.

ئەو هەموو چیرۆکانەی کە لە قورئاندا هاتوون، پێشتریش لە تەوراتدا هاتوون، ئەگەر بیانوو ئەوە بێت، تەورات هی خودایەو قورئانیش هی خودایە،بۆیە لە هەردوکیاندا هاتوون، ئەوە تا ئێرە ئاساییە، کە خودا دووبارەی کردبێتەوە، بەڵام قسەی ئێمە ئەوەیە بەر لەوەی تەورات هاتبێتە خوارەوە، بە هەزار(١٠٠٠) ساڵ زیاتریش، هەموو ئەو چیرۆکانە لە ناوچەی میزۆپۆتامیادا هەبوون( کە پێیی دەوترا شارستانێتی سۆمەرییەکان)و لەناو خەڵکدا دەماودەمیاندەکرد،وەک چیرۆکەکانی ئادەم و حەواو دەرکردنیان لە بەهەشت، کوشتنی هابیل لەلایەن قابیلەوە،چیرۆکی ئەیوب و تۆفانی نوح و یونس و یوسف و هەموو ئەوانی دیکەش،باشە ئایا ڕەوایە ئەم هەموو چیرۆکانەی لەناو خەڵکدا دروستکراوبن و جۆرێک بووبن لە ئەفسانەی سۆمەرییەکان، کەچی خودا بیانخاتە ناو تەورات و قورئانەوە ؟؟، ئایا ڕەوایە کۆمەڵێک یاسا کە حامورابی دایهێنابێت، کەچی خودا بیگوازێتەوە بۆ ناو تەورات ؟ بۆچی چما خودا بیرۆکەیەکی باشترو پێشکەوتووتری لا نەبوو تا بە ناچاری سوودی لە یاساکانی حامورابی وەرگرتبێت و بیخاتە

ناو تەوراتەوەو دواتریش قورئان سوودی لەو کۆمەڵە یاسایانە وەرگرتبێت ؟ ئایا ئەمە دەچێتە ئەقڵەوە ؟ خودایەک دانەری ئاسمان و زەوی بێت و مرۆڤیش هەر خۆی دروستیکردبێت، دێت قسەکانی بنیادەم کە کۆیلەی خۆیەتی ، دەیکات بە ئایەتی ئاسمانی ؟!. هی کەسێکیش کە ناوی (حامورابی)یەو شەشەمین پاشا بووە لە دونیاداو ستەمکارێکی گەورە بووە ؟!!.ئایا کەس بەو دوعایە دەڵێت ئامین ؟!!.

ئایینی ئیسلام دوا ئایینەو پێغەمبەرەکەشی دوا پێغەمبەرە کە خودا سروشی بۆ ناردبێت ، بڕوانە: (الاحزاب ئایەی ٤٠)، کەواتە بەم روانگەوە بێت هەر کەمو کورتییەک لە ئایینی جولەکە یان مەسیحییەتدا هەبووبێت ئەوا لە ئایینی ئیسلامدا ئەو هەڵەیە نییەو، تا مرۆڤایەتی و تا ژیان ماوە، ئایینی ئیسلام دەبێت پەیڕەوی لێ بکرێت، هەرچەندە لە قورئاندا جەخت لەوە کراوەتەوە کە ئایینەکانی تریش وەک ئەوەی لە تەورات و ئینجیلدا هاتووە راستن، بەڵام ئەوان نەبوونە دوا ئایین ، کەواتە ئەگەر هەڵەیەکیش لە ئایینی موساو عیسادا هەبووبێت، ئەوا تەواو پڕاو پڕ نین بۆ ژیان، بە دیوەکەی تر ئەوە محەممەدە دوا پێغەمبەرەو دەبێت هەموو کەسێک بڕوای پێبهێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە محەممەد خۆی نەیتوانیبێت چۆن عیسا توانیویەتی مردوو زیندوو بکاتەوە،پێمان بڵێن ئەوانە کێ بوون کە مردن و عیسا زیندووی کردنەوە ؟، ئینجا عیسا چۆن فووی لە تۆپە قوڕێک کرد (قوڕەکە لە شێوەی باڵندەیەک دروستکرابوو) ئەو تۆپەڵە قوڕە گیانی هاتبێتە بەر ؟ ئینجا وەکوو پزیشکی ئەو سەردەمەی ئێستا توانی پێستی

بەڵەک چارەسەر بکات و ئەوانەش کە بە زگماک کوێرن چاویان ساغ بکات، (سورەتی العمران ئایەی ٤٩).لە کاتێکدا دوا پێغەمبەری خودا پێی نەکرابێت.. ئایا ئەمانە ئەقڵ قەناعەتی پێدەهێنێت ؟ لە کاتێکدا هەر لە هەمان سورەتی ئالی عیمران  ئایەی ١٤٤، خودا فەرموویەتی محەمەد پێغەمبەرێکەو هیچی دیکە، لە پێش  ئەویش زۆر پێغەمبەر هاتن و رۆیشتوون، ئەگەر بمرێ یان بکوژرێ ئایا ئێوە لە ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە ؟ هەر کەسێکیش هەڵگەڕێتەوە زیانێک بە خودا ناگەیەنێت. لە سورەتی مائیدە ئایەی ٩٩شدا فەرموویەتی: ما علی الرسول الا البلاغ  والله  یعلم ما تبدون وما تکتمون.واتا  پێغەمبەر تەنیا ئەوەی لەسەرە پەیامی خواتان پێبگەیەنێت، هەموو ئەو شتانەی لە خوای دەشارنەوە یان ئاشکرای دەکەن، ئاگادارە. کەواتە ئەرکی هیچ پێغەمبەرێک نەبووە مردوو زیندوو بکاتەوەو ، رۆخ بخاتە بەر چۆلەکەی لە قوڕ دروستکراو و ..هتد.

تا ئێستا سەرچاوەی  زۆر هەن قسەیان لەسەر ئەوەیە کە پێغەمبەری ئیسلام نەخوێندەوار نەبووەو کەسێکی زیرەک و وشیار بووە، تا ئێرە مشتومڕێکمان نییە، بەڵام پرسیاری ئێمە ئەوەیە، باشە ئەگەر خودا سرووشی بۆ پێغەمبەر ناردووە، بۆچی لەوکاتەوەی وەرەقە بن نەوفەل مرد، بۆ ماوەی نزیکەی سێ ٣ ساڵ  سرووش وەستاو هیچ ئایەتێک نەهاتە خوارەوە ؟، لەکاتێکدا ورقە بن نەوفەل مەسیحی بوو موسڵمان نەبووبوو!!. گومانێکی زۆر هەیە وەرەقە یارمەتییەکی زۆری پێغەمبەری داوە، ئەگەرچی وەرەقە خۆی موسڵمان نەبووەو بڕوایشی پێ نەبووە. لێرەوە دەچمە سەر

ئەو خاڵەش کە  جوبرائیل بە پێغەمبەری گوتووە بخوێنە، لە کاتێکدا محەمەد خوێندەواری نەبووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا  ماقووڵە جوبرائیل نەیزانیبێت محەمەد خوێندەواری نییە ؟،جوبرائیلێک کە لەلایەن خوداوە نێردرابێت بۆ لای محەمەد تۆ بڵێی نەیزانیبێت محەمەد خوێندەوارە یان نا ؟.

پێغەمبەرێک کە ئەرکی سەرشانی گەیاندنی پەیامی خودا بووبێت، چۆن دەکرێ یەک لەسەر پێنجی ئەو دەستکەوتانەی لە شەڕەکان و لە تاڵانەکاندا  دەستی بەسەردا دەگرن، بۆ محەمەدی پێغەمبەر بێت، بڕوانە سورەتی ئەحزاب ئایەی ٤١، ئەو دەستکەوت و تاڵانە هەر تەنیا کەلوپەلو مەڕو ماڵات و شتی دیکە نەبووە، بەڵکو ئافرەتانیشی گرتۆتەوە، واتا لە پێنج ئافرەتی دەستکەوتوو دەبوو یەکێکیان پێشکەش بە پێغەمبەر بکرایە، لە راستیدا ئەوەیان مرۆڤ تووشی شۆک دەکات.  هەر ئەوەش بوو وایکرد سەفییە کە دواتر بوو بە خێزانی پێغەمبەر، لە ئەنجامی شەڕو تاڵانێ دەستیکەوتبوو،کە لە شەڕی خەیبەر گیرابوو، لەوەش کارەساتتر ئەوەبوو سەفییە باوک و برای لەو شەڕەدا کوژرابوو، کەچی هەر ئەو شەوە پێغەمبەر کردی بە ژنی خۆی و شەو لەگەڵی نووست، هەر لەو شەڕەدا پێغەمبەر  گوندێکی دەستکەوت، چونکە لەو شەڕەدا سوپای ئیسلام گورزێکی کەمەرشکێنی لە جوولەکەکان دا، پرسیاری ئێمە ئەوەیە باشە ژنێک باوک و برای تازە کوژرابێت و هێشتا خوێن لەبەر باوک و برای بڕوات، دەکرێ شەو لەگەڵیا بخەوی ؟ ئەمە جگە لە نەریتی عەرەب و

ئیسلام کە لە فتوحاتەکاندا نموونەی وا زۆرە، لە هیچ نەریت و ئاکارێکی دیکەدا نەبیستراوە.خالیدی کوڕی وەلیدو زۆرانی دیکە هەمان رەفتاریان دووبارە کردەوە، کاتێک خالیدی کوڕی وەلید، لەبەر تەماحی جوانییەکەی خێزانی (مالک کوڕی نوێرە)،بیانووی لە مالک گرت لەکاتێکدا مالک کوڕی نوێرە سەحابە بوو، موسڵمانێکی تەواو بوو، تەنیا ئەوەبوو لە دوای کۆچی محەمەد وتی زەکات نادەم، دەنا بڕوای بە خودای تاک وتەنیا بەهێزبوو، بەڵام خالیدی کوڕی وەلید سری بڕی و ئینجا سەرە بڕاوەکەی لەسەر بەردێک داناو ئاگری تێبەردا، هەر هەمان شەو ژنەکەی مالک کوڕی نوێرە کە ناوی (لەیلا کچی سنان)بوو گوازتییەوەو لەگەڵی نوست!! .نموونەکان لەو بارەیەوە زۆرن.

ئەوەی جێگای سەرنجە، راستییەکە، ئەویش ئەوەیە، خودا بۆیە ئەو ئایەتانەی بۆ محەمەد ناردووە، تا بە باشترین شێوەو با ئاسانترین رێگا، پەیام و فەرمانەکانی خۆی بە خەڵک بگەیەنێت، کەچی دەبینین لە بیست و حەفت (٢٧) سورەتدا سەرەتای سوورەتەکان بە هەندێ پیت دەستپێکردووە، کە تا ئێستا کەس لە ماناو هێمای ئەو پیتانە تێنەگەیشتووە، مەتەڵێکەو کەس تا ئێستا نەیتوانیوە هەڵیانبهێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە باشە خودا کە خۆی دانەری ئاسمان و زەوی و ئەو هەموو هەسارەیەیە ،چ پێویستی بە هێماو رەمز هەیە بۆ ناو قورئان، یان چ پێویستی بە تەمومژ هەیە کە کەس لێی تێنەگات ؟ ئەمە جگە لە هەندێک وشە کە تا ئێستا زانایانی ئیسلامیش لەسەری کۆک نین و

بۆچوونی دژ بەیەکیشیان لە بارەی هەندێک وشەوە هەیە، بۆنموونە: سندس، استبرق،اب،الأرائک،الأسباط، الأواه، الرقیم، سررادق، غساق، القسطاس، مشکاه، بە دەیان وشەی دیکەش. .ئینجا لە حەڤدە (١٧) سورەتیشدا سەرەتاکانیان بە سوێندخواردن دەستپێدەکات، پرسیارەکە ئەوەیە باشە مرۆڤ  کۆیلەی خودایەو خودا دروستکاری مرۆڤە، بەم پێوەرە بێت خودا چ پێویستی بە سوێندخواردن هەیە بۆ کۆیلەکەی خۆی ؟ ، ئینجا سوێند خواردنەکانیشی بەناوی هەندێک شتی سەیرەوەیە، وەک دەبینین خودا سوێند بە هەنجیرو زەیتوون، یان بە ئەستێرە، یان بە ئاسمانێک کە ئەستێرەو هەسارەی تێدایە، یان بە چێشتەنگاو و بەرەبەیان و..هتد دەخوات. پرسیارەکە ئەوەیە خوا بۆچی سوێند بۆ کۆیلەکانی خۆی دەخوات ؟ ،یان لە سوورەتی ال×افات، هەر روون نییە کە سوێند بە الصافات دەخوات مەبەستەکە چییە، چونکە لێکدانەوەی زۆرو جیاوازی بۆ کراوە .نموونەی دیکەیش لەو بارەیەوە زۆر زۆرە.

لە سورەتی الکهف ئایەی ٨٦  باسی ئەوە دەکات کە خۆر لەناو کانییەکی قوڕەڕەش (یان قوڕەشین) ئاوا دەبێت، باشە ماوەی ٥٠٠ ساڵە زانست روونیکردۆتەوە کە خۆر چەقی گەردوونەو ئەوە زەوییە بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، دەنا خۆر نە ئاوا دەبێت و نە هەڵدێ، کەچی بەپێی ئەو ئایەتە بێت، خۆر دەکەوێتە ناو قوڕە شین و ئاوا دەبێت، باشە کە لەناو قوڕە شیندا ئاوا بوو، چۆن لەماوەی ١٠-١٢ کاتژمێردا لە سەری

ئەمسەرەوە دووبارەو هەزار بارەهەڵاتەوە ؟ئەمە چیبوو بەردەوام ئێواران خۆر بکەوێتە ناو قوڕەشینێکەوەو ون بێت و بۆ سبەینەکەی بە جوانی هەڵبێتەوە .باشە ئێستا کە زانست بەتەواوی دڵنیای کردینەوە کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، دەبێت هەڵوێستمان بەرامبەر بەو ئایەتە چی بێت ؟!.

لە سورەتی الشمس ئایەی ٥-٦ جەخت لەوە دەکاتەوە کە زەوی پانە، ئایا لە ماوەی (٥٠٠) ساڵی رابردوودا روون نەکراوەتەوە کە زەوی خڕە و پان نییە ؟. لەکاتێکدا لە چەندین ئایەتدا باسی ئەوە دەکات کە زەوی پانە .بڕوانە سورەتی الرعد ئایەی ٢،هەر لە سورەتی الرعد ئایەی ٣ هەمان مانای پانی زەوی دەگرێتەوە. هەروەها بڕوانە سورەتی الغاشیە ئایەی٢٠، هەر لەم سورەتەدا (الغاشیە) باسی ئەوە دەکات کە ئاسمان بەرزە. لەکاتێکدا ئاسمان بەرزەو هاوکات نزمیشە چونکە ئەم گۆی زەوییە بە ئاسمانەوەیەو بە هێزی یەکتر راکێشانی هەسارەکانی دیکەوە هەڵواسراوە، دەنا تا یەک ملیۆن ساڵی تر ئەو گۆی زەوییە بڕواتە خوارەوەو بەربێتەوە، خۆ ئاسمان بنی نایە. لە راستیدا ئەوەی پێویستە بوترێ زانست ئێستا یەکلای کردۆتەوە، کە مانگ بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوەو بە دەوری زەویشدا لەماوەی ٢٩ رۆژدا دەسووڕێتەوە، زەویش لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا، جارێک بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوەو هەروەها بە دەوری خۆریشدا ساڵی یەکجار دەسووڕێتەوە، واتا لەماوەی (٣٦٥)رۆژدا یەک جار بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە .خۆریش لەماوەی ٢٥ رۆژدا جارێک بە دەوری خۆیدا

دەسووڕێتەوەو هەر ئەوەندەیە، خۆر بە دەوری هیچ هەسارەیەک و هیچ شتێکی دیکەدا ناسووڕێتەوە.تەمەنی زەوی و خۆر (٢٥٠)ملیۆن ساڵ دەبێت، چونکە ئەو جوولەو ئەو سووڕانەوەی زەوی و مانگ و خۆر هەیانە تەمەنەکەی (٢٥٠)ملیۆن ساڵ دەبێت. پرسیارەکە ئەوەیە، خودایەک بە خۆی زەوی دروستکردبێت،نازانێ زەوی پانە یان خڕە ؟ لەکاتێکدا (٢٦٠٠)ساڵ پێش ئەمڕۆ ( ئەناکسیمەندەر Anaximandre 547 -610 611/ پ.ز )کە دووەم فەیلەسووفی سروشتی بوو، گوتوویەتی زەوی نەخشەیەکی قووچەکی هەیە.

یەکێک لەو خاڵانەی کە لە قورئاندا تەئکیدی لێکراوەتەوە، ئەوەیە کە فرە ژنی ڕێگە پێدراوە، بەڵام تا ئەو سنوورەی کە پیاو لە یەک کاتدا دەتوانێ تەنیا چوار ژنی هەبێت،کەچی دەبینین خەلیفەکانی راشدین هەموویان لە چوار ژن زیاتریان هەبووە، تەنانەت خودی محەمەد کە ئایەتەکان لە ڕێگای ئەوەوە بە ئێمە گەیشتوون، کەچی ئەوکاتەی کۆچی دوایی کردووە، خاوەنی (٩) ژن بووە، واتا لە یەک کاتدا نۆ ژنی لا بووە.باشە پرسیارەکە ئەوەیە ئەمەیان چۆن لێکدەدرێتەوە ؟ئایا ئەمە ڕەوایە ؟، خۆ لە قورئانا بە ڕوونی خسستوویەتیە ڕوو هیچ پێچ و پەنایەکی تێدا نییە.ئینجا لە چەندین شوێنی قورئانا هاتووە کە پیاو خاوەنی ژنە،بڕوانە: (سورەتی المؤمنون ئایەی ٦) بەڵام بۆ تاقە یەکجاریش نەهاتووە بڵێت ژن خاوەنی مێردەکەیەتی.هەر ئەوەیە وایکردووە تەڵاق بە دەست پیاو بێت، نەک بە دەست ژن، هەر ئەوەیە وایکردووە

بڵێت،ژنەکانتان کێڵگەن بۆ ئێوەو چۆنتان پێ خۆشە ئاوا بیانکێڵن سورەتی البقرە ئایەی ٢٢٣،لێرە هیچ بەهایەک بۆ ژن نەماوەتەوە،یان سورەتی النساء ئایەی ٣، هەر لێرەوە بە پێویستی دەزانم بێمە سەر ئەو خاڵەی کە لە قورئانا باسی خیانەتی خێزانەکانی هەردوو پێغەمبەر نوح و لووت دەکات!!، هەر بە پێی تەورات و قورئان تۆفانی نوح کەسی نەهێشتەوە، جگە لەوانەی کە نوح خستنیە ناو سندووقێکەوە، بە دیوێکی دیکەدا کۆمەڵگای مرۆیی بەر لەوەی لە نەوەی ئادەم بن ، لە نەوەی نوحن، چونکە تۆفانەکە کەسی لێ دەرنەچوو ، جگە لەوانەی لەناو سندووقەکەی نوحن!!.پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە ، ئایا خودایەک کە دانەری ئاسمان و زەوی بێت، چۆن باسی خێزانەکانی نوح و لوت دەکات بەوەی کە ئەوان حیز بوونە ؟!!، ئەمە هەزم دەکرێت؟! بڕوانە سورەتی القلم ئایەی ١٠. هەروەها دەبینین لە سورەتی العمران ئایەی ٣٣، جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکان و بنەماڵەکان کردووە، باشە ئەم جیاوازییە بۆچی ؟، مەگەر هەموویان بەندەی خودا نین ؟. گوناهی ئەم خەڵکە چییە بێ ئەوەی خۆیان هۆکار بووبن ،زیاتر ڕێز لە هەندێکیان بنرێ و لە هەندێکیش کەمتر. یان خودایەک دانەری ئاسمان و زەوی بووبێت و بە (٦) ڕۆژ ئەم هەموو گەردوونەی دروستکردبێت، چۆن دەبێت بە مرۆڤ بڵێت خوێڕی و دایک حیز سورەتی القلم ئایەی ١٠ تا ١٣.، ئایا خودا جنێوی وا بە مرۆڤ دەدات کە خۆی دروستیکردووەو کۆیلەیەکی خۆیەتی ؟ . خودا چۆن جنێو دەدات ؟ . چۆن بە مرۆڤ دەڵێت وەکو کەر وای، مرۆڤ و کەر زۆر

جیاوازن، خودا چۆن بە یەکیان دەچوێنێ ؟،سورەتی الجمعە ئایەی ٥.خۆ دەکرێت ئەو پرسیارەش بکەین، باشە کەر لە مەخلوقاتی خودایە، خۆ خۆی خۆی دروست نەکردووە، کەوابێ سوچ و گوناهی ئەو چییە کە ئاژەڵێکی دەبەنگە ؟.

پرسیارێکی دیکە کە زۆر جێگای سەرنجە، ئەویش لە ئیسراو میعراجدایە، ئەویش ئەوەیە کە خودا محەمەدی لە مزگەوتی حەرام (کەعبە)ەوە،کە لە مەککەیە، بۆ مزگەوتی الاقصی،کە باوکی پێغەمبەران ئیبراهیمی لێیە گوازتۆتەوە. دوو شت جێگای سەرنجن، یەکەمیان ئەوەیە کە دەڵێت یەکێک لە جوبرائیلەکان هات و سینگی محەمەد پێغەمبەری لە خوار گەردنییەوە تا ناوکی هەڵدڕی و بە ئاوی زمزم ناو سک و سینگی شووشت و لە هەموو شتێکی خراپەی دوورخستەوەو پاکیکردەوە.ئینجا سکیان پڕ کرد لە زێرو گەردنیشیان لە بیروباوەڕ پڕکرد، ئینجا سینگیان چاککردەوەو جوبرائیل لەگەڵ خۆیدا بەرزیکردەوە بۆ ئاسمان. ئیتر لە ئاسمانی یەکەم ئادەمی بینی، لە ئاسمانی دووهەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەفتەم، هەر ئاسمانەو پێغەمبەرێک و گفتوگۆیەکی کردووە، ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەوەیە موسا پێغەمبەر لە ئاسمانی حەفتەم بووە، بەڵام محەمەد لەو شوێنەی موسای لێبووە زیاتر بەرز کراوەتەوە، لەوێ خودا بۆی چەماوەتەوەو بە محەمەدی وتووە دەبێ نەتەوەی ئیسلام (٥٠) نوێژ بکات لە رۆژێکدا، لە هاتنە خوارەوەیدا محەمەد لای داوەتە لای موساو بەسەرهاتی ئەو داواکاریی یان ئەو فەرمانەی خودای کردووە کە پێی وتووە

دەبێت نەتەوەکەت ڕۆژانە (٥٠)نوێژ بکەن، موساش بە محەمەد دەڵێت بگەڕێوە لای خوداو پێی بڵێ با کەمی بکاتەوە، بڵێ چونکە نەتەوەکەم ناتوانن ڕۆژانە (٥٠)نوێژ بکەن، محەمەدیش دەگەڕێتەوە لای خوداو ئەو داوایەی لێدەکات و، خوداش بۆی دەکات بە (٤٠) نوێژ، دیسان محەمەد لە گەڕانەوەیدا دەچێتەوە لای موساو، ئیتر هەموو جار موسا ، محەمەد دەنێرێتەوە لای خودا، تا نوێژەکان کەمتر بکاتەوە، تا دوا جار دەبێتە پێنج (٥) نوێژ،دیسان موسا بە محەمەد دەڵێت بڕۆوە لای خودا بڵێ (٥)نوێژ زۆرە، بەڵام خودا بە محەمەد دەڵێت، من (٥)نوێژم بۆ داناون، بەڵام هەر یەک نوێژ بە (١٠)نوێژ دەژمێرم بۆتان، کەواتە دەبێتەوە بە (٥٠)نوێژەکە بۆ موسڵمانان. پرسیارەکە ئەوە نییە، محەمەد چۆن بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان و چۆن ئاسمان بە ئاسمان پێغەمبەرەکانی دەبینی کە هەر یەکەو لە ئاسمانێکدان، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە کاتێک خودا بۆ یەکەمینجار بە محەمەدی وت دەبێت نەتەوەکەت ڕۆژانە (٥٠) نوێژ بکەن، موسا بە محەمەدی وت بڕۆوە لای خوداو پێی بڵێ (٥٠) نوێژ لە ڕۆژێکا زۆرەو نەتەوەکەم ناتوانن جێبەجێیبکەن، ئایا موسا لە خودا باشتر نەتەوەی محەمەدی ناسیوە ؟نەتەوەی محەمەدو خودی موساو محەمەدیش ، خودا خۆی دروستیکردوون، کەچی چۆن دەکرێ ئەوان واتا موساو محەمەد پێکەوە پرسوڕا پێکەوە بکەن و بە خوا بڵێن نەتەوەی محەمەد ناتوانێ ئەو هەموو نوێژە بکات، بۆچی ، چما خودا نەیزانیوە (٥٠)نوێژ زۆرە ؟! یان بە هۆی محەمەدەوە زانی (٥٠) نوێژ زۆرەو جێبەجێ

ناکرێت.ئایا خودایەک دانەری ئاسمان و زەوی بێت، دەکرێت پێغەمبەرەکانی ئامۆژگاری خودا بکەن و، قەناعەتی پێبهێنن، لە کاتێکدا لە زۆربەی هەرە زۆری سورەتەکانداو،لە هەر یەک لەو سورەتانە، چەندین جار لە ئایەتەکاندا گوتراوە خودا بە هەموو شتێک دەزانێت و، هەروەها لە قورئاندا هاتووە تەنیا خودا حاکمەو دادوەرە، سورەتی انعام ئایەی ١٤...هتد.هەر لە سورەتی ئەنعام ئایەی ١٧، پێچەوانەی ئەو گفتوگۆیەیە کە محەمەد بە خودای گوتبێ نوێژەکانمان لەسەر کەمبکەوە، چونکە لەو ئایەتی (١٧)دا هاتووە:ئەگەر خودا هەر بەڵایەکت بەسەر بهێنێ، جگە لە خۆی کەس ناتوانێ لەسەرتی لا ببات،ئەگەر چاکەشت لەگەڵ بکات، دیسان هەر خۆیەتی کە هەموو کارێکی پێدەکرێت.

لە سورەتی (فیل)یشدا، پرسیارێک خۆی سەرهەڵدەدات، باشە ئەو باڵندەیەی ناوی (ئەبابیل)ە، لە چ وڵاتێکدا هەیە ؟، لە چ ناوچەیەکدا دەژین ؟، تا ئێستا باڵندەیەک نییەو نەناسراوە بەو ناوەوە.قەبارەی ئەو باڵندەیە چەند بوو کە توانیان بەرد بهاوێژنە خوارەوە..؟!! پرسیارێکی تر ، ئایا رێی تێدەچێت ئاسمان و زەوی قسەیان کردبێت، ئایا زەوی قسە دەکات ؟، لە سورەتی فصلت ئایەی ١١، خودا لەگەڵ ئاسمان و زەوی قسەی کردووە !.بەڵام لەماوەی سەردەمی جێنشینەکانی پێغەمبەرەوە هیچ موعجیزەیەک رووی نەداوە، زۆربەی هەرە زۆری موعجیزەکانیش هی سەردەمی محەمەد نەبووە، بەڵکو زۆرترین موعجیزە لە سەردەمی موسا

بووه، لەکاتێکدا ئێستا خەڵک پێویستی بە موعجیزە هەیە،ئاخر دوای زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ بەسەر دوا ئایین و دوا پێغەمبەری جیهان، خەریکە خەڵک زیاتر لە جاران لە ئایینەکە دوور دەکەونەوە، بۆیە بۆ ئەوەی گەلانی دونیا لە ئایینەکە دوور نەکەونەوە، بەڵام ئەوەتا لەو سەردەمەی کە ئەقڵ پێوەری هەموو شتێکە، هیچ موعجیزەیەک دروست نابێت.

مێژووی ئیسلام بریتییە لە مێژووی شەڕ کە تیایدا دەستکەوت و غەنیمە گەورەترین و سەرەکیترین ئامانجی شەڕەکان بووە، بەڵام پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە، ئەو(١٠)کەسەی مژدەی چوونە بەهەشتیان پێدرابوو، هەندێکیان لەگەڵ یەکدی رووبەڕووی یەکدیبوونەوەو یەکتریان کوشتووە، بەتایبەت لەنێوان ئەو چوار کەسە(عوسمان و عەلی و تەلحەو زوبێر)عەلی لەگەڵ تەلحەو زوبێر بەشەڕ هات و زیاتر لە(١٥)هەزار موسڵمان لەو شەڕە کوژرا، ئایا عەلی لەسەر هەق بوو یان تەلحەو زوبێر ؟،ئایا دەبێت کوژراوو بکوژ بچنە بەهەشت ؟ ، ئەی خوێنی ئەو(١٥)هەزار موسڵمانە لە ئەستۆی کێیە . هەر لەو شەڕەدا بە پێی زۆر سەرچاوەکان عائیشەی خێزانی محەمەد رۆڵی گرنگی هەبوو لە داگیرساندنی ئەو شەڕە، تا لە شەڕەکە عائیشە گیراو سواری حوشتریان کردو هێنایانەوە بۆ مەدینە، بەڵام عەلی عائیشەی نەکوشت، بەڵام گرنگ ئەوەیە عائیشە دایکی موسڵمانان، یان عەلی کە جێنشینی پێغەمبەرو لە یەکەمینەکانی موسڵمانانە ، کامیان گوناهبارن ؟، ئایا رەوایە هەردوکیان چووبنە بەهەشت ؟، ئەی بەفیرۆدانی خوێنی(١٥)هەزار موسڵمان لە ئەستۆی کامیانە ؟.

به پێی قورئان زەواجی موتعە رێپێدراوە،بڕوانە سورەتی النساء ئایەی ٢٤ . کەچی عومەری کوڕی خەتاب ، ئەو یاسایەی هەڵگرت و زەواجی موتعەی لەناو موسڵمانان هەڵگرت و رێگای پێ نەدا، ئێستا لەناو ئیسلامی سونی ئەو ئایەتە کاری پێ ناکرێت ، تەنیا لەناو مەزهەبی شیعەگەراکانەوە پەیڕەوی لێدەکەن ، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا نەک جێنشینەکانی پێغەمبەر بەڵکو خودی پێغەمبەریش بۆی هەبووە ئایەتێک لە شوێنی خۆی بوەستێنێت و بڵێت نابێت کار بەو ئایەتە بکرێ ؟. ئایا زەواجی موتعە ئاساییە یان نائاسایی ؟!. عومەری کوڕی خەتاب زۆر شتی دیکەی بە پێی تێگەیشتنی خۆی و لێکدانەوەی خۆی بۆ ئەو قۆناخەی ئەو کاتی ، دەسکاری کردووە، بۆنموونە پرسی زەکات و پرسی دەست بڕینی دزو..هتد. پرسیارەکە ئەوەیە ئێمە پەیڕەوی قورئان بکەین ، یان عومەری کوڕی خەتاب ؟!!.قسە لەسەر عومەری کوڕی خەتاب زۆرە، بەتایبەت بەرامبەر بە ژن،، کە زۆر توندوتیژ بووە بەرامبەر بە ژنان، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم باسەی ئێمە تەنیا لەسەر ئایەتەکانی ناو قورئانە، بۆیە ناچینە سەر باسی دیکە.

دەربارەی ئەیوب پێغەمبەر، بە پێی تەورات، تەوراتیش ئایەتی ئاسمانییەو دواتریش لە قورئانا تەئکید لە راستی بەسەرهاتی ئەیوب کراوەتەوە، بەڵام بۆمان هەیە بپرسین، ئیبلیس چۆن توانی وا لە خودا بکات کە ئاوا بەمشێوە پڕ لە ئازارە، ئازاری ئەیوب بدات،چونکە ئیبلیس هۆکاری ئەم هەموو ئازارە جەستەیی و رۆحییە بووە کە بەسەر ئەیوب دا

هاتووه ، وێڕای له لەدەستدانی ئەو هەموو سەروەت و سامانە زۆرەەی، پرسیارەکە ئەوەیە ئەدی خودا ئیبلیسی لە هەڵخەڵەتاندنی ئادەم و حەواوە ناناسی ؟ ، ئەی چۆن بە قسەی کرد ؟، کە ئەم هەموو مەینەتییە بەسەر ئەیوب بهێنێت، راستە دواتر قەرەبووی کردەوە، بەڵام دوای ئەم هەموو ئازارە جەستەیی و رۆحی و مادییە ؟! ئایا رەوایە ئیبلیس قەناعەت بە خودا بهێنێت بۆ مەرامی خۆی ؟! لە قورئانیشدا ئاماژەیەک بۆ ئەم رووداوە کراوە، کەواتە ئەوەی لە تەوراتدا هاتووە راستە!!، بڕوانە سورەتی الانبیاء ئایەی ٨٣، هەروەها سورەتی (ص )ئایەی ٤١ .

لە کۆی گشتی قورئاندا چەند تێبینییەکی گشتیت بۆ دروستدەبێت، ئایا کاتێک بە دڵێکی خۆش و فراوانەوە قورئان هەمووی دەخوێنیتەوە، ترست لا دروست دەبێت، یان ئاسوودەیی ، چونکە دەبینین لە قورئاندا زۆرترینی ئایەتەکان ترسیان لەناودا هەیە نەک ئاسوودەیی، هەر بۆ نموونە لە قورئاندا ١٢٦ جار باسی ئاگر کراوە، ٧٧ جاریش باسی دۆزەخ کراوە، هەروەها ١١٥ جاریش باسی رۆژی دوایی (یوم الآخرة) کراوە،کە دەکاتە ٣١٨ ئایەت هەر هەموویان بۆ ترساندنی مرۆڤەکانن .بەڵام لەبەرامبەریدا تەنیا ٦٦ جار باسی بەهەشتی کردووە. با ئەوەش بڵێین لە قورئاندا لە ١٨ سورەتدا باسی رۆح کراوە، کە لە هەندێک لەو سورەتانەدا زیاتر لە جارێکیش باسی لێوە کردووە، وەک سورەتی النحل، الحجر، یوسف، یونس،

البقرة ، کەچی تا ئێستا کەس نازانێت ئەو رۆحە چییەو لە کوێیەو چۆنە ؟ وەڵامەکانیش هەمووی بۆ غەیبت دەبات کە بڕواپێکراو نین.

لە راستیدا پرسیارەکان زۆرن و تا دەچیتە ناخی سورەت و ئایەتەکانیش پرسیاری زۆرترت بۆ دروستدەبێت و وەڵامەکانیشیان هیچ دیارو روون نین، بۆیە مافی ئەوەم هەیە بپرسم، بۆچی وەڵامەکانمان دەست ناکەوێت ؟، بۆچی هەمیشە مانای دروستی ئەو ئایەتانەمان بۆ روون ناکەنەوەو مانایەکی دیکەمان دەدەنێ کە ئەو مانایەی نییە ؟،چونکە تا مانای دروستی خۆیمان نەدەنەوە، وەڵامەکان لەشوێنی خۆیان دەمێننەوەو ناتوانن بڕواپێکراو بن.

## له چاپکراوەکانی نووسەر

١- دیموکراسی و ئیسلامی سیاسی (٢٠٠٥) رەخنەو لێکۆڵینەوە

٢- هەتاوی نیوەشەو (٢٠٠٥) رەخنەو لێکۆڵینەوە

٣- ئایین و دەوڵەت و پەیڕەوکردنی شەریعەت (٢٠٠٦) وەرگێڕان

٤- گەردەلوولی سیاسەت - بەرگی یەکەم - (٢٠٠٦) دیمانەی سیاسی

٥- گەردەلوولی سیاسەت – بەرگی دووەم - (٢٠٠٩) دیمانەی سیاسی

٦- قەیرانی کۆمەڵگاو حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان (٢٠١٥) تۆژینەوەیەکی تیۆری - مەیدانییە

٧- قەیرانی ئەقڵ (٢٠١٥) لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی فیکرییە

٨- دەروونزانی سیاسی (٢٠١٥) تۆژینەوەیەکی سیاسیی مەعریفییە

٩- دەروونزانی کۆمەڵایەتی (٢٠١٥) تۆژینەوەیەکی میتۆدی ئەکادیمییە

١٠- فەلسەفە (٢٠١٥) فەلسەفەی فەیلەسووفەکانە

١١- گەردەلوولی ئایدیۆلۆژیا (٢٠١٥) بابەتی جۆراوجۆری سیاسییە

١٢- گەردەلوولی سیاسەت (٢٠١٥) تێکڕای دیمانە سیاسییەکانمە

١٣- قەیرانی ئەقڵ – بەرگی دووەم-(٢٠١٧) لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی فیکرییە